
عەبدوڵڵا موبلغی ئابادانی
مێژووی
ئاینی زەردەشت
وەرگێڕانی لە فارسییەوە
وریا قانع

عەبدوڵڵا موبلغی ئابادانی

# مێژووی
# ئاینی زەردەشت

وەرگێڕانی لە فارسییەوە

**وریا قانیع**

سلێمانی- ٢٠٠٢

**ناوی کتێب:** مێژوی ئاینی زەردەشت

**ناوی نوسەر:** عەبدوڵڵا موبلغ ئابادانی

**ناوی وەرگێڕ:** وریا قانیع

**بابەت:** لێکۆڵینەوەی مێژوویی

**مۆنتاژ:** جەمال حسەین

**تیراژ:** ٥٠٠ دانە

ژمارەی سپاردن : ٤١٢ی ٢٠٠٢

**زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم (١٨٩)**

**www.sardam.org**



زەردەشت



سیمای خوای گەورە (ئاهورامزدا) کە لە لایەن پاشاکانی هەخامەنشینەکانەوە بەکارهاتوە.
ئەم وێنەیە نمونەیەکە لە کۆشکی داریوش شا لە تەختی جەمشید

## وتەیەكی كورت

هیچ گومانێكی تێدانییە كە ئایینی زەردەشت ئایینێكی یەزدانییە و وەكو هەموو ئایینەكانی دیكە لە لایەن یەزدانەوە هەڵوەشاوەتەوە. زەردەشت كە پێغەمبەرو ڕابەری ئەم ئایینە بوو، گەلێك بیری وردوو سوودمەندی بۆ ڕۆژگارو سەردەمەكەی خۆی هێنایە كایەوە. زەردەشتی زاناو بە تواناو بلیمەت لەو سەردەمە تاریكەدا وەكو تیشكی خۆر جیهانی ناوچەكەی خۆی ڕووناك كردەوە، دانیشتوانی لە درۆكردن و باوەڕ بە جادووگەری و فاڵچییەتی دوورخستەوە. یەكێك لە نیشانەكانی پێغەمبەری زەردەشت ئەوەیە ئەو پێغەمبەرانەی كە لە دوای زەردشتەوە بۆ سەر مرۆڤ ڕەوانە كراون، زۆربەی بیروبۆچونەكانی زەردەشتیان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دووپات كرووەتەوە. بۆ نموونە لە ئایینی زەردەشت دا نوێژ هەیەو لە ئایینەكانی دیكەشدا هەیە. لە ئایینی زەردەشتدا ئەهرمیەن هەیەو لە ئاینەكانی دیكەشدا شەیتان هەیە. لە ئایینی زەردەشتدا بەهەشت و دۆزەخ و بەرزەخ هەیە، لەئایینەكانی دیكەشدا بەهەشتو جەهەنەم و ئەعراف هەیە. لە ئایینی زەردەشتدا زیندووبوونەوە و ڕۆژی حساب هەیە، لە ئایینەكانی دیكەشدا هەن. لە ئاینیی زەردشەتدا پردی (چنوات) هەیە، لە ئایینی ئیسلامی پیرۆزیشدا پردی سیرات هەیە. ئەمانە هەموویان ئەوە نیشان دەدەن كە زەردەشت پێغەمبەرێكی ڕاست و دروست بووە. بە هاتنی قورئانی پیرۆز وەك ئایینەكانی یەهوود و مەسیح هەڵوەشایەوە، بەڵام جێگەی داخە كە موغ و موریدەكانی ئایینی زەردەشت ئایینەكەی زەردەشتیان شێواند و دەقەكانی ئاوێستایان بارەو مەرام و خواستی پاشاكان لێكدەدایەوە.

هەندێك شتی دیكەش كـە وەك نـەریتێك لـە ئایینـە كۆنـەكانی ئـێران و لەناو جادووگەرەكاندا مابووەوە و باویان هـەبوو لـە دوای مردنـی زەردەشت هەموویان هێناو تێكەڵاوی ئـاینیی زەردەشـتیان كـرد، وەكـو خـۆ شـۆرین بـە میزی گا(!).

بـاوەڕ ناكـەم مرۆڤێـك بگاتـــە پلــەی پێغەمبەرایــەتی و ڕابەرایــەتی كۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە ئەستۆ بگرێـت شـتی وا بـاس بكـات و مـیزی گـا بـە پاك دابنێت. هەرچەندە وا باوە گوایـە گـا لـە ئـایینی زەردەشـتا پـیرۆزە، بـە پێچەوانەوە گا لە ئایینی (بودا)دا پیرۆزە و لە بەرامبـەر ئەمـەدا لـە ئـایینی زەردەشتدا كارێز و جۆگەو زەوی پیرۆزن.

زەردەشت لە سەردەمی ژیانیدا نەفرەتی لە شەرابی (هـوم) و گیـای هـوم كردووە، كەچی مو غەكان لە دووای زەردەشت هێنایانەوە نـاو ئایینەكـەیان و دەیانپەرسـت و بەشـــێكیان لـــە ئاوێســتای ســەردەمی ساســانیەكاندا بـــۆ تەرخانكرد.

لە دووای مردنی زەردەشت موبدایەتی و موغایەتی وەكو پاشـایەتی بـوو بـە (بۆمـاوە= ویراســی) لـەم ڕووەوە لـە ئـەنجامدا گـەلێك موغـی نـەزان و نـەخوێندەوار لـەناو ڕیزەكـانی ئـایینی زەردەشـتدا پـەیدا بـوون و بـوون بـە ڕابەر.

كـرداری جادووگـەری و سـیحربازی كـە لـەناو دینــە كۆنــەكاندا باویـان هـەبوو، وەكـو نـەریتێك لـەناو كۆمــەڵگادا دەم بـە دەم و ســینە بـە سـینە هـاتبووە خـوارەوە، موغـە نـەخوێندەوارەكان و نەزانـەكان تێكـەڵاوی ئـاینیی زەردەشـتیان كـردن، خۆشـۆرین بـە مـیزی گـا یەكێكـە لــەو كـرداره هیــچ و پوچانە.

بەلای منەوە هەرچەندە ئاینیی زەردەشت لە لایەنی یەزدانەوە هەڵوەشاوەتەوە و لەمرۆکەدا کاری پێناکرێت، بەڵام لە کاتی خۆیدا ئایینێکی ڕاست و دروستی یەزدانی بووە، ڕابەرایەتی کۆمەڵگای سەردەمەکەی خۆی کردووە بەرەو چاکەو ڕاستی و دۆستایەتی و دورکەوتنەوە لە کرداری ناشیرین و درۆ و تاوان وماڵوێرانی، ئەم کردارانەش دروشمی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئەم سەردەمەیە کە سێ هەزار ساڵ بەسەردا تێپەڕیوە. ئێمەش لێرەدا هەزاران سڵاو و ڕێزمان بۆ ئەو کەسانە کە لەم ڕۆژگارەدا (وتەی چاك و کرداری چاك و ئەندێشەی چاك) دەکەنە هەوێنی ژیانی ڕۆژانەیان.

**وریا قانیع**

## ئێـــــــران ؟

**جــوگرافیای مێژوویی و مـــرۆیی**
**ئێرانیانی بوومی و باوەڕی سەرەتایی**
**ئارياييەکان لە ئێراندا، باوەڕی سەرەتایی**
**ودائی، میترائـــی، مــزدائـــی**
**ئاینی سەرانسەری ئێران، زەردەشت،**
**مهرپەرستی، ئاینی مانی، ئاینی مزدەك و....**
**ئیســـــلام لە ئێراندا و ........**

دانیشـتووانی بوومـی"بوومی بـە مانـای ڕەسـەن " ئـێران پێش ئـەوەی ئاریـەکان هـێرش بـۆ بیابـانی پـان و بـەرینی ئـێران بـەرن، بریـتی بـوون لـە چـەند تیرەیـەکی گـەورە، لـە خۆرئـاواو خۆرهــەلاَت و باشـوورو بـا کـووری ئێراندا نیشتەجێ بوون :تیرەی کاس سو لـە خۆرئـاوا، تـیرەی کادۆسـیان لـە بـاکوور، تـیرەی تپوریـان لـە مـازەندەران، تـیرەی عبـدو سیان لــە خۆراسـان، تیرەی(سیاهان) لە کەناری کەنداوی فارسـدا نیشـتەجێ بـوون[1]. ئاریایـەکان چەند هۆزێکی هێرشبەرو کۆچەری بوون، دوو هـەزارو پێنـج سـەد سالْ لـە پێش زاینیەوە بەرەو بانەکانی ئێران، ڕەویان کـرد. بـەم هۆیـەوە ژمارەیـەك ڕەگەز دەرکەوتن وچەندین زمانی جۆربەجۆر پێکهات، لە دواییـدا یەکیـەتی ڕەگـەزو (نـژاد) و زمانیـان پێکـهێنا، نژادناسـان لــەو بــاوەڕەدان یەکــەم دانیشـتوانی ئـێران (بلـوچ) بـوون. هـەندێکی دیکــەش خــەلْکی کرمـان، مازەندەران، لوڕستان، بە دانیشتوانی بوومی ئێران دەزانن[2].

## ( پێشینەی مێژوویی نژادیو پێشینەی بیروباوەڕی ئارياييەكان )

هۆزە ئارياييــەكان لــەكاتی كۆچكردنيــاندا لــە شــوێنی جــارانی خۆيانــەوە بــەرەو ئــێران و هينـــد ڕۆيشـــتن، لــە شــوێنەوارە (ودائــی)يــەكاندا، گــەلێك لێكچوونـــی هاوبـــەش لـــە نێـــو بيروبـــاوەڕی ئاريـــەكانی ئـــێراندا بـــەرچاو دەكەوێت.(ئاشورا) كە لــە دەقــەكانی (ودائـی)ەكـاندا ڕێزێكـی گـەلێك بـەرزی هەيە، هەمان (ئاهورا)ی ئێرانيە.پێشينەی مێژوويـی و لێكچوونـی هاوبـەش لـەناو بيروبـاوەڕی ئاريـەكانی هينـدو و ئـێراندا، دەگەڕێتـەوە بـۆ ١٤٠٠ سـاڵ پێش زايـن، لـە دوای جيابوونـەوەی باوەڕيـان وردە وردە جيـاوازی ئـاينی و مەزهەبی دانيشتوانيش هاتە پێشـەوە، ئـەم جياوازيـە بـوو بـە هـۆی ئـەوەی ئێرانيەكان سەبارەت بـە خواكـانی دانيشـتوانی هينـد كـە (ديـو)ەكـان بـوون، نـەفرەت و بێزاريـيـان دەردەبـــڕی. لــە بەرانبــەر ئەمەشــدا، هينديــەكانيش خواكـانی دانيشـتوانی ئێرانيـان بـە سست و ناشـيرين دادەنـا . (دەبێـت لـە ئێراندا سەرەتای كاری مەزهەبی بە ســەرەتای مێـژووی هـاتنی ئاريـەكان بـۆ ئـێران بـە هاوكـات بزانـين)، لـە پێش هـاتنی ئاريەكانـەوە بـۆ ئـێران، لـەم وڵاتەدا چەندين هۆزی بوومی دەژيان، هەروەكو هينـد، كـە ئێسـتاش لـەوێدا هەن. چينی ناپاكانيان پێكدەهێنـا....هـەرچۆنيك بێـت سـەبارەت بـە بوونـی هۆزە بوومیەكانی ئێرانی، (لـە پێش هێرشـی ئاريـەكاندا) نـاتوانين گومـان لـەوە بكـەين، هـــە ندێـك لــە تايبەتمەنديــەكانی نــژادی، كــە ئێســتاش لــە دەوروبــەری كرمـاندا هەيـە، نيشـاندەر (يـــان يادگـاری) نــژادە بوومـيــەكانی نائارياين، لەبارەی هۆزە سەرەتاييەكانی ئێرانـەوە هيـچ ئاگادارييـەكمان لـە بەردەستا نيە، جگە لە هەست و گومان ناتوانين هيچ حوكمێك بدەيـن، كـە

ئايا چۆن سەرەتا، یەکبوون. باوەڕیان بە (فیتشیسم، یا بە ئەنیمیسم) هەبووە. یان لە شێوە و شکڵی گەشەسەندویاندا بتیان دەپەرست یان دەستیان بە پەرستنی دیاردەکانی سروشت دەکرد.

ئاریەکان لە دوای داگیرکردنی هیند، فەرهەنگ و شارستانیەت و سیستەمی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی گەورەیان دەهێنایە کایەوە، کە خاڵێکە بەرامبەر مەزهەب، برادەرەکانیشیان لە ئێراندا پێکیان هێنابوو، ئەو فەرهەنگ و شارستانیەتەی ئاریە ئێرانیەکان دایانمەزراندبوو. جیاواز بوو لە فەرهەنگ و شارستانیەتیەك کە برادەرەکانیان لە هیندا ڕێکیان خستبوو.....ئاریەکانی ئێران بە سێ هۆزی گەورە دابەش بووبوون: بەشێکیان لە خۆرهەڵاتی خۆراسان نیشتەجێ بووبوون . (پارتیەکانیان) پێکهێنابوو. بەشێکی دیکەیان لە باکووری خۆرئاوا (ئازربایجان تا کوردستان) نیشتەجێ بووبوون، بە (ماد) بە ناوبانگ بوون و ناسران.

بە شی سێهەمیان لە دەوروبەری فارس و ناوەندو باشوورمانەوە (پارس)یان پێ دەوترا.

ئەگەر لە نێوان ئاریەکانی یەکەمجاری هیندو ئێراندا لە سەرەتای هاتنیانەوە بۆ ئەم دوو ناوچەیە، لێکچوونیان لە نێواندا بەدی بکەین، عەجایب نیە. چونکە هەردووکیان لە یەك ڕەگەز بوون و لە یەك شوێنیشەوە هاتبوون بۆ دوو ناوچەی جیاواز. مێژوو نیشانی دەدات کە کۆمەڵی دەزگای خواکانی هیند (لە مەزهەبی "ودا") لە گەڵ کۆمەڵی خواکانی (میترائیسم) لەیەك دەچن.

لە هیندا (میترا) خوایەو لە ئێراندا (مهر)، لەوێدا (دێو) خوایە و لێرەدا (دێو)ە، لە هەردوولا دا (وارونا) خوایە، تەواوی خواکانی هەردوو مەزهەبی

دائی لـه هینـدو مهرپەرسـتی (لـه ئـێرانی پێش زەردەشـت) یـەکێکن. (مـهر پەرستان) لەگەڵ (میترائیسم) لەسەر ئەو باوەڕەن کە مهر خـوای گەورەیـەو خواکـانی تـر لـەو بچوکـترن. میترائیسـم لەسـەر بناغـەی ئاگرپەرسـتی و پەرستنی هێزە سروشتیەکانی وەکو (با، تۆفان، خۆشی بەهار، ئاسمـان، چیـا، جەنگـەڵ، شـەو.. . دامـەزراوە)، لەگـەڵ دەسـتکردن بـە سـیحرو جـادوو، کـە پێداویسـتیەکی پەرسـتنی هـێزە سروشـتیەکان و بـاوەڕ بـە ڕۆحـی خراپـە و چاکە بوو (کە دەستیان لە کاری جیهاندایە). سیحرو جادوو بریتی بوون لـە کۆمەڵێك کردار مرۆڤ بۆ خۆپاراستن لە ڕۆحـی خراپـە و ڕاکێشـانی ڕۆحـی چاکـە ئـەنجامی دەدا. گرنگـترین کـار بـۆ دەربـازبوون لـەڕۆحی خـراپ و ڕاکێشـانی ڕۆحـی چاکـە، قوربـانی و نـەزر بـوو، تەنانـەت ئەمـەش تـاوانێکی گەورەیـە. چونکـە سـیحرو جـادوو هەمیشـە لەگـەڵ تـاواندا هەمئاهـەنگو هاوڕێ بـوون. تەنانـەت لـە( سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا) تـەرمی چـل منـداڵ کـە تەمەنیان لە چل ڕۆژ کەمتر بوو، لە میحرابـی کلیسـایەکی پشـتگوێ خـراودا لـە (ورسـای) دۆزرایـەوە، کـە بەڵگـەی تاوانکـاری سـیحرو جـادوو بـوون . بەپێچەوانەی کۆمەڵناسیەوە بوون، بۆنموونە (دورکیم) داوا دەکات کە: لـە نێوان سیحر و جادو و ئایندا، هیچ لێکچوونێك نیـە، چونکـە سـیحرو جـادو لایـەنێکی فەردییـە و دژی کۆمەڵایـەتی بونـە، مەزهـەب لایـەنێکی کۆمەڵایەتیە و دژی فەرد پەرستییە. ئەمەیە کە جادوو (دەرکـراوی شـەرع و ئاین و ویژدانی گشتییە) هەمیشە بە نهێنی لە ناو لادان و تاواندا دەژی، لـە کاتێکدا مەزهەب هەمیشە لایەنی کۆمەڵایەتی هەبووە و هەیەتی.....[٣]

لـە بـارەی کۆنـترین ئـاینی دانیشـتوانی دێرینـی ئێرانـەوە، ئاگـاداریی مێژوونووسـان گـەلێك کەمـە. شـوێنەوارە دێرینـەکان، بـە ئاشـکرا بـاس لـە

باوەڕی کۆنی ئەم هۆزە دەکەن . بۆ نموونە، ئەم (رب النوع)ە لەوە دەچێت هاوسەرێکی هەبووبێت ئەویش (رب النوع) بووە، هەم بە مێردەکەشی و هەم بە منداڵەکانیشی دەژمێردرا. ئەم نەریتە ڕەوشتیە باوەڕێك بوو لە خۆرئاوای ئاسیا باوی هەبوو. ئێرانیەکان و نبطیەکان ئەم نەریتەیان لە نەتەوە بوومیەکانەوە بە میرات بۆ مابوەوە. بناغەی جووتەگرتن لە نێوان دایك و کوڕدا، زۆر بە کەمی لە رابوردوودا روویداوە، لەم ئاینەدا دەبێت بە شوێنیدا بگەڕێین. هەروەهاش دەگونجێت جووتەگرتن لەگەڵ دایکدا لەلای ئیلامیەکان و ئەتروسی و میسریەکانیشدا گەلێك باوی بووبێت و لێرەوە سەرچاوەی گرتبێت. لە سرودێکی کۆنی (ڕیگ ودا) لە بارەی جەمشید (یاما) و (یامی) خوشکی کە یەکەم مرۆڤ بوون، ئاماژە بۆ ڕێو ڕەسمێکی وا کراوە[٤].

کارناسێکی ئێرانی دەڵێت: لە ئاینی دانیشتوانی ئێرانی دێریندا (پێش زەردەشت) ڕاستەوخۆ شتێك نازانین، ئەوەی لە نووسراوە زەردەشتیەکانەوە پەی پێدەبەین، ئەوەیە کە دانیشتوانی بوومی ئێرانی، خۆر و مانگ و هەموو ئەستێرەکان و هەموو دیاردەکانی دیکەی سروشتیان پەرستوە. دەتوانین هەست بەوە بکەین کە سەردەمێکی دووروودرێژ پەرستنی خواکانی هیند لەم وڵاتەدا برەوی هەبوە، نوسراوێك دۆزراوەتەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ ١٤٠٠ ساڵ پێش زاین، لەو نوسراوەدا ناوی خواکانی هیند وەك میترا، مهر، واندرا ، واروناو.... نوسراه[٥].

لە لایەکی دیکەوە پێشینەی مێژوویی و بوونی هۆزی ئاریایی لە ئێراندا دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری (٥٠٠٠) پێنج هەزار ساڵ لەمەوپێش. ئەم هۆزە لە ناوچەکانی سیبریاوە بەرەو ئێران کەوتنە ڕێ، لە ناوچەکانی خۆراسان،

هەمـەدان ، كوردسـتان، ئازربايجان، فـارس، پەرشـوبلاو بوونـەوە. چـەندين زنجيرەى پاشايەتيان وەك پارتيـەكان، مادەكـان، هاخامەنشـيەكان، ..... يـان هێنايە كايەوە(٦).

"فليسين شاله" دەڵێت؛ هـۆزە هينـدو ئەوروپاييـەكان، كـە خۆيـان بـە (ئاريا)يانى نەجيبزادە ناودەبرد، چ لەلاى دەرياى (باڵتيك)ەوە هاتبن يان لـە ڕوسـياى باشـوورەوە، لـە پێـش ئـەوەدا كۆمـەڵێكيان هينـد داگـير بكـەن. كۆمـەڵێكيان چـوون بـۆ ئـێران و دەسـتەڵاتيان بەسـەر دانيشـتوانى بوومـى ئێران، كە لەوە دەچێت ڕەش پێست بووبن سەپاندووە(٧).

ئاريـەكان خـەڵكانێك بـوون لـە ڕۆژگـارێكى گـەلێك دێرينـدا لـە كـەنارى ڕووبارى سەيحوون و جەيحوون، لە باكوورى دەرياى خزردا دەژيان. نزيكـەى دوو هـەزار سـاڵ پێش زايـن ئـەم هـۆزە بـە هـۆى كـەم شـوێنى و تەنگـەلانى جێگەكەيانەوە كە بـە سـەختى تێيدا دەژيـان و بـە هـۆى چـەندين هۆكـارى ديكەوە ڕەوويانكرد. كۆمەڵێكيان بۆ ئێران و كۆمـەڵێكى ديكـەيان بـۆ هينـد و كۆمـەڵێكى ديكەشـيان بـەرەو ئـەوروپا ڕۆيشـتن، ڕۆيشـتنى ئاريـەكان بـۆ هيندستان لە ١٢٠٠ پێش زايندا بوو. ئەمانە بە زۆرەملێ بەسەر دانيشتوانى بوومـى هينـدا سـەركەوتن و لـە زۆرى نيعمـەتى هينـد بەشـدابوون. ئـەو ئارييانەى ڕوويانكردە ئێران، لەگەڵ چەند كێشـەيەكدا بـەرەوڕوو بوونـەوە، لەبەرئـەوەى بانـەكانى ئـێران كـەم ئـاو بـوون، نيـازو خواسـتەكانى ئـەوانى لەگـەڵ چـەند كێشـەيەكدا ڕووبـەڕوو كـردەوە، ئـەو كۆمەڵـەيان كـە بـەرەو ئـەوروپا ڕۆيشـتن، ئـەوانيش لـە دۆخێكى وەكـو دۆخـى ئاريـەكانى ئـێراندا بوون. هەندێك لە نژادناسەكان لەو بـاوەڕەدان، ئەوروپيـەكان لەگـەڵ نـژادى هيند و ئەوروپايى، هيچ لێكچوونێكيان لـە نێوانـدا نيـە. هـەندێكى ديكـەش

لەو باوەڕەدان، نژادی ئەوروپایی بەرهەمی خودی ئەوروپایە، لە دواییدا بۆ شوێنەکانی دیکە کۆچیان کردووە، لەوانەش، گەیشتوونەتە ئێران. بەڵام ئەم بۆچوونە تا ئێستا نەسەلمێنراوە. ئەبێ ئەوەش بڵێین کۆچکردنی هۆزە ئەوروپاییەکان لە یەك کات و سەردەمدا ڕووی نەداوە، بەڵکو بە چەند جارو لەماوەی چەند سەدەیەکدا درێژەی هەبووە. بۆ نموونە هۆزێك کە بەرەو باشووری خۆرئاوای ئێران ڕۆیشتوون، لە دەوروبەری دوو هەزار ساڵ پێش زاین بووە، ئەم کۆمەڵە بەرەو نێوان (دوو ڕووبار) ڕۆیشتوون. چونکە کەسانێکی دلێرو سوارچاك بوون، بە یەك هێرش بەسەر دانیشتوانی بوومی ئەو ناوچەدا سەرکەوتوون، ئەم کۆچکردنانە لە دوو هەزار ساڵ پێش زاین تا ٦٠٠ ساڵ پێش زاین درێژەی هەبوو. کۆچڕەوە ئاریەکان لەنێوان دوو ڕووبار، سوریە، فەلەستین، .... خانو و باڵخانەیان بۆخۆیان دروستکرد.

لە دەوروبەری ١٦٠٠ ساڵ پێش زاین زۆربەی بانەکانی ئێران لە ژێر دەستەڵاتی ئاریەکاندا بوو، کە بە چەند هۆزێکی گەورە دابەش بووبوون. بە پێی نووسینی "هەرۆدۆت" و دەقەکانی ئاوێستا و ئەو نووسراوانەی دەستکەوتوون، "داریوش" ئەم هۆزانەی لە چەند خاڵێکی جیاوازی ئێراندا نیشتەجێ کردبوون:

١-پارتەکان لە خۆراساندا.

٢ -(ماد)ەکان لە باکووری خۆرئاوای ئێراندا.

٣-پارسەکان لە باشووری ئێراندا.

٤-هیرکانیەکان لە (استر ئاباد).

٥ -ئاریانەکان لە کەنارەکانی ڕووباری (هریرود).

٦ -درانگیان لە باکووری خۆرئاوای ئەفغانستاندا.

٧ -ئارخۆتیان لە کەنارەکانی ڕووباری هیرمندو قەندەهار.

٨-باکتریـان لـە دامێنـەکانی بـاکووری هندوکش تـا کـەنارەکانی ڕووبــاری جەیحوون.

٩ -سغدیەکان، لە کەنارەکانی ڕووباری سەیحوون.

١٠ -خوارزمییەکان، لە دەوروبەری (خیوە).

١١ -ساگارتیان، لە زاگرۆسی خۆرهەڵاتی.

١٢-مرگیـان، لـە کـەناری ڕووبـاری مــارگوس و بــە زۆری لــە دەوروبــەری (مرو)دا دەژیان[٨].

زادگـای هـۆزی ئاریـایی و چۆنیــەتییان و هـۆی کۆچکردنیــان بـۆ ســەر زەمینــــەکانی ئـــێران، بـــوون بـــە هـــۆی بۆچوونـــی جیـــاواز لـــــە نێـــوان مێژوونووسەکان و لیکۆڵەرەوەکانی مێژوویی، هەموو زاناکانیش لەسەر ئەوە ڕێکەوتون بابەتی سەرەکی کە بووەتە هـۆی کـۆچ کردنیـان، دەگەڕێتـەوە بـۆ خراپی و نالەباری ئاوهەوای ئەو شوێنانەی تێیــدا نیشـتەجێ بوبـوون. ئایـا ئارییەکان لە باکوورەوە هاتوون؟ هەندێك لەو باوەڕەدان زادەگـای ڕەســەنی ئەمانە بیابانە پانوپۆڕەکانی (خۆراسان) بوە، هەندێکی دی لەو باوەڕەدان لە باشـووری خۆرئـاوای دەریـای خـزرەوە هـاتوون، کۆمـەڵێکی دیکـەش زادەگــای ئاریەکا ن بە دەشتاییەکانی باشووری ڕووسیە (سیبریا)ی دەزانن، هەندێکیش دەڵێن (ماد)ەکان لە باشــووری ڕوسـیەوە چوونەتـە نێـو ئـێران[٩] ژمارەیـەکی دیکـەش دەڵێـن، نیشـتمانی ڕەســەنی ئەمانــە بـابل یـان ناوچەیــەکی دیکــەی ئاسیای خۆرئاوا بووە.

هەندێکی دیکە دەڵێن ئەم هۆزانــە لـە ئاسـیاوە بـەرەو ئـەفریقا کۆچیـان کردوە، لە میسرو لیبیا و.... جێگیربوون.

"نلدكــه" دەڵێــت: دانیشــتوانی هینـــدو ئـــەوروپایی كـــە شـــوێنی نیشـتەجێبوونیان تـاكو ئەوپـەڕی وڵاتـانی ئەوروپایـــە، لـە لقـی ئاریـەكانی ئێرانن، بە پێی بۆچونی زانستی ئەم هۆزە دابـەش دەكرێـت بەسـەر هەشت هۆبەدا:

١-ئاریایی، ٢-یۆنانی و مەقدوونی، ٣ ئەرمەنی، ٤-ئالبانی، ٥- ئیتالیایی، ٦-سلتی، ٧ -جەرمەنی (ئەڵمانیو ئەنگلو ساكسنەكان) ٨-لیتوانیو ئەسلاوی.

بەپێی زماننـاسی دەردەكەوێت، ئەم هۆزانە بەلانی كەمــەوە چـوار هـەزار ســاڵ پێــش زایــن، لــە شــوێنێكدا پێكــەوە ژیــاون، لــە دواییــدا لـــە یـــەك جیابوونەتەوە، بە وردی سـەردەمی جیابوونـەوەیان نـەزانراوەو روون نیـە. كارناسان لە ڕووی هەست وگومانەوە دەڵێن؛ ئەم جیابوونەوە لە دەوروبەری سێ تا چوار هەزار ساڵ پیش زاین ڕوویداوە، هەندێك لە كارناسان، ناوچـەی ســـەرەتایی نیشـــتەجێبوونی ئـــەم هەشـــت هۆبەیـــە، بـــە نیوەدوورگـــەی (ئەسكەندیناوی) دەزانن، هەندێكی دیكە كەنارەكانی ڕووباری ولگا و دەریای باڵتیكیان بۆ دادەنین. كارناسان سوورن لەسەر ئـەوەی كـە ئاریـەكان لقێكن لـە لقـەكانی هـۆزی هینـدو ئـــەوروپایی، بـــەرەو باشـــوور كۆچیـــان كـــردووە. دووبـــارە دووچـــاری دابەشـــبوون بـــوون، شـــوێنەواری مێژوویـــی و ئـــەدەبی ئاریەكان لە سەدەی چوارەمی پێش زاینی دەستی پێكردووە. لە شـوێنەواری یۆنانی، ئیتالیایی و گەلێكی دیكەش دەركەوتوتر بوون.

دابەشـبوونی دووهــەم جـاری ئاریانـەكان، هۆبـەی هینـدی و ئـێرانی و... لێپەیدابوو. مێژووی ئەم دابەشبوونە دەبێت لە دەوروبەری سێ هــەزار ساڵ پێش زاین بووبێت. لە دەوروبەری ٢٤٠٠ ساڵ پێش زاین ئاریانەكانی هیند و ئێرانی خاوەنی یەكێتی زمان بوون[١٠].

هۆزە ئاریەکانی ئێران، یەك ئاینیان نەبووە، بۆ نموونە، سکاکان باوەڕێکی تایبەتی خۆیان هەبوو، پارتەکانیش باوەڕی جیاوازی خۆیان هەبوو، بیروباوەڕی ئەم دوو هۆزە لەگەڵ بیروباوەڕی هۆزەکانی خۆرهەڵاتی ئێراندا جیاوازییەکی بنچینەییان هەبوو. لەلای ئێرانیە دێرینەکانی (پێش زەردەشت) مهر یامیترا خواوەند بوون، خاوەنی لەوەڕگای فراوان و پاسەوانی ماندونەناس بوون، میترا پەرستەکان لەو باوەڕەدا بوون، هیچ شتێك لە چاو میترا ون نابێت، چونکە میترا چاوی خۆری هەرگیز لە ناوچوون قبولْ ناکات. میترا لە هەموو شوێنێکدا ئامادەیە و هەزار گوێچکەو هەزاران چاوی هەیە، میترا سەبارەت بە کەسانی بەد ئەندێش و ناپاك و پەیمان شکێنان گەلێك تووڕە و بێبەزەییە. سەبارەت بە پیاوچاکان و ستایشگەرانیش، گەلێك دلۆڤانە، میترا پەرستان لە نیعمەتی زۆر بەهرەمەند دەبن، دوو فریشتە بە ناوەکانی (راشنو) و (سرائوشا) لەژێر فەرمانی میترادان، کە سزادانی تاوانبارانیان لە ئەستۆدایە. لە بەرانبەر خواو فریشتەی (رۆشنایی و فراوانی)، تاریکی و ناپاکی هەیە، لە وانەدا (دێو)ەکان فەرمانڕەوان،

باوەڕبوون بە دوو هێز لە تایبەتمەندیەکانی ئێرانیە دێرینەکانن، ئەوانەی لە دوای مەرگ باوەڕیان بە چارەنووسی مرۆڤ هەبوە، لەو باوەڕەدا بوون، مرۆڤی ئایندار لە کۆتاییدا (لە جیهانی دووهەم) پاداش وەردەگرێتو لە بەختیاری هەمیشەیی بەهرەمەند دەبن[١١].

بەپێی نووسراوی کارناسان، ئێرانیانی دێرین (پێش زەردەشت) سەرەڕای باوەڕبوونیان بە چەندین خوا، باوەڕیان بە (خوای خواکان) یان (ئیزەدی ئیزەدەکان)یش هەبوە، لەناو هەموو خواکاندا، باوەڕیان بە (ئاگنی) خوای

ئـاگر و (ئینـدرا)ی خـوای سروشـت و هـەورە بورووسـکە و (میـترا)ی خـوای ڕووناکی و خـۆر و ( وارونـا)ی خـوای ئاسمـان و (ئانـا هیتـا)ی خـوای ئـاو هـەبوە. ئێرانیـەکان لـە سـەردەمی دێرینـدا، سـەبارەت بـە ئـاگر ڕێزێکـی تایبەتیان هەبوو. ئاگر نیشانە و سیمای (ئاگنی) بـوو، لەبەرئـەوە ستایشیان دەکرد. نەوەکانی ئاگر (!) لە باتی (ڕۆحانی)یەکان بوون، بە ناوی (ئاترۆبان =ئاگرەوان) یان (ئازربانان = ئاگرەوان) ناودەبران، ئێرانیانی دێریـن، گـەلێك لە دیاردەکانی سروشتیان دەپەرست.

ئێرانیـە دێرینـەکان لـە پێش زەردەشـتەوە بـاوەڕیـان بـە دروشمـی (بیریچاك، وتـەی چـاك، کرداریچـاك) هـەبووەو کاریـان پێکـردووە، بـەپێی ئەو بەڵگانەی لەبەر دەستدان، لە ئێرانی کۆندا چەندین پێغەمبەر هەبوون، کـە نازنـاوی (زەردەشـتیان) هـەبـوە. زەردەشـت لـە لای ئـەوان یـانی (ئەستێرەی زێڕیـن)، ئەوانـە ئـەحکام و ئامۆژگارییـەکی وەك ئـەوەی کـە لـە دواییـدا زەردەشـت ڕاگەیاند، لـەناویانا هـەبوە. بـەڵام خـەڵکی سـەردەمی هاخامەنشیەکان ئەم ناوەیان تەنها بە ئاخرین پێغەمبەری ئەم کۆمەڵـە، کـە لە سەردەمی هاخامەنشیەکاندا دەژیان بەکار دەهێنا[١٢].

## مەزهەبی دانیشتوانی ( عیلام ):

هۆزەکانی باشووری ئـێران (عیـلام) بـە زۆری بتپەرست بـوون، ئـەو ناوچەیـە لـە مێـژووی سیاسـی ئـێراندا، بـە (دەوڵـەتی عیـلام) دەخوێندرایەوە، بریتی بوو لە ویلایەتەکانی؛ خوزستان، لوڕستان، پشت کۆ، کێوەکانی بەختیاری، کە لە خۆرئاواوە بە دیجلەوەو لە خۆرهەڵاتەوە بە فارس و لە باکورەوە بە بابل و هەمەدان و لەباشـوورەوە بەکـەنداوی

فارس و تا بوشەهریش درێژبۆتەوە. زاراوەی عیلام یانی (شاخاوی).
هۆزی عیلام لە چوار هەزار ساڵ لەمەوپێشەوە خاوەنی شارستانیەتێکی پرشنگدار بوون، شوێنەوارە دۆزراوە دێرینەکان ئەم ڕاستیە دەردەخەن[١٣].

مەزهەبی دانیشتوانی عیلام بە دروستی ڕوو ناك نیە. ئەوەی سەلمێنراوە، ئەوەیە کە عیلامیەکان لە ڕووی بیروباوەڕی ئاینیەوە وەکو مەزهەبی سۆمەریەکان، جیهانیان پڕ لە ڕۆح و بوونەوەری غەیبی دادەنا، لەسەر ئەو باوەڕە بوون، ڕۆحەکان لە شوێنێکی تاریك و دارستاندا نیشتەجێن و (رب النوع) یان (شوشیانگ)ی ناو بووە.

تەنها پاشاو کاهینەکان مافیان هەبوو لە شوێنە پیرۆزەکاندا ئامادەبن. ئەمانە باوەڕیان بە شەش (رب النوع)ی دیکە یان (رب النوع)ی ئەسڵی هەبوو، یەکێك لەم رب النوعانە (امن کیبرا)ی ناوبوو، کە لەوانەیە ناوی هەمان (رب النوعی) یۆنانیەکان بێت.

عیلامیەکان لە ڕۆژە پیرۆزەکان و لە ڕۆژانی جەژنی سەرکەوتنەکانیان هەیکەل و وێنەکانیان لە پەناگاکاندا دەردەهێنا، ئەوانەیان کە باوەڕیان پێیانبوو، ڕێزیان لێدەگرتن و دەیانپەرستن.

## ڕۆحانیەکانی ئێرانی دێرین:

کاهینەکان و خزمەتگوزارانی ئاگاو بەگی هەمەچەشنە، وەکو کاهینەکانی بابل بریتی بوون لە کەسانێکی دەستڕۆیشتوو و دەوڵەمەند[١٤] پیاوە ئاینیەکان ئیشوکاریان سەرپەرشتیکردنی نەزانەکان و کاری سیحرو جادووگەریو زیکری ساختە بوو.

**( میترائیسم ) یا مهر پەرستنی دێرین:**

یەکێك لە ئاینە کۆنەکانی دانیشتوانی ئێرانی دێرین، ئاینی مهرپەرستی بوو، ئەم ئاینە ئاریەکان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوویان بۆ ئێران. هەر بەو شێوەیەش بردیان بۆ هیند، ئەم ئاینە ماوەی دوو هەزار ساڵ هەموو ئاینەکانی دیکەی خستبوە ژێر تیشکی خۆیەوە، کاریگەری لەسەر ئاینەکانی یەهودی و مەسیحی و زەردەشتی گەلێك زۆر بوو[١٥].

مهرپەرستان هەموو ساڵێك لە مانگی مهردا (گا)یەکیان دەڕازاندەوە، بە شکۆدارییەوە ڕایاندەکێشایە مەیدان و سەریان دەبڕی، لە دوای ماتەمینی گۆشتی گاکەیان دەکولاندو ئەیانخوارد، فەلسەفەی ئەم کارەیان ئەوە بوو، دەیانویست لە بوونی بەشێکی خوا شتێك لە نێو گیانیاندا بمێنێتەوە. تاکو بەرەو خوا ڕێنوماییان بکات، ئەمەش هەمان کارە کە مەسیحیەکانیش دەیکەن، یانی خواردنی نانی فەتیرە و شەراب، بە مانای خوێن و گۆشتی عیسا (د. خ) کە نانخواردنی ڕەبانی ناوە، هیندیەکانیش تا ئێستا ڕێزی گا دەگرن[١٦].

مێژونووسێکی ئەرمەنی لە مێژووی ئارامنەدا دەڵێت: سروودی (واهاگون) (مهر) لە ئەفسانە میلیەکانی ئەرمەنییە، ئەم مێژوونووسە ئەرمەنیە لە سەدەی چوارەمی زایندا ژیاوە، دەڵێت؛ ئاسمان و زەوی لە ژانی زایندا بوون، دەریای تیشك ڕەنگ و خۆری جیهان ڕۆشنکەرەوەش دەردەدار بوون .(نی قرمز = قامیشی سوور)یش لە دەریای تیشك ڕەنگدا دەردی دەکێشا، لەو قامیشەوە، بڵێسەیەکی ئاگرین بەرپابوو، دووکەڵ بەرزبۆوە، بڵێسەی ئاگر قامیشەلانەکەی گەمارۆ دابوو،"واهاگون" لە دایك بوو، بە ئەسپی ئاگرینی خۆی بەرەو ئاسمان ڕۆیشت.

تۆ، ئەی ئارارات، سەردانەوێنە چونکە واهاگون دێت، ئاسمـان و زەوی و دەریای تیشك ڕەنگ ئەم مژدەیە بە تۆ دەدەن.

لە ئەرمەنستاندا بـە نـاوی ئـەوەوە هەیکـەلێکیان دامـەزراندوە، کـە بـە ژوور یان کۆشکی "واهاگون" نـاودەبرێت[١٧] لەگـەڵ ئەوەشـدا لـەنێوان پیـاوە ئاینیەکانی کلدانی، کە مامۆستای بیروباوەڕی ئـاینی و مەراسـیمی مەزهـەبی بـوون، لەگـەڵ پیــاوە ئاینیــەکانی مهرپەرســتیدا جیــاوازی و گۆڕانێکــی بنچینەییان هەبوو، (سەدەی یەکەم و دووهەمی پێش زاین).

لە هەمان کاتدا لە مەراسیم و ئەرکی ئاینی مهرپەرستی هیچ گۆڕانێـك ڕووی نـەدابوو، شـێوەی سـادەو سـاکاری سـەرەتایی خـۆی هـەروەکو جـاران پاراست. مەراسیمی مەزهـەبی مهرپەرسـتی بـێ ڕازانـەوەو ئارایشـت بـەڕێوە دەچوو.

ئیمـاندارانی ئـەم ئاینـە، مەراسـیمی مەزهــەبییان لــە ئەشـکەوتەکاندا، جێبـەجێ دەکـرد. پەرســتگاکانی خۆیــان، لــە نزیــك ســەرچاوەی کانیــاو و ڕووبارەکـاندا دروسـت دەکــرد. تــاکو (تعمیــد)یــان ئاســانتر ئــەنجام بــدەن. ڕۆمیــەکان و یۆنانیــەکان و..... کـــە کەوتبوونـــە ژێـــر کاریگـــەری ئـــاینی مهرپەرسـتیەوە، لـە نـاو پەرسـتگاکانیانداو لــە کۆتــایی پەرســتگاکەدا، ئــەو هەیکەلە هەڵکەنراوە کە لەبەرد تاشراوو بەرجەستەش بوو، (مهر)ی لەکاتی کوشتنی گادا نیشان دەدا دانرابـوو. لاشـەکەی هـەموو چەشـنە ڕووەکێکی لێ سەوز بووبوو[١٨]. یەکێك لـە شـاهیدانی سـەردەمی کـۆن، کـە هەشـتا سـاڵ لـە دوای مەسـیح (د. خ) دەژیــا، بــەم شــێوەیە لــە بــارەی میتــەراوە دەدوێــت:

خوایەك کە لەژێر بەردی ئەشکەوتەکانی ئێراندا دانیشتوە، هەردوو ئەژنۆی خــۆی گرتۆتــە بــاوەش، شـــاخەکانی ســـەری هەڵدەســـووڕاندو دیســـان

دەیسـووڕاندەوە. بـەم پێیـە دەرکـەوتنی یەکــەمجاری میــترا لــە ئەشــکەوتی چیایــەکدا بــوە. لــەم ڕووەوە پــەیڕەوانی میــترا پەرســتگاکانی مــهریان لــە ئەشـکەوتی چیاکـاندا یـان لـەناو ژێرزەمینــەکاندا دروسـت دەکـرد. لـەوێدا دەستیان بە ئـەنجامدانی ئەرکـە ئاینیـەکانیان دەکـرد. وێنەکـەی مـهر- واتـە پەیکەرەکەی مهر- لە تاقی لاویدا نیشـاندراوە. کڵاوێکـی درێـژی ئەسـتوونی کـە لـە پۆپـەوە نووکەکـەی بـەرەو پێش چــەمابۆوە، لەســەردایە، موەکـانی پەرشوبڵاو بۆتەوەو دەوروبەری روخساری گرتوە، خەنجەرێکی بە کەلەکـەی گایەکدا چەقاندوە[١٩].

**بناغەی مهر پەرستی یامیترائیسم:**

بناغەی مهرپەرستی یا میترائیسم لەسەر ئەو باوەڕەیـە، کـە مـهر خـوای گەورەیــە، خواکـانی دیکـە لـەو بچوکـترن. میترائیســم لەســەر بنچینــەی پەرسـتنی ئـاگر و پەرسـتنی هێزەکـانی سروشـت، وەکـو (بـا، تۆفـان، خۆشـی بـەهار، ئاسمـان، چیــا، جەنگــەڵ، شــەو،...دەســتکردن بــە ســیحرو جــادوو دامەزراوە، سیحرو جادوو پێویستیەکی پەرستنی هێزەکانی سروشتەو باوەڕ بە ڕۆحی پاك و پیسە، کە لە جیهاندا دەست بەکارن[٢٠].

**جادوو بناغەی میترائیسم:**

یەکێك لە ئوسـوڵی میترائیسـمی.... سـیحرو جـادووە، میترائیسـم لەسـەر بناغەی پەرستنی "ئاگرو مهر"ە.

مهر مانای خوایەك کە لەناو خۆردایـە، نـەك خـودی خـۆر.جادوگـەریش بەڕەسەن دەزانرێت.ئەمەش هەرگیز نـاگونجێت لـە کۆمـەڵگای جادوگـەراندا بێت و جادوگەریش نەبێت.ئەو کەسەی کە بە زەوق و ئامــادەو هۆشمـەندتر

بێت، بە خوێندنەوەو زانست ناتوانێت (تەنها بەم بەلگانە) ببێت بە جادوگەر. چونکە جادوگەریو مەزهەبە کۆنەکان لە شێوەی ڕێکخراوێکی ڕەسمی و بۆماوەدا بەڕێوە دەچوون، جادوگەرەکانیش لێپرسراوی ئاینی و هۆی پەیوەندیەکانی نێوان مرۆڤ و خوا بوون... نرخ و پایەی هەرجادوگەرێك بە لە خوا ترسان و زانست نەبوو. بەلکو لەناو خوێن و کەسایەتیەکەیدا بوو، کە بە میرات بۆی مابۆوە. بە میرات بۆ کوڕەکانیشی دەگەڕایەوە. خەلکانی دیکە (هەرچەندە هۆشمەند ترو باشتریش بن) مومکین نەدەبوو ئەو پلەوپایە بەدەست بهێنێت[٢١].

**ڕۆحانییەکانی مهر پەرستی:**

(لە میترائیسم ڕەسەنایەتی تەنها بۆ موغەکان و ئەو پێشەوا ئاینیانە بوو کە پابەندی مەزهەبی مهرپەرستی بوون.. کە لە ئەنجامدانی ئەرکە ئاینیەکاندا گەلێك بەهێز بوون.خەلکی بێباوەڕیش لەبەر گەورەیی (!) ئەوان بە ناچاری لە ڕووی چاولێگەریەوە دوایان کەوتن، چونکە کارە ئاینیەکانیان تەنها بەوانەوە بەسترابۆوە، واتە بە موغەکانەوە بە سترابۆوە، موغەکانیش چونکە کاروباری ئاینیان پاوەن کردبوو، دەیانتوانی بە پێی بەرژەوەندیەکانیان ئاینەکەیان لێکبدەنەوە. بۆ نموونە یەکێك لە کەرەسەکانی داهاتیان، قوربانی بوو. (هەروەکو چۆن لە مەزهەبی "ودا" دا هەبوو "بودا" هەلیوەشاندەوە) کە گەلێك فراوان و سودمەند بوو، گەورەترین ڕێگای پەیداکردنی بژێوییان بوو... قوربانی بۆ دانیشتوان نەبوو، بۆ خودی خوا بوو، ئەنجامدەری مەراسیمی قوربانی و ناردنی قوربانی بۆ بارەگای خواوەند جگە لە موغ کەسی تر نەبوو،... لە

مهرپەرستیشدا موغەكان، یان (كارتان)ەكان گەورەترین هێزی دەستەڵاتداری هۆزەكانی ئاریایی بوون.....)[٢٢].

**ڕەچەڵەكی مێژوویی مهرپەرستی:**

بنـــج و بناغـــە مێژوویـیـــەكانی مەزهـــەبی مهرپەرســـتی ئەمانـــەن؛ بـاوەڕبوون بـە سـیحرو جـادو، بـاوەڕبوون بـــە ڕەســـەنایەتی موغـــەكانو دەسـتەڵاتی فراوانیشـیان. موغـان (ڕۆحانیـەكان) خـەڵكێكی گـەلێك ناپـاكو پە ست و ماڵخۆر بوون، كە لە لایەنی زەردەشـتەوە هێرشـێكی زۆریـان كرایـە سـەر، ئەمـەش چـارەنووس و پێویسـتییەكی هـەموو پێغەمبەرانـــە. كـە لـە ڕاپەڕیندا، گەورەترین هێزێك لـە بەرانبـەریاندا ڕادەوەسـتێت ڕۆحانیـەكانی پێشوویانە......[٢٣].

**میترا لە ئاینەكانی دیكەدا:**

قەڵـەمڕەوی بڕشــتی ئـاینی میــترا فراوانــترە لــە ئاینــە ئێرانیـــەكانو هیندیەكان، مهر یامیترا لـە خـوا هاوبەشـەكانی ئـێرانی و هیندیـەكان بـوو، ئـەو خـوای ڕوونـاكی بـوو، پاراسـتنی ڕێكوپێكی جیهانـەو پـارێزەری مـاف و ڕاسـتیو دابینكردنـی پـەیمان وسـوێندەكانە. میــترا چــاودێری جیهانـــەو لا یەنگری بوونەوەرە. میترا لە نەبـەردی نێـوان مـرۆڤ و دێوەكـان، یـانی لـە خەباتی دژی پاشاگەردانی و ستەمگەری و دەروون خراپـی، یـاوەری مرۆڤـە. میترا جەنگاوەری بەتوانایەو لە هەمان كاتدا تاجی مرۆڤـەو ڕێنومایـیـەكانی بۆ دوای مەرگە. لە ناوەڕاستی سەدەی یەكەمی پێش زایینـی مهرپەرسـتی لـە ئیتالیـادا بڵاوبـۆوە، لـە خۆرئـاوادا نفوزێكی فراوانـی بەدەسـت هێنـا. بـەڵام

میترای نێردراو (صادراتی) لەگەڵ میترای ئاوێستادا جیاوازییەکی گەورەیان لەنێواندایە. میترا لە بابلدا خوای خۆر بوو، لە ئاسیای بچوکدا بە (هلیوس) پەیوەست بوو. تێکەڵی خواکانی یۆنانی بوو، لە ئەنجامدا نازناوی خوای خۆری وەرگرت. میترا بوو بە خوای ڕزگاری و قارەمان و بەهێز و توانا، کە ئیمان پێهێنانی دەبوە هۆی رزگاری. لەناو بیروبۆچوونەکاندا جێگایەکی تایبەتی بەدەست هێنا. میترا لە ژیانی دوای مەرگدا توانای یارمەتیدانی مرۆڤی هەیە. میترا هۆی بە یەکگەیشتنی نێوانی مرۆڤ و خوایە و سەرمەشقی ئایندارانە. ئەم میترایە لە وڵاتەکانی خۆرئاوادا پلەوپایەیەکی بڵندی پەیداکرد بەجۆرێك میترای ئاریەکان لەگەڵ باوەڕی ئێرانی و هیندی و یۆنانیو ڕۆمی تێکەڵاو بوو. لە ئەنجامدا بوو بە (مزدا).

مهرپەرستی پڕە لە نهێنیەکانی مەزهەبی، کە بە کرداری پە رستن و مەراسیمی ئالۆز دەتوانێت ڕێگای ڕزگاری بە پەیڕەوکەرانی خۆی نیشان بدات[٢٤].

## ئەفسانەی پەیدابوونی میترا:

میترا لە بەردێك لەدایکبوو. لەگەڵ لەدایکبونیشی شوانەکان دەیانپەرست. لە دواییدا لەگەڵ خۆردا هەمئاهەنگ بوو، گایەك (گا کێوی)و (ورز، یان ورزا)ی خستە نێو داو، مهر گاکێویەکەی ڕاکێشایە نێو ئەشکەوتێکەوە لەوێشدا بە زنجیر بەستیەوە، گاکە لە ئەشکەوتەکە هەڵهات. بە فەرمانی خۆر (کلاغ =قەل) گاکەی کوشت. لە دەروونی گاکەوە گوڵە گەنم و داری مێو ( ترێ) سەوز بوون، دووپشك و مار و مێرولە دەستیان بە خواردنی ئەندامی زاووزێی گاکە کرد، میترا چوو بۆ ئاسمان، جارێکی دیکە

گەڕایەوە بۆ زەوی و هێزی هەستانەوەی بە مردووەکان دا، چاکەکانی لە خراپەکان جیاکردەوە.

پیاوچاکانی لە بەد کرداران جیاکردەوە. لە دواییدا گایەکی سەربڕی و لەگەڵ شیلەی پیرۆزدا تێکەڵی کردن.

دای بەدەستی دادوەرانی هۆزەوە،هەرکەسێك لەم خۆشاوەی خواردایەتەوە هەرگیز نەدەمرد[٢٥].

## ڕاگەیاندنی مهرپەرستی:

مهرپەرستان لە ساڵی یەکەمی زاینی بە ئاشکرا دەستیان بە ڕاگەیاندنی ئاینەکەی خۆیان کرد، ئاینی مهرپەرستی بە پەلە برەوی پەیدا کرد. لە ساڵی ٦٨ی زاین ئەم ئاینە گەیشتە (ئەوروپای ناوەند) لە ساڵی ١٠٧ی زاین تاکو باکووری باڵکان چوە پێشەوە، لەساڵی ١٤٨ی زاین لە (ڕۆما) لایەنگرانی پەیداکرد، لە ئیتالیا و ئەڵمانیا و ئوتریش وفەرەنسە شوێنەواری میترا پەرستی بەرچاو دەکەوێت. لە (روم) ئیمپراتۆرەکان ئاینی میترایان پەسەند کرد، چوونە نێویەوە، لەنێو سوپای یۆناندا مهرپەرستی نفوزی پەیدا کرد. چونکە سەربازەکانی یۆنان میترایان بە سیمای خوای جەنگاوەران و پاڵەوانان دەزانی[٢٦].

## مهرپەرستی و پیرۆزی ژمارەی ( حەوت ):

پیرۆزبوونی ژمارەکان لە زۆربەی ئاینە کۆنەکاندا بەرچاو دەکەوێت. لە میترائیسمدا ژمارەی حەوت پیرۆزە؛ حەوت ئاسمان، حەوت چینی زەوی، حەوت پایە، حەوت ئەستێرە، لە پەرستگادا حەوت تاقولکە، حەوت درگا.

له میهرپه‌رستیدا گه‌یشتن به پله‌وپایه‌ی بـه‌رزی مه‌راسـیم چـه‌ندین مـه‌رجی هه‌بوو، بۆ ئه‌م کاره‌ش (فه‌رد = تاك) ده‌بوایه هونـه‌ری جادوگـه‌ری بزانیایـه، وه‌کو ئه‌ستێره‌ناسی، فالْ ، ئوسترلاب، پێشبینی، پزشکی.

هه‌ر حه‌وت پله‌که‌ی میهرپه‌رستی بریتی بوون له:

١ -(کلاغ =قه‌له‌باچکه) که به عه‌تارد داده‌نرا، (تیر یا مرکوری) که سیمای هه‌واو با، بوو.

٢-هاوسه‌ر، ده‌درایه پالْ زوهره، ( ناهید یا وینوس) سیمای ئاو بوو.

٣ -سه‌رباز ده‌درایه پالْ (مه‌ریخ)، (به‌هرام یا مارس) سیمای خاك بوو.

٤ - شێر ده‌درایه پالْ (مشته‌ری)، (هورمز یا ژوپیته‌ر) سیمای ئاگر بوو.

٥ -پارسا = ئایندار، (پارسی) ده‌درایه پالْ (مانگ)سیمای ؟

٦ -په‌یکی خۆر ده‌درایه پالْ (میهرئیما)، (ئه‌ستێره‌ی به‌یان) هلیوس، سل

٧ -پیر، ڕابه‌ر ده‌درایه پالْ (زوحه‌ل) (که‌یوان یا ساتۆرن)

لاوانی تازه هاتوو بۆ به‌رده‌م باره‌گای میترا، ده‌ناسـران و لـه دواییـدا لـه‌م ئه‌نجومه‌نـه‌دا یه‌کـه‌م پلـه‌و پایـه‌ی ئـه‌م حـه‌وت پلـه‌یان وه‌رده‌گـرت. ئـه‌بێ ئه‌وه‌ش بڵێین هه‌ریه‌کێك لـه‌م پلانـه ئـه‌رکێکی تایبـه‌تی خۆیـان هـه‌بوو. بـۆ نموونـه (پلـه‌ی کـلاغ =قه‌له‌باچکـه) پێویسـت بـوو شـه‌رابی هـووم بخواتـه‌وه، (سـروودو مقامـه‌کان) بخوێنێتـه‌وه، پلـه‌ی هاوسـه‌ری ته‌نـها بـۆ پیـاوان بـوو، چونکـه ئافره‌تـان مـافی به‌شـداریکردنی ئـه‌م پلـه‌و مه‌راسـیمه‌یان نـه‌بوو، هاوسـه‌ران ڕووبـه‌ند یـا چارشـێویان هـه‌بوو. کـه نیشـانه‌که‌ی (مه‌شـخه‌ڵ یـان چرا) بوو. ئه‌م هێمایه نیشانده‌ری تیشکێکی نوێیه، که له‌گه‌ڵ میترای خـوای ڕووناکیدا پـه‌یوه‌ندی هـه‌بوو. (پلـه‌ی سـه‌رباز) لـه دوای پـه‌یبردن بـه نهێنیـه‌کان‌و چوونـه نـاو ڕیـزی سـوپاکانی خواوه‌نـد ده‌به‌خشـرا، جلوبـه‌رگی

سەربازی بە ڕەنگی قاوەیی بوو. (پلەی شێر) کراسێکی ئەرخەوانی لەبەر دەکرد، کەوگیرێکی بە دەستەوە دەگرت، کە ئاگری پێ ئەمدیو ئەدیو دەکات. (پلەی پارسا= ئایندار) نیشانەیەکی تایبەتی هەبوو، ئەویش بریتی بوو لە کراسێکی خۆڵەمێشی. (پلەی پەیکی خۆر) نیشانەکەی کراسێکی سوورو پشتوێنیکی زەرد بوو کە دووگۆی ئاوی پێوە بوو. (پلەی پیر) بەرزترین پلەی ئاینی میترا بوو، لەسەر زەویدا نوێنەری میترا بوو، نیشانەی تایبەتی ئەویش (ئەڵقەیەك و عەسایەك بوو)[٢٧].



وێنەی خوای میترا لە کاتی قوربانیدا

دوو مەشخەڵداریش هاوڕێیەتی دەکەن

**باوەڕی گشتی میترائیسم:**

مهرپەرستان باوەڕێکی تەواویان بە مانەوەی هەمیشەیی ڕۆح هەبوو. لەبەر ئەمە سوور بوون لەسەر ئەنجامدانی کرداری چاکە، تاکو بەو هۆیەوە ڕۆحیان بە جاویدانی بمێنێتەوەو پاداشتی چاکەیان دەستکەوێت. مهرپەرستەکان لە کۆمەڵگای ئاینی خۆیاندا بە ڕووپۆشێکەوە کە نیشانەی پلەکەی پێوە بوو، ئامادە دەبوون. مهرپەرستەکان باوەڕیان بە کاریگەری ئەستێر ەکانی(خوشبەختی و نەگبەتی) لەسەر چارەنووسی مرۆڤ هەبوو. باوەڕیان بە کاریگەری خەون لەسەر ژیانی مرۆڤ هەبوو، لەبەرئەمەش دەستیان بە لێکدانەوەی خەونەکانیان دەکرد، ئێستاش ئەمە میراتێکە کە لەوانەوە بەجێماوە. هۆی بە پەلە پێشکەوتنی ئەم ئاینە لەجیهانی ئەو ڕۆژگا رەدا لایەنی ڕەوشت و کرداریان بوو[٢٨].

**شوێنی ئاینی مهر لە جیهاندا:**

لەوانەیە هۆی گوێزانەوەی ئاینی میترا لە ئێرانەوە بۆ شوێنەکانی دیکە، لە بناغەدا، هاوسێیەتی و کۆچکردن و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیو ئابووری .... بووبێت.

ئەم ئاینە لە ئاسیای بچوك و نێوان دوو ڕووباردا گەشەیکرد، (کلدە) لە ڕۆژگاری ئەشکانیەکاندا بوو بە سەرزەمینی پیرۆزی مهرپەرستان، لە بابلدا پەرستگایەکیان بۆ مهر دروستکرد. ژمارەیەك لە موغەکان کۆچیان بۆ ئاسیای بچووك کرد. بە هۆی نفوزی ڕۆحانیانەوە بیروباوەڕی ئاینی ئاریەکانیان لەگەڵ بیروباوەڕی ئاینی سامیەکاندا (ئەستێرەپەرستی کلدانی) تێکەڵ کرد. ئاینی

مهرپەرستی بەو شێوەیەی تۆزێك لەمەو پێش باسمانکرد بەسەر بەشێکی گەورەی جیهانی ئەو ڕۆژگارەدا بلاوبۆوە. لە یۆنان و ڕۆمدا چوە پێشەوە، ئەوروپای ناوەندیشی گرتەوە، ئاینی مەسیحی خستە ژێر تیشکی خۆیەوە[٢٩].

## پاشماوەی شوێنەواری مهرپەرستی لە ئێراندا:

پاشماوەی شوێنەواری مهرپەرستی لەئێرانی هاوچەرخدا بەرچاو دەکەوێت. خورەم ئابادی لورستان یەکێکە لە ناوەندە گەورەکانی مهرپەرستانی ئێرانی دێرین و قەرەبالغ ترین ناوەند بوە. لە ئێستاشدا لە باشووری خۆرئاوای شارستانی خورەم ئاباد شوێنەوارێکی سەردەمی مهرپەرستی بەرچاو دەکەوێت، لە دۆلێکدایە بە "بابا عەباسی" ناسراوە لە کەناری (کوە سفید = کێوە سپی)

ژێرزەمینێك لەسەر سینگی چیاکە هەیە کە یادگاری ڕۆژگاری مهرپەرستی ئێرانیەکانە. ئەم ژێرزەمینە چەندین کۆلەکەو چوار دیواری تێدایە، دانیشتوانی ناوچەکە دەلێن ئەم ژێرزەمینە گۆڕێکی تێدایە و بە گۆڕستانی "بابا عەباسی" دەزانن.

دانیشتوان لەسەر بناغەی باوەڕی ئاینی دێرینیان (کە هێشتا لە ناویانا باوی هەیە) چەندین جۆرە (نەزر)ی وەکو دیاری مورووی ڕەنگاوڕەنگ و دەزبینك و دەزووی پێشکەش دەکەن و لێی دەپاڕێنەوە. هەرچەندە شوێنەواری گۆڕ لەم ژێرزەمینەدا بەرچاو ناکەویت بەلام باوەڕی گشتی ناوچەکە لەسەر ئەوەیە کە "بابا عەباسی" لەوێدا نێژراوە.

لەم ڕووەوە دەتوانین بلێین ئەم باوەڕە کۆنەو ڕێزگرتنی ئەم ژێرزەمینە لە باوەڕێکی کۆنی مهرپەرستیەوە بە یادگار ماوەتەوە. چونکە تاکو

ڕۆژگاری ئەشکانیەکان پەرستگای ژێرزەمینی مهرپەرستی برەویان هەبوە. زۆربەی (مهرابە)کان لە سەردەمی ساسانیەکاندا کران بە ئاتەشگەدە. لە سەردەمی ئیسلامیشدا گۆڕانی تەواویان بەسەردا هات. (اوە)یان (ابە) لە فارسیدا بە گومەز دەڵێن، وەکو (سەردابە و گەرمابە). زاراوەی مهرابەش لە دواییدا بە شێوەی (مهراب) یا (محراب)ی لێهاتو دەنووسرایەوە. لەبەرئەوەی ئاینی میترائیسم لەگەڵ ئاینە نوێکاندا لێك تێنەدەگەیشتن، سازشیان لە نێواندا نەبوو، بەم هۆیەوە لەسەردەمە جۆربەجۆرو مێژووییەکاندا باوەڕی ئاینی ئەم ناوچەیە، گیرۆدەی وێرانکردن و گۆڕان دەبوو. وەکو پەرستگای (مهر= ناهید یا ئاناهیتا) لە شاری کەنگاوەر. بە کورتی ئەوەی کە گۆڕستانی بابا عەباسییە بێگومان پەرستگایەکی مهرپەرستییە.لوڕستان شوێنەوارێکی دیکەی ئەم ئاینە کۆنەی ئاریایی بە یادگار تێدا ماوەتەوە،[٣٠].

### مەراسیمی قوربانی و چۆنیەتی ئە نجامدانی:

مەراسیمی قوربانی لە ئێرانی دێریندا (لەپێش وپاشی هاتنی هۆزە ئارياييەکان)، چەندین مەرج و تايبەتمەندی خۆی هەبوە، لەوانەيە ڕێوڕەسمی قوربانی ڕێوڕەسمێکی ئاريايی يان هيندی بێت، بەهەرحاڵ ئەو کەسانەی دەيانويست قوربانی بکەن، پێويست بوو ئاژەڵەکەيان ببردايەتە شوێنێکی پاك و بيانڕازاندايەتەوە، تاجە گوڵينەيەکيان ئەکردە سەر ئاژەڵەکەو دوعای تايبەتی قوربانييان بەسەردا دەخوێند، ئەو کەسەی کە قوربانی دەکرد دەبوايە داوای چەند شتێك لە خوا بکات. ئەم داوايەش پێويست بوو لايەنێکی گشتی هەبايە.

له دوای كوڵاندنی قوربانییەكە دەبوایە سفرەیەكیان لە نەرمترین گیا بەتایبەتی لە گیای (شەوەر) ڕاخستایە، تەواوی گۆشتەكە بە پارچە پارچە كراوی و كوڵاوی لەسەر سفرەكە دادەنرا. سروودی خواكانیان بەسەردا دەخوێند. لە دوایدا هەر چۆنێكیان بویستایە گۆشتەكەیان بەكاردەهێناو دەیانخوارد[٣١].

پارسەكان و مادەكان قوربانیان لە شوێنێكی بڵندا ئەنجام دەدا، ئەمانە بە ئاسمانیان ئەوت (نئوس) و بە (خۆر)یان ئەوت (مهر). مانگ و ئاگرو زەوی و باو ئاویان گەلێك بەلاوە بەڕێز بوو. ئەمان قوربانیەكانیان بە تاجە گوڵینە دەڕازاندەوە و لە شوێنێكی پاكدا سەریان دەبڕین.

(موغ = رۆحانی) لێپرسراوی مەزهەب، قوربانیەكەی پارچە پارچە دەكردو ئامادەبوان هەریەكە بەشی خۆیان وەردەگرت. هیچ بەشێك لە قوربانییەكان بۆ ئیزەدەكان نەبوو، چونكە ئێرانیەكان لەو باوەڕەدا بوون خواكان تەنها پەیوەندیان بە ڕەوان و ڕاستی قوربانیەكانەوە هەیە.

**شەرابی پیرۆزی ( ودائی ) لە ( میترائیسمدا ):**

ناوی ئەم شەرابە لە گەلێك ئاین و مەزهەبدا بەرچاو دەكەوێت. ئەم شەرابە یەكەمجار لە ئاینی ودائی و لە دواییدا لە هەندێ ئاینی ئێرانیدا هاتە كایەوە. ئەم شەرابە لە گیایەكی تایبەتی دروست دەكرا. لە ئاینی مهرپەرستیدا ئەم شەرابە بە (هوم) یان (هائوما) ناسراوە، كە لە گیایەكی پیرۆز دروست دەكرا.

مهرپەرستەكان لەو باوەڕەدا بوون بە خواردنەوەی ئەم شەرابە دۆخێكی ڕۆ حانیان بەسەردا دێت و لەنهێنییە شاردراوەكان ئاگادار دەبن. ئەم شەرابە

له دواییدا چوەتە نێو ئاینی (زەردەشت)یشەوە، بەهەمان شێوەش چوەتە نێو ئاینی مەسیحیشەوە (نانی فەتیرە و شەراب)ی هێنایە کایەوە. ڕیشەی مێژووی باوەڕ بە شەرابی پیرۆز دەگەڕێتەوە بۆ مەزهەبی (ودائی).

بەوتەی کارناسێکی ئەڵمانی مهرپەرستەکان، لەکاتی قوربانی خواکاندا خۆیان بە هوم سەرخۆش دەکرد. هوم شەرابێك بوو لە گووشین وگرتنی ئاوی گیایەك هەر بەم ناوەوە (لەلایەن هیندیەکانی؛ تم)ەوە دروست دەکرا. هەروەها هوم سیمای خوایەك بوو، کە ئیماندارانی لە کۆڕی زیکری مەزهەبیدا کۆدەکردەوەو خواکان و ئەویان دەپەرست.

ئێرانیەکانی پێش زەردەشت کە باوەڕیان بە خوای چاکەو خراپە هەبوو، خوای چاکەیان بە پێشکەشکردنی شەربەتی هوما بەهێز دەکرد. هوم یان هوما شەرابێکی پیرۆزە، کە ئەمڕۆکەش لە نێوان زەردەشتیەکاندا هەیە. "فلیسین شاله" دەڵێت: ئێرانیەکانی دێرین ئاوێکی پیرۆزیان هەبوو کە هەمان (سوما)ی ناو مەزهەبی (ودا) بوو[٣٢].

## ئاینی ئێرانی - لوڕی (کاست):

هۆزی کاست یان کۆسی لە لوڕستان نیشتەجێ بوون. ئەم هۆزە ئێرانیە ئاریایی نەبوون، شارستانی ترین خەڵکی ڕۆژگاری خۆیان بوون. ئەم هۆزە لەگەڵ دانیشتوانی بابلیدا تێکەڵاو بوون و دەستیان بەسەر ئەو هۆزەدا گرت. چەندین سەدە فەرمانڕەوا بوون. کارناسی شوورەوی "دیاکۆ نۆف" دەنوسێت: هۆزی کۆستی یان کاستەکان گەلێك خوای جۆربەجۆریان هەبوو، ناوبراو خوا گرنگەکانی ئەم هۆزەی دەست نیشان کردوە و دەڵێت: یەکێك لەم یەزدانانە (کاشو)ە بە خوای هۆزی کاستیان دەژمێردرا، یەکێکی دیکەشیان

(شيمالى) خواى شـاخاويەكانى نـاوبوو، ئـەم خوايـە نـاوێكى ديكەشـى هـەبوو ئـەويش (شـيب رو) بـوو. (شـوكامۆن) خـواى ئـاگرى ژێــرزەوى و پـارێزەرى زنجـيرەى پاشـايەتى بـوو. خواكـانى ديكـەش بريـتى بـوون لـە (هاربـە) و (شيخو)و (ساخ) خواى خۆر يا (شورياش).

باوەڕى ئاينى ئەم هۆزە لە شوێنەوارە دێرينەكانى لوڕستاندا ديارە، ئەم هـۆزە باوەڕيـان بـــە يـەك هـێز و دەســەڵاتى ئاسمـانى هـەبوو. كاســتەكان، هـەندێك لـە بــاوەڕى ئــاينى و ئــادابى خۆيــان لــە هونــەرەكانيياندا ڕەنگـى داوەتەوە، شوێنەوارە دۆزراوەكـان ئـەوە نيشـان دەدەن ئـەم هـۆزە بـە تونـدى مەزهــەبى بــوون، باوەڕيــان بــە جيــهانى دواى مــەرگ هــەبوە و بيريــان لێكردۆتـەوە. ئـەم هـۆزە هـەنگاويان بـەرەو لـە گۆڕنـانى كەلوپــەلى كەسـانى مردوو نا. چونكە لەو باوەڕەدا بوون لە جيهانەكەى ديكەدا ئـەم كەلوپەلانـە بەكاريان دێن. لـە گۆڕنـانى ئەسـپ و گالێسكەو خزمـەتكاران نيشـاندەرێكى بــەهێزى ئـەم بـاوەڕەن. پياوانيــان لــە گۆڕســتانى ژنــاندا نەدەشــاردەوە، گوڕستانى ژن و پياو جياواز بـوو. چـەند نەقشـێك دۆزراوەتـەوە لـە بـاوەڕى خـوا ئەفسـانەييەكان دەدوێـت. لــە شـێوەى مـرۆڤ و گيـاندارانداوێنــەيان كێشراوە. (بتى سروش) كە چەند سەرێكى هەيە، سيماى دادوەرى بـوە، ئـەم بتە هەيكەلى لە شێوەى گيانلەبەرى جۆربەجۆر هەيـە. خـواى دايـك (اشـى =ئەشى) ناوە، بۆ منداڵبوون داواى يارمـە تـى لێدەكـرا. بتـى (روسـو) چـەند نەخشێكى هەيە كە بيرخەرەوەى بۆچوونەكانى قيامەتە.

هۆزى كاستى نەزريان پێشكەش بـە پەرسـتگاكان و خواكـان دەكـرد، ئـەو كەلوپەلانـەى كە لـە پەرستگاى (ســرخ دم) لـە چيـاى دەشـتى لوڕســتان دۆزراوەتەوە ئەوە نيشان دەدەن دانيشتوانى ئەم ناوچەيە لە گەلێك ناوچەو

شـوێنی دیکـەدا بـوون، بــەڵام ئــاداب و مــەراسمی مەزهــەبییان یــەك بـوە. پەرستگای ناوبراو یەکێکە لە پەرستگاکانی دانیشتوانی لوڕستان[٣٣].

**باوەڕی ئاینی هۆزی سۆمەر و ئاکاد:**

هـۆزی سـۆمەر و ئاکـاد مێژوویـەکی گـەلێك درێژیــان هەیــە. پێشــینەی مێژوویی باوەڕی ئاینیان بە تەواوی نازانرێت.

ئـەم دوو هـۆزە، لـە سـەدەی نۆهـەمی پێش زایـن بــەدواوە مێژوویــەکی ئاشـکرایان هەیـە. سـۆمەریەکان لـە کـەنداوی فـارس و هـەردوو بـەری شـەت ئەلعــەرەب (ئــەروەند ڕوود). ئاکادەکــانیش لــە لای بــاکوری خۆرهــەڵاتی ئەوانـەوە دەژیـان. سـنووری وڵاتـی سـۆمەر و ئاکـاد بـە تــەواوی روون نیـە، شارەکانی (ئوروت) و (ئورینپ بـور) لـە شـارە بەناوبانگـەکانی سـۆمەریەکان بوون. شارەکانی (سیپ) و (کیش) و (بـابل)یـش بـە شـارە گرنگـەکانی ئاکـاد دەژمێردران، ئەو بیردۆزەی کە دەڵێت: ئەم دوو هۆزە وڵاتێکیان هەبوو، لـەم دواییەدا بەهێزتر کراوە. ئەم هۆزانــە خـاوەنی چـەندین خـوا بـوون، لەهـەر شارێکدا "رب النوع"ێکی تایبەتیان هەبوو، سۆمەری و ئاکادیـەکان سـێ "رب النوع"یان دەپەرست ١- ئاسو( ئاغای ئاسمان) ٢- ئی ئا( خاوەن و ئاغای دۆڵـی قووڵ) ٣- بل (رب النوعی زەوی) جگە لەم سێیە، ئـەم هۆزانـە باوەڕیـان بـە رۆحی بەد و جنۆکە ... .هەبووە. بۆ ئەوەی لە خراپکاری ڕۆحی بەد بەدوور بن و پارێزراوبن، قوربانییان دەکرد. خواکانی ئەم دوو هـۆزە خاسـیەتەکانی مرۆڤیان هـەبوو. پەرسـتگاکانیان بـە خشـت دروسـت دەکـرد، میحرابیـان لـە پێشــەوە دروســت دەکــرد، رۆحانیــەکان (کاهینــەکان)ی مەزهــەبی هــێزو دەستەڵاتێکی گەلێك زۆریان هەبوو، رۆحانیەکان ئەوەندە بــەتوانا بـوون کـە

بەخـەڵكیان دەوت: خواكـانیش وەكـو پاشـاكان ژیـان بەسـەر دەبـەن، خواكـان لـەناو شـكۆمەندی و خۆشـبەختیەكی بـێ پایـاندا دەژیـن. كەواتـە دەبێـت هەرچەندێك دەتوانی لە بەخشینی خشڵ و زیو و زێڕ..درێغی نەكەن.

پەرسـتگا لــەژێر چـاودێری ڕۆحانیــەكاندا بــوو، پڕبــوو لــە زێــڕو جەواهێرات، هەموو ئەم سامانە چڕو پڕە لەژێر دەستی ڕۆحانیەكاندا بوو. وێڕای ئەمەش خۆراك و عەماری دەغڵ و دانەوێڵە و كـاڵای جۆربـەجۆریان لەژێر دەستدا بوو، ڕۆحانیەكان بە ناوی خواكانەوە بازرگانیـان دەكـرد، بـەو سامانە زۆرەوە كە هـەیانبوو گاڵتـەیان بـە خـەڵكی دەكـرد. پەرسـتگا بنكـەی بازرگـانیو مامەڵـەی ڕۆحانیـەكان بـوو، بـاوەڕی سـۆمەریەكان لـە بـارەی پەیوەندی بە جیهانی دیكەوە- واتە عالەمی دوای مەرگ تاریك بوو- چونكە لـەو بـاوەڕەدا بـوون مـرۆڤ لـە دوای مـەرگ، جگـە لـە دەردو برسـییەتی و تینوێتـی، شـتێكی دیكـەی دەسـت ناكەوێـت. لەبـەر ئەمـە بـۆ سـەلاماتی و پاراسـتنی بنەماڵـەیان هەمیشـە خـەریكی دووعـا خوێندنـەوە بـوون، بـۆ دوورخستنەوەو نەهێشتنی هەر جۆرە شـەڕێك، قوربانیـان دەكـرد و بڕیـاری نەزریان دەدا[٣٤].

**باوەڕی ئاینی ( ماد )ەكان:**

هۆزی ماد لقێكە لە هـۆزە ئاریاییـەكان. كـە لـە ئازربایجـاندا نیشـتەجێ بـوون. مادەكـان لــە ڕووی ئـاینی و فەرهـەنگیی و شارسـتانیەتەوە لـەژێر كاریگەری ئاسوریەكاندا بوون.لە بارەی مەزهەبی ئەم هـۆزەوە ئاگاداریـەكی كەممان لەبەر دەستدایە، "هەرۆدۆت" دەڵێت: موغەكان كۆمـەڵێك بـوون لـە شەش تیرەكەی مـاد، بـەڵام چ مەزهـەبێكیان هـەبوە ئەمـە بـە تـەواوی ڕوون

نیە.هەندێك لـە كارناسـان لـەو بـاوەڕەدان، كـە لەوانەیـە مەزهـەبی مادەكـان (مەزهەبی هورمز پەرستی بـوو بێـت). كـە موغـەكان تێكـەڵی سـیحربازی و خورافات و جادوگەرییان كردبوو. زەردەشت كە لە هۆزی مـاد بـوو، تێكۆشـا، تـاكو ئـەو مەزهەبـە سـەرلەنوێ چاكسـازی بكاتـەوە، بـەڵام موغـەكان نەیانهێشت، لەبەر ئەمە زەردەشت كۆچی كردو لە شـوێنێكی دیكـەدا بـرەوی بە مەزهەبەكەی خۆی دا. شوێنەواری دێرینەو دۆزراوە هەیە كـە لـە بـارەی شارستانیەت وخواناسیو پەرستنیخوا لەناو ئەم هۆزەدا دەدوێت[٣٥].

**باوەڕی ئاینی سكاكان:**

هۆزی سكا، لقێكی دیكەی هۆزە ئاریەكانە، كـە لـە زمانـەكانی ئـەوروپیدا بـە هـۆزی (سـیت) ناسـراون. لـە سـەرەتادا لەگـەڵ هۆزەكـانی دیكـەی هینـدو ئەوروپیدا دەژیان، لە دواییدا كۆچیان كرد.

"ڕەنە گوسە" كارناسـی فەرەنسـی دەڵێـت: ئـەم هـۆزە، لەگـەڵ هۆزەكـانی دیكەی هیندوئەوروپی لە دەشتەكانی ڕووسیەوە كۆچیـان كـرد، لـە دوایشـدا ڕوویانكردە (سەیحوون و كاشغەر) تاكو خاكی وڵاتـی چـین چوونـە پێشـەوە. جموجوڵی سكاكان بە ئـاخرین كۆچـی هـۆزە ئاریـەكان دەژمـێردرێت، هـۆزی سكاكان خەڵكانێكی سەرەتایی و بیابان نشـین بـوون. گـەلێك دڕ و خوێـنڕێژ بوون. لە ئاوێستادا باسی ئەم هۆزە كراوە، ئەو نووسـراو و تـابلۆ دێرینانـەی دۆزراونەتـەوە، لـە بەشـی شارسـتانیەتی ئاشـوریەكاندا نـاوی سـكاكان دەبـات (٧٠٠- ٧٥٠)ی پێـش زایـن. لـە سـەرچاوە یۆنانیەكانیشـدا باسـی ئـەم هـۆزە كراوەو دەڵێت: سكاكان لە لەوەڕگاكانی باشووری ڕوسـیەی ئێسـتادا دەژیـان. ژیانی ڕابردووی ئەم هۆ زە لە كەناری سەیحووندا بوە، لە دواییدا بـۆ ڕوسـیە كۆچیـان كـردوە. ئـەم هـۆزە بـە زیـانێكی گـەورەو بەڵایـەكی ترسـناك بـۆ

هۆزەکانی دیکە دەژمێردران، چەندین بەڵگە لەبارەی بێبەزەیی و دڵڕەقی و تاوانکاری ئەم هۆزە هەوسار پچڕاوەی مێژوو لەبەر دەستایە، کە سەبارەت بە بێبەزەیی لەئەندازە بەدەری ئەم هۆزە دەدوێت، (تەورات) دەردی دڕندایەتی لە ئەندازەبەدەری ئەم هۆزەی لە دەروونداییە؛ وەکو ئەمەی خوارەوە:

**(.... ئەی نەوەکانی بنیامین! لە ئۆرشەلیم ڕاکەن، چونکە بەڵایەك لەباکوورەوە لە بزاڤدایە، شکستێکی گەورە ڕوودەدات. خواوەندی خوا دەڵێت، ئیستا هۆزێك لە زەمینی باکوورەوە دێنم، ئۆمەتێکی گەورە لە دوورترین ناوچەوە هەڵدەستێت .... کەوان و نێزەیان بە دەستەوەیە، ئەوانە خەڵکێکی بێبەزە یین،.... بەئاوازی خویانەوە هەروەکو دەریا یاخی دەبن......)**

"هەرۆدۆت" دەڵێت: بڕوای ئاینی هۆزی سکاکان لەسەر ئەوەیە کە لە تەواوی نەتەوەکانی دیکە باشترن، نژادێکی گەورەترو بڵندتریان هەیە، ئەوانە سەبارەت بە نژادی خۆیان دەڵێن: لەو ڕۆژگارەدا، کە زەوی دانیشتوانی تێدا نەبوو، یەکەم مرۆڤ (تارگی تای) ناو بوو، باوکیشی (زئۆس) و دایکیشی کچی (ڕوود بورستین) بوو، "تارگی" سێ کوڕیشی هەبوو، لەو ڕۆژگارەدا لە ئاسمانەوە گاسن و زنجیرو تەورو پیاڵەی زێڕین کەوتە خوارەوە بۆ سەر زەوی. ئەم کەلوپەلانە بە نسیبی دوو منداڵیان نەبوو، هەموو ئەم کەلوپەلانە کەوتە دەستی منداڵی سێهەمیان، دوو براکەش دەوڵەت و پاشایەتی ڕووی زەوییان بە برای سێهەم سپارد، هۆزی سکاکان لە نەوەی منداڵی سێهەمن کە گەیشتە پایەی فەرمانڕەوایی. "هەرۆدۆت" سەبارەت بە باوەڕی مەزهەبی ئەم هۆزە دەڵێت؛ ئەم هۆزە گەلێك خوایان دەپەرست. خواکانیان بریتی بوون لە؛

١-تابيت نی؛ رب النوعی وەجاخی بنەماڵە،
٢-پاپای؛ خوای ئاسمان.
٣-هیتوله؛ خوای ڕۆژ.
٤-ئاە یی؛ خوای زەوی و ژنی ئاسمان بوو.
٥- ئارهیم پاسا؛ خوای جوانی.
٦-ناهیس ماسا؛ خوای دەریا.

ئەم هـۆزە قوربانییـان بـۆ خواکـانی خۆیـان نــەدەکرد، پەرسـتگایان دروست نەدەکرد، لـە کوشـتن و بـەخێوکردنی خـوگ خۆیـان دەپاراسـت. چونک ە بەخیوکردنی خوگ لە مەزهەبی ئەواندا حەرام بوو، سکاکان لە کاتێکدا کە دوژمنی خۆیان دەکوشت، خوێنەکەیان دەخواردەوە. سکاکان باوەڕێکی زۆریان بـە فـاڵ و وتـەی فـاڵچیو جادوگـەران هـەبوو، ئەمانـە لەکاتی لەگۆڕنانی پاشا مردوەکانیان سکی پاشایان هەڵدەدڕی و لـە پـاش دەر هێنانی گەدەو ڕیخۆڵەکانی و ئەو شتانەی دیکـە کـە لـەورگی پادشـادا بوو دەریاندەهێنان و ورگیان بە دەرمان و دەوای بۆنخۆش پڕ دەکردەوە. لاشەکەیان مۆمیایی دەکرد. بە ناوچەکانی وڵاتدا دەیانگێڕاو لە دواییـدا لە گۆڕستانی گشتی پاشاکاندا دەیانناشت، لەگەڵ پاشا مردوەکەدا، یەکێك لە ژنانی ناشـەرعی و دەسـت و پێوەنـدی وەکـو چێشـتلێنەر، نۆکـەران و نامەبـەرانی بـە ئەسـپ و جەواهێراتــەوە لەگــەڵ پاشــادا لــەگۆڕ دەنــا. (تەورات) سکاکانی بە (یاجوج و مأجوج) ناوبردوە و بە نەوەی (یافسی کوڕی نۆح)یان ناودەبات[٣٦].

**مەزهەبی هاخامەنشیەکان:**

شو ێنەوار و تابلۆ دۆزراوەکانی سەردەمی هاخامەنشیەکان لـەوە دەدوێـن، کە مەزهەبی زۆربەی ئەو سەردەمەیان ئاینی زەردەشـت یـا چـەند بابـەتێك بوە وەکو ئەو. لەهەمان کاتدا ئـەم تـابلۆ و نووسـراوانە ئـەوە نیشـان دەدەن، کـە مەزهـەبی مهرپەرسـتیش بـرەوی هـەبوە. لـە نووسـراوێکی ئاردەشـێری دووهەمدا هـاتوە: مـن وێنـەی مـهرو نـاهید دروسـت دەکـەم و لـەم کۆشـکەدا دایدەنێم. ئەمەش لەگەڵ ئامۆژگاریەکانی زەردەشت کـە وێنـەی خواکـان بـە حـەرام دەزانێـت ناکۆکـە، لەبـەر ئەمـە ئـاینی زۆربـەی ئـەو ڕۆژگـارە هـەمان (میترائیسم)ی ئاریایی بوە. هەندێ لە کارناسان لەو بـاوەڕەدان ئێرانییـەکان لـە کۆنــەوە (نــاهید)یــان پەرســتوە، لەبەرئەمــە مەزهــەبی ســەردەمی هاخامەنشی هـەرچی بووبێـت، لەگـەڵ پەرسـتنی نـاهیددا نـاکۆك نـەبوە. بەڵگەیــەکی دیکــە لەســەر (مەزهــەبی مهرپەرســتی) لــە ســەردەمی هاخامەنشـیدا، شـێوەی ناشـتن و لـەگۆڕنانی مردوەکانـە، کـە لەگـەڵ ئـاینی زەردەشـتا ناسـازە، لـە ئـاینی زەردەشـتا مردوەکـان نەدەخرانـە نێـو گـۆڕەوە، بەڵکو مردوەکانیان لە قەڵای خامۆشاندا دادەنـا، تـاکو باڵندەکـان لاشـەکانیان بخۆن. هۆی ئەوەش، کە مردوەکانیـان لـەگۆڕ نـەدەنا ئـەوە بـوو زەوی بـەلای زەردەشتیەکانەوە گەلێك پیرۆز و ڕێزدار بوو، پیسکردنی زەوی بە تـاوانێکی گـەورە دەژمـێردرا. بـەڵام لـە سـەردەمی هاخامەنشـییەکاندا مـردوو لـەگۆڕ دەنران. پاشایانی ئـەم زنجیرەیـە، ئارامگـای تایبـەتی بنەماڵـەیان هـەبوو، لـە لایـەکی دیکـەوە ئێرانیـەکان لـەو سـەردەمەدا وێـڕای پەرسـتنی ئـاهورامزدا، چوار مادەی دیکەیان دەپەرست:

١-ڕووناکی خۆرو مانگ

٢-ئاو

٣-خاك

٤-(با)

لەبەر ئەمە دەتوانین پەی بەوە ببەین، کە لەسەردەمی هاخامەنشیەکاندا ئازادی مەزهەب هەبوە، هەرکەسێك هەر مەزهەبێکی بویستایە توانیویەتی پەیڕەوی بکات. پاشایانی ئەم زنجیرەیە لە کاروباری مەزهەبدا لەگەڵ خەڵکدا هەمئاهەنگ بوون.

"کۆروش" ڕب النوعی گەورەی بابل، (مردوك)ی دەپەرست. "داریوش" لە نەورۆزدا هەموو ساڵێك هەیکەلی رب النوعی ناوبراوی بە دەستەوە دەگرت. لە کاتێکدا "داریوش" پەلاماری میسری دا، ڕێزی لە باوەڕی ئاینی ئەو وڵاتە گرت، بۆ خۆشی لە مەراسیمە ئاینیەکانیاندا بەشداری دەکرد. لەسەر ڕووی سکەکانی سەردەمی ئاردەشێری دووهەم، (ئاپل)ی رب النوعی یۆنانی و ناوی رب النوعی فنقیەکان کە (بعل) بوو هەڵکنراوە[٣٧].

## ڕۆحانیەکانی ئێرانی دێرینی پێش زەردەشت:

لە ئێرانی دێریندا سەرپەرشتی کەرانی ڕەسمی ئاینەکان و مەزهەبەکانی پێش زەرد هشت (مغ = موغ)یان پێدەوترا. لەناو کۆمەڵگای ئێرانیدا موغەکان هۆکارێك بوون بۆ بەرەودان بە جادوگەری. ئەمانە هونەری جادوگەرییان لە بابلی و کلدانیەکانەوە فێر بووبوون. "هەرۆدۆت" دەڵێت: (موغەکان تیرەیەك بوون لە شەش تیرەکەی هۆزی

ماد، ئەم موغانە بوون مەزهەبیان تێکەڵ بە خورافات و جادوگەری کرد..
پاشاکانی ماد بۆ بەرزبوونەوەی تواناو دەستەلآتی موغەکان تێکۆشان، نفوز و پایەی کۆمەلآیەتی موغەکان گەیشتە پلەیەك کە لە دوای لەناوچوونی زنجیرەی پاشایانی ماد، دووبارە ئەم موغانە هەروەکو جاران بە دەستەلآت بوون. لەنێوان موغەکانی ئێران و کلدانیەکاندا جیاوازی هەیە، موغەکانی ئێران لەگەڵ ئامۆژگاریەکانی زەردەشتا ئاشنایەتیەکی تەواویان هەبوو....).

**مەزهەبەکانی سەردەمی ساسانی:**

کارناسێکی ئێرانی دەڵێت: شێواوی بارودۆخی سەردەمی ساسانیەکان، دەبێت لە ناکۆکیەکانی ئاینی ئەو سەردەمەوە تەماشابکەین. ئاینی زەردەشت ئاینی ڕەسمی وڵات بوو، (مەزهەبی زروان)ی و مەزهەبی (کیو مرس)یش لە ڕیزی مەزهەبەکانی ئەو سەردەمەدا دەژمێردرێن، ئەم دوو مەزهەبە لە ئاینی زەردەشت جیابوونەوە. سەرەڕای ئەمەش، چەندین مەزهەب و ئاینی دیکەش هەبوون.

١-ئاینی یەهود؛ بوون و کۆنیەتی ئەو ئاینە لە ئێراندا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هاخامەنشیەکان، کوروش ڕزگارکەری یەهودیەکانە، یەهودیەکانی بۆ ئێران ڕاگوێزا، لەبەر ئەمە، یەهودیەکانی بابل بۆ خۆرئاوای ئێران کۆچیانکرد، لە سەردەمی ساسانیەکاندا ژمارەیان زۆرتر بوو.

٢-ئاینی مەسیح؛ کا تی هاتنی ئەم ئاینە بۆ وڵاتی ئێران، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەشکانیەکان. ژمارەیەکی کەمی مەسیحی لە خۆرئاوای ئێراندا دەژیان ئەمانە ئێرانی بوون. کە بووبوون بە مەسیحی و خاوەنی کلێسای

گەورەش بوون. لە ناوچــەکانی خۆرهــەڵات و خۆرئـاوای ئـێراندا بـوون، ئـەم دەستە مـ ەسیحییە بە دەستەی (نەستۆری) ناسرابوون.

٣-مەزهــەبی مــانی؛ لــە ســاڵی ٢٢٨ی زایــن ڕاگەیــەنرا، تۆزێــك دوای ڕاگەیاندنەکــەی سەرانســەری ئــێرانی گرتــەوە. هۆکــاری بـــە گورجـــی بڵاوبوونەوەی دەگەڕێتەوە بۆ سادەیی مەزهەبەکە. بنچینەی ئـەم مەزهەبـە لەسـەر پـاڵاوتن و خـاوێن کردنـەوەی (نـەفس) و ڕەوشــتی جـوان و دەروون پاکی داڕێژرا بوو. لەبەر ئەمە دانیشتوان بـە پەلـە پێشـوازیان لێدەکـرد. لـە ڕێی ئــەم مەزهەبـەوە بیروبـاوەڕێکی ئـاینی وا بـەهێزیان دەسـتکەوت کـە لـە ڕووی هەموو توندوتیژیەکانی پێشەوا ئاینیەکانی زەردەشتی و سـوڵتانەکانی ساسـانیدا ڕاوەسـتان.لایـەنگرانی ئـەم ئاینـە زۆر بەرگـەگرو بـاوەڕدار بـوون لەسەر ئاینی خۆیان، کە ئاینی "مانی" بوو.

٤-مەزهــەبی مــوزدەك؛ لــە ســاڵی ٤٩٧ی زایــن لــە ئــێراندا دەرکــەوت، "قوبـاد"ی پاشـای ئـێران چـوە ســەر ئــەم ئاینــە نوێیــەو پەســەندی کــرد. موزدەکیەکان لەلایەن "انوشەروان = ئەنەو شیرەوان"ەوە کۆکوژ کران.

٥-مەزهــەبی (بودائــی)؛ لەناوچــەکانی بــاکوورو خۆرهــەڵاتی ئێرانـــەوە (هیندستان و چین) هاتنە ناو ئێرانەوە. لە سـەرەتادا لـە (بامیـان) و (بلّـخ) چەندین پەرستگای گەورەو شکۆداریان دروســتکرد، کـە پەرسـتگای ناسـراوی (نەوبـەهار)یـان لـە شـاری بـەڵخدا بەناوبانگـە. مەزهــەبی زروانیـان- یـان زرواتیـان- کـە لقێـك بـوو لـە ئـاینی زەردەشـت، هـەروەکو مەزهــەبی (کـەیو مرسـیان) لەســەر ئـەو بـاوەڕە داڕێژرابـوو، کـە ئەهریمــەن بوونــەوەرێکی سەربەخۆ نیە، بەڵکو لە گومان و دوودڵی ئاهوورامزداوە دروستبوە، ئەم دوو لقانیە خاڵێکە بەرانبەر بە باوەڕی ئاینی زەردەشت.

جگە لە دەستەو مەزهەب و ئاینەکانی سەرەوە، لە ئێرانی سـەردەمی ساسـانیدا مەزهـەب و بـاوەڕو ئـاینی دیکـەش برەویـان هـەبوو. بیروباوەڕەکـانی "ابـن دیصـان" و"مرقیـون" کـە ئەوروپاییـەکان (مارسیون)ی پێدەڵێن، هـەروەها باوەڕەکـانی (صـابئین) لـە ئـێرانی ئـەو ڕۆژگا رەدا باویان هەبوو.

کۆنیـی ئـاینی بـودا لـە ئـێراندا دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی دەسـتەڵاتی یۆنانیەکان "ئەسکەندەری مەقدۆنی" لە ئـێراندا. لـەو سـەردەمەدا بـوو کـە مەزهـەبی بـوودا هاتـە نـاو خۆرهـەڵاتی ئـێران. بێگومـان ئـەم ئاینـە وەکـو (نـاردراو = صادرات) لـە هینـدەوە بـۆ ئـێران ڕێگـای بـۆ کرایـەوە. مەزهـەبی بـوودا لـە ئـێراندا لەگـەڵ بـەرگری و بەرەنگاربوونـەوەی ئاینـەکان و مەزهەبەکانی ناوخۆ ڕووبەڕوو بووەوە، بە تایبەتی ئاینی ڕەسمی دەوڵەت، کە ئـاینی زەردەشـت بـوو. ئـاینی زەردەشـت کۆسـپێکی گـەورە بـوو لەسـەر ڕێـی بەرەو پێشچوونی ئەم ئاینەدا.

## دیکتاتۆریەتی مەزهەبی لەسەردەمی ساسانیەکاندا :

ئـاینی زەردەشـت، ئـاینی ڕەسمـی دەوڵـەتی ساسـانیەکان بـوو. لـە لایـەنی پاشـاکانی ئـەم زنجیرەیـەوە گـەلێك بـە گـەرمی پشـتیوانیان لێدەکـرا. ڕۆحانیـە زەردەشتیەکان هەستیان دەکرد پاشـاکان پشـتگیرییان لێدەکەن. لـە برەوپێـدان و داسـەپاندنی ئاینەکـەیاندا هیـچ دوودڵیـەکیان نـەبوو، کەمایەتیـە مەزهـەبی و ئاینـە مەزهەبیـەکانی نـاوخۆ و دەرەکی، ئیـتر سـەرەڕای دەمارگـیری پێشـەوا ئاینیەکانی زەردەشتی و هەڕەشـەی دەوڵـەت بـە نـهێنی لـەناو کۆمـەڵانی خـەڵکدا نفوزیـان پـەیداکرد. دیکتـاتۆری مەزهـەبی و دەمارگـیری پێشـەوا ئاینیـەکان

هۆکارێکی گرنگ بوون بۆ پێناخۆشبوونی دانیشتوانی ئێران. لە ئەنجامیشدا بوو بە هۆیەکی سەرەکی بۆ ڕووخاندنی ئیمپراتۆریەتی ساسانی.

ڕۆحانیەکانی زەردەشتی دەستەڵاتێکی بێسنووریان هەبوو، ئەم مووبدانە بوون کە مافی هەر جۆرە گۆڕانکاری و لێکدانەوەی ئاین و ئەحکامەکانی ئاینیان هەبوو. گوشاری دەوڵەتی و مەزهەبی لە خواستی پێشەوا ئاینیەکانەوە هەڵدەقولا، گیانی خەڵکیان هێنابوە سەر لێو، لەئەنجامدا پشکۆی ژێر ژیلەمۆی ناو خۆڵەمێش بە شنەبایەکی بچووک کۆتایی بە هەموو شتەکان هێنا. (موغ) کوژی و (مووبد) کوژی لە ئێرانی ئەو ڕۆژگارەدا دەستی پێکرد.

## ئاینی زەردە شت

**أ-زەمینە؛**

سـەردەمی سـەرەتای زەردەشـت؛ (زەردەشـت لـە سـاڵی ٦٦٠ پێـش زایـن لەناکاو ڕادەپەڕێت، بە بەڵگەی ڕاپەڕینەکـەیدا دەردەکـەوێت کـە (ڕژێمـی شارستانی) و (مڵکداری) چەندین دەردو ژانـی نوێـی ڕژانوەتـە نێـو گیـانی مرۆڤەوە. لە دواییدا (چاکسازان) بۆ دەرمانکردنی تێدەکۆشن.

زەردەشـت لـەو سـەردەمەدا وەڵامێـك بـوو بـۆ چارەسـەری دەردەکـان و ئارەزوە نوێکانی ئێرانیەکان. ئاریایەکان لە سەرەتای هاتنیانەوە بۆ هیندو ئـێران لەگـەڵ هـەموو دوولایـەنی ئیمکانـاتی خـاك و ئاووهـەوا، یـەك مەزهـەبیان هـەبوو.. ئاریـەکانی هینـد لـە ژیـانی تیرەگـەریدا مانـەوە. ئاریەکانی ئێرانی لەگەڵ ژیانی کشتوکاڵیدا ئاشناییان پەیدا کرد.

بە گۆڕانکاری بارودۆخی ژیـان و توانـای وردبوونـەوەیان و سیسـتەمی کۆمەڵایـەتی و هەسـتکردن بـە ڕەوشـتی کۆمەڵایـەتی، ئیـتر مەزهـەبی میترائیسـم و مەزهـەبی سـەرەتایی پێـش زەردەشـت (کـە لـەناو تـیرە نـەژادەکانی ئاریـەکانی ڕۆژگـاری هاوبەشـی بـیرو ژیـانی ئـێرانی و هینـدی مـابوەوە) نـەیدەتوانی وەڵامـی خواسـتو ئـارەزوە نوێکـانی ئێرانیـەکان بداتـەوە، مەزهـەب دەبوایـە بـە بـارودۆخێکی نوێـدا تێپـەڕێت کـە پەیوەندیەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری ڕەوشتی بێت و بتوانێت ئاراسـتەی دۆخێکی نـوێ بێـت.. لێرەدایـە کـە زەردەشـت ڕادەپـەڕێت و مەزهـەبێك ڕادەگەیـەنێت. کـە بـۆ پـەیوەندی کـردن بـە خواکەیـەوە نـە پێویسـتی بـە سیحرو جادووە و نە بە قوربانیی موغەکانیشەوە.

جادوگەری هەڵوەشاندەوەو وازی لە قوربانیکردن هێنا. سەختترین خەباتی لەدژی (کارپانەکان = موغەکان و ڕۆحانییەکان) دەستپێکرد.

لەهەموش گرنگتر تەواوی ئەو بتانەی هەیکەلی "رب النوع"ە جۆربەجۆرەکان بوو، کە دروستکردنیان ئەرکێکی ئاینە دێرینەکان بوو، تێکشکاند و لە پەرستگاکاندا فڕێیدانە دەرەوە، (هەرچەندە دووبارە خودی مووبدەکان (ڕۆحانییەکانی زەردەشت) بەئامۆژگاری نوێ دووبارە گەڕاندیانەوە). لەگەڵ ریفۆرمی ئاینە سەرەتاییەکاندا مەزهەبێك هاتە کایەوە کە بە زۆری ئاینێکی جوتیاری و کشتوکاڵیە و رابەری ژیانی نوێی ئێرانیەکانە[٣٨].

## ب- چۆنیەتی ئامۆژگاری؛

گا، لە ئاینی زەردەشتا گەلێك پیرۆزە. بەو شێوەیە کە یەکێك لە خوا گەورەکان (وهومن) لە ئەسڵدا خوای (گا)یە، (ناوی خودی زەرتشتیا زوراستر یا زرتشتر) یانی خاوەنی وشتری زەرد، نیشانەی ئەوەیە کە (پەیوەندی بە سەردەمی تیرەگەریەوە هەیە). بەڵام بە پێچەوانەی هیندیەکان، گا تەنها لە ئێراندا ڕێزدارە، شایستەی پەرستن و بە پیرۆز زانینیش نیە، لە باتی گا کارێزو جۆگەو ئاو پیرۆزە. لە سەردەمی ئاژەڵداریدا گا سیمای ئاژەڵ و ژیانی ئابووری ئاژەڵداریە. لەسەردەمی کشتیاریدا ئاو سیمای ئاژەڵ و ژیانی ئابووری جوتیارانە، نرخێکی تایبەتی هەیە. ئەمەیە، کە لە ئاینی زەردەشتا ئاو دەبێتە جێگەداری گاو شایستەی پەرستنیشە و بە پیرۆزیشی دەزانن.

گەورەترین خزمەتی زەردەشت (لە ڕووی دیدی ئاینیەوە) ئەوەیە، زیاد لە هەموو مەزهەبەکانی (نایەکتایی= غیر توحید)ی، مەزهەب و پەرستن (کە بناغەی مەزهەبەکانە) لە یەکتاپەرستی نزیك دەبێتەوە[٣٩].

**خوای زەردەشت؛**

١-لـەبارەی (یـەکتا)یـی بوونـی یـان (دووتـا)یـی بوونـی خـوای زەردەشـتەوە دوو بـۆ چـوون هەیـە؛ یەکـەمیان هـەمان بۆچوونـی کلاسـیکییە، کـە زەردەشـتیە سـادەکان نـەك ئەوانـەی (ڕابـەر و ئاراسـتەکەری بابەتـە ئاینیـەکانن) قبوڵیـان کـردوە، لـەم ڕوانگـەوە مەزهەبی زەردەشت مەزهەبێکی دووتا پەرستییە، مەزهەبی (ئاهوراو) و (ئەهریمەن)، کە بریتین لەمەزهەبی (ئەنگر مئی نو)و (سپنتا مئـی نو) دوو بوونەوەری خێرو شەڕ، هەرکەسێك وهەر شتێك خراپ بێت، بەشێکە لە (ئەنگرمئی نو)، ئەگـەر باشـیش بێـت بەشـێکە لـە (سـپنتا مئی نو)، ئەم دوو بوونەوەرە (ئەنگرمئی نو و سپنتا مئی نو) هەمیشە لـە نەبـەردان لـەدژی یـەکتر. کـەوابێت بـاوەڕی ئـاینی زەردەشـت، (دووتا)ییە لە جیهاندا.

بۆچوونـی دووهـەم کـە بەرهـەمی مێژوونوسـە نوێکانـە، ئـەو مێـژوو نوسـانەی خـەریکی ڕازاندنـەوە و ڕاسـتکردنەوە و شـیکردنەوەو زیندووکردنەوەی ئـاینی زەردەشـتن، ئەمانـە کـە دەبینـن زەینـی ئەمڕۆکـەی جیهان یەکتاپەرستی دەناسێت و ستایشی دەکەن و دەپەرسترێت. تەنانـەت بـێ مەزهەبـەکانیش، دان بـە بۆچوونـی مەزهەبـەکاندا دەنێـن، کـە (یەکتاپەرسـتی بـەرزترین شـێوەی پێگەیشـتنی دیـدی مەزهەبیـە)، (کە سەلمێنراوەو هیچ جێگەی دوو دڵی و گومانی تێدا نیە)، تێدەکۆشـن تـاکو لـە مەزهەبـەکانی ڕەچاوکراویـاندا ڕووخسـارێکی یەکتاپەرسـتی سازدەن....[٤٠].

**٢-( ئاهورامزدا ) و دروستبوونی جیهان؛**

ئاهورامزدای خوای زەردەشت هەمیشەیی و ئەبەدیە، زەردەشت بە ژیـرو بینـەرو بـەتواناو زانـای دەزانێت، کـە ویسـتی جیهـان دروسـت بکـات. لـە سـەرەتاوە ڕۆحێکـی نـەمرو ڕەهـای بـەناوی (وهومـن) دروسـتکرد، یـانی (ڕەوشـت؛ زەیـن، فکـرو ئەندیشـەی چـاك) لـە دواییـدا وهومـن هـەموو دیاردەکانی جیهانی دروستکرد[٤١].

**٣-( ئەنگرمئی نو و سپنتامئی نو )؛**

لە بیروبـاوەڕی زەردەشـتا دوو سیسـتەمی یـەزدانی بـە نـاوی بوونـەوەری بـەد (ئـەنگرمئی نـو) و بونـەوەری چـاك (سـپنتا مئـی نـو) هەیـە، یـانی (بوونەوەری باش و بونەوەری خراپ) هەمیشە لە جەنگدان. هەریەکەشیان چەندین یاوەرو فریشتەیان هەیە.

**٤-یاوەرانی سپنتا مئی نو؛**

شەش فریشتەیان "ئێزەدی نزیـك" یـاوەری بوونـەوەری چـاکی جیهـانن، کە لەگەڵ سپنتا مئی نو جیهانی خێر دەبەن بەڕێوە، لەگەڵ ئەنگر مئی نـو و یاوەرەکانیدا دەجـەنگن. ئـەم شـەش (ئامشاسـپند)انـە (=ڕۆحـی نـەمر و ئەزەلی و ئەبەدی) بریتین لەمانە:

١-بەهمەن؛ (بە) مانای باش و خـێر، (مـن) مانـای ڕەوشـت، یـا فریشـتەی ڕەوشت باش، یان فریشتەی سروشت باش، یان فریشتەی خێر.

٢ -ئوردیبە هیشت؛ فریشتەی ڕاستی و دادوەری.

٣-شەهریوەر؛ فریشتەی توانا یان بە (اصطلاحی خۆیان) خوای توانا.

٤ -خرتات؛ فریشتەی، سوودمەندی و کامەرانی و سەرکەوتن و خۆشی.

٥-ئەسپندارمز؛ سپندیانی پیرۆز (هەروەك یەكێك لە خاسیەتەكانی زەردەشتیش (سپندمن)ە یانی خاوەنی ڕەوشتی پیرۆز؛ ئەسپندار مزهەمان (ئەسفەند) ە فریشتەی بەرەكەت و ئەوین و خۆشەویستیە.

٦-مورداد، یان مرتات؛ فریشتەی نەمران و هەمیشەییە، ئەم شەش ئەمشاسپندە لەژیر ڕابەرایەتی (سپنتامئی نو)دان، کە کۆمەڵێکی حەوت کەسی پێكدەهێنن، ڕاپەڕێنەری خواستەكانی ئاهورامزدان، لە خەباتی دژی خراپكاراندا یارمەتی ئەو مرۆڤانە دەدەن کە ڕێگای ئاهورامزدایان گرتوەتەبەرو لە سەری دەڕۆن.

لە بەرانبەر ئەمانیشدا شەش فریشتەی خراپەكار. (ئەگەر بكرێت، فریشتەی سزان) یاوەری (ئەنگر مئی نو)ن. کۆمەڵی حەوت کەسی ڕۆح پیس پێك دەهێنن. (سپنتا مئی نو و ئەنگر مئی نو) و یارانیان لە دوولای زەویەوە هەردوو ڕیزی چاكە و خراپەیان ڕیزكردوە، مرۆڤیش لەم نێوانەدا سەربەستە هەر ڕیزێكیانی بوێت هەڵیبژێرێت. ئەڵبەتە زیاد لەمانە چەندین فریشتەی دیكەش هەن.. ئەم کۆمەڵانە ڕژێمی باوەڕی میتافیزیکی مەزهەبی زەردەشتە، کە جیهانبینی زەردەشتیش نیشاندەدەن[٤٢].

**ج-زەردەشت و مووبدان؛**

تائیستا هەرچی ڕۆیشتوە لە تاریف و ناسینی زەردەشتی یەكەم بوە. لەمە بەدواوە تێدەكۆشین ڕوخساری ئەو زەردەشتەی کە مووبدەكان دروستیانكرد و مەزهەبێك کە بۆ پارێزگاری مووبدان و سوودمەندییان دامەزرا، نیشان بدەین. چونكە لەگەڵ ئەم شێوە ئەندازەو ئەنجامگیریە دەگونجێت.

لـه سـەرەتادا مەزهـەبی زەردەشـت پابـەندە بـە ژیـانی جوتیـاران. (هەرکەسـێك جۆگەیـەك هەڵکـەنێت دەچێتـە بەهەشـت).. پـیرۆزبوونی ئـاو، پـیرۆزبوونی گـا، پـیرۆزبوونی جۆگــە و ســەوزە و دار، نیشـاندەری ئــەم واقیعیەتەیــە، کــە مەزهــەبی زەردەشــت بــە پێچەوانــەی میترائیســم -کــە مەزهەبی سەردەمی ئاژەڵداریە- بەڵام ئەم پاڵەوانێکی تەواو کشتوکاڵیە.

مەزهـەبی زەردەشـتیش دوو جـۆرە؛ یــەکێکیان مەزهەبێکـە زەردەشـت هێناویەتی، ئەوی دیکەشیان مە زهەبێکە جێگرەوەکانی زەردەشت (حوکام و مووبدەکان) دروستیان کردوە..[٤٣].

**ســەرچاوەکان** ( زراتشتریســم) یــان مەزهــەبی زەردەشــت، کۆمەڵــە بەڵگەیەکە، کە دەتوانێـت کارناسـان بـە ڕووخسـاری واقعـی زەردەشـت نزیـك بکاتـەوە. (زراستریسـم) کۆمەڵـە کتێبێکـە وەك (ئاوێسـتا) و (دینکـرد)، کـە کتێبێکـی دیکـەی زەردەشـتیەکانە، ئـەم کتێبـە بـە درێژایـی مێـژووی پێـش ئیسلام و پاش ئیسلام، لە سەدەکانی پێنج و شەش تا سەدەی نۆهەمی زاین، بە دەستی موبدەکان نووسراوەتەوە..[٤٤].

### لادانی مەزهەبی زەردەشت؛

### ١-ڕەسەنایەتی چینەکان؛

زەردەشــت هــەموو خواکــانی دەرپــەڕاندبوو. لــە یــەك خــواو یــەك (ئاهورامزدا) دەدوا. کە یەکتاو تاك و تەنهایـە، خـوای هـەژارو دەوڵەمـەند و مووبـد و غـەیرە مووبـد و (هـەموو هەموانـە) تەنـها یـەك خواوەنـدە هەیـە ئـەویش (ئـاهورامزدا)یــە. بــەڵام مووبدەکــان خــوای یــەکتای زەردەشــتیان شکۆدارو سێتایی کرد؛، وتیان کە زەردەشت خۆی فەرموویـەتی ئـاگر هێمـاو

ئاماژەیە لە جیهانی فریشتەکانی ئاهورایی، لەبەر ئەمە دەبێت ئـاگر پـیرۆز بێـت و رێـزی لێبگـیرێت. لـەوە بـەدواوە موبدەکـان ئامـاژە و هێمـای ئـاگری (ئـاهورایی)یـان کـرد بـە سـێ بەشـەوە: سـێ ئاگریـان دروسـتکرد، یـەکێك لـە (ئەستەخر) کە ئاگری رۆحانیەکان و مووبدەکان بوو، یـەکێکی دیکـەیان لـە ئازربایجان بوو، کە ئاگری شازادەکان و جەنگاوەرەکان بوو، سێهەمیان ئاگری (ریونـد) ئـــاگری جوتیـــاران و کشـــتیاران بـــوو. لەبەرئەمـــە مووبدەکـــان یەکتاپەرسـتی زەردەشـتیان بـە شـیوەی ژێرخـانی (هاوبـەش) دەرهێنـاوە، ئەمەش چالاکیەکی سەرسورهێنەرە[٤٥].

### ٢-رەسەنایەتی رۆحانیەکان؛

پلەوپایـەی مووبـدی و پایـەی بـە مـیرات بـۆ بـەجێماوی مووبـدزادە چ خراپو چ باش دەبوونــە جێنشـینی بابیـان، تەنـها ئـەوەندە بـەس بـوو، کـە هـەندێك لـە یاسـاکان و جموجـوڵ و رێورەسمـی ئـاینی بزانیـت. بـۆ بوونـە مووبدو لەبەرکردنی کراسی رۆحانیەکانی زەردەشتی ئیتر زانسـت و ناسـینی ئەحکامەکانی ئاین پێویست نەبوو، تەنها دەبوایە مەراسـیمی ئـاڵۆزی نـەزرو قوربانی و تەشریفاتی گشتی بزانێت و چەند دووعایەکی لەبـەر بێـت. هـەر ئەمەنـدە و بەس .. لە ئاینی زەردەشتا هەر چینێك خوایەکی تایبەتی خـۆی هەبوو، پێشەوا ئاینیەکان خوای رۆحانیەکانیان هەبوو[٤٦].

### ٣-شەریك و ژمارەی خواکان؛

لە مەزهەبی زەردەشـتیدا جگـە لـە "ئەمشاسـپندان" چـەندین خـوا یـان فریشتەی دیکە هەبوون. یەکەم (سروش) نیشانەی ملکەچی و خواپەرستیو

کۆیلەیەتی مرۆڤە. نیشانەی ئەو ڕۆحانیانەیە کە ڕاگەیەنەرو گوێڕایەڵ و خواپەرستن لەسەر زەوی. دووهەم (فەڕی ئێزەدی) ڕۆحی پیرۆز ، کە بەرەکەت و پیرۆزی بەرهەم دەهێنێت، ئەگەر بچێتە ناو هەر ڕۆحێك و گیانێکەوە؛ ئەو ڕۆح و گیانە سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، بە بەختیاریو بێوەیی یان بە فەرمانڕوایی و پلەوپایەی دەسەڵات دەگات، لە هەردوو جیهاندا ڕزگاری دەبێت. بە پاڕانەوە و پەرستنی ئاهورامزدا دەتوانێت (فەڕی ئێزەدی) بەدەست بهێنێت، ئەگەر (فەڕی ئێزەدی) بچێتە ناو هەر ڕۆحێکەوە خاوەنی ئەو ڕۆحە بەختەوەر دەبێت، ئەگەرنا بە دڵڕەقی دەمێنێتەوە. سێهەم (منتر =مەنتەر) ئەمە هەمان زاراوەیە ئێستاش هەر ماوە، کە دەڵێن (منتر یانکردوە = دەستەمۆیان کردوە یان ڕاهاتوە).

مەنتەر بریتی بوە لەو وشە پیرۆزانە و ویردو دووعایەك کە دەبوایە بە زمان و جلوبەرگ و دەست و پێی.. پاکەوە بخوێنرێتەوە، یان لەهەندێ حاڵات و مەراسیمی تایبەتی مەزهەبی و ڕۆحانیدا دەبوایە لە لایەنی مووبدی ڕەسمیەوە بە ئاوازێکی تایبەتی بخوێنرێتەوە[٤٧].

* * *

ئەوەی لە سەرەوە وتمان باسی ناسینی کۆمەڵگای مەزهەبی زەردەشت بوو، کە لەلایەن بەرجەستەترین کارناس و پسپۆڕ لە مێژووی ئاینەکان و مەزهەبەکانی خۆرهەڵاتدا نووسراوەتەوە، ئەم نیشاندانە بە بەویژدانترین و باشترین لێکۆڵینەوە دادەنرێت، لە بارەی ئاینی زەردەشتەوە داوەرانە بەکار هاتوە. ئیستاش هەروەك چۆن باو بوە، بە پێی بابەتە مێژوویيەکان سەبارەت بە ئاینی زەردەشت و کەسایەتی خودی زەردەشت، دەدوێین.

(١)

## زرتشت = زەردەشت؟

(زوراس تر) یان (زرتشتر) یانی خاوەنی وشتری زەرد.. خۆرهەڵاتناسان بە فێڵ و تەڵەکەیەکی سەرسوڕهێنەر مێژووی لە دایکبوونی زەردەشتیان لە ٣٢٩ تا ٦٠٠ ی پێش زاین گەڕاندۆتەوە بۆ (٦٠٠٠) ساڵ پێش زاین. تەنانەت گەڕاندویانەتەوە بۆ (٦٠٠٠ ) ساڵ پێش هێرشەکەی ئەسکەندەر، تاکو دەست بە ئەنجامگیریەکی نەژادی بکەن. چونکە (ئەوروپاییەکان هەر ئاین و مەزهەب و قوتابخانەی فەلسەفی هەبووبێت) بە شێوەیەکی (خودپەرستی) خۆیان بە سەرچاوەی-بە بەڵگەی جۆربەجۆر-بوونی ئەو ئاین و مەزهەب و قوتابخانە فەلسەفیانە دادەنێن.. لەبەرئەمە زەردەشتیان بۆ ٨٢٠٠ ساڵ گەڕاندۆتەوە تاکو شانازی یەکتاپەرستی لە (نژادی سامی) وەربگرن و بە نژادی (ئاریا)ی ببەخشن[٤٨].

وا دەردەکەوێت زەردەشت کوڕە جوتیارێك بوە، لە ڕەگ و رەچەڵەکی ئاریایی هاتۆتە کایەوە، پێگەیشت.. ناوی (زرواستر)ەو لە بناغەدا (زراتشتر)ە-یانی خاوەنی وشتری زەرد- یان -خاوەنی وشتری کۆن- یان پیر. مێژووی ڕاستەقینەی لەدایکبوونی زەردەشت گەلێك نادیارە. بە پێی سەربردە ئێرانیەکان لەدایکبوونی زەردەشت لە دەوروبەری (٦٦٠) ساڵ پێش زاین نیشان دەدەن و لەگەڵ بوونی هەموو ئەگەرەکانەوە دوورە، زۆربەی لێکۆڵەرەوانی نوێش ئەو مێژوەیان پەسەند کردوە.. هەروەها شوێنی لەدایکبوونیشی بە ونبوو ماوەتەوە. هەندێك دەڵێن لە ناوچەی ماد (ئازربایجان) لە باکووری خۆرئاوای ئێران و هەندێکی دیکە دەڵێن لە باکتریا (بەڵخ =خۆرهەڵات) لەدایکبوە، بەڵام لە ڕاستیدا زەردەشت لە خۆرئاوا

لەدایکبوە، بەڵام لە خۆرهەڵاتی ئێراندا دەستی بە ڕاگەیاندنی ئاینەکەی کردوە. سەربردە دێرینەکان لەوە دەدوێن زەردەشت لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا لای مامۆستایەك خوێندویەتی. هەر لەلای ئەم مامۆستایەی (کوشتی) کە (ناوی پشتوێنێکی پیرۆزی زەردەشتیەکانە)، وەرگرتوە. لە سەرەتای تەمەنیەوە بە خاوەنی ڕەوشت و دلۆڤان و نەرمونیان ناسراوە. لەکاتی هاتنی وشکە ساڵیدا کە لە سەردەمی لاویی زەردەشتا ڕوویداوە، سەبارەت بە مرۆڤە پیرەکان ڕێزو میهرەبانی و سەبارەت بە گیاندارانیش خۆشەویستی و بەزەیی بەکاردەهێنا. کە گەیشتە تەمەنی بیست ساڵی باوك و دایك و ژنی خۆی بەجێهێشت. بۆ دۆزینەوەی نهێنیەکانی مەزهەبی و وەڵامی کێشە ڕۆحانیەکان کە قووڵایی دەروونی ئەویان شێواندبوو، بە دەوروبەری جیهاندا سەرگەردان بوو، بە هەموو لایەکدا دەڕۆیشت. لەگەڵ هەموو کەسێکدا دەکەوتە گفتوگۆ، تاکو نووری ڕوناکی دەروون و دڵی ڕوون بکاتەوە.. لە سەرچاوە یۆنانیەکاندا وتراوە زەردەشت ماوەی حەوت ساڵ لەناو ئەشکەوتێکدا لەقەد پاڵی چیایەك ژیانی بەسەر بردوە.

بە خامۆشیەکی ڕەها ڕایدەبوارد. دەنگ و سەدای کارەکانی لە خۆرهەڵاتەوە بە گوێی دانیشتوانی (ڕۆم) گەیشت، ناوبانگی پەیداکرد، کە پیاوێکی لە خواترسە و بیست ساڵی تەواوی لە بیاباندا بەسەر بردوە. جگە لە پەنیر هیچ خواردنێکی دیکەی نەخواردوە. هەرکە تەمەنی گەیشتە سی ساڵی، زەردەشت چەندین شتی نهێنی بۆ ڕوون بۆوە. سەربردەکان لەم ڕووەوە ئەوەندە فراوان و سەرسووڕهێنەرن کە بۆ زەردەشت بوە بە (معجزات)ی سەیرو (کەرامات)ی بێ وێنەی لێدەگێڕنەوە. دەڵێن یەکەمجار، کە شتی لێدەرکەوت و بۆی ڕوون بۆوە لە کەناری ڕووباری (دیتا) بوو لە نزیکی

نیشـتمانەکەی خۆی. لـە ناکاو بـە خـەیاڵ تارماییـەك کـە بڵندییەکـەی نـۆ ئـەوەندەی بـاڵای مرۆڤێکـی ئاسـایی دەبـوو، لەبـەرچاویدا دەرکـەوت. ئـەم تارماییەی ناو نا (فریشتەی وهومنە = بە همەن) یانی بیری چاك. لەدواییدا فریشتەکە لە گەڵیا کەوتە گفتوگۆ، فەرمانی پێدا کراسی خوازراوی بـەدەنی لە گیانی دوورخاتەوە، ڕۆحی پاك و خاوێن کاتەوە. لـە دواییـدا سـەرکەوێت لەبـەردەرگای بارەگـای ئـاهورامزدا- یـانی خـوای حـەکیم- ئامـادە بێــت.. لەوەبـەدواوە هەشـت سـاڵی دیکـە بەسـەر زەردەشـتا تێپـەڕی، لـەو ماوەیـەدا زەردەشت لە جیهانی دەرخستن و بینیندا لەگەڵ شەش فریشـتە نزیکەکـەی "ئەمشاسـپندان" یـەك بـە یـەك وتووێـژی کـرد.. لـە دوای ئـەوەش دە سـاڵی دیکـە بەسـەر زەردەشـتا تێپـەڕی، کـە بـە پەرسـتن و عیبـادەتی ئـاهورامزدا سەرقاڵ بوو. هەمیشە لە لایەنی دانیشتوانی سەردەمەکەیەوە ئێش و ئازاری پێدەگەیشت. لە دوای ئەم بۆدەرکەوتنەوە بێوەسـتان دەسـتی بـە ئامۆژگـاری خەڵکی کرد، بەڵام لە سەرەتاوە هیچ کەسـێك گوێـی لـە وتـەکانی نـەدەگرت، چەندین جار نائومێد بوو، خرایـە بـەر پـلاری وتـەی نـاڕەواو تاقیکردنـەوە، ئاخری لە دوای دە سـاڵ زەردەشـت گەیشـتە ئاواتەکـەی، یەکـەم کەسـێك کـە ئاینەکەی پەسەند کرد ئامۆزاکەی بوو بە ناوی (میندی نیمون ها).

لە دواییدا لە ناوچەیەك یان لەهەرێمێکی خۆرهـەڵاتی ئـێراندا گەیشـتە بارەگای پاشای ئەو هەرێمە کە ناوی (ویشتاسپ) بوو. زەردەشت مـاوەی دوو ساڵ گەلێك تێکۆشا کە ئەم پاشایە بهێنێتە سەر ئاینەکەی خـۆی. پاشا بـوو بە هاوڕێی زەردەشت، بەڵام چونکە لە ژێر نفوزی (کارپانەکان = موغەکان = ڕۆحانیەکان)دا بوو، ئەمانەش بە هەنگاونانی ئەهریمەنانەی خۆیان لـە دژی ئاینی زەردەشت ڕاپەڕین، بوون بـە هـۆی ئـەوەی زەردەشـت دەسـتگیربکەن و

بیخەنە بەندیخانەوە. لە ئەنجامداو لە دوای دوو ساڵ موعجزەیەك لە زەردەشتەوە دەرکەوت.. شا هاتە سەر ئاینەکەی و ئیمانی پێهێنا..(ویشتاسپ) تەواوی هێزی خۆی بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینی ئەو (پێغەمبەرە- بهدین = ئاین چاك)ە بەکارهێنا، دەستوپێوەندەکانی پاشاو فەرمانبەرانیش لە دوای پاشاوە باوەڕیان پێ هێنا.. لە ماوەی بیست ساڵی دیکەدا، کە لە تەمەنی زەردەشت مابۆوە، گەلێك چیرۆك و بەسەرهاتی لێدەگێڕنەوە، لە سەرانسەری ئەو ڕۆژگارەدا زەردەشت ژیانی بە بڵاوکردنەوەی ئاینی ئاهورامزدا لەناو ئێرانیەکاندا بەسەر برد. لەم سەردەمەدا دوو نەبەردی لەگەڵ دوژمناندا بەرپاکرد.. جەنگی دووهەمیان لە سەردەمێکدا بوو زەردەشت تەمەنی گەیشتبوە (٧٧) ساڵ، هەرچەندە لەم جەنگەدا سەرکەوت، بەڵام لە دواییدا کوژرا. نووسەرەکانی ئاوێستا لە دوای هەزار ساڵ وتویانە کە تورانیەکان شاری بەڵخیان بە زۆر داگیرکرد. تورانیەك لە ناکاو پەلاماری ئەو پێغەمبەرەی خوای داو لە بەردەم محرابی ئاگردا کە خەریکی خواپەرستی بوو کوشتی[٤٩].

زەردەشت یۆنانیەکان بە (زورو ئاسترس) و ڕۆمیەکان بە (زورو ئاستر) و ئەو روپاییەکان بە (زورو ئاستر) ناوی دەبەن. بوونی مێژوویی زەردەشت جێگای گومان و ڕەخنەیە. کارناسێکی فەرەنسی ئاوێستا ناس "جمیز دار مستر" لە زەردەشت خوایەك دروست دەکات، ئەویش بە سیمای (هوم) لە شێوەی مرۆڤدا دایدەنێت.

"کرن"ی هۆڵەندی بە ئەفسانەی خۆری دادەنێت. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم هەموو شوێنەوارە هەیە و کەسایەتیەکی مێژوویی بە زەردەشت دەدەن..

هەروەها ئەو بۆچوونەش لە ئارادایە کە زەردەشت لە نێوان سەدەی حەوتەم وشەشەمی پێش زاین بووە[٥٠].

"ئەفلاتون"٤٢٩-٣٤٧ پێش زاین، بە ڕاشکاوی ناوی زەردەشتی بردوە. بە دامەزرێنەری ئاینی (مزد یەسنا)ی زانیوە. "بروسوس"ی مێژونووسی سەدەی سێهەمی زاینی زەردەشت بە دامەزرێنەری زنجیرەی پاشایەتی ماد دەزانێت[٥١].

مێژوونووسە ئیسلامیەکان زەردەشت بەهاوچەرخی (گشتاسب یان وشتاسپ) دەزانن[٥٢]. کارناسێکی ئێرانی هاوچەرخ، سەردەمی ژیانی زەردە شت بە سەدەی هەشتەمی پێش زاین دەزانێت. کارناسێکی خۆرئاوایش نیشتمانی زەردەشت بە پارێزگای (خوارەزم) و شاری بەلخ دەزانێت. "بارتلمە" زادەگای زەردەشت بە باکووری خۆرئاوای ئێران ناودەبات. "مولون" زادەگای زەردەشت بە (سیستان)[٥٣]دەزانێت. "گلدزیهر" لەسەر ڕایەکەی "بارتلمە"یە. "جکسۆن" دەڵێت: باوکی زەردەشت خەڵکی ئازربایجانە، دایکیشی ئازەرییە[٥٤].

"تاین بی" سەردەمی دەرکەوتنی زەردەشت بە دەوروبەری سەدەی شەشەمی پێش زاین و لە نێوان دوو ڕووباردا دادەنێت[٥٥].

"پیرنیا"ی مێژونووسی ئێرانی بۆچونەکەی "جکسۆن" پەسەند دەکات[٥٦].

"هربرت جرج" سەردەمی ژیانی زەردەشت دەباتەوە بۆ چاخی هاخامەنشیەکان[٥٧]. لە (فروغ مزد یسنا)دا هاتوە زەردەشت لە شاری (ڕەیَ= تارانی ئێستا) کە بە زمانی ئاوێستایی (وغ) و بە زمانی پەهلەوی (ڕکا)یە لەدایکبوە. یۆنانیەکان زەردەشتیان بە (زرواستر) ناوبردوە- یانی

ئەستێرە ناس-. "دیو ژن" زەردەشتی بە مانای ئەستێرە پەرست لێکداوەتەوە. "هرمودورس"ی قوتابی "ئەفلاتون" زەردەشتی بەهەمان مانا لێکداوەتەوە. ڕۆژهەلاتناسێکی ئەڵمانی دەڵێت هەندێك لە یۆنانیەکان ناوی زەردەشتیان لە وشەکانی (زئیرا) بە مانای (نیاز) و (ئەستر) یان بەمانای (ئەستێرە) وەرگرتووە کە دەکاتە ئەستێرەی نیاز. کارناسێکی ئەڵمانی دەڵێت زەرتشت لە دوو وشەی (زئوتر) یانی نیازبەخش و (استر) یانی (لەوەڕگا) لێکداوەتەوە، کە دەکاتە خاوەنی (کێڵگەی شایستەی نیاز). زەردەشت بە مانای (زەوی کێڵێکی باشتر)یش هاتوە.

زانایەکی ئینگلیزی دەڵێت: زەردەشت یانی کەسێك کە وشتر دەلەوەڕێنێت (شوانی وشتر).

کارناسانی خۆرئاوایی مانای دیکەیان بۆ زەردەشت داناوە وەکو (ئەستێرەی زێڕین)، (سزادەری وشتر)، (ئەستێرەی تەلایی)، (تیشکی زیڕین)، (سەڵتەنەتی زێڕین) .. دەڵێن عەرەبەکان بە زەردەشتیان وتوە؛ (سەڵتەنەتی زێڕین). زەردەشتیەکانیش ناوی زەردەشت بە (سپیتامە) دەزانن.

"ۆ مارتینی ئەڵمانی" دەڵێت: زەردەشت لە بناغەدا (جارات اوتارا) بوە، کە بە زماذ ی سانسکریتی بە مانای (ستایشکەری بڵند) یان گەورە دێت. کە بوو بە پێغەمبەر، نازناوی (زەردەشت)ی لەخۆی نا. زەردەشت یانی پێکهاتەیەك لە (اوش) کە بە مانای (سووتان و گەشاوە) دێت و (زر) بە مانای (زێڕین) دێت، (زر اوشتر) یانی کەسێك کە ڕوخساری لەنووری خوا ڕو ونە. "ئازر گشسب" دەنووسێت و دەڵێت: (اسفتمان) دوای ئەوەی گەیشتە پلەی پێغەمبەری، بە نازناوی (زەردەشت) شانازی دەکرد، لەبەر ئەمە

دەبێت لەدوای گەیشتن بەپلەی ڕۆحانی بە نازناوی (شتر پیر یا زەرد ڕەنگ)وە شانازی کردبێت. "ئازر گشسپ" دەنووسێت و دەڵێت: وشتر ئاژەڵێك نیە لەنێوان ئاریایەکانی ئێراندا گرنگ بووبێت، نرخێکی هەبوو بێت، تاکو خاوەنەکەی خۆی پێوە هەڵکێشێت، کەوابێت ناوی (خاوەنی وشترە زەردەکان) بە پێغەمبەری ئێرانەوە نالکێت[٥٨].

واژەی زەردەشت لە مێژوودا بە دوازدە جۆر نووسراوە؛

زردشت، زرتشت، زرهشت، (ئەم سیانە لەسەر کێشی انگشت)ن

زار دشت، زارا هشت، زراتشت (ئەم سیانە لە سەر کیشی خارپشت)ن

زرادشت، زرا هشت، زرادشت، (ئەم سیانە لە سەرکێشی چراکشت)ن

زرەدشت، زرەتشت، زرەهشت، (لەسەر کێشی درەپشت)ن

زردشت، زرتهشت ، زاردهشت، زارتهت (بە دالی مهملە و تای مضموم)[٥٩].

ناوی باوکی زەردەشت "پورشب"ە و ناوی دایکی بە "دغدۆیە" هاتوە[٦٠] لەبارەی خوێندنی زەردەشتەوە گەلێك بیروڕای ناکۆك و جیاواز هەیە، هەندێك دەڵێن لە یۆنان خوێندویەتی، هەنێکی دیکەش بەقوتابی قوتابخانەی فەلسەفەی هیندی دادەنێن[٦٢]

زەردەشت لەگەڵ کچی "فرا شائوش ترا"دا بەناوی "هووی" بونە هاوسەر، (پاشا)ش لەگەڵ کچی زەردەشتا کە ناوی "وجامنا سیاە" و لەژنی یەکەمی زەردەشت بوو، جوتەی گرت. زەردەشت لە تەمەنی حەفتا یان حەفتاوحەوتساڵیدا لەکاتێکدا لە بەرانبەری محرابدا خەریکی خواپەرستی بوو لە لایەن سەربازێکی توورانییەوە کوژرا[٦٣].

(٢)

(دیـــــــــن)

(ئـاینێك كـه ئـەم پێغەمبـەره ئێرانیــه ڕایگـەیاند و ڕێنومـایی دەكـرد، ئاینێكی رەوشتی و ڕێگای یەكتاپەرستی بـوو)[٦٣]. ئـاینی زەردەشـت سـەرەڕای ئەوەی گەلێك نرخی ڕە وشتی تێدایه، بەلای چاكسازی و كۆمەڵایەتیشـدا لای كردۆتــەوه. لــه دژی دەوارنشـینی و ڕەوەنــدی خــەباتی كــردوه، لایــەنگری نیشتەجێبونی خەڵك و خانوكردنەوەی كردوه. پەروەردەكردنی ئاژەڵی ماڵی و چاودێریان له لەوەڕگاكاندا و ژیانی خانه نشینی و كردنـەوەی خـانوو بـۆ شوێنی نیشتەجێبوون و رەفتـاری چـاك بەرانبـەر بـه (گـا)، لـه یاسا ئاینیـه گـەورەكانی ئێرانــه. لەگــەڵ قوربـانی كـردن لـه ڕێگـەی خوێــن ڕشــتنی گیاندارانـەوه ناسازگاره و پەسـەندی ناكـات. ئـایندارى ڕاســتی جوتیارەكـه خزمــەتگوزاری واقیعــی و پــەروەرده كردنــی ئــاژەڵی ســوودبەخش و سەرپەرشتیكەر ی ماڵ و گەورەی دێ و كردار چاكەیـه. لەبـەر ئەمـه ئـەركی سەرەكی زەردەشتی كشتیاریی و چـاودێری كردنـی ئاژەڵه، كـه لـه گاتـەكاندا دەردەكەوێت[٦٤].

(ئـاینی زەردەشـت یەكـەم مەزهەبـه كـه لـەم جیهانـەدا لـەبارەی (ژیــانی جیـهانی دووهـەم) و مەسـئەلەی (قیامـەت) دەدوێـت، هــەروەها مەسـئەلەی (كۆتایی جیهان) به مەفهومی خۆی لێوەی دواوه)[٦٥].

(لــه ئــاینی زەردەشــتا مەفـهومێكی گـەوره هەیـه، كـه نــه لــه ئــاینی میســـریەكانی دێرینـــدا دەبیـــنرێت، نــــه لــــه ئەندێشــــه زۆر قوڵـــەكانی هیندیەكاندا. جیهان مێژوی هەیەو پەیڕەوی یاسای گۆڕانكاریەكان دەكـات و

دۆخی ئێستای جیهان  بۆ قۆناخی کۆتایی ڕابەری دەکات. هەموو هێزەکان لە کاری خۆیاندا دەبێت لە گەڵیدا بە ڕێگەدا بڕۆن.

لە دیدگای زەردەشتەوە جیهان پەیڕەوی بەرنامەی درێژخایەنی مێژوو دەکات.مەیدانی جەنگەکە خەباتی گەرموگوڕی هێزەکان لە بەرانبەر یەکتردا، ڕادەگرێت. ئەمەش پێویستە و ئەنجامەکانیشی کاملبوونی مرۆڤە لە خواپەرستی و بەهرەمەندی لە ژیانی جاویدانیدا)یە[٦٦].

ئاینی (جین) و دینی (بودا)  لەگەڵ ئاینی زەردەشتا لێك چوونیان لە نێواندا هەیە، وەکو ئازادی لە هەڵبژاردنی ئاین، بێزاری لە قوربانیە خوێناویەکان، ڕێز گرتنی زیندەوەران. لە بناغەدا، لە هەرسێ ئاینەکەدایەو کاریگەری چاکسازیەکانی زەردەشتە. فەلسەفەی (دوولایەنی = سنویت) و ڕەوشتی، کە خەبات و ململانێ بناغەکەی پێکدەهێنێت، نیشانەی نزیکی نێوان ئاینی جین و ئاینی زەردەشتە[٦٧].

لە دوای زەردەشت (ئاینی مزدا پەرستی) دووبارە گەڕایەوە بۆ نەریتی میللی و مەراسیمە دێرینەکان، دانانی ئاهورامزدا لە ڕیزی یەکەمجاری.  خوا دێرینەکانی دیکەی وەکو؛ (ناهید) و (مهر) لەم ئاینەدا جێگەی خۆیان کردەوە.. بەپێی نووسینی کارناسانی هاوچەرخی فارسی ئەم ئاینە لێکدانەوەکانی ئەودیوی سروشتی ب ە سادەیی وەرگرتوە. بەم شێوەیە جەنگ لە نێوان (لاوجود= ئەهریمەن) و (بوونەوەری ڕەها = ئاهورامزدا)دا هەیە. دەگونجێت ڕووداوەکان و جیهان پەیوەندیان پێویستی بەبوونی ئەوان هەبێت و ئەو جیهانە ناتەواوە کە (لاوجود=ئەهریمەن) بۆ لەناوبردنی تێدەکۆشێت. ئاهورامزداش بە خواستی یەزدانی و هەمیشەیی خۆی

چاودێری دەکات، تاکو ئەو ڕۆژەی لە ئەنجامدا دەقاندەقی خواستەکانی خوایی کۆتایی پێدێت[٦٨].

"کریستن سن" دەڵێت: لە پێش جیابوونەوەی هەردوو هۆزی ئێرانی و هیندی لە یەکتر جیاوازییەك لە نێوان هەردوو کۆمەڵە خوا زۆرو زەبەند ەکانیاندا هەبوو. بەدەستەیەك لە خواکانیان ئەوت (دێو = دێوان) کە لە ژووریانەوە خوایەکی جەنگخواز بەناوی (ایندرا)وە هەبوو. دەستەکەی دیکەش خواکەیان ناوی (ئاسوراها) بوو، بە زمانی ئێرانی (ئاهورا)یان پێدەوت[٦٩].

"دکتۆر محەمەد موعین" دەڵێت: ئاریەکان نەفرەتیان لە ڕۆحی زیانبەخش دەکرد، لەعنەتیان لێدەکردن..[٧٠].

(٣)

(ئـــاوێســــــتا)

(یەشـتەکان) چــەند ســروودێکی یەکتاپەرسـتییە، کـە دەڵێـن (خـودی زەردەشت فەرمویەتی) هەندێ کەس لە گەڵ وشەی (یاسین)ی ناو قورئـاندا بـە هاوکێشی یـەکتریان زانیـوە. چونکـە ئـەم وشـەیە گـەلێك خوێندنـەوەی جۆربـەجۆری هەیـە. وەکـو (یشــمە) و (یشـما) و (یســن) و (یسـنا). . یـش نووسـراوەتەوە. (یەشـتەکان) چـەند سـروودو دۆعایەکـە، کـە لـە ستایشـی ئێزەدەکـاندا- ئـێزەد لـە چاوگی (یـزد)وە وەرگـیراوە- کــە هــەمان (یسـنا) و (یشت) و (یزدان)ە هەمووشیان ڕەگێکی هاوبەشی (یزد)یان هەیە، کە مانـای (ستایش) و (پەرستن) دەگەیەنێت[٧١].



وێنەی دوو لاپەڕەی ئاوێستا کە لە کۆنترین نوسخەی ئاوێستا وەرگیراوە، ئەم دوو لاپەڕەیە باسی ناکۆکی نێوان هەردوو فریشـتەی چاکـە و خراپـە دەکات، واتە ئاهورامزداو ئەهریمەن.

(کتێبی ئاوێستا) شەش بەشە.. بەشی یەکەمیان (گاتەکانـە)، بـە بـاوەڕی زمانناسانی گەورەی وەکو "بن و نیست" بەرهەمی خودی زەردەشتە، کە بـە نـاوی سـروودە ئاینیەکانیـەوە لەگـەڵ (ئـاهورامزدا) دەدوێـت، داینـاوە. زمـان ناسان، زمانی ئەم سروودانە بە کۆنترین زمـانێك دادەنێـن کـە لـەناو ئێمـەدا هەبوە. لە ڕووی ناوەرۆکیشەوە وەهایـە. چـەند سـروودێکیان خسـتۆتە سـەر گاتـەکان، کـە کـۆی گاتـەکان و زیادەکـانی (یەسـنا) پێکدەهێنێـت، ئـەو سـروودانەیە کـە پـەیوەندیان بـە داوەری وپەرسـتنی خـواوە هەیـە. ئـەوەی خراوەتە سەر گاتەکان، زمانەکەی نوێیـە. لـە ڕووی زمانناسـیەوە پـەیوەندی بـە سـەردەمی هاخامەنشـیەکانەوە هەیـە. لـە دوای ئەمـەش دەگەینـە بەشـی (ویسـپرد) و (وندیـداد)، کـە لـە ڕووی زمانناسـیەوە پـەیوەندی بــە کۆتــایی سـەردەمی ساسـانیەکانەوە هەیـە.. کـەوابێت لـەڕووی کـات و سـەردەمەوە ئاوێستا لە سەردەمی زەردەشتا دەستی پێکـراوە، (گاتـەکان) دەگەڕێتـەوە بـۆ کۆتـایی سـەردەمی ساسـانیەکان (ڕۆژگـاری ئەنەوشـیروان) و دەرکـەتنی سەرەتای ئیسلام.

لـە خوێندنـەوەی ئاوێسـتادا هەرچـەندە لـە گاتـەکان دوورکەوینـەوە. لەیەکتاپەرسـتی و ئـاوازی ئـاهورامزدایی تـاك و تەنـهای زەردەشـت، کـە ئاهورامزدا بە دروستکەری هەموو شتێك دەزانێـت وەك (ڕوونـاکی، تـاریکی، چاکە و خراپە، ناشیرین و جوان) و لـە گـەڵیدا دەدوێـت، دووردەکەوینـەوە. لـەکۆتایی کتێبەکـەدا بـە شـێوەیەکی ڕوون و ئاشـکرا جیـهان دەبێتـە دوو کـەرت، دوو وڵات، دوو سـنوور، دوو نـژاد، دوو سـەرۆك پـەیدادەکات، کـە هـەردووکیان هاوشـان و هـاوهێزن و لـە بەرانبـەری یـەکتردان، لایـەکیان

ئاهورامزدایەو ئەو لاکەی دیکەشیان ئەهریمەنە. یانی خوای یەکتا کە دروستکەری ئەهریمەن و یەزدان بوو، خێرو شەڕ خۆی داینابوو، لێرەدا بوە بە دوو کەرت (نیوەی خێرو نیوەکەی دیکەش شەڕ) خۆشی لە بەرانبەر نیوە خراپەکەی خۆیدا ڕاوەستاوە، بە تەواوی ڕوون و ئاشکرایە ئەم (دوو لایەنە= سنویت) دوو تا پەرستیە. چونکە ئاوێستای دێرین دەقێکی ئاینی یەکتاپەرستیە. هەرچەندە دەچینە پێشەوە تادەگەینە ڕۆژگاری ساسانیەکان، نزیکتر دەبینەوە لە هاوبەشی، کە لەسەر بناغەی دووتا پەرستی دارڕژاوەو زۆر بەباشی دیارە، هیچ پێویست بە لێکۆڵینەوە ناکات[٧٢].

کتێبی پیرۆزی ئاینی مزدا (ئاوێستا) یا (زەندو ئاوێستا)یە، (ئاوێستا دەقە و زەند پەرچەڤەیە) ئەم نووسراوە پیرۆزانەش تەنها لە سەدەی سێهەمی زاینیدا کۆ کراونەتەوە. لە سەدەی چوارەمی زایندا بە ناوی کتێبی شەریعەتی ئاینی زەردەشت ڕاگەیەنرا، بەلاّم بەشێکی ئەم بەرهەمە، بە تایبەتی پێنج سروودیان بەناوی (گاتەکانەوە) پەیوەندی بە ڕۆژگارێکی زۆر لەوەوپێشترەوە هەیە، دانەرەکەشی خودی زەردەشتە[٧٣].

(یەشت)ەکان لە گرنگترین بەشەکانی ئاوێستایە، بریتیە لە بیستویەك (بەش= فصل) کە هەر بە شێکیان سەبارەت بە ستایشی یەکێك لە فریشتەکان یا ئەمشاسپندان ئەدوێت، هەر بەشێك لەم بەشانە لە کاتێکی تایبەتیدا دەخوێندرێنەوە. بۆ نموونە لە مانگی فەروەردین (خاکەلێوەی کوردی- و-) بەشێکی یەشت لە ڕۆژی نۆزدەی خاکە لێوەدا بە ناوی (فەروەردین و ڕۆژی فەروەردینی مانگەوە دەخوێندرێتەوە). مهر یەشت لە ڕۆژی (مهرگان) کە دەکاتە (شازدەی مانگی مهر) ( بەرانبەرە بە شازدەی

مـــانگی ڕەزبـــەری كـــوردی- و-) ســـەبارەت بەستایشـــی (مـــهر = خـــۆر) دەخوێنرێتەوە، (تیر یەشت) لەجەژنی تیر (كە دەكاتە مانگی پووشـپەڕ -و-) دەخوێندرایەوە، ناوی بەشەكان بە ناوی فریشتە تایبەتیەكەی خۆیەوە ناوی لێنراوەو دەناسرا؛

١-هورمــز یەشــت، ٢-خــورداد یەشــت، ٣-مــاە یەشــت، ٤-مــهر یەشـــت، ٥-فــەروەردین یەشـــت، ٦-دیـــن یەشـــت، ٧-زامیـــاد یەشـــت، ٨-حـــەوت ئەمشاســـپندان، ٩- ئابـــان یەشـــت، ١٠-تـــیر یەشـــت، ١١-ســـروش یەشـــت، ١٢-بەهرام یەشت، (١٣-؟ -و)، ١٤-هوم یەشت، ١٥- ئوردی بەهیشت یەشـت، ١٦-خورشـــید یەشـــت، ١٧-گـــوش یەشـــت، ١٨-رشـــن یەشـــت، ١٩-رام یەشـــت، ٢٠-ئەشتاد یەشت، ٢١-وەنند یەشت.

یەشت وشەیەكی ئاوێســتاییە (یشـتی= یەشـتی)، كـە لـە ڕەگـی هـەمان وشـەی ئاوێســتایی (یســنا= یەســنا)وە هــاتوە، كــە بــە مانــای (نیایشــە + پاڕانـــەوە) بـــەكاردێت. (یەســـنا)یـــان لـــە كـــاتی ســـتایش و خواپەرســـتیدا دەخوێندەوە. بەڵام یەشتەكان تایبەتە بە ستایشـی خـوا و ئەمشاسـپندان‌و ئێزەدەكان.

هەندێك كارناسان سەبار ەت بە یەشتەكان وتوویانە: لە سەرەتاوە وەكو شیعر ڕێكخراوە، ئەوەندەش نەبوە، بەڵام لـە دواییـدا وردە وردە چـەندین بابـەتی خراوتـە سـەرو لـە شـێوەی شـیعریش دەرچـوە. ئـەو یەشـتانەی تا ئەمڕۆكە ماونەتەوە بریتین لە (٢١ ) یەشت. ناوی هەر یەشتێك بە ناوی ئـێزەدێك لـە ئێزەدەكـان و ئەمشاسـپندانیكەوە نـاونراوە. بـەڵام یەكـەم یەشت، وا زانراوە كە بە نـاوی (هورمـزد یەشـت)ە، لـەبارەی پـەروەردگارو خەسـڵەت و كردارەكانیەوەیـە. لـە یەشـتەكاندا چـەندین نیشـانەی ئـاینی

ئاریـەکان بـەرچاو دەکـەون، ئـەم یەشـتانە چـەند بابـەتێکی تێدایـە کـە نیشانەی کـۆنیـەتیـەتی. کـۆنـتریـن یەشـتەکان بـریتین لـە؛ ئابان یەشت، مـهر یـەشـت، فەروەردیـن یەشت، بە هـرام یـەشـت، ئـەرد یەشت، ڕام یەشت[٧٤].

هورمزد یەشت، یەکەم یەشتە کـە لـەبارەی خاسـیەتەکانی خـواوە دواوە. دووهەم یەشت لە دوو بەش پێکهاتوە کە بریتین لە: حەوت یەشتی بچوك و حەوت یەشتی گەورە، یەکەمیان لە بارەی ئەو حـەوت ئەمشاسـپندانەیە کـە لەمەوپێش ئاماژەمان بـۆ کـرد. لـەناو یەشـتەکاندا تەنـها دوو ئەمشاسـپندان خاوەنی یەشتی تایبـەتین. (اشـاو هیتنـە) یـا (ئـوردی بـە هیشـت) و (هەمـە لوتاوات) یا (خورداد).

هەرچەندە گومانیش بۆ ئـەوە دەچێت کـە ئەمشاسـپندانەکانی دیکـەش خـاوەنی یەشـتی تایبـەتی بووبـن، بـەڵام چونکـە بەشـێکی زۆری ئاوێسـتا لەناوچوە، هیچ شوێنەوارێکی ئەوانە لەبەردەستدا نیە، بەشـی سـێهەم نـاوی (ئوردی بە هیشت یەشتە)، کە بە حیساب پێنجەمین ئەمشاسپندانە، یەشتی پێنجەم ناوی (ئابان یەشتە) تایبەتە بە (ئێزەدی ئاو) بـە نـاوی (ئـەناهیتا). خوایـەکی مێینەیـە، ئـێزەدی ئـاوی دیکـەش بـەناوی (ئیـم نبـات) هەیـە کـە مانای (زادەی ئاو) دەگەیەنێت، ئەمەش کۆنترین بەشی ئاوێستایە[٧٥].

بە پێی وتەکانی "ئەبو ڕێحانی بیروونی" لە (ئاسار الباقیەدا) زەردەشت کتێبێکی هێناوە، ئەو کتێبە (ئاوێسـتا) یـان (ئـەنبا)ی پێدەڵێـن، زمـانی ئـەم کتێبە لەگەڵ زمانی تەواوی کتێبـەکانی جیـهان جیـاوازە، زمـان و پیتـەکانی ئـەم کتێبـە لەگـەڵ کتێبـی دیکـەدا جیـاوازە. ئـەوەش هـۆی ئەوەیـە کـە ئـەم کتێبە پـەیوەندی بـە زمـانی خەڵکانێکـەوە هەیـە. ئـەم کتێبـەی ئاوێستا لـە

خەزێنـــەی "دارای کــوڕی دارا"ی پاشــای ئــێراندا بــوو، کـــە بـــە زێـــڕ ڕازاندبوویانەوە، لەسەر دوازدە هەزار پێستی گا نووسرابۆوە، "ئەسکەندەری مـەقدونی" ئـەم نوسـخەیەی سـوتان و (هربـدان)ەکانی بـە شـیر لـەناوبردن. لـەو سـەردەمەوە ئاوێسـتا لـەناوچوە، بـە ئەندازەیـەك لـە پێنــج بــەش ســێ بەشیان بە تەواوی لەناوچوو، لە ئەمڕۆکەدا (١٢ ) بەشی ئاوێستا لەبەردەست زەردەشتیەکاندا هەیە[٧٦].

ناوی ئاوێستاش هەروەکو ناوی زەردەشت لە مێژوودا بـە چـەندین جـۆر نووسراوە؛ (اوستا) (اویتسا)، (بستاق)، (ایساق)، (ایستاع)، (ایسـتا)، (ئابسـتا)، (افسـتا)، (اپسـتا)، (اوسـتا= ئاوێستا) بـەناوبانگترین نـاوی کتیبـی ئاوێسـتای زەردەشـتیەکانە. لـە سـەرچاوە ئیسلامیەکانیشدا بـە (بسـتاە) و (ابسـتاق) و (افستاق) نووسراوە، لە مانای ئەم وشەیەشـدا لـە نێـوان زاناکـاندا هـاودەنگی نیە، هەندێك بە مانای (پەنا)ی لێکدەدەنــەوە، هـەندێکی دیکـەش بـە مانـای (زانست و زانیاری)دا دەنێن، ژمارەیەکی دیکەش بە مانای (دەقی بنچینەیی) دادەنێن.

ئەوەی کە سەلمێنراوە ئاوێستا یانی (بنچینە) و دەقی ئەسـڵی وشـەی ئاوێسـتا هەمیشە لەگەڵ وشەکانی (زەند و پازەند)ایە، پازەند ڕوونکردنـەوەو پـەراوێزی ئاوێسـتایە، کـە لـە دوای زەردەشـت بـە هـۆی (مووبـد)ە کـانی ئـاینی زەردەشـتەوە نووسراوەتەوە، ئەم ڕوونکردنەوە و پەراوێزانەش (بارړو)ی پێ دەڵێن[٧٧].

"پـور داود"ی کارناســی ئــێرانی دەڵێــت: ئاوێســتا کۆنـــترین نووســراوی ئێرانییـە، ئاوێسـتاش هـەروەکو زەردەشـت لـەناو خەرمانەیـەکی تاریکدایـــە. تائیستا سەر دەمی ژیانی زەردەشت ڕوون نیە، لەبەر ئەمە ناتوانین پـەی بـە زمانی نووسینەوەی ئاوێستا ببەین[٧٨].

کارناسێکی فەرەنسەیی دەڵێت: کتێبی زەردەشتیەکان ئاوێستای ناوە. کە بە یەکێك لە کۆنترین کتێبەکانی جیهان دەژمێردرێت. لەوانەیە کۆنترین کتێبی نوسراوەی هۆزە ئێرانیەکان بێت. ئاوێستا لەیەك سەردەم و بە دەستی یەك کەس نەنووسراوەتەوە. بەڵکو بە درێژایی چەندین ساڵ لەلایەن خەڵکێکی زۆرەوە نووسراوەتەوە. کارناسان لەو باوەڕەدان بەشێك لە ئاوێستا کە (گاتاها =گاتاکان)ی ناوە کۆنترین بەشی ئاوێستایە، ئەم بەشە ئەو سروود انەی تێدایە کە بە زمانی زەردەشتا هاتوە. (واتە وتەی خودی زەردەشتە -و-) ئاویستاکەی ئێستا ئاوێستاکەی یەکەمجار نییە، چونکە ئەسڵیەکەی لە تێپەڕبوونی ڕۆژگاردا لەناوچوە. ئاوێستای ئەسڵی بەزێڕ نووسرابۆوە، لە هێرشەکەی "ئەسکەندەر" بۆ سەر ئێران لەناوچوو. لەوە بەدواوە دووبارە لە سەردەمی "بلاشی ئەشکانییە کان" و "شاپوری یەکەم" چەند بەشێکی کۆکرایەوە و نووسرایەوە.

زمانیك کە ئاوێستای پێنووسراوەتەوە، یەکێکە لە کۆنترین زمانەکانی ئێرانی دێرین. هەرچەندە بە تەواوەتی ڕوون نیە کە ئەم زمانە لە چ سەردەمێکدا برەوی هەبوە، بەڵام هەر بەم ئەندازەیە ئاشکرایە کە لەگەڵ زمانەکانی دیکەی هۆزە ئاریەکاندا وەکو فارسی دێرین و سانسکریتی (زمانی خەڵکی هیند) هاو ڕەگەز بوە[٧٩].

"سایکس"یش لەسەر ئەو باوەڕەیە کە کتێبی ئاوێستا بە زمانێك نووسراوەتەوە (ئۆستیك)یان پێوتوە، لەگەڵ ئەو زمانەدا کە پاشاکانی هاخامەنشیەکان لە نووسراوەکانیاندا بەکاریان هێناوە، جیاوازی هەیە. دەڵێن ئاوێستا بیست و یەك کتێب بوە، بە خەتی زێڕین لەسەر دوازدە هەزار پێستی گا نووسراوەتەوە، لە دوای کۆتایی هاتنی هاخامەنشیەکان ئەم کتێبەش

لـەناوچوە، تەنـها چـەند بەشـێكی بچووكـی لێماوەتـەوەو لەبەردەســتدایە.. "بلاشــی" یەكــەمی پاشــای ئەشــكانی ئــەم كتێبــەی زیندووكــردەوە، " ئاردەشــێری ساســانیش" كتێبەكــەی تــەواوكرد، گومــان لەوەدایــە لــە ســەردەمەكانی دواییــدا زیـادەی خرابێتــە سـەر. ئـەوەی كـە لــە ئاوێســتادا لەبەردەستایە بریتییە لە:

١- یەسنا؛ بریتیە لە حەفتاو دوو بەش، سروودەكانی تێدایە و گاتەكانیش بەشێكیەتی.

٢ -ویسپرد؛ كۆمەڵێكە لە دووعاكان و سروودەكان .

٣-وەندیـداد؛ یاسـاو دەسـتووراتی مووبدانـە و نیشـاندەری ئەحكامــەكانی خواپەرستیی.

٤-یەشـتەكان؛ بریتیـە لەچـەند سـروودێك، لــە شـكۆداری فریشـتەكان و سەرپەرشتیكەری ڕۆژگار.. دەدوێت. گرنگترین بە شی ئاوێستا، گاتەكانە، كـە لـە شـێوەی (مزامــیری عبریانــە =دوعــاو ســروودەكانی داود)، گومــان لــەوە دەكرێت كە گاتەكان و سروودەكانی وتەی خودی زەردەشت بێت[٨٠].

"جان ناس" دەڵێت: كتێبی پیرۆزی زەردەشـتیەكان (ئاوێسـتا) كۆمـەڵێك بابەتی جۆربەجۆرەو پـەیوەندیان بەیەكـەوە نیـە. ئـەم كتێبـە بـە كۆنـترین ئـەدەبیاتی جیـهان دەژمـێردرێت. بەشــی زۆری لـەناوچوە. گرنگــترین ئــەو بەشـەی تـا ئێسـتا ماوەتــەوەو لەبەردەســتدایە (یەســنایە) كـە بریتیـە لـە گاتەكان یـانی (سـروودەكان)ی زەردەشـت، بـە شـێوە زاری ناوچـەیی گـەلێك كۆن (نزیـك بـە زمـانی وداكـان) هەڵبەسـتراوە. لـەم كۆمەڵەیـەدا ئاگاداریـەك سـەبارەت بــە ســەردەم و ژیــانی زەردەشــت و ئەندێشــەكانی بەدەســتدێت. بەشەكانی دیكەی ئاوێستا بریتین لە؛ ویسبرد، وەندیداد، یەشتەكان بریتـین

لـە سـرروودو ئـاوازە کـان.. هتـد. ئاوێـستای بچـووك (خـردە اوسـتا) لـە ڕووی بـاوەڕەوە بـە تـۆزی پێـی یەسـناکاندا ناگـات، چونکـە لـە سـەدەکانی دواییـدا دانراوە[٨١].

"ملـك الشعرای بـەهار" دەڵێـت: ئاوێسـتای هاخامەنشـیان بیسـت و یـەك کتێب بوە، بریتی بوە لە ٨١٥ بەش. لە سەردەمی ساسانیەکاندا دەستیان کرد بــە کۆکردنــەوەی ئاوێســتای پــەرتوبلاو، تەنــها ٣٤٨ بەشـیان بەدەســتهێنا، ئەویشیان بە (٢١) بەند = نسك دابەشکرد[٨٢].

"فلیسین شالە" دەڵێت: کتێبی پیرۆزی ئـاینی مـزدا، ئاوێستا یـان زەنـدو ئاوێستایە، ئاوێستا دەقەو زەند پەراوێزیەتی، ئەم نووسراوە پیرۆزانـە تەنـها لە سـەدەی سـێهەمی زایـن کۆکرانـەوە، لـە سـەدەی چوارەمـی زایـن بـە نـاوی کتێبـی شــەریعەتی زەردەشـتەوە، ڕاگەیــەنرا. گاتــەکان پــەیوەندیان بــە سەردەمێکی زور پێشترەوە هەیەو دانراوی خودی زەردەشتە[٨٣].

"دکتۆر وەحیدی" دەڵێت: کتێبی ئاوێستا پەیوەندی بـە (اتوزرتشت)ەوە هەیە. ئاوێستا زمانێکە، کتێبی (اتو زرتشت) ی پێنووسراوەتەوە، لەبەر ئەمە ناونراوە ئاوێستا. ئاوێستا دوو بەشی جیاوازی هەیـە، بەشێکیان پـەیوەندی بـە زەردەشـتەوە هەیـە، ئـەو بەشــەی دیکـەش کـە لــە مـاوەی ڕۆژگـارێکی دوورودرێـژدا بــە تایبــەتی لەســەردەمی ساســانیەکاندا خراوەتــە ســەری. بەشـی سـەرەکی ئاوێسـتا گاتەکانـە، کـە ئەندێشـەی قوڵـی زەردەشـتە. بـۆ ناسـینی ئـاینی زەردەشتی دەبێت (گاتـەکان) بخوێنرێتـەوە. بەشـەکانی دیکەی ئاوێستا کاری مووبدەکانە.

لـە ئاوێسـتادا چـەند بابـەتێك بـەرچاو دەکـەون، پـەیوەندیان بــە پێـش زەردەشـتەوە هەیـە. ئاوێستا لـە پێش ئیسلامدا کرابـوو بــە (٢١) (نەسـك=

بەرگ). زۆربەی ئەم نەسکانە لەناوچوون. ئەوەی کە ماوەتەوە بەم شێوەیەی خوارەوەیە؛

١-یەسنا؛ بە مانای نیایش دێت و ٧٢ بەشە.

٢-گاتەکان؛ ١٧ گاتە، بە شیعر هەڵبەستراوە، قوڵترین و گەورەترین وتە فەلسەفیەکانی زەردەشتی لەخۆ گرتوە.

٣-یەشتەکان؛ ستایش و نیازە، ٢١ بەشە. وا دێتە بەرچاو بەشێکیان پەیوەندی بە پێش زەردەشتەوە هەبێت.

٤-ویسپرد؛ بریتیە لە ٢٤ بەش، ویردی کشتیارانیان پێدەوترێت.

٥-وەندیداد؛ لە بناغەدا (ویدیود)ە یانی یاسای دێو (= دێو بەند)، ٢٢ بەشە ئەم کتێبەیان پەیوەندی بە سەدەکانی پێش زەردەشتەوە هەیە.

٦ -خردە اوستا= ئاوێستای بچوك؛ بریتیە لە دووعای ڕۆژانە، ئەم کتێبەشیان لە لایەن (مووبد)ە زەردەشتیەکانی سەردەمی ساسانیەکانەوە کۆکراوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەندێشەکانی گاتەکانی تێدایە، ئەندێشەکانی پێش زەردەشت و ئەندێشەکانی سەردەمی ساسانیشی لەخۆگرتوە.

ئەلفوبێی ئاوێستا ٤٨ پیتە، (دین دەبیرە) یان (خەتی دەبیرە)ی پێ دەوترێت. (زەندو پازەندیش) گوزارش و پەرچڤەیەکە لە ئاوێستاو بە زمانی پەهلەویشە و لە سەردەمی ساسانیەکاندا نوسراوەتەوە. (پازەند) ڕوونکردنەوەیەکی زەندە، بە زمانی (فارسی دری) نووسراوەتەوە، هە رچەندە چەند واژەیەکی (ئارامی)شی تێدایە. لە ئەدەبیاتی دەرەوەدا بە زۆری بە ئاوێستا دەڵێن (زەندو ئاوێستا)[٨٤].

"هنریك ساموئل پنیرك" دەڵێت: هیچ بەلگەیەك کە بوونی کتێبێکی مزد یەسنا لە پێش زەمانی ساسانیەکانەوە بسەلمێنێت لەبەردەستدا نیە.

لەدوای هێرشەکەی "ئەسکەندەر" بۆ سەر ئێران چەند بابەتێك دانران و ناوی ئاوێستایان لێنا، لە سەردەمی ساسانیەکاندا ئەم واژەی (ئاوێستا) بە (اوستاغ) بەکاردەهات. (سووریانی)ە مەسیحیەکان ئاشنایەتیان لەگەڵ ئەم واژەیەدا واتە (ئاوێستا) هەبوە. کۆنترین شێوەی ئەم واژەیە (اپستاك = ئەپستاك)ە، بە مانای پایەو بنك دێت، لە سەردەمی ساسانیەکاندا. دانیشتوان بە زمانی ئاوێستایی نەدەدوان، پەرچەڤەیەك بۆ ئاوێستا نووسرایەوە، پێیان ئەوت (زەند)، لە زمانی ئەوروپیەکاندا بە (زەندو ئاوێستا) بەناوبانگ بوو. ئاوێستا لە سەردەمی ساسانیەکاندا بە شێوەی کتێبێکی ئەسڵی سەربردە ئاینیەکانی لێهات، سرووده ئاسمانیەکانی هی خودی زەردەشتە..[٨٥].

دەڵێن زەندو ئاوێستا لە شێوەی نامەو پارچە پارچەدا بوو، لە دواییدا بە شێوەی ئاوێستا نووسرایەوە. ناوی (خردە اوستا= ئاوێستای بچوك)ی لەخۆگرت[٨٦].

گەلێك لە زا ناکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئاوێستا تاکو سەدەی شەشەم و حەوتەمی زاینی (سەردەمی ساسانی) هەروەکو جاران سینە بە سینە لەبەرکرابوو، لەو سەردەمەدا نووسرایەوە. خەتی ئاوێستاش داهێنراوی هەمان ڕۆژگارە[٨٧].

"پور داود" ڕوونی کردەوە (زەند و پازەند) پەرچەڤەی ئاوێستایە، بەو شێوەیە کە (زەند) پەرچەڤەی ئاوێستایە (پازەند)یش پەرچەڤەی زەندە[٨٨].

ئاوێستا گەلێك مانای جۆراوجۆری هەیە. کۆمەڵێك وتەی زەردەشتە، ئەم کتێبە بە فەرمانی "گشتاسبی" شای ئێران نووسرایەوە. سەرچاوە

ئیسلامیەکان لەسەر ئەوە ڕێکن کە ئاوێستا لەسەر پێستی ١٢ هەزار گا بە زێڕی بێخەوش نوسراوەتەوە. ئەم ئاوێستایە بە چوار نووسخە نووسرایەوە، یەکێکیان لە ئاتەشکەدەی ئازرگشسب (ئازربایجان) و دووهەمیان لە (تەختی جەمشید) و سێهەمیان لە (ئاتەشکەدەی بەلخ)دا بوون، چوارەمیشیان (براهمی)کە لەگەڵ گەلێك لە پەیڕەوەکانی خۆیدا بۆ لادان و گەڕانەوەی زەردەشت لە داواکانی خۆی، لە هیندستانەوە هاتبوون بۆ بەلخ، بەڵام ناوبراو بۆ خۆی ئیمانی بە زەردەشت هێنا، ئەو نووسخەیە لە ئاتەشکەدەی بەلخدا بوو. بە هۆی هێرشی توورانیەکانەوە کە بووە هۆی کوشتنی زەردەشت، لەناوچوو. نوسخەکەی تەختی جەمشیدیش بە دەستی "ئەسکەندەر" سوتێنرا. سەبارەت بە نوسخەکانی دیکە هیچ ئاگاداریەك لەبەردەستدا نیە: کارناسان دەڵێن: ئاوێستا لە سەردەمی هاخامەنشیەکاندا بە زمانی ئەسڵی خۆی (یانی ئاوێستایی- و-) نووسرابۆوە، هەر بەو شێوەیەی لەوە پێشتر لەبەرکرابوو، نووسرابۆوە. زمانی ئاوێستایی لە ڕیشەی سانسکریتی و شێوەزاری ناوچەیەکی ئێران بوە، لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەنووسرایەوە. چەند نموونەیەکی ئەلفو باکەی لە نووسراوەکاندا هەیە. هەرچەندە شوێنەوارێکی خەتی ئاوێستایی نەماوە. ئاوێستای سەردەمی هاخامەنشی بە دوو نوسخە نووسرا یەوە، یەکێکیان لە ئەستەخری فارس لە ئەرشیفی شاهانەدا (گنج نبشت)یان لە کتێبخانەی دەوڵەتیدا دانرابوو، بە ئاگری "ئەسکەندەر" سووتا. ئەوی دیکەشیان لە ئاتەشکەدەی ئازر گشسب (گنج شاپیگان)دا بوو، بە فەرمانی "ئەسکەندەر" وەرگێڕدرایە سەر زمانی یۆنانی. لەوە بە دو اوە بە درێژایی چەند سەدەیەك ئاوێستا تەنها بە شێوەی لەبەرکردن مابۆوە. (یانی وەکو سروود لەبەریانکردبوو-و-)

"بەلاشی ئەشكانی" بۆ نووسینەوە و ڕێكخستنی ئاوێستا هیمەتی نواند، بەلام بە تەواوی سەرنەكەوت.

لە دواییدا "ئاردەشێری بابكان"- دامەزرێنەری زنجیرەی پاشایانی ساسانی- برەوی بە ئاینی زەردەشت دا.

بە یارمەتی ئەنجومەنی ڕۆحانی و بە سەرۆكایەتی "تنسر"ی (هیربدی هیربدان) ئاوێستای لە دەروون و مێشكەكاندا دەرهێناو نووسیەوە. دەلێن "تنسر" چوو بۆ یۆنان ئاوێستاكەی سەردەمی "ئەسكەندەری" لەگەڵ خ ۆیدا هێنایەوە بۆ ئێران، لە دواییدا بە فەرمانی "شاپوری یەكەمی كوڕی ئاردەشێر" زانستە جۆربەجۆرەكانی ئەو سەردەمەی وەكو (ئەستێرە ناسی، پزیشكی، فەلسەفە، مێژوویی، جوگرافی و..) لە هیندی و یۆنانی و سریانیی.. وەریانگێڕا و كردیانە پاشكۆی ئاوێستا. لە ڕۆژگاری "شاپوری دووهەمدا" ناكۆكیە مەزهەبیەكان بوون بە هۆی ئەوەی سەرلەنوێ چاوێك بە نوێكردنەوەی ئاوێستادا بخشێننەوە، لەم سەردەمەدا (ئازرباد مهر اسپند) (٣١٠-٣٧٩)ی زاینی ئەم كارەی پێ سپێردرا، ئەم كابرایە (مووبدێكی بەناوبانگی ئەو ڕۆژگارە بوو)، چەندین كەراماتی دەخەنە پاڵ، لە ئەنجامدا ئاوێستا لەو ڕۆژگارەدا كۆكرایەوەو نووسرایەوە، شێوەیەكی ڕەسمی وەرگرت. ئاوێستای ڕۆژگاری ساسانی بە سێ (بەهر = بەش) هەر (بەهر)ێكیش بە حەوت (نسك = بەند) دابەشكراوە. ناوی (بەهر)ەكان بریتین لە: یەكەم (گاسانیك) دووهەم (هاتیگ مانسریك) سیهەم (دانیك).

بەهری یەكەم لە بارەی پەیدابوونی جیهانەوەیە، بەهری دووهەم لە بارەی زانستەوەیە، بەهری سێهەم لە بارەی دووعاو موناجاتەوەیە، ناوەكانی هەر (٢١ ) نسكی ئاوێستا بریتین لەمانە؛ ١-بەهری گاسانیك، ٢-سوتكر نسك،

٣-ورشتمان سرنسك، ٤-بغ نسك، ٥-سپنته نسك ٦-هاتخت نسك ٧-تسوت نسك ٨-بەهر هاتك مانسريك ٩-دامدات نسك ١٠-ناتر نسك ١١-پاز كسانسك ١٢-ئەتوارت نسك ١٣-بريش نسك ١٤-كشكيروب نسك (بەهردانيك) ١٥-وشتك نسك ١٦-بغان نسك ١٧-نيكاتۆم نسك ١٨-گنەپارسۆ ئرت نسك ١٩-هويسارم نسك ٢٠-ساكاتوم نسك ٢١-وەنديداد نسك.

بە كورتی ئەو ئاوێستایەی لە لایەن ئەم مووبدە بەناوبانگەوە كۆكرایەوە. دەكرێت بە پێنج بەشەوە. (بەم شێوەیەی لای خوارەوە-و-)

١-یەسنا: ٧٢ بەشە ١٧ بە شیان لە گاتەكان پێكدێت.

٢ -ویسپرد: بە مانای سەروەران، كۆمەڵێكە لە پاشكۆی یەسنا، ٢٤ بەشە.

٣-وەندیداد: یاساو ئەحكامە، ٢٢ بەشە.

٤-یەشتەكان: ٢١ بەشە هەر بەشەی سەبارەت بە ستایشی فریشتەیەكە.

٥ -خردە اوستا = ئاوێستای بچوك: بریتیە لە دووعا جۆربەجۆرەكان، لە لایەن (ئازرپاد ماراسپند) لە بەشەكانی دیكەی ئاوێستاوە كۆیكردۆتەوە.

ئاویستای ڕۆژگاری هاخامەنشییان بریتی بوو لە هەزار (فصلٌ= بەش)، لە ڕۆژگاری ساسانیەكاندا ٣٤٨ بەشی مابۆوە. بریتی بوو لە ٣٤٥٧٠٠ وشە. "فردەوسی" لە (شانامە)كەیدا ئاوێستا بە ١٢٠٠ بەش دادەنێت، ئەو ئاوێستایەی كە ئێستا هەیە ٨٣ هەزار وشەیە. ئاوێستای سەردەمی هاخامەنشییەكان بە زمانی ئاوێستایی نووسرابۆوە، بەشێكی لە ڕۆژگاری ئەشكانیەكاندا كۆكرایەوە، بە زمانی پەهلەوی ئەشكانی نووسرایەوە، بەڵام لە سەردەمی ساسانیەكاندا زمانی ئاوێستایی هەڵوەشابۆوە. لە سەرەتاوە بە خەتی پەهلەوی ساسانی نووسرایەوە. لە دەوروبەری سەدەی شەشەمی زاین كە خەتی (دین دەبیری) هاتە كایەوە ئاوێستایان بەو خەتە نووسیەوە.

کۆنترین نوسخەی ئاوێستا ئەو ئاوێستایەیە کە ئیستا لە (دانیمارك)دایە. ئاوێستای ڕۆژگاری ساسانی بە ناوی (گوزارش) ناسرابوو، گوزارش یانی (زەند) پەرچەڤەیەك بۆ زەند نووسرابووەوە. ناویان نا (پازەند) هەندێك لە کارناسان لەو باوەڕەدان ئەم پەرچەڤەو وەرگێڕانە تەواو باش نین، چونکە لەو ڕۆژگارەدا هیچ کەسێك زمانی ئاوێستایی نەدەزانی.

"خەسرەوی پەروێز" جارێکی دیکە هۆشیارترین (مووبدان)ی ڕاسپارد تاکو پەراوێزێك و پەرچەڤەیەکی نوێ بۆ ئاوێستا بنووسنەوە[٩٨].

## بەشەکانی ئاوێستا:

**١-یەسنا:** (گرنگترین بەشی ئاوێستایە. وشەی یەسنا بە مانای ستایش و پەرستن دێت. یەسنا لە ڕەگی (یەزد) و ( یەزت) وەر گیراوە، ( ئیزەد) و (ئیزەدان) یش هەر لەوەوە داتاشراوەو وەرگیراوە).

یەسنا بریتیە لە ٧٢ بەش، بەهەربەشەی دەوترێت (هائیتی)، هائیتی یانی (پەیوەند) کە لە هەندێ بەشی ئاوێستادا ئاماژەی بۆ کراوە، یەسنا لە مەراسیمە ئاینیەکاندا دوو مووبد بە ناوەکانی (زوت و ڕاسپی) پێکەوە دەیانخوێندەوە، لەو ٧٢ بەشەی یەسنا ١٧ بەشیان بە ناوی (گاتاکانەوە) بەناوبانگە کە بریتیە لە سرووده مەزهەبیەکان، گاتەکان دەکرێن بە پێنج بەشەوە:

١ -(اهنود گات = ئەهنود گات) حەوت بەشە (بەشی ٢٨ تا ٣٤ بریتیە لە ٣٠٠ دێڕ و ٢١٠٠ وشە).

٢-(اشنود گات = ئەشنوود گات) چوار بەشە (بەشی ٤٣ تا بەشی ٤٦ بریتیە لە ٣٣٠ دێڕو ١٨٥٠ وشە).

٣-(اسپنتمینو گات = ئەسـپنتا مینـو گـات) چـوار بەشـە (بەشـی ٤٧ تـا ٥٠ بریتیە لە ١٤٦ دێڕو ٩٠٠ وشە).

٤-(وهو خشترە گات) یەك بەشە و بریتیە لـە بەشـی ٥١ پێکهاتوە لـە (٦٦ دێڕ و ٤٥٠ وشە).

٥-(وهیشتو گات) یەك بەشەو بریتیە لە بەشی ٥٣ پێکهاتوە لە( ٣٦ دێـڕو ٢٦٠ وشە).

(کۆیگشتی گاتەکان ١٧ بەشەو برتین لە ٨٩٦ دێڕو ٥٥٦٠ وشە).

لە گاتەکاندا ٢٠٠ جار ناوی مزدا براوە، ناوی زەردەشتیش ١٦ جارو نـاوی (اشا=ئەشا = ئوردی بەهیشت) ١٨٠ جار و ناوی فریشتەی (هومن = بە همەن) ١٣٠ جار هاتوە. گاتەکان لە کۆنی و گرنگی زیاتر بەرخوردارن. لە گەلێك ڕووەوە زۆر شێوەی لێکچوونی بە دەقەکانی مەزهەبی (ڕیـگ و وداوە) هەیە . هەروەها لە شێوەی نەغەماتی داودیـش دەچێت، کـە لـە زەبووردایـە. هۆکەشی ئەوەیـە کـە لـە ڕابـردوودا خـەڵکی ستایشی یـەزدانیان بـە زاراوەی کێشدار دەکرد، ئەمەش بە سوودوەرگرتن لە ڕۆژگاری سـەرەتای مەزهەبـەوە بـوو، لـە سـەردەمی بتپەرسـتیەوە وەرگـیراوە، مرۆڤـە سـەرەتاییەکان لـە مەراسـیمی مەزهـەبیاندا پێیـان خۆشـبوو بـە گۆرانـی و ئـاوازەوە نـاوی خواکانیان ببەن.

لە سەردەمە جۆربەجۆرەکاندا، (یەسنا مـزدا)، (ئەمشاسـپندان)، (یـزدات =یەزداتـە)، (زەردەشـت) .. ستایشیان دەکـرا. هـەر بەشـێك لـە بەشـەکانی ئاوێسـتا لـە مەراسـیمێکی تایبـەتیدا، وەکـو (جەژنـەکان، نـەزرە کـان..) دەخوێندرانەوە. هەندێ بڕگەیان بۆ بەرگری کردن لە کاریگەری ئەهریمـەن (بەشـی ٦١)یـان دەخوێنـدەوە. لـە چـەند لاوە دێوەکـان سەرزەنشـت و لۆمـە

دەكـران. یەسـنای (١٢) هێرشـە بۆسـەر (گرسـای) دوژمنـی ئـاین، (بەشـی ٩) بەندی (٢٤) لە كـاتی ئامـادەكردنی (نـانی فـەتیرە)دا و بەشـەكانی (٣ تـا ٥)ی یەسنایان دەخوێندەوە، پێیان دەوت (سروشـی دەروون)، چونكـە لـەو كاتـەدا بۆ فریشتەی سروش بڕیاری نـەزریان دەدا. هـەروەها لـە كـاتی ئامـادەكردنی (هوم = شەرابی پیرۆز) بڕگەكانی (٢٢ تا ٢٧ )ی یەسنایان دەخوێندەوە.

"كریستن سن" دەڵێت: بەشەكانی ١٠ و ١٩ی یە سنا لە هەموویان كۆنترن.

"بارتلمە" دەڵێت: بەشی (١٥ )یان لە هەموویان كۆنترە، ناوبراو بەشی (نۆی وەندیداد) بە دروستكراوی سەردەمی ئەشـكانیەكان دادەنێـت، لـەو باوەڕەدایـــە بەشـــی (١٦)ش لـــە كۆتـــایی ســـەردەمی ئەشـــكانیەكاندا دروستكراوە.

(ئاوێسـتای بچـوك)یـش لـە سـەردەمی ساسـانیەكاندا كۆكراوەتـەوە، ئاوێســتای ســەردەمی ساســانیەكان ســێیەك یــان چواریــەكی ئاوێســتا ئەسڵیەكەیە، هیچ سەرچاوەیەكی پێش ئەویشمان لە بەردەستدا نیە.

ئەمەش هۆی ئەوەیە ئاینی زەردەشت لـە هێرشـەكەی "ئەسـكەندەر"ەوە بۆ سەر ئێران تاسەردەمی "ئاردەشـێری بابكـان" یـانی ماوەیـەكی نزیـك بـە شـەش سـەدە هـەموو كتێـب و ناوەندەكـان ونبـوون و لـەناوچوە. بـۆ كۆكردنـەوەی سـەرلەنوێی ئاوێسـتا ڕوون نیـە سـودیان لـە چ سـەرچاوەیەك وەرگرتـوە. بێگومـان گـەلێك لـە نەریتـە باوەكـانی نەتـەوەكانی دیكـەش كەوتوونەتە ناو ئەم ئاینەوە. لە دوای كۆچكردنی زەردەشتیەكانی ئێران بۆ هیندسـتان، لـە ڕێكـەوتی سـەدەی نـۆی زاینیـدا،ئەوانـە لـەوێ دەسـتیان بـە كۆكردنـــەوەی كتێبەكـــەی خۆیـــان كـــرد. ئاویســـتای نـــوێ كۆكرایـــەوە و نووسرایەوە، كە لە ئاوێستاكەی سەردەمی ساسانیەكان بچووكتر بوو.

کارناسی بەناوبانگی ئێرانی "پورداود" مرۆڤێکی دەمارگیرو بیرتیژ بـوو، بـە یارمــەتی زەردەشـتیەکانی هینـد، بـۆ یەکـەمجار ئاوێسـتای لـە زمانـە دێرینــەکانی هینــدو ســەرچاوەکانی دیکــەی پــەیوەندیدار بـــە ئـــاینی زەردەشتەوە، وەریگێڕایە سەر زمانی فارسی[٩٠].

★ ★ ★ ★

**ب-یەشتەکان** : یەشتەکانیش لە بەشە گرنگەکانی ئاوێستان. (یەشت) بە مانای (قوربانی یان خێر) دێت. ئەم یەشتانە ٢١ بەشبوون، هـەر بەشـەی لـە بـارەی جوامــێری و ستایشـی یــەکێك لــە فریشــتەکان، یــان ئەمشاســپندان دەدوێت، هەر یەکێکیان لە کاتێکی تایبەتیدا دەخوێندرێتەوە، بۆ نموونە لـە مانگی (فەروەردین = خاکە لێوە) بەشـتی پـەیوەندیدار لـە ١٩ی خاکـەلێوەدا، واتە ڕۆژی (فەروەردینگاە) دەیخوێننەوە، یان (مهریەشت) لـە ڕۆژی مـهرگان کـە (١٦ی مــانگی مـهرە = ١٦ مــانگی ڕەزبــەر) لەستایشـــی (مـــهر = خـــۆر) دەیخوێننەوە، (تیر یەشت) لە جەژنی (ابریزگان = تیرگـان= مـانگی پوشـپەڕ) دەیخوێننەوە. ناوی (بەشەکان = فەسڵەکان) هەریەکەیان بە نـاوی فریشـتەی تایبەتی بەشەکەوە ناونراوە، بریتین لە: ١-هورمزد یەشت، ٢-خورداد یەشـت، ٣-مـاە یەشـت، ٤-مـهر یەشـت، ٥-فـەروەردین یەشـت، ٦-دیـن یەشـت، ٧-زامیــاد یەشـت، ٨-حـەوت ئەمشاسـپندان، ٩-ئابـان یەشـت، ١٠-تـیر یەشـت، ١١-سـروش یەشـــت، ١٢-بـــە هـــرام یەشـــت، ١٣-ئـــوردی بەهیشـــت یەشـــت، (١٤و١٥؟) ١٦-خورشـید یەشـت، ١٧-گـوش یەشـت، ١٨ -ئەشـن یەشـت، ١٩-ڕام یەشــت، ٢٠-ئەشناد یەشت، ٢١-ونند یەشت[٩١].

★ ★ ★

ج-**وەندیداد** ؛ وەندیداد یەکێکە لە بەشە گرنگەکان و بنچینەیی ئاوێستا. ئەم وشەیە بە مانا ی (یاسای دژی دێو = (دێو بەند -و-) دێت. لە وەندیداد، ئاداب و دەستووری مەزهەب و ئەحکام و سزاکانی ئەم جیهان و ئەو جیهانی تێدایە. بە زۆری یاساکانی سزادان لە دژی تاوانباران پێشبینی کراوە، وەکو (قەمچی لێدان)، لەناوبردنی مارو مێرووی زیانبەخش، پاداشتی کارە چاکەکان، لەم بەشەدا هاتوە. وەندیداد کتێبێکی (یاسایی = فقهی)یە، بریتیە لە (٢٢ ) بەش یان (فرگرد) هەر بەشەی بابەتێکە ئەویش بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

بەشی یەکەم؛ لە بارەی شتە باشەکان و شارەکانەوە دەدوێت بەم شێوەیە:

١ -باشترین شوێن، شوێنی نیشتەجێی ئاریەکانە. (١٠) مانگ گەرمەو دوو مانگ سەرمای تێدا فەرمانڕەوایە، ٢-کاوە کە مەڵبەندەکەی (سغد)ە، ٣ -مەرو، دێری پیرۆز، ٤-بەڵخی قەشەنگ، ٥-نساو، نێوان مەرو و بەڵخ، ٦- هەرات، ٧-دکرات، ٨-ئوردای، ٩ -ختتە، ناوەندەکەی گورگانە، ١٠-هومنت، ١١-ڕەی کە سێ نژادی تێدایە، ١٢-مخرم، ١٣-گەیلان، شوێنی لە دایکبوونی "فەرەیدوون"ی بکوژی "زوحاکە"، ١٤-هەفت ڕوود، ١٥-ملکی روم، بەبێ پاشا فەرمانڕەوایی لێدەکرێت.

بەشی دووهەم؛ ئاهورامزدا لە وەڵامی زەردەشتا فەرمووی: لە پێش تۆدا لەگەڵ جەمشێدی شۆخ و پیرۆزدا وتووێژم کرد، بە هۆی کفرێکەوە کە کردی، لە سەرۆکایەتی خەڵك کەناری گرت، بەڵام لە دوای ئەوە، هەزار ساڵ بە پاکی پاشایەتی کرد، خەڵکی (بۆگەن = فاسد) بوون. بە جەمشێدم ڕاگەیاند، بە فر و سەرمایەکی زۆر دێت، تەواوی خانوەکان و دۆڵەکان و قەڵاکان دەگرێتەوە، لەو کاتەدا تۆ ئەشکەوتێك لە شێوەی چوارگۆشەدا

دروست بکە، هەر لایەی بە درێژایی یەك مەیدانی ئەسپ بێت، لەو ئەشکەوتەدا گیانلەبەران و ڕوەك و خۆراك و ژن و پیاوی باش کۆبکەرەوە جێیان پێبدە.

بەشی سێهەم؛ باشترین شوێن ئەو جێگایەیە کە مرۆڤی پیرۆز داری پیرۆزی بە دەستەوەیە و ئاگر و ئاو و گاو مەڕو بزن و مندالْ و خەلْکی زۆرو ئالْفی زۆرو گەلێك سەگ و ئاژەلْ و لەوەڕگا و کەرەسەکانی ژیانی بە زۆری تێدابێت و زەوی پڕئاویشی هەبێت. خراپترین شوێنیش ئەو شوێنەیە کە گۆڕی مرۆڤ یا سەگی تۆپیوی لێبێت. خۆزگە بە حالّی ئەو کەسەی زەوی ژێرو ژوور دەکات و دەیکێلێت، هێلانە و کونی ئەو زیندەوەرانە کە ئەهریمەن دروستی کردون لەناودەبات، لەوەڕو خەلەو درەخت دەچێنێت.

بەشی چوارەم؛ باسی هەموو پەیمانێکی ئەم جیهانەو جیهانی دووهەمە، لە گەورەیی و پەروەردەو ژن هێنان و منداڵبوون و بوونی نۆکەرو مەڕو ئەسپەوە دەدوێت.

بەشی پێنجەم؛ ئاگر مندالّی ئاهورامزدایە. پیاوی گوناهکار لە لای مووبد تۆبە دەکات، ئەویش سێیەکی تاوانەکانی لەسەر لادەبات. ئەگەر یەکێك لەناو کۆمەلّێکدا خەوتبێت و مردبێت، خەلّکەکانی دیکەی دەوروپشتی پیس دەبن. ئەگەر سەگێك لەنێو کۆمەلّێك مێگەلدا بمرێت تا هەشت مەڕیان پیس دەبێت، ئەگەر ئەوانی دی مەڕ نەبن و سەگ بن، ژمارەیەکی کەمتریان پیس دەبێت. ژنێك ئەگەر بە مردویی منداڵەکەی لەدایك بێت، دەبێت شوێنەکەی سێ پێ لە ئاو و ئاگرەوە، لە پیاوی پیرۆز و ئاینیشەوە سێ هەنگاو دوور کەوێتەوە، جلوبەرگ و خۆراکی بۆ جیابکرێتەوە. مقدارێك میزی گاجوت، یانی چەند دلۆپێك و کەمەکێك خۆڵەمێش بکەنە ڕەحمیەوە، لە دواییدا بە

میزی گا بیشۆرن، تا پاك ببێتەوە. ژنی حەیزدار بە جلوبەرگی ژنی تـازە زاوی منداڵ مردووەکەوە داپۆشرێت.

بەشی شەشەم؛جوتیارێك، زەوی دەکێڵێت دەبێت ئێسك و مو و ناخون و میزی مرۆڤ و سەگ و خوێن، لە زەویەکەی دوورخاتەوە، ئەگینا بە قـامچی سزا دەدرێت. سەگ و مرۆڤی مردوو ئاو لێڵ و پیس دەکەن، ئەگـەر بکەونـە نـاو بـیر یـان جۆگـەوە بـەلانی کەمـەوە پێنـج یـەکی ئـاوی بیرەکـە دەبێـت هەڵکێشن و بیرێژن، تاپاك ببێتەوە. لە ئاوی ڕەوانیشـدا سـی پـێ، لـە بـەفرو تەرزەدا چوار پێ، لەو دەوروپشتە پیس دەکات.

بەشی حەوتـەم ؛ مـیزی گـاجووت لـە خـاوێن کەرەوەکانـە، پیسـاییەکانی مردو وەکو؛ میزو تۆوی مردوەکە لەگەڵ شتەکانی دیکە پاك دەکاتەوە. هـەر کەسێك، کـەلاکی مردویـەك بباتـە نزیکی ئـاگرەوە، هەتاهەتایـە بـە پیسـی دەمێنێتەوە. پزیشکەکان لە سەرەتاوە دەبێت کارەکانیان لەسـەر لاشـەی دێـو پەرستان تاقی بکەنەوە. کەسەرکەوت، مزدا پەرستەکانیش چارەسەر بکـەن. لــە دواییشــدا مــزەی چارەســەرەکەی نوســیوە. ئەگــەر نەخۆشــێك سەرپەرشـتیکەرو سـەرۆکی مـاڵێك بێـت و دەرمـانی بکـەن چـاك بێتـەوە، مزەکەی گوێدرێژێکی مێینەیە، یان دەبێت بەرانبەر بەو نرخـە شـتی دیکـە بدرێت بە پزیشکەکە.

بەشی هەشتەم؛ هەر کەسێك بڕواتە نزیك کەسێکی مـردو یـان سـەگێکی تۆپیو، دەبێت خۆی بە میزی گاو ئاوی پاك بشوات.

بەشی نۆهەم؛ لە بـارەی دەسـت لـە مـردودان و چۆنیـەتی پاکبوونـەوە و دوورکەوتنـەوە لـە ئـاو و ئـاگر و زینـدەوەرو هاوسـەرو.. خۆشـۆرین و مەراسیمی پاککردنەوەدە دەدوێت.

بەشـی دەهـەم؛ بـۆ بـەرگری لـە هێرشـی دێـوان دەبێـت (گاتـەکان) بخوێنرێتەوە، لە بارەی پاکی و خاوێنی ویژدانیشەوە دەدوێت.

بەشی یازدەهەم؛ بابەتێکە سەبارەت بە ئاگرو ئاو و دار و مەردی کارا و ژنی زەردەشتی و خۆرو و هەموو زیندەوەرە باشەکان، لەگـەڵ خوێندنـەوەی دووعای خاوێنکردنەوە.

بەشی دوازدەهەم؛ لە بارەی مـەرگی (نزیکـان)ەوە وەکو بـاوك و دایـك و برا و خوشك و ژن و مام و مامۆژن و خاڵ و خاڵۆ ژن و..دەدوێـت. هـەروەها نو وسراوەکە بۆ ئەنجامدانی هەرکامێکیان، دەبێت چەند ڕۆژێك دەست لەکار بکێشێتەوە.

بەشی سـیازدەهەم؛ ژیـژو ڕۆژی هـەزار جـار زەبـر لـە ئەهریمـەن دەدات، لەبەرانبەر ئەمەشدا (مشـك)ی بیابـانیش ڕۆژی هـەزار زەبـر لـە ئـاهورامزدا دەدات، هەرکەسـێك یەکـەمیان بکوژێـت، دەبێـت هـەزار قـەمچی لێبدرێـت، بکـوژی دووهەمیشـیان گوناهـەکانی دەشـۆرێتەوە. هـەروەها لـە بـارەی سـزای سەگ و سزای کوژەری سەگەوە دەدوێت، هـەر سـەگێکیش هەشـت خاسـیەتی هەیە.

بەشی چواردەهـەم؛ سـەگی ئـاوی هــەزار ڕۆحـی سـەگی وشـکی هەیـە، هەرکەسێك کە بریندار بکات یـان بیکوژێـت، دەبێـت دە هـەزار مێشـوولەو هـەزار مێـش بکوژێـت و چـەکی لـە شـکرێك دابـین بکــات و بیانداتـێ، یـان کچێکـی شـوونەکردو بـدات بـە پیـاوێکی پـیرۆز، یـان زەویــەکی کشـتوکاڵی و چوارده گیانداری بچوك بدات و چوارده تووتەڵە سەگیش پەروەردە بکات.

بەشـی پازدەهــەم؛ گوناهــە گـەورەکان بریتــین لــە: کـافربوون، سـەگی پاسەوان یان سەگی شوان داخ کـردن، یـان ئێسـکی سـەگ شـکاندن، لێـدان لـە

سەگی ئاوس، یا ترساندنی بە شێوەیەك بكەوێتە چاڵێكەوە، نزیكبوونەوە لە ژنـی حـەیزدار، یـان لەگـەڵ ژنـی ئاوسـدا (وطـی) كـردن بـە شـێوەیەك كـە برینـداری بكـات، كەسـێك كـە لەگـەڵ كچێكـی شـوو نـەكردوودا ڕابوێرێـت، دەبێت خەرجی كچەكەو دایكی كچەكەش بدات.

بەشی شازدەهەم؛ لە بارەی ئەركەكانی ژنی حـەیزدار و دووركەوتنـەوەی لە كەسانی پیرۆزو خاوێنكردنەوەی بە میزی گا و (ئاو)، دەدوێت.

بەشی حەڤدەهەم؛ دەبێت موو و نـاخوون بخرێنـە چاڵێكـەوە، دووربێـت لە ئاوو ئاگرو پیاوی پیرۆز، دەبێت چاڵیان بۆ هەڵكەنن، چونكـە ڕووی زەوی پیس دەكەن.

بەشـی هەژدەهـەم؛ هەركەسـێك بـە هەڵـە لـەكاتی دووعـاخوێندن لـە بەرانبەر ئاگردا دەستەسڕێك بە بەردەمیەوە بگرێت، جێگـەی لۆمـەو تانـەو تەشـەرە. باشـترین خواپەرسـتی بریتیـە لـە وتـاری چـاك و كـرداری چـاك. (سـروش = جـەبرەئیل) لـە (دێـو)ی پرسـی چ شـتێك تـۆ بـە بـێ جووتبـوون (پتـان) ئـاوس دەكـات؟ دێـو وتـی؛ شـەش دەسـتە مـرۆڤ هـەن، ئەمانــەن: ١-كەم فرۆشان، ٢-كەسێك كە بە پێوە میزدەكـات، ٣-كەسـێك كـە لـە خـەودا شەیتانی بێت و دوعا نەخوێنێتەوە، ٤-زیناكـار، ٥-هەركەسـێك لـە دوای بـاڵق بـوون پشـتوێنی تایبـەتی (كشـتی) نەبەسـتێت، ٦-هەركەسـێك لەگـەڵ ژنـی حەیزدارا جووت ببێت.

بەشـی نۆزدەهـەم؛ لـە میانــەی جـەنگی ئەهریمـەن لەگـەڵ زەردەشـتا، سـەركەوتنی هەمیشـەیی بەسـەر ئەهریمـەندا. ڕۆژگـاری شوشـیانس كـە لـە خۆرهەڵاتدا لە دایك دەبێت، لە دواییشدا لـە وەزعـی خـەڵكی لەسـەر پـردی (چنوات= سرات) دەدوێت..

بەشی بیستەم؛ لە بارەی هەموو جۆرە گیایەکەوە دەدوێت.

بەشی بیستویەك؛ لە هەور و ئاو و.. دەدوێت.

بەشی بیستودوو؛ لە بارەی زیندەوەرانی زیانبەخشی وەکو مار، هەروەها لە بارەی زیندەوەرانی دیکەشەوە دواوە[٩٢].

★ ★ ★

**د- ویسبرد**؛ ویسبرد بە مانای (جاوید = نەمر) و (گەردشی ژیان) و (سەروەران)یش دێت، ئەم بەشەی ئاوێستا لە واقیعدا ستایش نامەیە، کە لە بەردەم بارەگای ئاهورامزدا و زەردەشت و ئەمشاسپندان، ئێزەدان و هەموو سەروەرانی جیهانی بەهەشتی، ئاسمان و زەوی و ئەویش کە لەواندایە، هەروەها لە بارەی جەژنە ئاینیەکان ومەراسیمی پەیوەندیدار پێیانەوە دواوە.

ویسبرد بریتییە لە ٢٢ یان ٢٧ بەش، سێهەزارو سێسەد وشەیە[٩٣].

★ ★ ★

**هـ- خردە ئاوێستا**؛ بە پەهلەوی (خورتك ئاوێستا)یە یانی ئاوێستای بچووکی پێدەوترێت. ئەم بەشەی ئاوێستا (پێنجەمین بەشە) لە لایەنی مووبدی ناسراوی سەردەمی ساسانیەکانەوە (ئازر پاد ماراسپند = چاودێری ئاگر)ەوە کۆکراوەتەوە و نووسراوەتەوە. ئەم کتێبە بریتیە لە؛ (دووعا و نیایش = پارانەوە) ونوێژ و موناجاتی ڕۆژانی جۆربەجۆر و جەژنە ئاینیەکان و مەراسیمی ژنهێنان و مردن و ڕۆژانی خۆشی و ناخۆشی. (کەفارە)ی گوناهان و نەهێشتنی ئاتاجی..یە[٩٤].

نوێژ لە ئاینی زەردەشتا، سێ ناوی هەیە: ١-ئەشم وەهە، ٢-نیا ئاهو، ٣-ینگهە هاتم، بابەتەکانی نوێژ هەڵبەستن، لە پێشدا بە شێك بوە لە گاتەکان و گرنکیەکی تایبەتیان هەیە، پشتوێن بەستن یان مەراسیمی

(کشتی = پشـتوێن) بەسـتن هـەر زەردەشـتیەك، دەبێت لـە حـەوت ساڵیدا پشتوێن ببەسـتێت و (سـدره = بەروانکـە) لەبـەربکات، ئـەم پشـتوێنە، لـە حـەفتاو دوو تـاڵ بـەنی خـوری سـپیەو لـە لایـەنی ژنـی مووبـدەوە دەهۆنرێتەوە، ئەم پشتوێنە بە شـەش گـورزە و هـەر گورزەشـی لـە دوازدە تاڵ پێك هاتوە، (کە بە هەر شەش گورزەکە دەکاتە ٧٢ تاڵـە بەنەکـە – و-) دەهۆنرێتـەوە. ئـەم ٧٢ تاڵـە بەنـە، ئـەندامانی لەشـی مـرۆڤ لەبـەلای ئەهریمەن دەپارێزێت. (سـدره = بەروانکـە) یـان بەرهەڵبێنـە، بریتیـە لـە بەرگێکی سپی، لە نۆ پارچە کوتاڵ دەدوورێت و لە مەراسیمێکی تایبەتیدا لەگـەڵ خوێندنـەوەی دووعایـەك لـە لایـەن مووبـدەوە دەخوێندرێتـەو دەکرێتـە بـەر منداڵەکـە، گوایـە دەڵێـن ئـەم نەریتـەش لـە پێـش زەردەشتیشەوە هەبوە.

دۆعـای (چرکـرت دینـك) لـە مەراسـیمە جۆربـەجۆرەکاندا دەخوێنرێتـەوە، نوسخەیەك لەم دووعایە لـە سالی ١٧٤٥ی زایـن دۆزرایـەوە، لەبەرئـەوەی هـەندێك لە زاناکان لەو باوەڕەدان ئەم دووعایە ساختەیە، چونکە لە ئاوێستادا نیە.

دۆعـای سـروش بـاژ؛ وەکـو هـەموو دوعاکـانی دیکـە لـە بەشـە جۆراوجۆرەکانی ئاوێستادا کۆکراوەتـەوە، لـە دوای خـەو لـە ژێـر لێـوەوە بـە سەبر دەخوێنرێتەوە. (باژ) یانی زەمزەمـەکردن (واتە لەبـەرخۆوە ویرەویـر کردن – و-) سروش فریشتەیە. ئەم دۆعایە لە پێنج جاردا بـۆ تۆبـەکردن لـە گوناهەکانیش دەخوێنرێتەوە.

(هۆشـیام) یـانی بەرەبـەیان، دۆعایەکە لـە بەشـەکانی ئاوێسـتا لـە یەسـنا وەرگیراوە، بریتیە لە پێنج بەند، (پێنج نیایش) دوعاو نوێژێکـە تایبەتـە بـە خۆر و مانگ و مهر و ئاو و ئاگر، ئەم دووعایە لە (یەشتەکان)ەوە وەرگیراوە.

(پنجگاه) دۆعایەکە لە شەو و ڕۆژیکدا پێنج جار دەخوێنرێتەوە. (ائو گمە ئیجا) بریتیە لە بیست و نۆ دۆعا، پێنجیان لە ئاوێستاوە وەرگیراوە. ئەمە پەیامێکە لە بارەی مەرگ و جیهانی دوای مەرگ و بەهەشت دەدوێت. لەم پەیامەدا هاتووە هیچ کە سێك تەنانەت مووبدەکان و پاشاکانیش ناتوانن لەبەردەم مەرگدا هەڵبێن. ئەگەر کەسێك بیتوانیایە هەڵێت، دەبوایە "کیو مرس" کە سێ هەزارساڵ جیهانی لە بەلا پاراست و "هوشەنگ" کە دوو لەسەر سێی ئەهریمەنەکانی لەناوبرد و "جەمشید" کە ٦١٦ ساڵ و ٦ مانگ و ١٣ ڕۆژۆ جیهانی لە مەرگ ڕزگار کرد و "زوحاك" کە هەزار ساڵ و نیو ڕۆژ جیهانی دوو چاری بەدبەختی کرد، لە دەست مەرگ ڕایان دەکرد. کەوابێت مەرگ بە دوای هەمواندا دێت.

سی ڕۆژە؛ ئەم بەشەش لە ئاوێستا وەرگیراوە، هەر ڕۆژێك لەم سیی ڕۆژە پەیوەندی بە فریشتەیەکەوە هەیە[٩٥].

(ارتاویرا فنامك)؛ یەکێکە لە کتێبە بەنرخەکانی زمانی پەهلەوی "ارداو یراف" کە یەکێکە لە مووبدە بەناوبانگەکانی سەردەمی "ئاردەشێری بابکان" و "شاپووری یەکەم" دەڵێن ناوبراو بۆ ڕۆیشتنە (معراج) لە لایەنی حەوت مووبدی گەورەوە هەڵبژێردراوە. بۆ تەیکردنی ئەم گەشتە ڕۆحانیەی دەستنوێژی گرت و خۆی شۆری و دۆشاوێکی خەوهێنەری بە ناوی (منگ کشتاسبی) خواردەوە.. حەوت شەوڕۆژ چوو بۆ معراج، لە ئاتەشکەدەی (ئازر نبغ)ەوە یەکەم هەنگاوی چوونە ئاسمانی نا، لە نهۆمە جۆربەجۆرەکانی بەهەشت و جەهەنم دیدەنی کرد، سزای تاوانبارەکانی بینی و جێگای پیاوچاکان و ئەنجومەنی ئاهورامزداو ئەمشاسپندان و زەردەشتی بینی. لە ماوەی ئەم گەشتەیدا، دوو فریشتە

به ناوەکانی "سروش = جەبرەئیل" و "ئازر" ڕێنومایيان دەکرد، پردی (چنوات = سرات)یشی بینی[١٠٥].

★ ★ ★

**و- دەساتیر ئاسمانی**؛ ئەم کتێبە بەرهەمی پانزە کەسە لەپێشەوا ئاینیەکانی زەردەشتی، کە یەکەمیان (مەئاباذ) و دوایەمینیشیان (ساسانی پێنجەمە) دەڵێن ئەم کتێبە لە سەردەمی "خەسرەوی پەروێز"دا کراوە بە فارسی، لە ساڵی ١١٨٥ کۆچی(!) لەهیندستان کۆکراوەتەوەو ڕێکخراوە. هەندێك لەسەر ئەو باوەڕەن، لە دروستکراوە ساختەکانی دەستەی "ئازر کیوان"ە ئازرکیوان یەکێکە لە پێشەوا ئاینیەکانی زەردەشتی و خەڵکی ئەستەخری فارسە (هاوچاخی سەردەمی شاعەباسی یەکەمی سەفەوی و میرفندرسکی، زانای شیعەی بەناوبانگە) کە چوە بۆ هیندستان و لەوێدا دەستەیەك و ڕێبازێکی پێکەوە ناوە، بیروڕای ئاینی ئەم دەستەیە، لە بیروڕای ئاینی سۆفیەوە نزیکە، لەگەڵ باوەڕی ئاینی مانەوی وبودائی لێکچوونیان لە نێواندا هەیە، وشەی (دەساتیر) یانی (دژی تاریکی)، کارناسی ئێرانی "پور داود" دەڵێت: ئەم کتێبە، ساختەیە، چونکە گەلێك وشەی نوێی تێدا بەکارهاتوە، لە داهێنانی نووسەرەکەیەتی[٩٧].

★ ★ ★

**ز-دینکرد**؛ یا دینکرت؛ لە ڕیزی کتێبە گرنگەکانی زەردەشتیەکانە، ناوەڕۆکەکەی بریتیە لە وشە زارەکیەکانی زەردەشت، ئەم کتێبە لەلایەنی یەکێك لە پەیڕەوانی زەردەشتەوە نووسراوە، بریتییە لە ئاداب و نەریت و ڕێوڕەسمی ئاینی (فقهی) و مێژوویی و ئەستێرە ناسیو.. گەلێکی دیکە.

★ ★ ★

**ح-سەددر بەندهش**؛   ئەم كتێبەش لەو كتێبەی سەرەوە دەچێت، بریتیـە لە مەسئەلە ئاینیەكان و ڕێنوماییـە گرنگـەكانی زەردەشـت. ئـەم كتێبـە ١٠٠ بەشەو هە ر بەشەی لە چەند بەندێك پێكهاتوە.

★ ★ ★

**گ- ماتیكـان هــەزار داسـتان**؛ بریتیـە لـە هـەزار فتـوای یاسـایی وەكـو، وامدانەوە و سەرپەرشتی و تەلاق و.. گەلێكی دی.

★ ★ ★

**ی-دادسـتان دینیــك**؛ ئــەم كتێبــە پــەیوەندی بــە كاروبــاری دادگــایی و دادەوەریـەوە هەیــە، بریتیـە لـە فتـوای زانایـەكی زەردەشـتی لـە وەڵامـی پرسیاری پەیڕەوەكانی و ئیماندارانی خۆیاندا لە بارەی مارەبڕین و میرات و بە كوڕی خۆ قبوڵكردن و مەراسیمی ئاینی و.. داویەتەوە.

★ ★ ★

**ك-ڕوایـــــات**؛ ئـەم كتێبـە چـەند فتوایـەكی مووبـدە ئێرانیەكانــە، لـە وەڵامدانەوەی پرسیاری ئـایندارانی هینـد و لـە مـاوەی ٣٠٠ سـاڵدا وردە وردە ڕەوانەی هیند  كـرا، ئـەم كتێبـە لـە هینـدا چاپكرا، وێنـە دەسـخەتەكەی لـە مۆزەخانەی میللی پاریسدایە[٩٨].

## ( چـــارەنـــووســی ئـــاوێســـتا )

"ئەبو ڕێحانی بێروونی" دەڵێت: ئاوێستا لە خەزێنەکەی "دارای کوڕی دارای" پاشـــای ئــێرانیدا بـــوو، زێڕکـــاری کرابـــوو. لـــە پێســـتی ١٢ گـــا نووسرابووەوە(!)[١٠٨]. سەربردە ئیسلامیەکان دەڵێن، لـە دوازدە هـەزار پێستی گا نووسرابۆوە. "ئەسـکەندەری مقدوونـی" ئاتەشـکەدەی پارسـی وێرانکـرد. ئـەم نوسـخە ئەسـڵیەی ئاوێسـتای تیـا سـووتا. ئێمـەش لـە لاپـەڕەی پێشـەوە ئاماژە مان بۆ ئەم بابەتە و ڕێکخستن و نوسینەوەی ئاوێستا کردوە.

بە وتەی کارناسێکی ئـەوروپایی؛ لـە سـەرچاوە زەردەشـتیەکانەوە هـاتوە کـە لـە ڕابـوردوە دوورەکـاندا، زەردەشـتیەکان بەڵگەنامەیـەکی بـە نـرخ و گرانبـەهایان هـەبووە، بەدەسـتی "ئەسـکەندەر" لـە نـاوچووە. لەبـەر ئەمـە دەقی مزد یسنا لە پێش سـەردەمی ساسـانیەکانەوە لەبەردەسـتدا نـەمابۆوە. ئـەوەی کـە لـە بەردەسـتایە دەقـە ڕێکخـراوو نووسـراوەکانی سـەردەمەکانی دواییە، کە (ئاوێستا)ی ناونراوە[٩٩].

زمانی ئاوێستا لە ڕۆژگاری ساسانیەکاندا زمانێکی مردوو بوو. دانیشتوان بەو زمانە نەدەدوان و بە تا یبەتی وشەی ناو دەقـە کۆنـەکان بـە شـێوەیەکی تــەواو لێــی تێنەدەگەیشــتن. ســرووده پــیرۆزە ئاینیــەکان کــە مووبدەکــان دەیانخوێندەوە بۆ خۆشیان لە نیوەی نەدەگەیشتن. خەڵکانی دیکـەش هیچی لێ تێنەدەگەیشتن.ئەمەش بوە هۆی ئەوەی ئەو دەقانە وەرگێڕنە سەر زمانی هاوچـەرخ.. کتێبـی ئەسـڵی سـەربردە ئاینیـەکانی زەردەشـتیان لـە ڕۆژگـاری ساسانیەکاندا کۆمەڵێك سرودی ئاسمانی زەردەشت بوو لەگەڵ چەند دەقێکی سەردەمی ئەشکانیەکانداو چەند زیادەیەکی مووبدەکان[١٠٠].

هەتاکو پێش ساسانیەکانیش، پەیڕەوانی زەردەشتی کتێبی ئاینی خۆیان سینە بە سینە لەبەردەکرا..[١٠١]. کارناسێکی ئەڵمانی دەڵێت: دەوڵەتی ساسانیەکان لە سەرەتاوە لەگەڵ پێشەوا ئاینیەکانی زەردەشتیدا یەکیان گرتبوو. (ئاردەشێری یەکەم) لە ڕێکخستن و نووسینەوەی ئاوێستادا ڕۆڵێکی گرنگی بینی[١٠٢].

کارناسانی ئیسلامی لەو باوەڕەدان ئاوێستا هیچ کاتێك نەنووسراوەتەوە. هەمیشە سینە بە سینە بڵاوکراوەتەوە. لە سەردەمی ئێرانی دوای ئیسلامدا، ئەم ڕێکخستن و نووسینەوەیەی ئاوێستا ڕوویداوە، بۆ ئەوەی خۆیان لە ڕیزی کتێب دارانـدا دابنێن[١٠٣]، هەندێك لەسەر ئەو باوەڕەن ئاوێستا لە سەردەمی هاخامەنشیەکاندا نووسرابۆوەو ڕێکخرابوو. (ئەمەش لە لایەنی کارناسانی خۆرهەڵاتیەوە دانی پێدانراوە)، لە هێرشەکەی "ئەسکەندەر"دا لەناوچوە و سەرلەنوێ لە سەردەمی ئەشکانیەکاندا ڕێکخراوەتەوەو نووسراوەتەوە.

لە سەرەتای سەردەمی ساسانیەکانیشدا کاری وەرگێڕان و نووسینەوەی لەسەر کراوە، وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی زیندووی ئەو ڕۆژگارە[١٠٤].

لەنێوان یەکەم ئاوێستاو ئاوێستای سەردەمی ساسانیەکاندا جیاوازی هەیە. ئاینی زەردەشت لە ڕۆژگاری ساسانیەکاندا دووچاری گەلێك گۆڕانکاری بووبوو، ئەم ئاینە لە سەرەتای ڕۆژگاری ساسانیەکاندا شێوەو ناوەرۆکێکی دیکەی هەبوو، لە دوای کۆتایی هاتنی ئیمپراتۆریەتی ساسانیەکان پێشەوا ئاینیەکانی زەردەشتی هەستیان کرد دەبێت ئاینەکەیان لە کزی و لەناوچوون ڕزگار بکەن. چەندین ئەفسانە و ئارایشیان لەئاینی (بەهی) خۆیان لابردو جیاکردەوە، ئاینی مزد یەسنایان بەبێ ئاگادارکردنی زەروان

پەرستان و خۆرپەرستان ڕازاندەوە. گەلێك سەربردەی ئاینیان کوژاندەوە. چەند بەشی ئاوێستای ساسانیان و پەرچەڤەکەیان، کە تێکەل بیرو بۆچوونی زەروانییەکان بوو بوو، لە ناویا لابرد. (یەشتەکان)ی پەیوەندیدار بە (دروستبوونی بوونەوەرەوە) کورتەیەکی لە (دینکرت)دا ماوەتەوە، ئەوەندەیان کەمکردەوە، جگە لە چەند دێڕێك هیچی تری نەماوەتەوە، هیچیشی لیٚ تێناگەن، لە هیچ دەقێکی دیکەی فارسیدا ئاماژەیەك بۆ ئەم چاکسازیە نەکراوە، ئەم ئاینە چاککراوەیان وا نیشان نەداوە، گوایە هەمان ئاینی یەکەمجارە[١٠٥].

کارناسێکی فەرەنسی دەڵێت: دەقە پیرۆزەکانی مزدیەسنا تاوەکو ناوەڕاستی سەدەی حەوتەمی زاین، سینە بە سینە پارێزگاری لێدەکرا. تا کۆتایی سەردەمی ساسانیەکان کتێبی نووسراوەی ئاینی زەردەشتی لە ئارادا نەبوە. لە دوای کۆتایی هاتن ی سەردەمی ساسانیەکان، مووبدە زەردەشتیەکان کە دەیانویست لە جوانکاریەکانی خەڵکانی کتێبدار، وەکو ئیسلام بەهرە وەربگرن، دەستیان بە ڕێکخستن و نووسینەوەی ئاوێستای ساسانیەکان کرد. هەرچەندە وشەی ئاوێستا لە سەدەی شەشەمی زاینی لە ئارادا هەبوو.بەڵام مانای ئەم ز اراوەیە لەو ڕۆژگارەدا بە مانای (یاسا) دادەنرا. لە ساڵی ٦٣٤ی زاینی سرووده لەبەرکراوەکانیان ڕێکخست و بەختەتی پەهلەوی و بەزمانی ئەو ڕۆژگارە نوسییانەوە[١٠٦].

"هنریكساموئیل دەڵێت": موبدەکان بۆ لێکدانەوەی ئەحکامەکانی خۆیان، هەرگیز پشتیان بە کتێبی پیرۆز نەدەبەست، لە سەرەتاوە دەقێکیان بە هێواش و لە ژێر لێوەوە دەخوێندەوە، هەر لەبەر ئەمەش بوو عەرەبەکان ئاوێستایان ناونابوو (زەمزەمە-واتە وێرەوێر -و-)، ئەم شێوە

وەرگرتنەش گەلێك کۆنە، لەبەرئەوەی ئاوێستا لە پێش سەردەمی ساسانیەکانەوە هەرگیز نەنووسرابووەوە[١٠٧].

کارناسێکی ئەڵمانی دەڵێت: لە جەنگی جەلەولادا ژمارەیەك لە سەربازە ئێرانیەکان لەلایەن موسوڵمانەکانەوە بە دیل گیران. دیلەکان ئاینی ئیسلامیان قبوڵ نەکرد، لە کاتێکدا کە سەرکردەی عەرەبەکان فەرمانی کوشتنی بەسەرا دان. "ئیمامی عەلی کوڕی ئەبی تالب "ڕەزای خوای لێبێت فەرمووی؛ ئەمانە کافری جەنگ نین، بە لّکو کتێبیان هەیە، من کتێبی ئاینی ئێرانیەکانم دیوەو خوێندوومەتەوە، هەروەك چۆن تەورات و ئینجیلم خوێندۆتەوە[١٠٨].

## دیدگاکان

### ئایا زەردەشت کتێبی هەبــوە؟

١-**سـەرچاوە ئیسـلامیەکان:** سـەرچاوە سـەرەتاییەکانی ئیسـلام دەڵێـن و جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، زەردەشـتیەکان خـاوەنی کتیبـی پـیرۆزن. قورئـان[١٠٩] کتێبی پیرۆزو ئاسمانی ئیسلام سەبارەت بە بـوون وخـاوێنی مەزهەبی زەردەشیەکان دەدوێت، پەیرەوانی ئەم ئاینە بە ناونیشانی خـاوەن کتێب، بەرەسمی دەناسێت، هـەر لەبـەر ئەمەشـە لـە (فقـە)ی ئیسـلامدا زەردەشـتیەکان لـە ڕیـزی یـەهودی و مەسـیحیەکاندان، لـە ڕەوشـت و سوونەتەکانی پیغەمبەری ئیسلامیشدا (د. خ) چەندین ڕێنومـایی سـەبارەت بـە زەردەشـتیەکان هەیـە. پێشەوایانی پاك و بێگەردی ئیسلامی شـیعەش، سەبارەت بە زەردەشتیەکان، چەندین ڕێنومایيان نیشانداوە. مێژوونووسانی ئیسلامی کەم و زۆر باسی ئاینی زەردەشتیان کردوە.

"ئیـبن عـەباس" دەڵێـت: پێغەمبـەری ئیسـلام فـەرمانی دا جزیـە لـە زەردەشتیەکانی دانیشتووی یەمـەن وەربگـرن. زەردەشـتیەکان جزیـەیان داو لەسـەر ئـاینی خۆیـان مانــەوە[١١٠]. ئیمـامی شەشـەمی شـیعەکان حـەزرەتی "جەعفەری کوڕی محەمەد الصادق" (سلاوی خـوای لێبێـت)، سـەبارەت بـە زەردەشتیەکان فەرموویەتی؛ مەجوسیەکان پێغەمبەرێکیان هەبوو، کوشتیان و کتێبێکیان هەبوو سوتانیان[١١١].

"اصبغـی کوڕی بناتـە" وتـەبێژی شـیعەو هـاوڕێی ئیمـامی عـەلی کـوڕی ئەبی تالب دەگێڕێتەوە، دەڵێت: حەزرەت فەرمووی (زەردەشتیەکان کتێبیان هەبوو، پێغەمبەریان بۆ ڕەوانە کرابوو)[١١٢].

جارێکی دیکەش هەر لە "ئیمامی عەلی" دەگێڕنەوە، فەرموویەتی: مەجوسیەکان چونکە خاوەنی کتێبی ئاسمانی بوون، وەك خەڵکی خاوەن کتێب -یەهودی و مەسیحی- جزیە دەدەن[١١٣]. شێخی طوسی لە کتێبی (الخلاف)دا دەڵێت:

المجوس كان لهم كتاب ثم رفع عنهم.. دليلنا اجماع الفرقة واخبارهم..[١١٤].

هەروەها لە کتیبی (المبسوط)دا دەڵێت؛

من له شبهة كتاب وهم المجوس؛ قال قوم: هم اهل الكتاب، كان لهم كتاب ثم نسخ ورفع. وقال آخرون: ماكان لهم كتاب اصلا..[١١٥].

دیدگای (فقەهاکان)ی شیعە، لەسەر بناغەی ئەم بۆچوونەی دوایی شێخی طوسی لە (المبسوط)دا دەربڕیوە، لەگەڵ مەسئلەکەشدا گەلێك بە (وریاییەوە) هەڵسوکەوتی کردوە. کارناسانی شیعە لەسەر بنچینە ڕوونکردنەوەی قورئان، زەردەشتیەکان بە خاوەن کتێب دادەنێن. عەلامە "طبا طبائی" کارناسی شیعەو هاوچەرخ، ڕوونی دەکاتەوەو دەڵێت: بێگومان زەردەشتیەکان خاوەنی کتێبی ئاسمانین و پێغەمبەریان هەبوە[١١٦].

**ب-( تەورات )**؛ واژەی مەجوس لە تەوراتیشدا هاتوە. لە (قاموسی کتاب مقدس) کە ڕوونکردنەوەی وشەو ناوەکانی ناو تەورات و ئینجیلە، هاتوە دەڵێت: مەجووس زاراوەیەکی کلدانیە، مانای -کەهەنە- دەگەیەنێت، پلەی کۆمەڵایەتیان لە نێوان فەرمانڕەواکان و ئەندامانی هۆزەکەیاندا بوو، خزمەتگوزارانی ئاینی زەردەشتی پێیان دەڵێن مەجوسی، بەهۆی جلوبەرگی تایبەتیان و گۆشەگیریان. لە کتێبی (ئەرمیا) بەشی ٣٢ ئایەتی ٣دا هاتووە؛ هەرچەندە زانیارییان لەسەر بناغەیەکی ڕاست دانەڕێژرابوو،

لەگەڵ ئەوەشدا، دانیـــال ئـەوانی بـە حـەكیم و زانـا نـاوبردوە. لـە تـەوراتدا چەندجار واژەی مەجووس بەكارهاتوە[١١٧].

ج-( **ئینجیل** )؛ لە ئنجیلدا زیاتر لە تەورات باسی مەجووسیەكان كراوە. لـە بـابی دووهـەمی ئینجیلی مـەتیدا، هـاتوە دەڵێت: مەجوسـیەكان لـە سـەرەتاوە كەسانێك بوون بە هۆی ئەستێرەیەكەوە لە خۆرهەڵاتدا ئاگاداری لەدایكبوونی مەسیح بوون، بە ڕێنومایی ئەو ئەستێرە بە دیداری (عیسا) شاد بوون.

ئایـەتی (١)؛ عیسـا چونكـە لـە بێـت لـەحمی یـەهودیدا لـە ڕۆژگـاری "هـیرودیس" شـادا لـەدایكبوو، لـەناكاودا چــەند مەجوسـیەك لـە ناوچــەی خۆرهەڵاتەوە..

ئایـەتی (٢)؛ هـاتن بـۆ ئورشـەلیم. وتیـان؛ ئـەو منداڵە كۆرپـەیـە پاشــای یەهودە لەكوێیە؟. ئێمە بـەهۆی ئەسـتێرەیەكەوە لـە خۆرهەڵاتـەوە ئـەومان دیتوە، بۆ ئەوە هاتوین بیپەرستین.

ئایەتی (٧)؛ هیرودیس؛ بە نهێنی مەجوسیەكانی بـۆ لای خـۆی بـانگكرد. سەردەم و كاتی دەركەوتنی ئەستێرەكەی لێپرسین.

ئایـەتی (٨)؛ لـە دواییـدا ڕەوانـەی بێت لـەحمی كـردن و وتـی: بـڕۆن لـە چۆنیەتی ئەو منداڵە ئاگاداریەكی تەواو بەدەست بێنن، هـەركاتێك ئـەوەتان دەست كەوت، ئاگادارم بكەن، تامنیش بێم و بیپەرستم.

ئایـەتی (٩)؛ مەجوسـیەكان گوێیـان لـە وتـەكانی پاشـا گـرت، لـە دواییـدا ڕوویـان لـە ڕێگـا كـرد، لـە ناكـاو ئەسـتێرەیەك كـە لـە ناوچـەی خۆرهـەڵاتدا دیتبوویان، لە پێشیانەوە دەڕۆیشت، تاكو گەیشتنە شـوێنێك كـە منداڵەكـەی لێبوو ، ڕاوەستا،

ئایەتی (١٠)؛ مەجوسیەكان بە بینینی ئەستێرەكە گەلێك دڵخۆش بوون.

ئایەتی (١١)؛ چوونە ژوورەوە، منداڵەکە و دایکی منداڵەکە "مریەم"یان بینی، لەدواییدا کڕنووشیان بۆ برد. (هەمانە)کانی خویان کردەوە، زێڕو بخوورو مرەبایان پیشکەشکرد.

ئایەتی (١٢)؛ لەبەرئەوە لە لایەنی خواوە پێیان وترابوو نەگەڕێنەوە بۆ لای هیرودیس، لە دواییدا لە ڕێگەیەکی دیکەوە، گەڕانەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان(١٠٨).

**واژەی مەجوس؛** (مەجوس) بە عەرەبی کراوی (موی گوش) یان (سیخ گووش)ە، ناوی کەسێکە کە لە ئاینی زەردەشتا نوێگەری زۆری کردوە. لە ئێستاشدا پەیڕەوانی ئاینی زەردەشت (مەجوسی)یان پێدەڵێن. مەجوسی بە ("ی" نادیار= مەجهول) بەمانای ئاگرپەرست(١١٩) بێ دین، کافر، بتپەرست، راهیب، خومار، سەرخۆش، خاوەن مەیخانە، شاخی گا، ڕەگی دارخورما، هاتووە(١٢٠).

لە قاموسی قورئاندا تەنهاجارێك وشەی مەجوسی تێدا بەکارهاتوە، مەبەستیش لەو ناوەی مەجووس یانی ئێرانیانی دێرین. ئاینەکەیان لە ڕیزی یەکێك لە چوار دینە بەناوبانگەکەی ڕۆژگاری دێرین، دادەنیت. دەڵێن مەزهەبی مەجووس، لە بناغەدا مەزهەبێکی (شرك = هاوبەش) نەبوە، لەڕیزی ئاینە یەکتاپەرستەکاندا بوە. جزیە وەرگرتن لە مەجوسیەکان بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر یەکتاپەرستیان. چەند سەربردە لەسەر ئەوە هەیە کە مەجوسیەکان، خاوەنی کتێب بوون، ئاماژەیان بۆ کراوە، واژەی مەجوس لە کتێبە ئاسمانیەکانی پێشیندا بەکارهاتوە و لەوانیشدا ئاماژەی بۆ کراوە.

کارناسێکی ئێرانی دەڵێت: لە هیچ کتێبێکی ئاسمانی وەکو تەورات و ئینجیل و قورئاندا بەڕاشەکاوی باسی ئاوێستا نەکراوەو ناوی نەبراوە.

هەركاتێك لـە بـارەی ئـەو ئاینـە دێرینـەی ئێرانیەكانـەوە وتەیـەك هاتبێتـە ئاراوە، تەنها بەناوی مەجوسیەوە باسیان لێوە كراوە، ئەم مەجوسیانەیان بە نوێنەری مەزهەبی ئێرانی دێرین ناسیوە. نووسەرە سەرەتایەكانی ئیسلامی لـەو گومانـەدا بـوون كـە مەبەسـت لـە مەجوسـیەكان خۆرپەرسـتەكان بـوە. هەندێك وەكو "جوالیقی" و "سیوتی" و "خفاجی"، ئەوەیان لـەژێر وشـەی (دخیله)ی قورئاندا بەكارهێناوە.

"ابن سیده" و گەلێكی دیكە ئـەوەیان بـە وشـەی (منبـج) كـە بـە مانـای (كورت) دێت، بە داتاشراو زانیوە، لەگەڵ وشەی گوش تێكەڵ بوە، كـە تێكـڕا دەكاتە (منبج گوش) و بە مانای (گوێ كورت)یان داناوە.

"فە یرۆز ئابادی" لە (قاموسی المحیـط)دا دەڵێت: مـەجووس؛ (كصبـور، رجل صغیر الاذنین وضع دینا ودعا الناس الیه، (منبج كوش) رجل مجوسـی، كیـهودی ویـهود، ومجسـة تمجسا ای صیرة مجوسیا). لــە (قاموســی اللغــە)دا (منبج ) بە جیمی ژێر دار نووسراوە، بەڵام (صاحب معیار اللغه) جیمەكەی بـە (ج)ی ( ضمـة)دار نووسـیوە، كـە لـە زمـانی فارسـیدا بـە مانــای مێـش و زەردەواڵەی دادەنێت. لـە (برهــان قــاطع)یشـدا هــەر بــەم مانایـە هــاتوە. سـەرچاوەكانی دیكـەی وشـە ناسـین ئـەویان بـە مانـای (هـەنگی هــەنگوین = مێش هەنگوین) .. وەرگرتوە. خاوەنی كتێبی (سافی فـی الاسـلامی) دەڵێت: (المجوس) یانی گاور و (المجوسیه) یانی ژنی گاور. لە قورئاندا ئاماژەیـەك بـۆ دەركەوتنی كەسێك كە ئاینێكی هێناوەتە كایەوەو خەڵكی بۆ سەر ئاینەكەی بـانگكردوەو ئـاینی موغـانی لـە نـاوبردوە، كــراوە. هــەندێك دەڵێــن وشــەی (مــەجوس)ی ئــێرانی لــە (مــەگوش)ەوە وەرگــیراوە، كــە مانــای (مگــو) دەگەیـەنێت، لـەكاتی (مەفعولیـەت)دا دەبێتــە (مگـوم)، لــە ئاوێسـتادا ئــەم

وشـەیە بـە شـێوەی (مغـو) و لـە گاتـەکاندا چـەندین جار بەشـێوەی (مـگ) بـەکارهاتوە، لـە زمـانی پەهلـەویدا (مگـوی) یـان (مـوگ)، لـە زمـانی فارسـی هاوچـەرخدا (مـغ)ە، وشـەی مـغ لەگـەڵ وشـەی (مغـاك) کـە مانـای (چـاڵ) دەگەیەنێت، نابێت بە یەکیان بزانین، ئەم وشەیە لە زمانی عبریدا (مـگ) و لـە پەهلـەویدا بـە (مگوشا) بـە کارهـاتوە، کـە ڕاسـتەوخۆ لـە زمـانی فارسـی دێرینەوە وەرگیراوە، ئەم وشەیە لە زمانی ئارامیدا بە (مگوشا) و (مگوش)و لـە زمـانی سـریانی‌دا بـە (مجوس)، مگوش هـاتوە، کـە بـە مانـای (مووبـدی زەردەشتی) و مەجوسی‌و ئاگرپەرست و جادوگەر بەکاریان هیناوە. ڕویـەکی دیکـەی ئـەم وشـەیە، لـەزمانی سـریانیدا ئاوایـە؛ مگـش، مگشـا، مگوشـانا، مگوشـیا، مگوشـوتو، بـەمانای ئـاینی مەجوسـیەت و ئاگرپـەرسـتان، سـیحرو جادوگەر هاتوە. (مگوشا) یانی مەجوسی و ئاگرپەرست، کـە (کلدانـی)یـەکان وەریان گێڕاوە، گومان لەوەدایە کە ئەم مانایە لە نووسراوەکەی "بیسـتون" وەر گیرابێت. وشـەی مـەجوس لـە قورئـاندا لـەوە دەچێـت لـە (مگوشـا)ی سریانیەوە وەرگیرابێت(١٣١).

واژەی مغ ؟ (مـع = مـوغ) واژەیەکـە هاوکێشـی مەجوسـە، بـە زمـانی ئاشووری (مج ماج)ی پێدەوترێت، کـە مانـای (گـەورەو گـران) دەگەیـەنێت. (مووبد) یا (مگویت) بەکارهێنانی ڕابردوویەکی گەلێك دێرینی هەیـە، ئـەم وشەیە بە پێشەوا ئاینیـەکانی زەردەشـت ئـەوترا. ڕۆحانیـەکانی زەردەشتی، پلەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتیان بـە مـیرات بـۆ مـابۆوە، لـە باوکـەوە بـۆ کـوڕ دەگەڕایـەوە. خـەڵکی دیکـە ئـەم مافـەیان نـەبوو. بـە پێـی ئـەو وتـەی "هەرۆدۆتە" کە دەڵێت: (وشەی موغ بە تیرە و بەرەبابێکی تایبـەتی مادیـان دەوت) ڕاسـت نیـە، بـەڵکو موغـەکان چینێکی ئـاینی بـوون. بــە فەلسـەفەو

ڕێنومايیەکانی زەردەشت ئاشنابوون، موغەکان لە ڕۆژگاری زەردەشتەوە تاکو ئەمڕۆ پیشەوايەتی ئاينی زەردەشتيان لە ئەستۆدا بوەو هەيانە، ئەوانە لە ڕوانگەی ئێرانيەکانەوە لە ڕيزی زاناو بليمەتە بە تواناکاندا دەژمێردرێن. موغ يانی هەڵگری زانستی يەزدانی و ستايشگەری پەروەردگار. لە سەردەمی کۆندا، (موغ) بە مانای (جادوو گەر) بە کارهاتوە.

لەزمانی يۆنانيشدا، هەر بەم مانايە بەکارهاتوە، لە بەردە هەڵکەنراوەکانی بێستوندا ( لە نووسراوەکەی داريوش)دا هاتوە: "گوماتا" لە کۆمەڵێ موغەکان ويستی بنەماڵەی هاخامەنشيەکانی پارس لەناوبەرێت، بەڵام "داريوش" سەرکەوت بەسەريدا، کۆمەڵێکی زۆری لەموغەکان کوشت، دەوڵەتی هاخامەنشيەکانی لە ڕووخان ڕزگارکرد. "هرۆدۆت" دەڵێت: موغەکان تاکو پێش پارسەکان گەلێك نفوزی ڕاميارى و مەزهەبييان لەناو دانيشتوانی بوومی ئێرانی دێريندا هەبوو. لە مەزهەبی زەردەشتا گەلێك ئوسوڵ و باوەڕی موغەکان وەکو ڕێزگرتن لەئاگريان بەلاوە گرنگ بوو.. هەر ئەمەش بوە هۆی ئەوەی مێژوو نووسانی ئيسلام موغەکان و زەردەشتيەکان بە پەيڕەوی يەك باوەڕی ئاينی بزانن[١٣٢].

## (٤)
## ( ئـــــامۆژگاری و ئەحكــــام )

لـە ئـاینی زەردەشـتا بوونـەوەرەكان بــە دوو دەســتە یــان بــە دوو جــۆر دابەشـكراون؛ (بـاش) و (بـەد). باشـەكان یـەك سـەرچاوەیان هەیــە، ئــەویش (ئاهورامزدا)یە یان (سپندمینۆ)یەو (بەد)ەكانیش سەرچاوەیەكی دیكەیان هەیـە بەناوی (ئەهریمەن) یان (انگرە مینۆ = ئەنگرە مینو) كە ناپاك و ڤیزەونە.

لەسـەر بناغــەی ئــەم بۆچوونانــە مێژوونــووس و زانــا موسـوڵمانەكان (زەردەشت)یان بە مەزهەبی دووتا پەرستی زانیوە.

"شهرستانی" دەڵێت:

المجوس اثبتوا اصلین..... الا ان المجوس الاصلیة زعموا ان الاصلین لا یجوز ان یكونا قدیمیین ازلیین..[١٣٣].

ئەمەش ئاماژەیە بـۆ ئـەزەلی بوونـی ڕوونـاكی و تـاریكی (ڕوونـاكی ئەزەلی و سروشتیە، تاریكیش پەیدابوونێكی غەیری ڕووناكیە). لەبەر ئەمــە دووتاپەرســتی تایبەتمەندیــەكی هــۆزی مەجوســە. لــە بۆچوونـەكانی زانـا ئیسلامیەكاندا لـە ئـاینی مەجووسـدا جیـهان دوو دروستكەری هەیە، (یـەزدان) و (ئەهریمـەن)، ئەهریمـەن لـە ترسـێكی گەورەوە پەیدابووە[١٢٤].

(پارسەكان بەخوای گـەورەیان دەوت (هورمـزد، ئـێزەد، یـەزدان)، دانیـان بە بوونــی پـەروەردگاردا نـاوە. هەندێكیشیان ئاگریـان پەرسـتوە. مەزهـەبی ئەوانیش لە ئاگرپەرستیدا هەمان پەرستن بوە كە لە مەزهەبی بتپەرستانی عەرەبدا سەبارەت بەبتپەرستی پەیڕو دەكرا..)

مەزهەبی دووتاپەرستی ئەم هۆزەش هەر ئەوە دەڵێن کە زەردەشت وتویەتی، دروستکەر دوانە، ڕووناکی کە دروستکەری (خێر= چاکەیە) و تاریکیش دروستکەری (شەڕ= خراپە)یە ئەم دوو دروستکەرەش کۆنن[١٣٥].

"لاهیجی دەڵێت": (گاور) کە (مەجووسی)یان ناوە، ڕەچاوەی کارەکان بەدوو سەرچاوە دەزانن؛ یەکێکیان کرداری چاکەو پێی دەڵێن (ئێزەد)، ئەوی دیکەشیان بەدکردارەو پێی دەڵێن (ئەهریمەن)[١٣٦].

ئێران ناسی ناسراو "جوزف گئر" دەڵێت: لە شاری بەلخدا لە زەردەشتیان پرسی: **ئەم پەروەردگارە گەورەیە کێیە؟ زەردەشت لە وەڵامدا وتی: پەروەردگاری زانا فەرمانڕەواو گەورەی جیهانە.**

**لە زەردەشتیان پرسی: ئایا تۆ لەو باوەڕەدای ئەو هەموو شتەکانی جیهانی دروستکردوە؟**

**زەردەشت دەڵێت: ئەو هەر شتێك کە باشە دروستی کردوە، چونکە ئاهورامزدا زیاد لەکاری چاکە هیچ کارێکی تری بۆ ناکرێت. لە زەردەشتیان پرسی: کەوابێت ئەی ناشیرینەکان و ناپاکەکان کاری کێیە؟ زەردەشت دەڵێت: ناشیرین و ناپاکەکان (ئەنگرمئو) یانی (ئەهریمەن) هێناویەتە ئەم جیهانەوە، بە زەردەشت دەڵێن؛ کەوابێت دوو جیهان و دوو خوا هەیە؟ زەردەشت دەڵێت: بەڵێ (!) لە جیهاندا دوو دروستکەر هەیە[١٣٧].**

"گیرشمن دەڵێت": ئاینی زەردەشتی لەسەر بناغەی یەکتاپەرستی نەبوە، بەڵام لە سەردەمی ساسانیەکاندا، بەهۆی کاریگەری ئاینە گەورەکانی وەکو (مەسیحیەت و یەهودی) یەکتاپەرستیان قبوڵکرد[١٣٨].

ئەو زانا خۆرهەڵاتناسانەی لێکۆڵینەوەیان لە ئاوێستادا کردوە، سەبارەت بە سروودی بیستوچواری گاتەکان ئاوا دەڵێن: زەردەشت دەڵێت:

ئەی خواوەند، دورستکەری بوونەوەر (!) بەرێزەوە پرسیارم هەیە؛ ئایا ئەو کەسەی دڵی لای تۆیە لەسەر ڕێگەی تۆدایە، دەبێت چۆن تۆ بپەرستێت؟

ئەی گەورەترین دادوەر؛ دڵم لە خۆشەویستی تۆدا لێوان لێوە. ئایا دەکرێت لە ڕووناکی ڕاستی و دروستی لە یارمەتیدانت سوودمەند ببین و دڵمان لە ڕووناکی پاکی سروشت، ڕوون ببێتەوە؟

**ئەی خواوەند (!) سەرچاوەی باشترین و بەرزترین ژیانی پاك کامەیە؟ چ کەسێك دروستکەری سەرچاوەی ڕاستی بوو؟ چ کەسێك ڕێبازی ئەستێرەکان و خۆری دەستنیشان کردووەو مانگی یەکشەوە دەکات بە مانگی پڕو مانگی پڕیش دەکات بە یەك شەوە؟ داوای سەربردەی نیشانەکان و نهێنیەکانی سروشت لە تۆ دەکەم.**

**کێیە لە خوارەوە چاودێری زەوی و لە سەرەوەش چاودێری ئاسمان دەکات؟**

**کێیە دروستکەری ئاو و گیا؟**

**کێیە ئەو کەسەی بزاڤ بە باو بە هەوری تاریك و بارانی زوڵاڵ دەبەخشێت؟**

**دروستکەرو ئیلهام بەخشی سروشتی پاك کێیە؟ کام ڕێکخەری گەورە، تاریکی و ڕۆشنایی و خەو و بێداری دروستکردوە، شەو و ڕۆژی هێناوەتە کایەوە، کە هۆشیارکەرەوەی مەردی زانایە. ئایا ڕاستە ئیمان و ئەوینی یەزدانی لەناو تیشکی کرداری چاکەو ڕاستی و دروستیدا گەشە دەکات؟**

**ئایا ئەو جیهانە بەرهەمدارەت دروستکردوە کە شادی و فراوانی بە ئێمە ببەخشێت؟..**

زەردەشت لە بەندی حەوتەم لە سرووودی گاتەکاندا وەڵامی ئەم پرسیارانەی داوەتەوە:

**(ئەی گەورەی دادوەری بوونەوەر بەخش!**

**تێدەکۆشم تا لە ڕووناکی عەقڵی پاکی تۆی دروستکەر، هەموو شتێك بزانم)**

کارناسێکی خۆرئاوایی دەڵێت: ئەوەی لە گاتەکاندا گەلێك ئاشکرایە، ئەوەیە؛ خوای زانا تەنها دروستکەرە، تەنانەت دروستکەری ڕۆحەکانی ئەوانەشە، کە لە دەوروپشتی ئەودان، زەردەشت بە ڕاشەکاویەوە دروستکەری هەموو بوونەوەرێکی جیهان بە (مزدا) دەناسێت؛

**(تۆ ئەی ئاهورامزدا! بە دروستکەری هەموو ئەم شتانەت دەناسم)**

ئەم کارناسە خۆرئاواییە جەخت دەکاتەوە دەڵێت: تەنانەت لە سەردەمی ساسانیەکانیشدا ئاهورامزدا تەنها خوای زەردەشتیەکان بوو.

"بارتلمە" دەڵێت: نوێکاری زەردەشت ئەوەیە، لەباتی چەندین خوا کە هەبوون، یەك خوای زانا (ئاهورامزدا)ی لە جێگەیاندا دانا.

پڕۆفیسۆر "گری" دەڵێت: ئاینی زەردەشت لە (دوالیسم= دووخوایی)یەوە گەلێك دووربوە، لەبناغەدا ئاینێکی یەکتاپەرستیە.

کارناسێکی دیکەش دەڵێت: ناوەرۆکی گاتەکان، لەجیهانی چەند خواییەکانی ودایی‌ەکان ئاوێستای ئەم دواییە بەتەواوی دوورو چۆڵە، زەردەشت تەنها یەك خوا دەناسێت، کە بەسەروەری دانا ناوی دەبات.

**(ئەو دروستکەرو سەروەرێکە، خۆرو ئەستێرەکان لە ڕێبازی خۆیانەوە ڕەوانە دەکات. ئەو دروستکەرو سەروەرێکە، توانەوەو گەشەسەندن بە مانگ دەبەخشێت. ئەو زەوی لەخوارەوەو هەورەکان لەسەرەوە قایم ڕادەگرێت).**

"مستد" دەڵێت: زەردەشت یەکتاپەرستێکی واقعی بوو، بۆ ئەو ئاهورامزدا بە تەواوی مانای واقعی وشەکە بەتەنها خوایەك دەژمێردرا.

یـەك كارناسـی خۆرئـاوایی دەڵێـت: خواوەنـد لـە ئـاینی زەردەشـتا، دروستكەری هەموو شتێكە..

"ویـل دورانـت" دەڵێت: لەگـەڵ ئەوەشـدا، هێشتا لێكۆڵینەوەیـەكی نـوێ سـەبارەت بـە زەردەشت پێنەگەیشتوە، لەهـەمان كاتیشدا ئـاینی زەردەشـت ئـاینێكی یەكتاپەرسـتیە و (ئەمشاسـپندان) خاسـیەتەكانی خـوان، بـەڵام پـەیڕەوكارانی زەردەشـت، خوویـان بەچـەند خوایەكـەوە گرتبـوو، ئـەم خاسـیەتانەیان بەشـێوەی بونـەوەرانێك لێكداوەتـەوە، كـە بەفـەرمانی (ئاهورامزدا) جیهانیان دروستكردوەو بەڕێوەی دەبەن.

بـەم شـێوەیە، یەكتاپەرسـتییەكی شـكۆدار، بـەهۆی دامەزرێنـەری ئـەم ئاینەوە پێشچاو خرابوو، هەروەكو مەسیحیەت بە (چەند خوایەك) ئـاڵوگۆڕ كرا!. زەردەشت ڕۆحە ناپاكەكان، بە خواكانی ساختەو كەڵـەك دەزانێت، كە بەرهەڵستی لە پێشكەوتنی مرۆڤ دەكەن..

"گیلگـر" دەڵێـت: (لـە ئـاینی ئاریاییـە دێرینـەكاندا، كـە لەگـەڵ هیندیەكاندا مەزهەبێكی هاوبەشیان هـەبوو، چـەندین خـواو هێزەكـانی سروشت -هەریەكـەیان بـەگوێرەی پێویست- لـە حوكمـدا بـەتواناترین و دەسـتەڵات دارتریـن خواكـان دەردەكـەوتن، بـەڵام لـەئاینی زەردەشـتا شـوێنەواری ئـەم جـۆرە دیاردانـە نیـە، تـەواوی هێزەكـان و دەسـتەڵاتە جۆربەجۆرەكان لە خوایەكی یەكتاپەرستی و بوونەوەرێكی سەردەسـتەی هـەمواندا كۆبۆتـەوە. مەزهـەبی چـەند تاپەرسـتی گـۆڕا بـە ئـاینی یەكتاپەرستیی زەردەشت[١٢٩].

ماموستا "مرتضی مطهری" دەڵێت: ئەوەی لـەبارەی زەردەشتەوە تـەواو ڕاستە، ئەوەیە، كە ئەو خەڵكی بۆ یەكتاپەرستی بانگكردوە، ئـاهورامزدا لـە

ڕوانگەی تایبەتی زەردەشتەوە ناوی خوای نەبینراوە، دروستکەری جیهان‌و مرۆڤە. تەنها بوونەوەرێکە کە شایستەی پەرستنە. زەردەشت ڕەسمەن خـۆی بـە نـێردراوی ئـاهورامزدا دادەنێـت، خـەڵکی لـەدێو پەرسـتی، کـە لـەو سەردەمەدا باوی هەبوو، دووردەخستەوە[١٣٠].

"جان ناس" دەڵێت: ئاینێك، ئەم پێغەمبەرە ئێرانیـە ڕێنومـایی دەكات، ئاینێکی ڕەوشتییە و ڕێگایەکی یەکتاپەرستیە. زەردەشـت خـوای پەرسـتن و بڵندی ئاینەکەی خۆی، نازنـاوی ئـاهورامزدای لێنـاوە، یـانی خـوای حـەکیم. ئەم ناو لێنانە لە داهێنانی زەردەشت نـەبوە، بـەڵکو لـە نـاوی (مـزدا)وە، کـە لـەو ڕۆژگـارەی ئـەودا دەناسـراو ئاشـکرابوو، وەریگرتـووە. بێگومـان هـەموو خەڵك (ئاهورامزدا)یان بە خوای جیهان و سروشت دەزانـی، ئـەویش لـەلای ئاریەکانی هیندستان هەمان خوایە، کە بە نازناوی (وارو نـا) دەیانپەرست.. هـەندێك لـە کارناسـان، لەسـەر ئـەو بـاوەڕەن زەردەشـت (ئـاهورا مـزدا)ی لـە گاتەکاندا بە خوای گەورە داناوە، کـە ئاسمانـەکانی وەکـو کـراس و عەبایـەك کردۆتە بەر خۆی و خۆی پێ داپۆشیوە.

(وارونـا)ش هـەر لـەم پەیوەندیـەدا بـوو، لـە بەرئـەمـە (ئـاهورامزدا)ی ناونراوە. بە هەمان شێوە نازناوی (شـیوا)یـانی (موبـارەك =پیرۆز) لـە بـاتی نـاوی کۆنـــی (رودرا) بـەکارهێنراو بـاوی پـەیداکرد. (ئـاهورامزدا) بـۆ گەورەیەتی ئەو خوایـە بـەکارهاتوە. ئـاهورا دروسـت هـەمان وشـەیە کـە بـە زمانی ودائی (ئاشورا)ی پێدەڵێن. ئەم گوێزانەوەی مانایە لەم وشەیەدا وردە وردە لە مەفهومی ئەسڵی خۆی لایداوەو مەفهومێکی دیکـەی لـەخۆ گرتـوە. لە ئێرانی زەردەشتا ڕێگەیەکی پێچەوانەی گرتە پێش. ئەو ناو و نازناوانەی هەڵبژارد کە لەگەڵ مەفاهیمی هیندیدا دژایەتی هەیە.

ئەو (مزدا)ی بە گەورەی ئاهورای ڕاستەقینە زانی. عیبادەت و پەرستنی بە شایستەی (سروشتی ڕها = ذات مطلق) دەزانی. بەڵام لەوە دەترسا دانیشتوان بە گشتی (مزدا) بە دروستی نەناسن و بکەونە ژێر ئامۆژگاریەکانی پێشەوا ئاینیەکانی ئێرانی دێرین، چونکە ئێرانیە دێرینەکان، باوەڕیان بە (دێو)ەکان یان ڕۆحە ئاسمانیەکان هەبوو؛ لەبەر ئەمە پەییان بە گەورەیەتی (ئاهورامزدا) نەدەبرد. پێشەوا ئاینیەکانی پێشوو لەم ڕێگایەوە دەستیان بە ساحری و جادوگەری کرد، بە ناوی (دێو)ەکانەوە قوربانییان لە خەڵکی وەردەگرت، زەردەشت بۆ نەبەرد لەگەڵ پێشەوا ئاینیەکانی ساحیرو جادوگەر بە ڕاشکاوی ڕایگەیاند، کە (دێو)ەکانی خوای مووغە تورانیەکان، هەموویان ڕۆحی شەریر و زیانکارن و لەگەڵ ڕۆحە چاکەکان و پاکەکاندا لە نەبەردان، ئەوانە باوکی درۆن و فریودەری سروشتی پاکن. ئوسوڵی ڕێنومابییەکانی زەردەشت ئاوایە:

١- بە (پەیڕەوانی دەرخستنەکان=مکاشفات) ئیلهاماتی خودی خۆی ڕایگەیاندوە و لە گاتەکاندا جەختی لەسەر کردوەتەوە، کە (پێغەمبەر)ە و نێردراوی ئاهورایە، خواوەندە ئەوی هەڵبژاردوە، فەرمانی پێداوە و ئاینەکەی باشترین و پێگەیشتووترین ئاینە.

٢- لەو هەموو ڕۆحانەدا، تەنها یەك ڕۆحی باش و چاکییان کە (ئاهورامزدا)یە پەسەند کرد، ئەوی بە بەرزترین و گەورەترین خواکان زانی. دروستکەرو زاناو بەرزترین ڕۆحە ئاسمانیەکان بڕیاری دا هەتا هەتایە لەگەڵ خراپەو درۆدا بە نەبەردو لێکدانەوە خەریك بێت، بۆ ڕاستیو راستگۆیی ڕابەربێت. بە پێچەوانەی باوەڕی هەندێکی دواکەوتووتر لە کۆمەڵگای زەردەشتییان، ئەو پێغەمبەرە دێرینە وتی: (بە پێی خواست و

ئیرادەی بڵندی ئاهورامزدا، تەواوی بوونەوەرەکان دروستکران، هەروەکو لە (ئایەتی) کۆتایی گاتەکاندا بە ئاشکرا دیارە. ئاهورامزدا، هۆکارو دروستکەری ڕووناکی و تاریکیە.

٣-ئاهورامزدا ئیرادەی پیرۆزو ئاسمانی خۆی بە هۆی ڕۆحی پیرۆزو دەروون چاکەوە، لە (هێز)ەوە بەکاردەهێنێت، ئەویش (سپنتا مئی نو)ی ناوە. کرداری یەزدانی ئەو بە یارمەتی ڕۆحە پیرۆزەکانەوە، کە (ئەمشاسپندان) یان پێدەوترێت، جێبەجێ دەکرێت..

٤-وێڕای ئەوە ئاهورامزدا لە تەختی شکۆداری خۆیدا هیچ دژایەتیو خراپییەکی نیە، لەگەڵ ئەوەشدا زەردەشت لەو باوەڕەدایە، لە بەرانبەری هەر چاکەیەکدا خراپەیەك هەیە، هەروەکو لە بەرانبەر هەر ڕاستی و حەقیقەتێکدا، درۆ و ناڕەواییەك جێگەی خۆیان کردۆتەوە. لە بەرانبەر زیندویەتی و ژیاندا مەرگ ڕاوەستاوە. هەر بەم ئەندازەیە، لە بەرانبەر ڕۆحی پیرۆزو پاکی (سپنتا مئی نو) ڕۆحی شەریر و ناپاکی (ئەنگرە مئی نو) کە بە مانای (ڕۆحی پیس) دێت جێگەی خۆی گرتوە. لە ناوەرۆکی کتێبی گاتەکاندا دەردەکەوێت، زەردەشت بە هەمان شێوە هەمیشە لە جیهانی سروشتدا بۆ پاککردنەوەو خاوێنکردنەوە، بانگ لە توخمی خراپ و بوونەوەری ناپاك دەکات. لە ژیانی مرۆڤیشدا مرۆڤ بۆ ڕەوشتی چاکەو خواپەرستی و خۆ پاراستن لە درۆ و خراپە بانگ دەکات. لەسەر ئەو باوەڕەشە ئەم دژایەتی و دوو جەمسەریەی نێوان هەردوو توخمی چاکە و خراپە، لە سەرەتای دروستبوونی گەردوونەوە هەیە.

(ئێستا دوو ڕەوانی سەرەتایی لەم جیهانەدا، وەکو جمك خۆ دەنوێنن؛ یەکێکیان چاك و یەکێکیان خراپ، لە (بیرو وتەو کرداردا) زاناکان لەم دوانە

چاکەکەیان هەڵبژارد، نەفامەکانیش خراپەیان هەڵبژارد. ڕۆژی یەکەم ئەم دوو ڕەوانە بە جووتە پێکەوە پەیدابوون، یەکێکیان ژیان و بونەوەری هەڵبژارد، ئەوی دیکەشیان ویرانەو نەبوونی هەڵبژارد. لە ئەنجامدا شوێنی هەمیشەیی خراپکاران (دۆزەخ)ەو دەبێتە بەهرەی پەیڕەوانی درۆ، بەڵام ئەندێشەی پاك و جێگای هەمیشەیی چاکان (بەهەشت)ە و بەنسیبی پەیڕەوانی ڕاستی دەبێت. لەم دوو ڕەوانە جمکە، ئەو یەکەیان لە خوارەوەیە پەیڕەوی درۆیە، هەمیشە شتە خراپەکان هەڵدەبژێرێت، بەڵام ئەوی دیکەیان پاك و بڵندە، خوازیاری ڕاستی و چاکەیە. ئەم جوتە ڕەوانە جمکە، لە سەرەتای دروستبوونی جیهانەوە، ئەو یەکەیان کە پاککردارو چاکە لەگەڵ ئەوی دیکەدا، کە دوژمنیەتی ئاوای پێوت: تاکو کۆتایی جیهان نە لە جیهانی کردار و وتەو سروشت و نە لە جیهانی ئەرواح و مادەدا ئێمە هەرگیز هەم ئاهەنگ نابین.

بە پێی ئەم بڕیارە لە یەکەم ڕۆژی جیهانەوە، ڕەوانی (چاکە) و (خاوێن) لە ئاهورامزداوە سەرچاوە دەگرێت، لەگەڵ دوژمنایەتی و جیاوازی ڕۆحی ناپاك و پیسدا ڕووبەڕوو بۆتەوە. ئەم (ڕەوانە پیسە) هەر ئەوەیە لە ڕۆژگارەکانی دواییدا بە ناوی (شەیتان)ەوە نوسراوە. دەقەکانی کتێبی زەردەشتی، لە بارەی ئاستی لێپرسینەوەی (ئاهورامزدا) لە مەسەلەی ڕۆحی شەریرەوە، گەلێك تاریك وناديارەو نازانرێت (ئەنگرا مئی نو) یانی ڕۆحی پیس، هەر لە ڕۆژی ئەزەلدا لەگەڵ ئاهورامزدا پێکەوە دروستبوون یان ئاهورامزدا لە دواییدا ئەوی دروستکردوە. بە عیبارەتێکی دیکە: ئایا ئاهورامزدا ڕەوانی ناپاکی ئەهریمەنی دروستکرد، یاخود (ئەنگرە مئی نو}ش بوونەوەرێکی پیس بوو. (مزدا) دەریخست- واتە کەشفی کرد- لەم

ڕوەوە هەر شوێنێك (چاك) بوو خراپەی لە بەرانبەردا دانا، لە هەر شوێنێکدا ڕووناکی هەبوو، لە بەرانبەریدا (تاریکی) دانا، هەرچەندە بە ئاشکرا سروودەکانی گاتەکان بەرودوا لەسەر بۆچونی دووهەمە، بەلاّم بەتەواوی نەزانراوە لە دەقەکانی دیکەی ئاوێستادا ئەمە بە چ شێوەیەك نیشان دراوە. چۆن رۆحی ناپیرۆز و ڕەوانی پیس (ئەنگرە مئی نو) بە شێوەی شەیتانی لێهاتوە، کە هەمیشە لەگەڵ ئاهورامزدادا بۆ خۆی خواو دورستکەری ئەوە لە جەنگ و پەیکاردایە.

٥-خاڵی سەرەکی و پایەی بنچینەیی ڕەوشت لە ئاینی زەردەشتا لەسەر ئەم بناغەیەیە، کە نەفس و ویژدانی هەرکەسێك مەیدانیکی نەبەرد و ناکۆکی هەمیشەییە لە نێوان خێرو شەڕدا، سینگی مرۆڤ تەنوورێکە، ئاگری ئەم جەنگە هەمیشەییەی لەناودا بڵێسەدارە. لە ڕۆژێکەوە ئاهورامزدا مرۆڤی دروستکردوە، مرۆڤی لە هەڵبژاردنی کارەکانیدا ئازاد کردوە. بۆ ئەوەی خۆی کارەکانی خۆی هەڵبژێرێت، یانی تواناو هێزی هەڵبژاردنی پێداوە، لە نێوان دوو ڕێگەی (هەڵە و ڕاست)دا هەرکامێکیانی دەوێت هەڵیبژێرێت. هەرچەندە ئاهورامزدا بەهۆی هێزی چاکەوە یانی (سپنتا مئی نو) و هەم بە یارمەتی (وهومنە)، هەمیشە مرۆڤ بەرەو ڕاستی ڕادەکێشێت، بەلاّم لە هەمان کاتدا، هێزی (خراپە) و (ناشیرینی) کە (ئەنگر مئی نو)یە لەودا دەرکەوتوە، هەمیشە لە مێشکی مرۆڤدا وەسوەسە دەکات. لەم ڕوەوە ئەرکی سەرشانی هەر مرۆڤێك ئەوەیە لە دڵی خۆیدا لە نێوان ئەو دوو بانگەوازەدا وەلاّمی یەکێکیان بداتەوە، یانی ملکەچی فریشتەی چاك بێت و چاکە هەڵبژێرێت، یان ئەوەی کە وتەی دێوی بیستووەو ڕێگەی (خراپ)ە هەڵدەبژێرێت، ئەڵبەتە پیاوچاکان خراپە پەسەند ناکەن.

٦-بەڵام چاكەو خراپە، لە كتێبە زەردەشتیەكاندا وەكو پێویست بە ڕوونی لێی نەدواون، ئەڵبەتە لە دەقی گاتەكاندا، بریتین لە سروودو موناجاتەكان، ئەمەش وەكو كتێبێكی پەیقیو فەلسەفی ڕووناك نیە. ناتوانین لەمڕووەوە چاوەڕوانی ڕوونكردنەوە و لێدوانی زیاتری لێبكەین، بەڵام ئەوەی لە ناوەڕۆكیانەوە دەردەكەوێت دەتوانین بەڕوون و ئاشكرا جیاوازییەكانی كرداری خراپ و چاكە لەنێوانیاندا دەستنیشان بكەین. بۆنموونە، مرۆڤی كردار چاك و ڕاست لە ڕوانگەی زەردەشتەوە، ئەو كەسانەن ئیمان بەدینی (بەهی) دەهێنن، مرۆڤی (بەد كردار و تاوانبار) ئەو كەسانەن ڕوویان لەئاینی مزدا وەردەگێڕن، بەتایبەتی ئەوانەی ئاینی دێرینی نەزانەكان كە بریتی بوو لە دێوپەرستن و دێوپەرستییان هەڵبژاردوە. لە دەقی گاتەكاندا بە باشی دەردەكەوێت دێوەكان لە ڕیزی (ئەنگرە مئی نو)دان، لە ئەنجامدا هەركەسێك پەیڕەوییان بكات، لە سەردەمی ژیانیدا لە ڕیزی بەدكاران و شەریرەكاندا، خۆی دەبینێتەوە. ئەم جۆرە كەسە خراپكارانە، نابێت وازیان لێ بهێنرێت. بەڵكو دەبێت بە چەكی كوشندە و كەرەسەكانی جەنگەوە، لە گەڵیاندا بجەنگین.

.. (من "دێو" دووژمنمە و " مزدا" دەپەرستم.

**من پەیڕەوی زەردەشتم كە دووژمنی دێوان و پەیامبەری یەزدان بوو ستایشی ڕۆحی پیرۆزو نەمرەكانی (ئەمشاسپندان) دەكەم و بە خوای زاناپەیمان دەدەم، هەمیشە چاكەو كرداری چاك بكەمە پیشەم ڕاستی هەڵبژێرم. لەگەڵ (فەڕی ئیزەدیدا) باشترین كارەكان بگرمە پێش، لەبارەی (گا)وە كە لە بەخششەكانی (فرد=خوا)یە دلۆڤان بم، یاسای دادوەری و تیشكە گەردوونیەكان و ڕووناكیە ئاسمانیەكان**

**کــــه ســــەرچاوەگــــەلێکی یەزدانین، ڕێزیـان لێبگرم. مــن فریشتـەی (ئەرمی تی)، (سپندارمز) کە پاك و چاکە، هەڵدەبژێرم؛ بەهیوام ئەویش لەگـەڵ منداببێت. لـە دزی و نابـەکاری و ئـازاری گیانلەبـەران و وێرانـــی و لەناوبردنی دێهاتەکان و ئەو شارانەی مزدا پەرستانی تێدایە خۆم بپارێزم)**

٧- لە مەراسیم و ئاداب و خواپەرستی ئەرکە ئاینیەکان لە مەزهەبی ئەسڵی زەردەشتا شتێکی گرنگ نەماوەتـەوە، هـەر ئـەوەندە دەزانرێـت زەردەشت ڕێوڕەسمی ئاریەکانی دێرین، کە پشتیان بـە بـاوەڕی سیحرو جـادو و بتپەرستی دەبەست، بـە تـەواوی هەڵیوەشـاندەوە. تەنـها یـەك ڕێورەسـم و یـەك جـۆر خواپەرستی لـە ڕۆژگـاری زەردەشـتەوە بۆمـان ماوەتەوە. هەروەکو دەڵێن: زەردەشت لە کـاتی ئـەنجامدانی نەریتـەکانی پەرستندا، لـە بەرانبـەر میحرابـی ئـاگری پـیرۆزدا، کـوژراوە و لـە کـاتی خواپەرسـتیدا گیـانی دەرچـوە. لـە سـرودێکی گاتـەکاندا هـاتوە، کـە زەردەشت دەڵێت:

**(لە کاتێکدا لە بەردەم ئاگری پیرۆزدا نیازێك پیشکەش دەکەم، خۆم بەڕاست کردارو کردار چاك دەزانم).**

لە شوێنێکی دیکەدا ئاگری پـیرۆز بـە بەخششی یـەزدان دەژمـێرێت، کە (ئـاهورامزدا) ئـەوی بـە مـرۆڤ بەخشـیوە. بـەڵام دەبێـت ئـەوەش بزانـین زەردەشت ئـاگری نەپەرستوە، ئـەو بـاوەڕە پێشینان و بـاب و باپـیرانی ئـەو لەبارەی ئاگری پـیرۆزەوە هـەیانبوە، ئـەو نـەیبوە. بـاوەڕی زەردەشـت لەگـەڵ ئەو باوەڕەی لە دواییدا ئاگر پەرستەکانی دوایی نیشانیان دەداو پـەیڕەویان لێدەکـرد، جیـاوازبوو. بـەڵکو زەردەشـت ئـاگری بـە تەنـها هێمایـەکی پـیرۆزو نیشانێکی گرانبەهای ئاهورامزدای دادەنا، بە هۆی ئەوەوە دەتوانین پـەی بـە

ناوەرۆكی ڕاستی و بڵندی خوای زانا ببەین. ئەمەیە بە شێوەیەكی كورت دەتوانین كەمەكێك لە دەریای مەنتیق و فەلسەفەی زەردەشت هەڵگۆزین،

٨-لە ئەنجامدا ئەم نەبەردو ناكۆكیەی نێوان چاكەو خراپە، بە چ شێوەیەك كۆتایی دێت؟.. هەرچەندە زەردەشتیەكان لە سەردەمەكانی دواییدا، ماناو لێكدانەوەیان لەسەر بناغەی لەبیرچوونەوەو هەڵەیان لەم ئاینەدا بەكارهێنا، بەڵام ئەوەی كە سەلمێنراوە ئەوەیە، زەردەشت بەبێ هیچ گومانێك لەو باوەڕەدا بوە، هەركاتێك دەوری ڕۆژگار تەواوبێت، ئاهورامزدای پیرۆز بەسەر دوژمنی ناپاك و بەدكرداری خۆیدا سەردەكەوێت. لە هیچ ڕوویەكەوە لەو باوەڕەدا نەبوە هێزی ناپاكی ئەهریمەن وەكو هێزێكی ڕەوان بەخشی چاك و پاك و نەمرو هەمیشەیی بێت.

زەردەشت بە ئەندازەیەكی تەواو خاوەنی ڕۆحێكی پڕ لە هیواو ئومێدەواری بوە، ئیمانی بەوە هەبوە لە ئەنجامدا چاكە بەسەر خراپەدا زاڵ دەبێت و سەردەكەوێت..

بەڵام ژمارەی كردارو دادوەری لە نێوان كارە خراپەكان و چاكەكاندا، لە هەمان كتێبەوە، بە شێوەیەكی تەمومژاوی وا دەردەكەوێت كەمێك لە دوای مردن (دادگایی) كردنی مردوو، دەست پێدەكات. چارەنووسی ڕۆحی مردوو لەوە بە دواوە دەردەكەوێت، هەتاكو ئەو كاتەی (هەستانەوە = قیامەت) لە كۆتایی جیهاندا بەرپا دەبێت. ئەڵبەتە ئایەتەكانی ناو گاتەكان، لەم ڕووەوە گەلێك تەمومژاوی و كورتە. دەتوانین ئەویش بەم شێوەیە لێكبدەینەوە: دەبێت هەموو ڕۆحێكی چاك یان خراپ، لە ڕۆژی هەستانەوەدا بەسەر پردێكی جیاكەرەوەدا (پردی چنوات) تێپەڕێت. ئەم پردە بەسەر دۆزەخدا ڕاكیشراوە، لەو سەرەكەیەوە بە درگای بەهەشت كۆتایی دێت. لەسەر ئەم

پردە نامەی کـرداری ڕۆحـەکان دەخوێنرێتـەوە، هـەموو کردارەکـانی بـاش و خراپ لە دووتای شـایەنێکدا دادەنێـن، دەسـتە گیرەی شایەنەکە بـە دەسـتی ئاهورامزداوەیە، ئەگەر تـای چاکـەی شایەنەکە لـە تـای خراپەکـەی قورسـتر بێت، هەر لەوێدا ئەو ڕۆحە بەرەو بەهەشت دەکەوێتە ڕێ. بەڵام ئەگەر تای خراپەی شایەنەکە قورستر بێت، ئەوا دەیهاوێژنـە نێـو قووڵایـی دۆزەخـەوە. کردار چاکەکان بـە یارمـەتی زەردەشـت لـەو پـردە بـە ئاسـانی و بـە بێـوەی، دەپەڕنەوە. بەڵام بەدکاران هیچ ڕێگاو شوێنێك شك نابەن تا لێوەی هەڵبێن، جگە لە کەوتنە خوارەوە بۆ قووڵایی دۆزەخ هیچ چارێکیان نیە.

زەردەشت دەڵێت:

**(ئیرادەی مرۆڤ تەنها هۆکاری دیاریکردنی چارەنووسی کۆتایی مرۆڤەو بەس)**

زەردەشت لە بارەی جەنگی ئەبەدیەوە ئاوا دەڵێت:

**(ڕۆحی ناپاك یان نەفسی پیسی مرۆڤ لە کاتێکدا بە پـردی (جیاکردنـەوە= چنوات) دەگـات، دوچـاری ئەشـکەنجەو سـزا دەبێـت و هەتاهەتایـە لـە خانـەی درۆزناندا زیندانی دەکرێت !)**

بە هەڵەداچووانی تاوانبـار لـە بەرانبـەر ویژدانـی خۆیانـدا بـە گوناهبـار تاوانبار دەکرێن، بەپێی خۆیان بەرەو چارەنووسی خویان دەکەونە ڕێ.

بە پێی گاتەکان دۆزەخ یان (خانەی درۆ) شـوێنێکە بـە نـاوی شـوێنێکی ناخۆشـەوە نـاونراوە، لـەوێدا بـیری نابـەکارو ئەندێشـەی نادروسـتی تێدایـە. سەر زەمینێکە بۆگـەنی لێهەڵدەسـتێت، پڕیـەتی لـە پیسـی و خـاکوخۆڵ، لـە قووڵایی تاریکاییەکەوە هاواری شـیوەن و ناڵـەی خـەم دەگاتـە گوێـی مـرۆڤ، هەرکەسێك بکەوێتـە ئـەو شـوێنەوە، تەنـها بـە ئەشـکەنجەی هەمیشـەیی سزادەدرێت. بە پێچەوانەی ئەمەشـەوە ڕاسـتکاران لەوسـەری پردەکـەوە، لـە

خانــەی ئاوازەکــاندا، بــە وتــەی گاتــەکان (بــە هەشــتی بــەرز) جێگایــەك هەڵدەبژێرن، ئەو شوێنە (جێگای خۆشییە)، سەر زەمینــی ئەندێشە و بیرو وتەی چاکە و پەسەندە. هیچ کاتێك خــۆری لێ ئــاوا نــابێت، کــردار چاکــەکان لە وێدا لــە بەرەکـەت و خۆشــی ڕۆحیــی بەهرەمــەند دەبــن. لەگــەڵ یــاران و هاوڕێ بەختەوەرەکانیاندا ڕۆژگار بەسەر دەبەن.

لە وتەکانی زەردەشتەوە وا دەردەکــەوێت زەردەشــت لــە ڕووی دڵسۆزی و سۆزەوە باوەڕی بەوە هەبوە، ئاینی بەهی و ئاینی مزدا لــە ئــەنجامدا گــەلێك پــەیڕەو و باوەڕپێکراویــان دەبێــت. لــە ئــەنجامدا بەســەر هۆکارەکــانی شــەڕو ئەهریمەندا سەردەکەون و کامــەران دەبــن، ئومێدەواریــش بــوە هــەندێك لــە پــەیڕەوانی ئــاهورامزا هــەروەکو خــودی خــۆی لــە دواییــدا بــۆ ڕزگــاری و ڕابەرایەتی نەوەکانی مرۆڤ بێنە کایەوە. ناوبراو ڕزگارکــەرانی ئــایندەی بــە (ساوشیان= سوشیانت = سیاوس)ی ناوناوە. زەردەشت لەگەڵ ئەوەشدا، هیــچ گومانی لەوەدا نەبوو، ئاهورامزدا لە ئەنجامی کاردا کامەران و ســەر کــەوتوو دەبێت. لەگەڵ ئەمەشدا دەڵێت: **نەوەکو ئەم خەڵکە، کــە گــەواهی نــاکۆکی و جەنگی نێوان ڕاستی و درۆن، وازیان لە ڕاستی هێنابێت و درۆ هەڵبژێرن**[١٣١].

**ئەلف؛ (نیاپش= دوعاو پاڕانەوە) لە ئاتەشکەدەدا؛**

(پاکی ئاگرو پاراستنی لە گەردو پیسایی، یەکێکــە لــە ڕێوڕەسمی گرنگی زەردەشــتیەکان. پــیرۆزترین ئــاگر ئــەو ئاگرەیــە لــە شــازدە ئــاگری جیــاواز ســازدرابێت. هــەر یــەکێکیان بــە نــۆرە و لــە چوارچێــوەی زنجیرەیــەك خواپەرستی درێــژو مەراسـیمی درێــژ خایــەندا پلەیــەکی پــیرۆزی پــەیدا کردووە. نەریتی پاککردنەوەی ئــاگریش ئاوایــە؛ چــەن لقــەدارێکی ســەندل و

بۆندارو تاشراو کۆدەکەنەوەو لەسەر بڵێسەی ئاگرێك دایان دەنێن، بە بێ ئەوەی دەستی لێوەبدرێت، بە پارچە ئاسنێك چاودێری لێدەکەن، کڵاو ڕۆژنەیەکی بچوك لە نێوان دارەکاندا دەهێڵنەوە، لەو کڵاوڕۆژنەشەوە داری سەندەلی وردکراوی تێدەکەن، لە دواییدا ئەو کۆمەڵە دارە ئاگریان پێوە دەنێن، دەست بە خوێندنەوەی دووعاو سروودەکان دەکەن، ئەم کارە نەوەدو یەك جار دووبارە دەکەنەوە. چەند ئاگری دیکەش هەن لە ئەسڵدا هەریەکێکیان بە پرشنگی (بەرق = بروسکە) یان لەیەك خشاندنی دوو بەردە چەخماخ، یان لە ئاگری تایبەتی پەرستگاکان و بتخانەکان و شوێنی ئارەق کردن و ماڵە پیرۆزەکان و پیاوچاکان داگرسابێت و هەریەکێکیان لە پلەوپایەی پیرۆزو خاوێنی جیاوازدان.

لە ئەنجامدا شازدە ئاگری خاوێن، کە مووبدەکان لە ١٦ سەرچاوەی جۆربەجۆرەوە کۆیانکردوەتەوە، لە کورەیەکی پیرۆزدا لە ئاگرداندا دادەگرسێنن و دەیکەنەوە. موبدەکان لە کاتێکدا بە پارچەیەکی ناسك دەمی خۆیان هەڵبەستوە، لە دوورەوە هەناسە دەدەن، ئەو ئاگرە دەکەنەوە، ئاگردان لە ناوەندی ژووری ناوەندایە پڕە لە خۆڵەمێش، لەوێدا چارپایەکی بەردینیان داناوە، بە نۆرە موبدەکان ئاگرەکە بە لقە داری بچوك بچوکی سەندل خۆشدەکەن و دایدەگرسێننەوە، هەمیشە دەستەسڕێکیان بە دەمیانەوە هەڵبەستوە، بۆ ئەوەی نەوەکو هەناسەیان بەر ئاگرە پاك و گەشاوەکە بکەوێت و پیسی بکات. هەروەها لە بەرانبەری ئەو (توخمە = عونصرە) خواییەدا خۆیان لە پژمەو کۆخە دەپارێزن. ئیماندارانی زەردەشتی، لەهەر کاتێکی ڕۆژدا بیانەوێت دەتوانن بە تەنها بڕۆنە نیو ئاتەشکەدە، پێش چوونە ژوورەوەی پەرستگا، دەموچاویان پاك دەشۆن،

بەشێکی ئاوێستاش دەخویننەوە، بە تایبەتی دووعاکان دەخوێننەوە، لە دواییدا کەوشەکانیان دادەکەنن، دەچنە ژووری پەرستگاکەوە، لە بەرانبەری ئاگردانی پیرۆزدا نوێژدەکەن. دیاری و نیازێك و هەندێ داری سەندەل پێشکەش بە موبد دەکەن. لە بەرانبەر ئەمەشدا هەریەکەیان کەوچکێك خۆڵەمێشی پیرۆزی لێوەردەگرن، ئەو خۆڵەمێشە پیرۆزە، بە نیازی بە دەستهێنانی گەورەیی و بەرەکەت لە ڕوخساری خۆیان دەسوون، لە دواییدا ڕووە و ئاگرەکە سەری ڕێز دادەنەوێنن و نوێژو دووعاکانیان دەخوێننەوە، لە هەموو کاتێکدا ئەو ئاگرە بە هێماو نیشانەیەکی یەزدانی دەزانن، نەك بە خودی خوای بزانن، لە دواییدا بە هێواشێك پشتاوپشت دەڕۆن تا دەگەنە کەوشکەنەکە، دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە. گرنگترین زیارەتی ئاتەشکەدە لە ڕۆژی نەورۆزدایە، لەو ڕۆژەدا زەردەشتیەکان سەرلەبەیانی زوو لە خەو هەڵدەستن، خۆیان دەشۆن و بەرگی نوێ لەبەردەکەن و ئەڕۆن بۆ ئاتەشکەدە. مەراسیمی (دوعاو پاڕانەوە= نیایش) بەجێدەهێنن، لە دواییدا خێر بە هەژاران دەدەن، لە تەواوی ئەو ڕۆژە پیرۆزەدا، بە دیدەن و سەردانی دۆستان و ئاڵوگۆڕی چۆنی و چاکی و گەردن ئازادی، بە پێشکەشکردنی پیرۆزبایی و جەژنانە بە شادی و خۆشی بەسەر دەبەن)[١٣٢].

**ب-ڕۆحانیەکانی زەردەشت:**

(بەڕێوەبردنی ژیانی مەزهەبی زەردەشتیەکان لە ئەستۆی موبدەکاندایە، یانی چینی ڕۆحانیەکان. ئەوانە کە بە (بۆماوە= ئیرس) لە ڕۆژگاری دێرینەوە، لە باب و باپیرانی مەجوسی خۆیانەوە، ئەو پیشەیان بۆ ماوەتەوەو پاراستوویانە. بە پێشەوا گەورەکانیان دەڵێن (دستوور)، زۆربەشیان کەسانێکی خوێندەوارو پەروەردەکراون، بەڵام ئەرکی کردنەوەی

ئاگری پیرۆز لە ئاتەشکەدەکاندا لە ئەستۆی کۆمەڵێکی تایبەتیدایە پێیان دەڵێن (مووبد) ئەمانە دەبێت هەمیشە بە وردی چاودێری کاروباری ئاینیو شێوازی پاککردنەوەو شۆرین بکەن. ئەم موبدانە بەشێکی زۆری ئاوێستایان لەبەرە بەبێ ئەوەی بەتەواوی مانای دەقەکانی ئاوێستا بە دروستی بزانن، (چونکە زمانی ئاوێستا، ئیستا لە بەشی زمانە مردووە کاندایە) وشەکانیان دووبارە دەکەنەوە. نەخوێندەوارە زەردەشتیەکانی دیکەش، ئەوانیش وەکو موبدەکان هەندێك ئایەت و شتی ناو ئاوێستایان لەبەرەو لەکاتی ئەنجامدانی ئەرکە ئاینیەکاندا دەیانخوێننەوە)[١٣٣].

### ج- جەژن و مەراسیمەکان؛

(ئاینی زەردەشت بە زۆری لەسەر بناغەی مەزهەبی ئاوێستای ئەم سەردەمانەی دواییە. سادەیی و ئاسانکاری سەرەتای سەردەمی زەردەشتیان لەدەست داوە). ئەم وتەیەمان لە خوێندنەوەی یاساو جەژنەکانی ساڵدا کە زەردەشتیەکان بەکاریان دەهێنن، بەباشی دەردەکەوێت. لەوانەش وەکو؛ جەژنێکی تایبەتی پەرستن و دوعاو پاڕانەوەی میهر (میترا)یان هەبوو. لەو ڕۆژەدا خوای خۆرەتاو، بە ئیماندارانی خۆی، ڕاستی و خۆشەویستی و ویژدان و ڕووناکی دڵیان پێدەبەخشێت.

جەژنی گەورەو گرنگترینیان ئەو جەژنەیە لە فەروەردین (خاکە لێوە)دا بەرپا دەکرێت. ئەویش بە ناوی خوایەکەوەیە چاودێری ڕۆحی کۆچکردوە (فرەوەش ها)کان دەکات. ئەم جەژنە ماوەی دە ڕۆژ دەخایەنێت، دەڵێن لەم ماوەیەدا (فرەوەش ها=ڕۆحی کۆچکردوان) بۆ دیداری نەوەکانیان و منداڵەکانیان دێنەوە. لەمڕەوە بۆ شادبوونیان و خێرو پێوقومیان، لەسەر

چیاكــان یــان لەبەرانبــەر بورجــی خامۆشــان، مەراســیمێكی تایبــەتی بــەجێدەهێنن. جــەژنێكی دیكــەیان تایبەتــە بــە (وەهومنــە= بەهمــەن)، پــارێزەری زیندەوەرانــی چــاك و وڵاخــی سوودبەخشــە، لــەو جەژنــەدا زەردەشــتیەكان زیندەوەرانــی ســوودبەخش و بــێ زیــان دەلاوێننــەوەو نەوازشیان دەكێشن. زەردەشتیەكان چەندین جەژنیان هەیە، هەریەكەیان بە ناوی یەكێك لە هۆكارو توخمەكانی بوونەوەر، وەكو ئاسمان و زەوی و ئاو و ڕووەك و گیانداران و مرۆڤ بەرپا دەكەن[١٣٤].

**ه- ئاگری پیرۆز؛**

فیردەوسی لە شانامەكەیدا دەڵێت:

**تیشكێك لە هەردوو بەردەكە پەیدابوو**
**بەو تیشكە دڵی بەردەكان ڕەنگی پشكۆیان لێنیشت**
**مار نەكــــــوژرا بەڵام لــــەو ڕووداوە**
**دووبــــارە لەبەردەكــــە ئاگــــر پەیــــدابــــوو**
**كە ئەو ئەم ڕووناكیەی بە دیاری بەخشی**
**هەر ئەم ئاگــــرە لەوكاتەدا گــــڕی لێبــــۆوە**
**وتی ئەمە ڕونــــاكــــــی یەزدانیە**
**ئەگــــەر ژیــــری دەبێت بــپیــــەرستیت[١٣٥].**

(كریتر هێربد) موبدی گەورە كە سیی ساڵ ڕابەرایەتی ڕۆحانیەكانی سەردەمی فــەرمانڕەوایی "شــاپووری یەكــەم" و "هورمــزی یەكــەم" و "بەهرامی یەكەم و دووهەمی" لە ئەستۆدا بــوو، دەڵێت: ئاینی مزدایی بە دەستی من بەهێز بوو، زاناكان بە دەستی من پەروەردە كران، بــەدان پیانــان

بە تاوانەکانی خۆیاندا لە تاوانەکانیان خۆش بوون، ئاتەشکەدەکان بە دەستی من کرانەوە، موغیان لەسەر دانرا. بە فەرمانی یەزدان پلەوپایەی پاشاکانم پەسەند کرد. لە سەرانسەری ئێراندا چەندین ئاتەشکەدە کرانەوە. مارەکردنی هاوشیرەو هاوخوێنم دووبارە قەدەغە کرد. سوپای پاشا بۆ هەر کوێیەك دەڕۆیشت لەو شوێنەدا ئاتەشکەدە دەکرایەوە، لە ئەنتاکیەو.. چەندین ئاتەشکەدە کرانەوە..[١٣٦].



کەعبەی زەردەشت لە باڵەخانەکەی (نەقشی ڕۆستەم)

له ئەفسانه ئـاینی و مەزهەبیـەکانی وەکـو ئیسـلامدا هـاتوه، مـرۆڤ لـه ڕۆژگاری دێرینەوه (ئـاگر)یـان بـەلاوه بـەڕێز بـوه، هـەندێك لـه ئەفسانەکان دەڵێـن، ئـاگر قوربانیەکـەی (هـابیل)ی سـووتاند و قوربانیەکـەی (قـابیلی) نەسوتاند. قابیل ئاتەشکەدەیەکی دروستکرد، دەستی بە ستایشی ئـاگر کـرد، لەسەر ئەم کارەشی پێیداگرت، که ئاگر قوربانیەکـەی ئـەو پەسـەند بکـات و بیسوتێنێ (!). هەندێك وتوویانه ئاگر پەرستی لـه دوای داسـتانی حـەزرەتی ئیبراهیمەوه دەستی پێکردوه[١٣٧].

هەندێکیش لەو باوەڕەدان لـه پێش پـەیدابوونی نـەوت و کەرەسـەکانی سـووتاندن، ئـاگر لـەلای گـەلێك نەتـەوەی جۆربــەجۆر، ڕێزێکـی تـەواو بـه هاداری هـەبوە. نووسـەری فەرهـەنگی قورئـان دەڵێـت: هەرچـەندە لـه دوای ئـەوەی بـاوەڕی ئاگرپەرستی لە گـەلێك خـاڵی سـەر ڕووی زەویـەوه بـرەوی پەیداکرد، بەڵام له شوێنه نەوتاوییەکاندا برەوێـــکی زیاتری پەیدا کــردوه، دەتـــوانین بڵێــین ئاینی ئاگرپەرستی، پەیوەندییـەکی نزیکی لەگـەڵ مـاده نەوتیەکان و سوتاندنیاندا هەیه. له خۆرئاوای (باکۆ) ناوچەیـەکی نـەوتاوی هەیـه، لـەو ناوچەشدا ئاتەشـکەدەیەکی گـەورەی تێـدا کرابـۆوه، ئێرانیـه دێرینەکانیش له باکۆ ئاتەشکەدەیەکی گەورەیان هـەبوو. ئـاینی زەردەشت پێکهاتوه له ئاینی (زەروانی= یانی توخم پەرسـتی و ئەسـتێره پەرسـتی) لـه بـاکۆوه بـه دەوروبـەری ئـــێران و هینـــد و بەشـــێکی عەرەبســـتاندا بڵاوبۆتــەوه، ئـاینی زەروانـــی لـــه پێـــش زەردەشتیشـــدا (لـــەودیوی ڕووبار=ماوراء النهر) و خۆرئاوای هیند و ئەفغانسـتاندا بـاوی هـەبوه. وشـەی (زەروانـی) لـه وشـەی (زو) وەرگـیراوەو مانـای چـوار توخمەکـه دەگەیەنێت- ئاو، خاك، ئاگر، با- چونکه ئاگر لەناو ئەم چوار توخمەدا

بەسۆزترو دۆخێكی كاریگەرتر و چالاكی هەبوە. دانیشتوانی ئەو ناوچانە، ئاگریان بە ناونیشانی خوای گەورە دەپەرست و ئەو سێ توخمەكەی تریان بە خوای بچوكتر دەزانی.

زەردەشت لە نێوان ئەم دوو ئاینەدا، واتە (زەروانی و ئەستێرەپەرستی) ئاینەكەی خۆی ڕێكخست و هێنایە كایەوە. پیرۆزی ئاگر لە ئێرانەوە چوو بۆ یۆنان، پەیڕەوی پەیداكرد. ئاگری ئۆلمپیاد یادگارێكی ئەو ڕۆژگارانەیە، ئیستاش بە شێكی سەرەتای سیمینارەكانی جیهان لە بواری وەرزشی هاوچەرخدا بە ئاگر دەكرێتەوە[١٣٨].

فەیلەسووفە ئیسلامیەكان لەو باوەڕەدان، بە پیرۆز گرتنی ئاگر لە ئەنجامی باوەڕ بە خێرو شەڕ، پاك و پیس، ڕووناكی و تاریكیەوە هاتوە، ئەم دوو بەشە دژ بەیەكە یان توخمی سەركەوتوی هەردوو دژ بەیەكەكە یا توخمێكی بڵندتر لەوان شایستەی پەرستن بوە. كارناسە نوێكان لەو باوەڕەدان پێشینەی ئاگرپەرستی دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژگاری سروشت پەرستی[١٣٩].

بە پێی وتەكانی مێژونووسێكی ئێرانی، لە سەردەمی "ئاردەشێر"دا ئاتەشكەدەكان كوژانەوە، دووبارە هەڵكرانەوە، تا لەم كاتەدا بە ڕەسمی بوونی ئاینی زەردەشت بە ناونیشانی ئاینی ڕەسمی لە سەرانسەری وڵاتی ئێرانی پەسەند كرا[١٤٠]

"كریستن سن" دەڵێت: دەقە جۆربەجۆرەكانی ئاوێستا، ئەوە دەسەلمێنن پەرستنی (توخمە سروشتییەكان) ئوسوڵی ئاینی زەردەشتی بوە، مەبەست لە توخمە سروشتیەكان (ئاو، با، خاك، ئاگر)ە، لەم ئاینەدا توخمی ئاگر لە توخمەكانی دیكە گرنگترە.

ئاوێستا، ئاگر، بە پێنج جۆر دادەنێت. ناوەکانیشیان لە یەسنای ١١ و ١٧دا باسیان لێوە کراوە. لەکتێبی (بەند هیش)دا ناوی ئـەم ئاگرانـە بـە کورتـی و بە هەڵە نەقڵ کراوە؛

١-ئاگری پەرستگا، ئاگری (وەهرام)ی ناوە.

٢-ئاگر لەنێو لەشی مرۆڤ و زیندەوەراندا.

٣-ئاگری شاراوەی ناو ڕووەك.

٤-ئاگری نادیار: لە ناو هەورو و بروسکەدایە.

٥-ئەو ئاگرەی لە بەهەشتا لـە بـەردەم ئـاهورامزدا دایـە، وا دەردەکـەوێت ئەم ئاگرە پەیوەندی بـە بارەگـای شـکۆدارو گـەورەی پاشـاکانەوە هەیـە، کـە هەمیشە لەگەڵیاندا بوە، بە ناوی (خورنە) لە زمانی پەهلەویدا بە -خور- لە فارسیدا بە (فرشیدە) بەناوبانگە.

ئـاگر لـە ئاوێستادا (ئـاتر)ی نـاوە. لە فارسیدا، لـە سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا بـوە بـە(ئـاذر) و بـە کوڕی ئـاهورامزدا نـاوبراوە. عیسـەویەکان هـەندێك جـار ئـاگری پیرۆزی زەردەشتیەکان بە کچی ئاهورامزدا دەزانن. هەروەکو "هێونـام"ی کەشیشی عیسەویەکان لە ڕووی ڕقەوە ئاگری ئاتەشکەدەیەکی کوژانـدەوە، وتویـەتی: نـە ئـەم خانوە پەرستگای خوایەو نە ئەو ئاگرەش کچی خوایە، بـەڵکو کچێك بـوو، بـوو بـە قوربانی هەوەسی پاشاکان و هـەژاران. لـەوە دەچێت ئـەم ڕسـتەیە لە لایـەنی ئـەو ئەرمەنیانـەوە لـە پێشـدا زەردەشـتی بـوون، گۆڕانـی تێـدا کرابێـت. چونکـە لـە شـوێنەوارە گشـتیەکانی ئەرمەنیـەکاندا هێشـتا ئــاگر بــە بوونــەوەرێکی مێینــە دەژمـێرن. دەڵێـن لـە ئاوێستای سـەردەمی ساسـانیەکاندا، لـە ئێستادا (ونـە) گـەلێك بابـەت سـەبارەت بـە پـیرۆزی ئـاگرو سـوود و دەسـکەوتی پێشـەوا ئاینیـەکان و ئەنجامدانی ئەرکەکانی مرۆڤ، لەبەرانبەر ئاگردا هەبوە[٤١].

"كريستن ســن" دەڵێـت: نـاوی یـەكێك لـە مانگـەكانی زەردەشـتیان (آذر= ئاگر)ی ناو بوە، مانگەكانی زەردەشتی هەریەكەیان ٣٠ ڕۆژ بوە، هەر ڕۆژەی پـەیوەندی بـە خوایـەكی تایبەتییـەوە هـەبوە. بابــە گــەورەی "ئاردەشـێری یەكـەم" سـەرۆكایەتی پەرسـتگای (ئـەنا هیتـا)ی لـە ئەسـتەخری فارسـی لـە ئەستۆ گرت[١٤٢].

"سایكس" دەڵێت: لە مەزهەبی زەردەشـت بـە نرخـترین شـت (ئـاگر)ە و گەلێك پیرۆزە، ناوبراو ئەم پیرۆزییە بە نـەریتی كۆنـی خـەڵكی ئازربایجـان (بــاكۆ) پێكــەوە دەبەســتێتەوە. نــاوبراو لــە چوارچێــوەی گێڕانـــەوەی بیرەوەریـەكانیدا دەڵێـت: بـۆ خـۆی دیویـەتی چـۆن ئـاگر لـە بـاكۆ بڵێسـەی دەسـەند، زەردەشـتیەكان لـە ڕێزلێنـانی ئـاگری پـیرۆزدا مۆمــی داگرسـاویان نەدەكوژاندەوە و فوشیان لێنەدەكرد، دووكەڵیان لـەلا قەدەغـە بـوو. چونكـە دەبوایە دەنكە شقارتە بەدەم -واتە بە فـوو- بكوژێننـەوە. ئەمـەش بەرانبـەر بە ئاگر بە سوكایەتیان دەزانی[١٤٣].

"فلیسین شاله" دەڵێت: ئاگر نیشانەی گیانی نوورانی خوای گـەورە بـوو، ئـاگر بناغـەی ئـادابی ئاینـەو هـەر ئـاگردانێك جێگــەو ڕێگەیـەكی تایبــەتی هەیە. لەوێشدا گڕی ئاگری هەمیشـەیی (جاویدانی) دەسـووتێت، نـابێت بـە دەستلێدان و هەناسە هەڵكێشان لـە بەرانبـەری ئـاگردا، ئـاگر پـیس بكرێـت، (مووبد) دەبێت دەستكێشی لە دەستدا بێت و دەمیشیان هەڵبەستبێت[١٤٤].

بوونی وێنەی ئاگر و ئاگردان لەسەر گۆڕی پاشاكانی هاخامەنشیەكاندا، نیشانەی پیرۆزی ئاگرە، لەسەردەمی هاخامەنشیەكاندا ڕێزگرتن لە ئـاگر بـە ئەندازەیەك بوو، بوو بوە هۆی ئەوەی خانوویەك بە دەوری ئاگردا بكەنەوە، تـاكو لـە هۆكـارە سروشـتیەكان بیپـارێزن. بـۆ پاراسـتنی ئـاگری پــیرۆز،

ڕێگایەکیان بەکاردەهێنا تاکو تیشکی خۆریش نەدات لە شوێنی ئاگرەکەو بڵێسە گڕدارەکەی لەناو ئاتەشکەدەکەدا. ئەگەر تیشکی خۆری بەربکەوتایە، بە سوکایەتیەکیئاگری پیرۆز دەژمێردرا. لە سەر ڕووی دراوە سکە لێدراوەکانی ئێرانی وێنەی ئاتەشکەدە و ئاگردان هەڵکنرابوو، ئەم نەریتەش تاسەردەمی ساسانیەکان درێژەی هەبوو. جگە لە ئاگری شاهی چەندین ئاگری دیکەش هەبوون. لەوانەش ئاگری ماڵ (اجاق = وەجاخ) ئاگری پەرستگا (ئاگری ازران) ئاگری وهرام..(١٤٥).

لە سەرەتاوە وتمان ئاگر لە ژیانی مرۆڤی سەرەتاییدا ڕۆڵێکی هێجگار چارەنووس سازی هەبوە، بوونی بیرە نەوتیەکان و هەڵقوڵینی لە ناکاویان و لە ئەنجامدا گڕگرتنی نەوتە هەڵقووڵاوەکان لەبەر چاو و بۆچوونی مرۆڤە سەرەتاییەکاندا گەورەو سەرسووڕهێنەر بوو. زەمینەکانی ڕۆح پەرستی پیرۆز ڕاگرتنی ئاگریان هێنایە کایەوە. ئەم بە پیرۆز ڕاگرتن و ڕێزلێنانە هۆیەکی دیکەشی هەبوو، ئەویش باوەڕهێنان بە خۆرپەرستی و ئەستێرەپەرستی خێڵە سەرەتایەکان بوو، چونکە خۆر و تەنە ئاسمانیەکان، کە گەورەی هەموو شتێك بوون. لە تەواوی کاتەکانی شەووڕۆژدا نەدەبینران. چەندین پەرستگایان بە ناویانەوە دروستکرد، ئاگریان لە ناویاندا دەکردەوە، تیشکی ئاگریان بە تیشکێکی خوای خۆر، یان خواکانی دیکە دەزانی، لە بەرانبەریدا کڕنووشیان دەبرد، دەیان پەرست. لە مەزهەبی مهرپەرستی ئێرانی دێریندا مهر یا میترا (تەوتەم)ی بوو، خوای خۆرو دروستکەری جیهان و بوونەوەری ناونرابوو، "هوشەنگ" دامەزرێنەری ئەم ئاینە بوو. لەم ڕووەوە "فیردەوسی" ئاماژەیەکی بۆ کردوە، دەڵێت:

**که مارا زدین کهن ننگ نیست به گیتی به از دین هوشنگ نیست**

ماناکەی؛ ئیمە ئاینی دێرینمان بە عار نازانین و لە جیهاندا لە ئاینی "هوشەنگ" باشترنیە.

لە ئاینی زەردەشتا مهر لە پلەوپایەی خوایەتی لادرا، لە ڕیزی فریشتەکانی ئێزەدەکاندا دانراوە، کە لەلایەن ئاهورامزداوە، بە پارێزەری شەرت و پەیمان و لایەنگری پاشاکانەوە ناونیشانی فریشتەی ڕووناکی پێدراوە. لە دواییشدا ئەوەی پێ سپێردراوە لەسەر پردی چنوات، بە هاوڕێیەتی فریشتەی چنوە (داد) دادوەری مردوەکان بە ئەنجام بگەیەنێت.

زەردەشتیەکان مهر بە چاوی ئاهورامزدا دادەنێن. ئاهوورامزدا هەزار گوێ و دوو هەزار چاوی بە خۆر (مهر) داوە، تاکو کرداری بەندەکانی خوا ببینێت و گوێ لە وتەکانیشیان بگرێت (تەماشای یەسنای چوار بەندی ٢ + یەسنای ١٧ بەندی دوو بکە). مهرپەرستی لە کۆمەڵگاکانی دیکەشدا برەوی هەبوە، لەمەوپێش ئاماژەمان بۆ کردوە. لەنێو ئەفسانەکانی هیندیشدا سەبارەت بە پیرۆزی ئاگر، دواون. لە چینیشدا ئاگر دۆخێکی وەهای هەبوە. "یونگ" یەکەم ئەو پاشا چینییەیە ئاگری دۆزییەوەو لە ڕیزی خواکاندا داینا[١٤٦].

کارناسان دانیان بە کۆنییەتی مێژووی پیرۆزی ئاگر لە هەموو سەردەمەکانی پێش و پاشی مێژوودا ناوە. ئاگر جگە لە گەورەیەتیەکی زەینی (زهنی) قلّغان و هۆی پاراستنی خێڵەکییەکان و تەنانەت مرۆڤی شارستانیش بوە. بۆ خۆپاراستن لە زیندەوەرانی دڕندە و.. ئاگر هۆکارێکی گرنگ بوە. جەژنی ئاگرکردنەوە لە ئێرانی دێرین و لە ئێرانی دوای ئیسلامیشدا، هەروەکو جاران برەوی هەبوو. هەیە دەڵێن "مراد ویج"ی

سەرداری ئێرانی لە ساڵی (٣٢٣ ك م) جەژنێکی گەورەو گرانی ئاگرکردنەوەی سازدا، ناوبراو فەرمانی دا دارێکی زۆریان کۆکردەوە، نەوت و کەرەسەکانی ئاگرکردنەوەیان ئامادە کرد، مامۆستاکانی ئاگرکردنەوە کۆبوونەوە، چەندین مەشخەڵیان دروستکرد، لە سەر هەر چیایەك و قەدپاڵێك و تەپۆڵکەیەك، کۆمەڵێ دارو مەشخەڵیان ئامادەکرد، قەلەباچکەکان و بازەکان بە فریای ئاگرکەرەوەکان کەوتن، ئاسمانی تاریکی ئەو پارچە ڕەشەو مێژوویەی ئێرانیان بە تیشکی مەشخەڵەکان، کە بە دەنوك و پێیانەوە بوو، ڕووناك کردەوە[١٤٧].

## و-ئاتەشکەدەکان؛

"مەسعودی" مێژونووسی ئیسلامی ئاتەشکەدەی گەورەی ئەستەخری فارسی دیوە، بەم شێوەیە باسی دەکات: خانوویەکی جوان و شکۆدار، بە کۆڵەکەی بەردینی یەك پارچەیی، بە ئەستوری و بەرزی سەرسووڕهێنەر، لە سەریان چەندین وێنەی عەجایب و غەریبی گیاندارانی وەکو ئەسپ و.. لەسەر کێشرابوو. لە ڕووی شێوە و گەورەییەوە مرۆڤیان سەرسام دەکرد. بەدەوری خانووەکەشدا خەندەقێکی پان و دیوارێك لە بەردی گەلێك گەورەی وێنەداریان پێکهێنابوو. دانیشتوانی ئەم ناوچەیە، ئەم وێنانە بە وێنەی پێغەمبەرەکانی پێشوو دەزانن[١٤٨]. لەسەر گۆڕی پاشاکانی هاخامەنشی کە لە نەقشی ڕۆستەمدایە، چەندین ئاگردان بەرچاودەکەون، لەو ئاگردانانەدا ئاگری پیرۆز هەمیشە دەگڕان[١٤٩].

لە ئێرانی دێریندا، سێ ئاتەشکەدەی گەورەو بەناوبانگ هەبوو. ئاتەشکەدەی تایبەتی پاشاکان لە ئازربایجان بوو، ئاتەشکەدەی مووبدەکان و

پیشەوەران لە ئەستەخری فارسدا بوو، ئاتەشکەدەی جوتیاران و.. لە باکووری خۆرئاوای نەیشابوور لەچیاکانی (ریوەند) بوو.

ئەم ئاتەشکەدەیان لە ئاوایی (مهر)دا بو، لەسەر ڕێگەی خۆراسان ماوەیەك لە میاندەشت و سەوزە وارەوە دوور بوو. گەواهیەکانی دێرینە ناسان، گەلێك ئاتەشکەدە لە شارەکانی ئێراندا نیشاندەدەن، مێژوەکانیش ئاماژە بۆ گەلێك ئاتەشکەدە دەکەن وەکو ئاتەشکەدەی (طوس) نەیشابوور، ئەرجانی فارس ، سیستان، ئەسفەهان، قەزوین، شیروان، ڕەی، قلعە دختر، قوم، فەیرۆز ئاباد، فارس، قەسری شیرین، .. هەنێکیش لەو باوەڕەدان شەقامی (ئازر)ی شاری قوم بەرەو ئاتەشکەدەی سەردەمی ساسانیەکان درێژ بۆتەوە[١٥٠].


ئاتەشکەدەیەکی وێرانبوو لە نەیشاپور

(مێژوی قوم) لایەنگری بوونی زەردەشتیەکان لە شاری قومدا دەکات، یەکەم کۆمەڵی هێرش بەری عەرەب بۆ سەر شاری قوم لە کاتی بەرەبەیاندا بوو، دایان بەسەر زەردەشتیەکاندا، کە دانیشتوی ئەسڵی ناوچەکە بوون، قەلاچۆیان کردن. زەردەشتیەکان ئاگردانیان لە شوێنێکدا دەکردەوە، کە دەوروبەرەکەی بەربڵاو واڵا بێت، لەناو ئاتەتەشکەدەدا ئاگردانێکی تایبەتی بۆ ئاگرکردنەوە هەبوو، جگە لە (ئاترۆبان = ئاگرەوان) یان مووبدی چاودێری کەری ئاگر هیچ کەسێکی دیکە مافی چوونە ژوورەوەی بۆ ئەو شوێنە نەبوو. ئاترۆبانەکان کەدەچوون بۆلای ئاگرەکان دەبوایە بە(پنام = دەم هەڵبەست) دەمیان هەڵبەستایە.

تاکو هەناسەکانیان ئاگری پیرۆز پیس نەکات. لەلای راستی ئاگرگاکەوە، ژوورێکی پان و چوارگۆشە هەبوو، بە چەند بە شێکی وەکو یەك دابەشکرابوو، هەر یەکەیان بۆ کارێکی تایبەتی دانرابوون ، ئەم ژوورە (یزشن گا) یانی (شوێنی مەراسیمی خواپەرستی)یان پێدەوت، نەدەبوو تیشکی خۆر لە ئاگر بدات، چونکە ئاگرەکەی پیس دەکرد، بۆ بەرگرتن لە تیشکی خۆر، بۆ ئەوەی بەر ئاگرەکە نەکەوێت، ئاگردانیان لە ناوەڕاستی ئاتەشکەدە دروست دەکرد.

ئاگری پیرۆز گەلێك جۆری هەبوو؛ ئاگری ماڵ، ئاگری بەرەباب، ئاگری ئاوایی، ئاگری ئازران، ئاگری ئەیالەت، بەچاودێری ئاگریان دەوت (مانبذ).

بۆ پاسەوانی و چاودێریکردنی ئاگر دەستەیەك لە پێشەوا ئاینیەکان، لەژێر چاودێری مووبدێکدا، ئەرکی خۆیان بەجێ دەهێنا، ئاتەشکەدەیان بە بۆنی بخورو سوتەمەنیە بۆندارەکان هەمیشە بۆن خۆشبوو، بە پارچە دارێك کە لە مەراسیمێکی تایبەتی مەزهەبیدا خاوێنکرابۆوە، ئەم دیوو ئەو

دیویان به ئاگرەکە دەکردو  چاودێریـان دەکـرد، ئـەم دارانـەیان بـە زۆری لـە ڕوەکێك به ناوی  (هذانـة اثنـا) دروسـتدەکرد. ڕۆحـانی چاودێریکـەری ئـاگر هەمیشە بە هۆی دارێکەوە (برسم)یان پێـدەوت، بـەپێی نـەریتێکی تایبـەتی بڕابـۆوە، ئاگرەکـەیان خۆشـدەکرد و چـەند دوعایـەکیان دەخوێنـدەوە. لـە دوایشدا ڕۆحانیەکی دیکە (هومـە) یـان (هـوم)ی پێشکەشـدەکرد، لـە هـەمان کاتی خوێندنەوەی دوعاکاندا، ڕۆحانیەکان چەند  لقـە گیایـەکی هومیـان لـە دوای خاوێنکردنەوەی لە ئاوانێکدا دەکووتا.

**کەلوپەل و کەرەسەکانی ئاتەشکەدە بریتیبوون لە ؛**

١-ئـاوان؛ بـۆ گووشـینی گیـای هـووم. یـان هـەر گیایـەکی تایبــەتی دیکـە، جێگەی سوود لێوەرگرتن بوایە.

٢-دەسکەوان، هەر بۆ ئەو مەبەستەی سەرەوە بەکاردەهات.

٣-داری (برسم) مووبدێکی تایبەتی ئاگری پێخۆش دەکرد.

لەفەرهـەنگی فارسـیدا هـاتوە: بـە لقـە باریکـەکانی گیـا دەڵێـن (برســم)، برسم لە لقی داری هووم دەبڕن، هووم دارێکە لە  شێوەی گەز، ئەگـەر داری هــووم نــەبێت لقــی داری گـــەز یـــان داری هـــەنار بـــەکاردێنن و ســـوودی لێوەردەگـرن. بـۆ بڕینـەوەی داری هـووم، مەراسـیمێکی تایبــەتی هەیــە، لــە بڕینـــەوەی لقـــی داری هوومـــدا، کـــاردێکی دەســـك ئاســـنین بـــەکاردەهێنن کاردەکەش دەبێت بە تەواوی خاوێن کرابێتەوە، لە دوایشدا (زەمزەمە=وێـرە وێر)ێك بە ناونیشانی دوعایەك کە لەکاتی پەرستن و شـۆرین و نـانخواردندا دەخوێنرێتەوە، دەیخوێننەوە. لە دوای ئەوە برسم لە داری هووم دەبڕن،  لە ئێستادا بەرسم لە زیو یان برنجۆك دروست دەکەن.

٤-برسمدان.

٥-كاردێكی بچووك.

٦-چەند جامێك بۆ هوم و ئاوی پیرۆز.

٧-چه ند پیالەی بچوك به ناوی (تەشت) بۆهووم، (ئەم تەشته نۆ كونی تێدایه.

٨-(رسن= تەناف یان بەن یان گوریس) بەنێكی باریك له مووی (گا) (!)، لقەكانی برسمی بەیەكەوه پێ دەبەستن.

٩-بەردێكی گەورەی چوارگۆشه بەناوی (اوریسگاه= ئەرویسگاه)، هەموو ئەو كەلوپەلانەی سەرەوەی لەسەر دادەنێن[١٥١].

لە دوای ئیسلام ئاتەشكەدەكان هەروەكو جاران مابوونەوه. (ئەستەخری) له كتێبی (مسالك و ممالك)دا باسی ئاتەشكەدەكانی فارس دەكات و دەڵێت:

١-ئاگرگای كاریان ٢ -ئاگرگای بارین ٣- ئاگرگای خوورە، زەردەشتییەكان سوێندی پێدەخۆن ٤- ئاگرگای شیر خشین ٥-ئاگرگای گونبەدی كلوشین ٦-ئاگرگای كازرون به ناوی (چنفه) ٧-ئاگرگای كلاوزن ٨-ئاگرگای كارتیان له شیراز ٩-ئاگرگای هورمز له شیراز ١٠-ئاگرگای مسوبان له ورقان.

"بلازری" دەڵێت: له ساڵی ٢٢ی كۆچی وەختێك ئازربایجان دەستی بەسەرداگیرا، دانیشتوانی ئەو هەرێمە لەگەڵ داگیركەراندا پەیمانێكیان بەست (بەومەرجەی ئاتەشكەدەكانیان وێران نەكەن هەشت سەد هەزار درهەم به داگیركەران دەدەن).

ئاگرگای به ناوبانگی (گشتاسب) له شیزی ئازربایجاندا بوو، دەڵێن ئاتەشكەدەی قومس (كومس)ی تەعریب كراو، شارێكه له باشووری چیای

طبرستان، ناوەندەکەی (دامغان) بوە و (حریس)یشیان پێوتوە، لە وێرانکارییەکەی "ئەسکەندەری مەقدوونی" پارێزرا بوو، ئاگرەکەشی نەکوژابۆوە، لە کرمانیشدا ئاتەشکەدەیەك هەبوو، زەردەشتیەکان لە ئاگری ئەوێوە ئاگریان بۆشوێنەکانی دیکەی ئێران دەبرد(١٥٢).

"شهرستانی" دەڵێت: یەکەم کەسێك ئاتەشکەدەی دروستکرد، "فەرەیدون" بوو، لە (طوس) ئاتەشکەدەیەکی دروستکرد. ئاخرین ئاتەشکەدە، ئاتەشکەدەی (بردسون) بوو لە بوخارا دروستیکرد. "بەهمەن" لە (سجستان) ئاتەشکەدەیەکی کردەوە (گورگور) یان پێدەوت. زەردەشتیەکان لە ناوچەکانی بوخارادا ئاتەشکەدەیەکیان دروستکرد، پێیان دەوت (قیاذات)، "کەیخوسرەو" لە فارس و ئەسفەهاندا ئاتەشکەدەیەکی کردەوە، پێیاندەوت (کوسە)، "سیاوش" لە چین ئاتەشکەدەی (گنلکرز)ی کردەوە، "ارجان = ئەرجان" بابەگەورەی "گوشتاسب" لە ئەرجان و لە شارەکانی فارس ئاتەشکەدەی کردەوە. ئەم ئاتەشکەدانە، لە پێش دەرکەوتنی زەردەشتەوە دروستکرابوون، زەردەشتیش ئاتەشکەدەیەکی لە نەیشابوور و نسادا کردەوە، "گوشتاسب" فەرمانی دا تاکو لەو ئاگرەی "جەمشید" دایگرساندبوو، بۆی بێنن، ئاگری (جەمشیدی جەم)یان لە خوارزم بۆ هێنا. مەجوسیەکان گەلێك ڕێز لەم ئاگرە دەگرن، "کەیخوسرەو" کە چوو بۆجەنگی "ئەفراسیاب" لەبەرانبەر ئەو ئاگرەدا ڕاوەستاو کڕنووشی بۆبرد، "ئەنەوشیرەوان" لەو ئاگرەی نارد بۆ (کاریان) و بەشێکیشی بۆ (نسا) ڕەوانە کرد، "شاپوور"ی کوڕی "ئاردەشێر" لە (روم ) و (قوستەنتەنییە) چەندین ئاتەشکەدەی کردەوە، ئەم ئاتەشکەدانە تا ڕۆژگاری "مەهدی" خەلیفەی عەباسی، ئاوەدان بوون، "توران دوخت" لە

بــەغداد یــان لەدەوروبەرەکــەیدا ئاتەشـکەدەیەکی دروســتکرد[١٥٣]. بەپێــی وتەکانی "مەسعودی" ئاتەشکەدەی (ئـازرجو) لـە (دارا بجـرد) بـە فـەرمانی زەردەشــت لەلایــەن "گشتاســب"ەوە دروســـتکراوە، "ئەســفەندیار" هــانی کردنەوەی ئاتەشکەدەکانی دەدا، لە ئازربایجان و بەڵخ و ئەرزەڕوم (تورکیە)، لە هیندو ڕوم و چین و.. چەندین ئاتەشکەدە دروستکران[١٥٤].

لــە ســـەردەمی خـــودی زەردەشـــتا، گـــەلێك ئاتەشـــکەدە دروســـتکران، گرنگەکانیان ئەمانە بوون:

١-ئاتەشـکەدەی ئازربایجــان، تایبــەت بــوو بــە پاشــاکان و بنەماڵــەی سوڵتانەکان.

٢-ئاتەشکەدەی ئەستەخری پارس؛ تایبەت بوو بە مووبدان.

٣-ئاتەشکەدەی (ریوند) لە سەوزەوار یان (ئاتەشکەدەی مهر) تایبەت بوو بە جوتیاران.

بەفــەرمانی پاشــاکانی ساســانی و موبدەکــان لــە نــاوەندو ناوچــە جۆربەجۆرەکانی ئێراندا گەلێك ئاتەشکەدە کرایـەوە. "کریـتر"ی هربـد مووبدی گەورەی هاوچـەرخی "شـاپووری یەکـەم" فـەرمانی دابـوو لـە سەرانســەری وڵاتــدا گــەلێك ئاتەشـکەدەی نــوێ بکەنــەوە، نــاو بــراو (موغ)ەکـانی کـرد بەچاودێریکـەری ئاتەشـکەدەکان. "پـووران دوختـی" ساسـانی فـەرمانی دا لـە بـەڵخ، طـوس، ئەسـفەهان، کرمــان ، سجســتان، بەغداد چەند ئاتەشـکەدەیەك بکەنـەوە. هـەر شـوێنێك سـوپای ساسـانی داگـیری دەکـرد، ئاتەشـکەدەیان تێـدا دروســـتدەکرد، ئاتەشـــکەدەکانی (ئەنتاکیە)، ئەرمەنستان، گورجستان، چین و ڕومـو....دەسـکردی سـوپای ساسانین.

**( مارەكردنی هاوشیرە = هاوخوین، "محارم" )**

"ئـەبو ڕێحـانی بـێروونی" دەڵێت: مـارەكردنی دایـك، كـە دەدرێتـە پـاڵ زەردەشتیەكان، لە "سوپەهبوودی مەرزەبانی" كوڕی "ڕۆسـتەم"م بیستوە؛ زەردەشت ڕێی بەم كارە نەداوە، بـەڵام چونكـە "گوشتاسب" پیاو عـاقڵان و بەسـالاچوەكانی وڵاتەكـەی بـۆ گفتوگۆكـردن لەگـەڵ زەردەشـتا، لـە ئەنجومـەنێكدا كۆكـردەوە، یـەكێك لـە پرسـیارەكان ئـەوە بـوو؛ (ئەگـەر پیـاوێك لەگـەڵ دایكی خۆیـدا لـە حـاڵی ناچاریو نـەزانین و ترسـی وەجـاخ كوێری ژیانی بەسەر بردبێت چی بكات؟).

زەردەشت وتی: **(دەبێت لەگـەڵیدا بنوێـت تـاكو نـەوەی بمێنێتـەوە)**[١٥٥].

مەسەلەی مارەكردنی هاوشیرە، نەریتێكی خێڵەكی و سـەرەتایی بـوە، لـە زۆر كۆنـەوە لـە نێـوان كۆمـەڵگای بەرەبابـەكاندا بـرەوی هـەبوە. ڕەسـەنایەتی نـژادیو خوێـن پـاكی خویشاوەندی و سـوودە ئابوریـەكان، هۆكـارێك بـوون بـۆ هێنانەكایـەی ئـەم نەریتـە كۆنـە. لەگـەڵ ئەوەشـدا مارەكردنی خوێشانی نزیك لەگـەڵ ڕەوشـت و سروشـتی مرۆڤـدا سـازگار نەبوە. مەزهەب هۆكارێك بوو بۆ ئاراستەكردنی ئەم نەریتە.

سـەرچاوە مێژوییـەكان ئـەوە نیشـان دەدەن، نـەریتی جووتـە گرتـن، لەگەڵ خویشاوەندو هاوشیرەدا لەناو هـەندێ زنجیرەی پاشـایانی ئـێرانی دێرینـدا بـرەوی هـەبوە. لـە كتێبـی (دینكـرت)دا و لـە یەكێـك لەبەشەكانی ئاوێستادا وشەی (نزد پیوند) بە مانای (پەیوەندی كردن بە خویشـانی نزیكـەوە)، وەرگرتـووە، پـەیوەندی بـاوك بـە كچـەوە، بـرا بـە خوشكەوە، ئاماژەیان بۆ كراوە[١٥٦].

له دەقە مەزهەبیەکانی پەهلەویدا هاتووە، مارەکردنی حەوت خوشك یەکێك بوە لە پێداویستیەکانی (میعراج)[١٥٧].

کارناسێکی ئەڵمانی دەڵێت: گرنگیدان بە پاکی و ئەسڵی ڕەسەن و خوینو نژاد، بە یەکێك لە خەسڵەتە بەرجەستەکانی کۆمەڵگای ئێرانی دەژمێردرا، تا دەگاتە ئەوەی مارەکردنی هاوشیرە بە ڕەوا دەژمێردرا. بەم جۆرە پەیوەندیەیان دەوت (خویدو گدس) یان (خوایت ودث). ئەم کارە لە کۆندا کارێکی ئاسایی بوە، تەنانەت لە سەردەمی هاخامەنشیەکانیشدا ئەنجام دراوە. "کەمبوجیە" دوو خوشکی خۆی مارە کردوە، "داریوش"یش خوشکەکەی خۆی مارە کرد. "ئاردە شیر" دوو کچی خۆی و "داریوش"ی سێهەمیش کچێکی خۆی مارەکرد[١٥٨].

هەرچەندە مانای وشەی (خوادت ودث) لە ئاوێستادا نەهاتوەو نیە، بەڵام لە (نسك)ە ونبوەکاندا مەبەستێك لەو جۆرە ژن مارەکردنە لە ئارادا هەبوە، لە (بغ نسکی ٦ و ٧)دا ئاماژەیەك بۆ ئەم شێوە ژن مارەکردنە کراوە. مارەکردنی خوشك لە برا بە هۆی (فەڕی ئیزەدی)یەوە ڕوون دەبێتەوە و (دێو)ەکان دووردەخاتەوە.

"نرسی بزرگمهر"ی لێکۆڵەرەوە دەڵێت: (خویدوگدس) گوناهی گەورە دەشواتەوە. ئەم بابەتە لە (شایشت نی و شایشت ٨ و ١٨"دا هاتوە، لە نووسراوەکانی سەردەمی ساسانی و سەردەمەکانی دواییدا، دان بەم بابەتەدا نراوە، "ابن دیصان"یش دانی پێدا ناوە، خوشکەکەی خۆی مارەکردوە. "بەهرامی چۆبین" خوشکەکەی ناوی "گوردیك" بوو، مارەکرد.

"مهران گنشسب" خوشکی خۆی مارەکرد. ئەویش دەیوت (خویدوگدس) گوناهی گەورە دەشواتەوە[١٥٩].

وەرگێڕی كتێبی كرستینسن دەڵێت: هەر لە بناغەدا لە شەریعەتی زەردەشتیدا ڕێوڕەسمی وەها لە ئارادا نەبوە، ئەگەر بووبێتیش تایبەتمەندی كۆمەڵێكی تایبەتی بوە. جگە لەمەش ئەگەر ئەسڵی بابەتەكە لە ئاینی زەردەشتا بە ڕاست بزانین، ئەمەش بە ئەنجامی گفتوگۆو لێكۆڵینەوە و بۆچوونی فقەكان دەژمێردرێت، ئەگەر كاریشی پێكرابێت، گەلێك بە شاز ڕوویداوە. ناوبراو لە بەرپەرچدانەوەی وتەكانی "كریستن سندا" دەڵێت: (دانەر بە پشت بەستن، بە نسكە ونبوەكان لە ڕێگەی (دینكرت)ەوە كە دووسەدە لە دوای ئیسلام نووسراوە، ئەم وتانەی نووسیوە. ئەوەی مێژوونووسەكانی مەسیحی لەم بارەیەوە نووسیویانە، دەگونجێت لە بارەی دەستەیەك یان بەرەبابێكی زەردەشتیەوە بووبێت و عیساییەكانیش لە ڕووی تەعەسوبەوە ئەم بابەتەیان بەسەر هەموو ئێراندا سەپاندوە. هەروەكو لە كتێبی (فقهی) ئیسلامدا ناوی مەجوس هاتوە، كە یەكێكە لە تیرەكانی زەردەشتی، لە (شرح لعمه) و كتێبی (ریاض) لە بەشی (میراتی مەجوس)دا هاتوە كە ئیمامی "عەلی كوڕی ئەبی تالب "(ڕەزای خوای لێبێت) وتویەتی: (كان یورث المجوس اذا تزوج بامه وابنته؛ من جهة انها امه وانها زوجه).

شێخی مفیدو شێخی طوسیش دەگێڕنەوە دەڵێن: كابرایەك چوە لای حەزرەتی صادق (ڕەزای خوای لێبێت) دەستی بە جوێن پێدانی مەجوسی كرد، وتی ئەوانە هاوشیرەكانی خۆیان مارەدەكەن. حەزرەت فەرمووی؛ (اما علمت ان ذالك عندهم هوالنكاح، وكل قوم یعرفون النكاح عن السفاح ،فنكاحهم جایز وان كان قوم دانوا بشیئی یلزمهم حكمة). ئەگەرچی لای موسوڵمانان هەموو زەردەشتیەكان لەسەر بناغەی (كەسێك ناوی شارێك

پیسدەکات) بە مەجوس دادەنێن، بەلاَم دەگونجێت لێرەدا ئاماژە بۆ هەمان بەرەبابی تایبەتی زەردەشتیەکان بکەین، کە لە کۆندا مەجوسییان پێوتوون. لەهەر لاو شوێنێکەوە، دەقێك لەئارادا نەبێت، (فقه)کان دەست بە شیکردنەوەو لێکۆڵینەوە دەکەن. ئەم مەسەلەیەش لە ڕۆژگاری ساسانیەکاندا مەسەلەیەك بوو لە مەسەلەکانی (فقهی). لە لایەکی دیکەوە، گریمان ئەم کارە ئەنجام درابێت، بەلاَم ئەوەندە شاز بوە، جگە لە چەند جارێك زیاتر لەمێژوودا دوبارە نەبۆتەوە و ڕووی نەداوەو نەبینراوە(١٦٠).

خۆرهەلاَتناسی ئەڵمانی "کریستن سن" دەڵێت: لەگەڵ بوونی بەڵگەی باوەڕپێکراودا، لە سەرچاوە زەردەشتیەکان و کتێبەکانی بێگانەی هاوچەرخی ڕۆژگاری ساسانیانەوە دەبینرێت، کۆششێك کە هەندێك لە فارسە نوێیەکان بۆ ڕەتکردنەوەی ئەمکارە- مارەکردنی هاو شیرە- دەیکەن کارێکی بێ بناغەو سووکە سەرانەیە(١٦١).

کارناسێکی ناسراوی ئێرانی دەڵێت: شتێك لە بەڵگەنامەکانی ئەو ڕۆژگارەوە دەست دەکەوێت -لەگەڵ هەموو ئەو هەراو هۆریا نەزانانەی لەم دواییەدا بەرپایان کردوە- نیشانەکانی شارستانیەتی ئەو ڕۆژگارە ئاشکرادەکەن. مارەکردنی هاوشیرە لە پلەی یەکەمدا باوی هەبوەو کراوە(١٦٢).

مێژونووسەکانی یۆنانی دەریانخستوە لە سەردەمی هاخامەنشیەکاندا موغەکان دایکی خۆیان مارە دەکرد(١٦٣). لە سەردەمی ئەشکانیەکانیشدا ئەم کارە ئاسایی بوە، هەندێك لە شاکانی ئەشکانی، مارەکردنی هاوشیرەیان بە تەنها ڕێگەیەك بۆ پاراستنی ڕەسەنایەتی و نژادو خوێن پاکی دادەنا(١٦٤). مێژوونووسانی ئیسلامیش ئاماژەیان بۆ ئەم نەریتە کردوە. مێژوونووسی ئێرانی و موسوڵمان "یەعقوبی" لەبارەی مارەکردنی دایك وخوشك و

کچانی ئێرانی دێرینەوە دواوەو دەڵێت: ئەم کارەیان بەجۆرێك لە سیلەی ڕەحم و عیبادەت دەزانی[١٦٥]. گویا مەسیحیەکانی ئێرانیش لەژێر کاریگەری ئاینی زەردەشتیەکاندا، وێڕای ناکۆکی و ڕێك نەکەوتن لەگەڵ ئاینەکەیاندا خزمانی خۆیان مارە دەکرد[١٦٦].

لە سەردەمی سەرەتای ئیسلامدا، مارەکردنی هاوشیرە لە نێوان زەردەشتیەکاندا کارێکی ئاسایی بوو، لەبەر ئەمە لەلایەنی موسوڵمانەکانەوە لۆمە دەکران[١٦٧].

لەم زەمینەیەدا، چەندین سەربردە لە سەرچاوەی شیعەکانەوە بەرچاو دەکەوێت، لە هەڵسوکەوتی نێوان موسوڵمانەکان و زەردەشتیەکان و ڕێنومابیەکانی پێشەوایانی شیعەوە دەدوێن[١٦٨].

فقەکانی شیعەو سوننی (عەرەب و عەجەم) لە بەشە جۆربەجۆرەکانی فقەیاندا ئەم بابەتەیان بە ناونیشانی (مەسەلەیەك کە لەدەرەوەی ڕاستیدایە) لێیەوە دواون و گفتوگۆیان لەسەر کردوە.

شێخی طوسی لە کتێبە بەناوبانگەکەی (الخلاف)دا لەم مەسەلەیەی کۆڵیوەتەوە[١٦٩].

لەم دواییەدا پایە بڵندێکی مەزهەبی زەردەشتی هەموو ئەو تۆمەتانەی لەم ڕووەوە دراوەتە پاڵ ئاینی زەردەشت و زەردەشتییەکان و گوایە بە ڕەوایان زانیوە، وەڵامی داونەتەوە، بنج و بنەوانی ئەم تۆمەتانەیان ڕووبە ڕووی مێژوونووسی یۆنانی "هەرۆدۆت" کردۆتەوە[١٧٠].

**( بڕگەو یاساکانی مافی ژن و پیاو لەئاینی زەردەشتا )**

لەم ئاینـەدا پیـاوان دەسـتەڵاتیان بەسـەر مـاڵی ژنـەوە هـەبوو، ژن بـەبێ مۆڵەتی مێردەکەی مافی دەستتێوەردان و بـەکارهێنانی مـاڵی خـۆی نـەبوو، بـە پێـی یاسـای ژن و مـێردی، مـێرد تەنـها کەسـایەتیەکی یاسـایی بـوو، بـە بەڵگـەی یاسـایی دەیتوانـی هاوسـەرەکەی خـۆی لـە کەلوپـەلی مـاڵدا بکاتـە هاوبـەش، لـە کـاتێکی ئـاوادا ژن مـافی بـەکار هێنـانی هـەموو کەلوپـەلی مێردەکـەی هـەبوو. هـەرکاتێك مـێردێك بـە ژنەکـەی خـۆی بوتایـە؛ ئـا لـەم کاتـەوە تـۆ ئـازادی خـاوەنی ئیختیـاری خۆتیـت، ئـەم ژنـە لـەلای مێردەکـەی دەرنەدەکراومۆڵەتی ئەوەی هەبوو بەناونیشانی ژنی خزمـەتکار یـان (چاکر زن= کارەکەر ژن) مێردێکی دیکە هـەڵبژێرێت. ئـەو منداڵانـەی لـەم مـێردە نوێیە و لەکاتی ژیانی مـێردی یەکـەمیدا لـەدایك دەبـوون، دەبوونـە منداڵی مـێردی یەکـەم. مـێرد مـافی ئـەوەی هەیـە ژنـی گـەورەی یـان یـەکێك لـە ژنەکانی تەنانەت باشترین ژنی بە ئەمانـەت بـدات بـە پیـاوێکی دیکـە، تـاکو ئـەو پیـاوەش لـە خزمـەتگوزاری ژن سـوود وەرگرێـت. لـەم بەئەمانـەت بەخشینەدا، مـەرج نـەبوو ژنەکە ڕازی بێت یا نـەبێت، ئـەو منداڵانـە لـەم جـۆرە ژن و مێردایەتیـە لـەدایك دەبـوون، بـە منداڵـی مـێردی یەکـەم دەژمێردران، هەروەکو منداڵی مێردی یەکەم مامەڵەیان لەگـەڵ دەکـرا، ئـەم کارەشیان بەکاری خێر دەزانی، بە یارمەتی یەکترو هاو ئاین و دەستکورتیان دەزانی[١٧١].

**ژن گۆڕینەوە؛**

ئەگەر پیاوێك مردو کوڕی نەبوو، بەڵام ژنی هەبوو دەبوایە ژنەکەی بدرایە بە نزیکترین خزمی پیاوەکە. ئەگەر ژنیشی نەبوایە کچێکی ئەدرا بە نزیك ترین خزمی مردوەکە، ئەگەر ژن و کچیشی نەبوایە لە سامانی تایبەتی خودی مردوەکە ژنێکیان بۆ خزمێکی مردوەکە دەهێنا. هەر منداڵێکی نێرینە لەم ژن هێنانەدا لە دایك دەبوو پەیوەندی بە کابرای مردوەوە هەبوو، ئیتر بێئاگا بوون لەوە، ئەم کارە کارێکی دژوارو سەختە، چونکە وەجاخ کوێری کابرای مردوویان بە کوشتارێکی بێ پایان دەزانی، گوایە بەم کارەیان کابرای مردوو لە وەجاخ کوێری ڕزگار دەکەن(١٧٢).

**مەراسیمی ژن مارەبڕین؛**

یەکەم هەنگاو خوازبێنیەو بەدەستهێنانی ڕەزامەندی کچەکەو باوك و دایکی کچەکەیە، لە دوای ڕازی بوونیان مەراسیمەکە بەم جۆرە ئەنجام دەدرێت:

١-دەستەیەك لەخزمانی پلەیەکی کوڕەکە دەڕۆن بۆماڵی باوکی کچەکە، لەگەڵ خۆیاندا نامەیەکی کوڕەکە بۆ باوك و دایکی کچەکە دەبەن، نامەکە لەسەر کاغەزێکی سەوز دەنووسرێت، تا لەپیرۆزی و خۆشبەختی بەهرەمەندبن.

٢-چەند ڕۆژێك دوای ئەوە لە لایەن بنەماڵەی کچەکەوە وەڵامی نامەکە دەنوسرێتەوە و لە مەراسیمێکی وەکو مەراسیمی پێشوو، واتە لە لایەنی خزمانی پلە یەکی کچەکەوە نامەکە دەبرێت بۆ ماڵی کوڕەکە. بەپێی ئامۆژگاریەکانی زەردەشت؛ هەر کچێك یان ژنێك، بەرگری لە شووکردنی

نەکرێت، دەتوانرێت داوای بکرێت، ڕازی بوونی هەردوولا بە مانای بەستنی پەیمانی ژن و مێردی نیە.

٣-لە لایەنی بنەماڵەی کوڕەکەوە (ئەڵقەیەك و سینییەك نوقڵ و چەند کەللە شەکرێك و چەن مەترێك کوتاڵ بۆ جلوبەرگی کچەکە ئامادە دەکرێت و لە ڕۆژێکی دیاری کراودا ئەم کەلوپەلانە دەبەن بۆ ماڵی بووکەکە) ئەڵقەکە لەلایەنی خزمێکی پلەیەکی کوڕەکەوە- واتە زاواوە- دەکرێتە پەنجەی کچەکەوە. پیرۆزبایی لەیەکتر دەکەن.

٤-چەند ڕۆژێك دوای ئەوە مەراسیمێکی وەکو ئەم مەراسیمەی باسمانکرد، لە لایەنی ماڵی کچەکە دەرحەق بە زاوا سازدەدرێت.

لە ڕێنوماییەکانی زەردەشتا هاتووە کە؛ مەراسیمەکانی دەسگیران دیاریکردن لە کاتێکدا دەتوانرێت بەرپا بکریت، کچەکە تەمەنی لە چواردە ساڵ کەمتر و کوڕەکەش لە شازدە ساڵ کەمتر نەبێت، مەراسیمی دەسگیران گرتن بە ئاڵوگۆڕی ئەڵقەو دیاری و بە ئامادەبوونی خزمان بەلانی کەمەوە لە حەوت کەسی باوەڕپێکراوی زەردەشتی، تەمەنیان لە ٢٥ ساڵ کەمتر نەبن ئەنجام دەدرێت.

٥-لە دوای مەراسیمی دەسگرتن لە کاتی گوێزانەوەدا ئەم هەنگاوانەی خوارەوە دەنرێت؛

وەکیلی پرسیار (دهموبد) کە پێشەوایەکی ئاینیە، لەگەڵ چەند کەسێك لە خزمان و میوانانی زاواکە- نابێ ژمارەیان لە حەوت کەس کەمتربێت- بەنیازی وەرگرتنی ڕەزامەندی کچەکەو بۆ ئەنجامدانی مەراسیمی مارەکردن دەڕۆن بۆ ماڵی بووکەکە، بووك چۆتە گەرماو و خۆی ئارایشت داوە، لە لای ژووروی دانیشتوانەوە دانیشتوە. پارچەیەکی سەوزی داوە بەسەرخۆیدا بە

شێوەیەك ڕووخساری دیار نەبێت، چەند ژنێكی دیكە لـە هـەردوو تەنیشتی بووكەكـەوە دانیشـتون. (دهموبـد) و هاوڕێكـانی لـە كـاتێكدا چـەند چـرای داگیرساویان بەدەستەوەیە، بە ئاهەنگی گۆرانی و شاباشـەوە دەچنـە ژوورەوە، دەڕۆنە بەردەم بووك. پێشەوا ئاینیەكە لە كچەكـە دەپرسـێت: بـەناوی خـوا تۆ ئەی (كچی....) لێت دەپرسم، ئایـا بـە ژن و مـێردی لەگـەڵ (كـوڕی......) ڕازیت؟. (دهموبد) ئەم پرسیارە چەندین جار لەناو هەراو هۆریاو هەلهەلەو شـادی دووبـارە دەكاتـەوە، بـە زۆری لـەجاری سێهەم یـان حەوتـەمدا بـــووك دەڵێت؛ بـەڵێ، لـە دواییـدا (دهموبـد) لـــە بووكەكـە دەپرسـێت: چ كەسـێك دەكـەیت بـە نوێنـەر یـان وەكیلـی خــۆت؟ بووكیـش بـاوكی یـان بـرای بـۆ ئەنجامدانی كارەكە دیاریدەكات. لـەدوای بیسـتنی ئـەم بڕیـارە. (دهموبـد) و هاوڕێكانی دەگەڕێنەوە بۆ ماڵی زاوا.

٦-(شاهید گرتن + مارە بڕین)، نوێنەری بووكەكە لەگەڵ چـەند كەسـێك لــە میوانــەكانی مــاڵی بــووك دەڕۆن بــۆ مـــاڵی زاوا و ئـــەم كەلوپەلانـــەی خوارەوەش لەگەڵ خۆیاندا دەبەن. یەك هێلكە، یەك پارچە كوتـاڵی سـەوز، جلی زاوا، چەند كەللە شەكرو هەندێك شیرینی و نـەعناو سنجوو. لـە دوای ئەوەش ئاهەنگی مەزهەبی (گواه گیران = مـارە بڕیـن ) دەسـتپێدەكەن. زاوا لە لای ژووررووی دانیشتوانەوە دانیشـتوە. نوێنـەری بووكیـش لەبەرانبـەریدا دادەنیشـێت. (دهموبـد) یـان مووبـد لــە پـەنای زاوا دادەنیشـێت، لـەدوای تـەواوبونی لێكۆڵینـەوە سـەبارەت بـەوەی ئایـا بـووك و زاوا لـەوەو پێشـتر لـەبارەی پـەیوەندی ژن و مێردایەتیانـەوە لەگـەڵ یـەكدا دواون یـا نـا، یـان بڕیاری بۆ یەكتر بوونیان داوە، بە دەنگێكی بەرز ئاوێستا دەخوێننـەوە، لـەم كاتـەدا زاوا و نوێنـــەری بـــووك ڕاوەســـتاون، (پشـتوێنی تایبـەتی) (كشـتی)

لەپشت دەکەنەوە، دووبارە دەیبەستنەوە، لەدواییدا مووبد مەراسیمی مارەبڕین (گواه گیران) لە باتی مارەبڕینی زەردەشتیانە ئەنجام دەدات. لەپاشاندا هەڵدەستێتە سەرپێ دوعای تەندروستی بووك و زاوا دەخوێنێتەوە. لە تەواوی ئەم ماوەیەدا نوێنەری بووك و زاوا دەستێکیان لەناو دەست و دەستێکیان لەسەر شەکر دادەنێن، مێردمنداڵێك کە پەیوەندی خزمایەتی بە زاواوە هەیە، لەپشت سەری زاواوە ڕادەوەستێت، هەنارێکی شیرین و پارچەیەکی سەوزو مقەستێك و هێلکەیەکی.. بە دەستەوە گرتوە. لەسەر سەری زاوا دایدەنێت. لە دوای کۆتایی مەراسیمەکە (دهموبد) هێلکەکە بە هەموو هێزی لە پشتەبانەوە بۆ دەرەوەی ماڵەکە دەهاوێژێت و هەنارە شیرینەکە دەدات بە زاوا، تا لە دواییدا لەگەڵ بووکەکەدا بیخۆن.

٧-بوك هێنان یان بووك بردن: لە دوای نانخواردنی ئێوارە و بڵاوبوونەوەی میوانەکان (دهموبد) لەگەڵ چەند کەسێك لەخزمانی زاوا دەڕۆن بۆ ماڵی بووك، تاکو بووکەکە بەرن بۆ ماڵی زاوا[١٧٣].

**تەڵاقدان و هۆکانی:**

لە ئاینی زەردەشتا (تەڵاق) ئیختیاری نیە، چوار شت دەبنە هۆی تەڵاقدان، لە کتیبی (بندهشن ٣٤)دا هاتوە:

١-هەرکاتێك لەسەر نوێنی مێردەکەی بێ ڕەسمی بکات و ناشایستەی لێدەرکەوێت.

٢-هەرکاتێك دووژمنان بشارێتەوەو مێردەکەی نەزانێت.

٣-هەرکاتێك جادو بەکاربێنێت یان فێری ببێت.

٤-ئەگەر نەزۆك بوو  منداڵی نەبێت. چەند شتێکی دیکەش هەیە کە دەبنە هۆی تەڵاقدان لەوانە: هەرکاتێك لە کاتی مارەبڕین ژنەکە یان پیاوەکە شێت بووبێت، یان هەرکامێکیان تێکچوو بێت، یا لە دوای جووتە گرتنیش دەرکەوێت کە مێردەکە مناڵی نابێت، یان هەرکاتێك دەرهەق بە ژنەکە ستەمیان بەکارهینا، یان هەرکاتیك ژنەکە لەگەڵ پیاوێکی دیکەدا نوست یامێردەکەی لەگەڵ ژنێکی دیکەدا ڕایبوارد. ئەگەر ژن بێگوێی مێردەکەی بکات، ئەگەر ژنەکە مێردێکی دیکە یان دەسگیرانێکی دیکەی هەبێت و بیشارێتەوە. ئەم جووتە گرتنەی دوایيان هەڵدەوەشێتەوە، هەرکاتێك مێردەکە بۆ ماوەی پێنج ساڵ دیارنەبێت(١٧٤) .

**مەراسیمی ( بەروانکە = صدریە ) لەبەرکردن؛**

لەبەرکردنی ئەو کراسە بچووکەی لە شێوەی  ژێرکراسدایەو بە شێوەیەکی تایبەتی دەدوورێت. بەروانکە  لەبەر کردن، مێژوویەکی گەلێك درێژی هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی  "جەمشید". بەروانکە لەبەرکردن یەکێکە لە ئەرکەکانی ئاینی زەردەشت، لە سەردەمی دێریندا، لە تەمەنی ١٥ ساڵییەوە کە بەتەمەنی باڵقی دەژمێردرا بەروانکەیان لەبەردەکرد. پشتوێنێکی تایبەتیان لەسەر دەبەست. لە دواییدا ئەم نەریتە لە تەمەنی ١٥ ساڵیەوە هاتە خوارەوە بۆ تەمەنی ٧ ساڵی. لە کاتێکدا کچ یان کوڕی زەردەشتی دەگەیشتە تەمەنی ٧ تا ١٥ ساڵی  هەموو زانیاریەکی ئاینییان لە ئاوێستاوە وەردەگرت، داشدیارەکان ڕۆژیکیان بۆ سازدانی ئاهەنگی بەروانکە لەبەرکردن و پشتوێن بەستنیان دیاری دەکرد، خزمان و خویشانو دۆستانیان بۆ بەشداری کردنیان لە ئاهەنگی بەروانکە

لەبەرکردنەکە، بانگ دەکرد. لە ڕۆژی دیاریکراودا لە پێشەوە سفرەیەکی گەورەیان ڕادەخست، سفرەکەیان بەم کەلوپەلانەی خوارەوە دەڕازاندەوە.

(مەقەڵییەکی پڕ لە ئاگر، کاسەی سەندەل، داری عوود، سینی وشکە میوەی وەکو"بستە، بادام، گوێز، فندق، قەیسی، سنجو، لەتکە هەڵوژە، هەنجیر، گوێزی هیندی و".. هەندێك نوقڵ و شیرینی لەسەر دادەنرا. زەردەشتیەکان (لەرك)یان پێدەوت.

هەندێك گوڵ و سەوزە و نەعناو برنج و.. لەسەر سفرەکە دادەنا. ئەو کاتە کوڕ یان کچ لە دوای لەبەرکردنی بەروانکەکە، لە لایەکی سفرەکەوە ڕوەو ڕۆژ دادەنیشێت. ئەگەر مەراسیمەکە لە پێش نیوەڕۆدا بێت ئەوا منداڵەکە ڕوەو خۆرهەڵات دادەنیشێت، ئەگەر دوا نیوەڕۆش بێت منداڵەکە ڕوەو خۆرئاوا دادەنیشێت، موبدیش لە بەرانبەریاندا دادەنیشێت. مەراسیمەکە بە خوێندنەوەی (ئورمزدیشت) یان بە نیایشی ئاگر دەستپێدەکات. لەوکاتەدا موبد بۆ لایەکی سفرەکەوە دەڕوات، لە بەردەم منداڵەکەدا ڕادەوەستێت، پشتوێنەکە دەبەستێتە پشتی منداڵەکە، لە تەواوی ئەو ماوەیەدا منداڵەکە قۆڵی موبد دەگرێت، لەگەڵیا سروودە ئاینیەکان دەڵێتەوە، لە دوای کۆتایی مەراسیمەکە منداڵەکە لە شوێنی خۆی دادەنیشێت، موبدەکەش دەچێتەوە شوێنی یەکەمجاری خۆی، لە بەرانبەر منداڵەکە بەپێوە ئاوێستای تەندروستی بە ناوی منداڵەکەوە دەخوێنێتەوە، لەکاتی سروود خوێندنەوەکەدا هەندێك نەعناو برنج و شیرینی تێکەڵاو، وردەوردە بەسەر منداڵەکەدا دەکەن[١٧٥].

لە کتێبە پەهلەویەکاندا، واژەی (شپیك) لەباتی (سدرە = بەروانکە) بەکارهاتوە، لە ڕابوردوودا بەروانکەیان لە پارچەیەکی خوری یان ئاورێشم

یا لۆكە دروستدەكرد. لە ئێستادا بەروانكە لە مەلەلی سپی دروستدەكەن. لە دەقە مەزهەبیەكانی زەردەشتیدا هاتوە، بەروانكە دەبێت لە پێست، خوری، موو، لۆكە، ئاوریشم، دروست بكرێت. لە هەندێ دەقی دیكەدا هاتوە، دەتوانن بەروانكە لە هەموو شتێك دروستبكەن. بەڵام بەروانكەیەك پەیوەندی بە گیاوە هەبێت بە تەواوی هەمان شتە، لە كتێبە پیرۆزەكاندا ئاماژەی بۆ كراوە. كاریگەری و خاسیەتەكانی بەروانكە بریتیە لە: نیشاندانی عەبدایەتی ئاهورامزدا، لەباتی (زنجیرو جەوشەن = كراسی بێقۆڵی ئاسنین – و-) كە خاوەنەكەی لە شەڕی چاوی پیس و نفووس و خەسڵەتە ڕەزیلەكان دەپارێزێت، سپیەتیەكەی نیشانەی ئاینی زەردەشتیە، دەبێت لە هەموو جۆرە بەرگێكی ڕەش دووركەونەوە. تەنانەت لەكاتی پرسەو ماتەمینیشدا[١٧٦].

**مەراسیمی گشتی بەستن = پشتوێن بەستن؛**

پشتوێن بەستنیش یەكێكە لە ئەركە ئاینیەكانی زەردەشت، لەكاتێكدا منداڵ دەگاتە تەمەنی حەوت ساڵی یان دە ساڵی یان پازدە ساڵی، دەبێت پشتوێن ببەستێت. ئەم نەریتە دەدرێتە پاڵ "جەمشید"، لەدەقە مەزهەبیەكانی زەردەشتیەكاندا هاتووە؛ (جەمشید ڕێوڕەسمی پشتوێن بەستنی داناوە)، یان (بەستنی پشتوێن بەفەرمانی جەمشید ڕاگەیەنرا) ئەم نەریتە لەپێش زەردەشتەوە، لەنێو ئاریەكاندا لە ئارادا بوە. زەردەشتیش بڕیاری ڕەسمی لەسەر داوە، بە پێی ئاینی زەردەشت پشتوێن لەسەر كراسی ئاینیەوە دەبەسرێتە پشت.

لە شانامەی "فیردەوسی"دا كەسێك بەناوی "هوم"، پیاوێكی خوا پەرستبوە، چیرۆكێك دەگێڕێتەوە، "فیردەوسی" دەڵێت: (هوم لەسەر

چیایەك لەسەر شیوازی پیاوە ئایندارەكان خەریكی خواپەرستی بوو، چلەی دەكێشا، لە كاتێكدا "ئەفراسیاب" لەدەست لەشكری "كەیخوسرەو" هەڵهات و لە چیاكاندا سەرگەردان بوو، لەلایەنی ئەم پیرەمێردە خواپەرستەوە دیل دەكرێت و"هوم" بەپشتوێن دەیبەستێتەوەو دەیبات بۆ بارەگای "كەیخوسرەو". بابەتی پشتوێن بەستن، ڕابردوویەكی ئەوەندە كۆن ومێژوویی هەیە، لە نێوان ئاریە دێرینەكاندا ڕێوڕەسمێكی تایبەتی و باوی هەبوو.

لە كتێبی (بەند هشن)، (باب= درگا)ی (پێنج و دە) دا هاتووە: (لە هەرشوێنێكی جیهاندا كارێكی چاكە لە "بهدینی = زەردەشتی" سەرهەڵبدات هەموو ئەو كەسانەی پشتوێنیان بەستوە، لەو كردارە چاكە سوودمەند، دەبن). بەنی پشتوێنەكەیان لە سەردەمی دێریندا لە خوری مەڕو مووی بزن، تووكی حوشتر، لۆكە دروست دەكرا. بەڵام ئەمڕۆكە زەردەشتیەكان پشتوێن لە خوری مەڕ دروست دەكەن، پشتوێنی بەن نیشانەی عەبدایەتی (ئاهورامزدا)یە، دەبێت زەردەشتیەكان لە هەموو كاتێكدا ئەو پشتوێنەیان لە پشتابێت. هەموو كەسێك لەكاتی مەلەكردندا و ژنی حەیزداریش دەبێت ئەو پشتوێنە لە پشتیان بكەنەوە. نەبوونی پشتوێن یەكێكە لە گوناهە گەورەكان. ئەم پشتوێنە لە (٧٢) تاڵە بەن هۆنراوەتەوە، ئەم ٧٢ تاڵە ئاماژەیە بۆ ٧٢ بەندی یەسنای ئاوێستا، ئەم تاڵە بەنانە كراون بە شەش بەشەوە، هەر بەشەیان لە (١٢) تاڵ بەن پێكهاتوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ هەر شەش تەرەفەكەو (١٢ )ەكەش ئاماژەیە بۆ دوازدە مانگەكەی ساڵ. ئەم پشتوێنە دەبێت سێ جار بە دەوری خاوەنەكەیدا بێتەوە، ئەم سێ جارە سێ واژە دێنێتەوە یادی مرۆڤ كە بریتین لەمانە:

(همت)، (هوخست)، (هور شت) لەکاتی پشتوێن بەستنەکەدا دەبێت ئەم سێ واژەیە ڕچاو بکرێت، دەبێت پشتوێنەکە چوار گرێی لێبدرێت، لە گرێی یەکەمدا زەردەشتیەکان دان بەبوونی (خوای یەکتا)دا دەنێن، لە گرێی دووهەمدا گەواهی دەدەن ئاینی زەردەشت لەسەر حەقە و لەلایەنی خواوە هاتوە، لە گرێی سێهەمدا دان بەنامەی پەیامی پێغەمبەری زەردەشتا دەنێن، لە گرێی چوارەمدا دان بە پەسەندکردنی سێ پایەی گرنگی ئاینی مزدی یەسنا کە بریتین لە (بیری چاك و وتەی چاك و کرداری چاك) دەنێن[١٧٧].

**یاساکانی مردوناشتن؛**

کەسی مردووش مەراسیمی تایبەتی هەیە. لەسەرەتاوە هەردوو پێڵووی چاوی لێکدەنین، پێکانی لە ئەژنۆی دەنوشتێننەوە، لە دوایشدا لە ژووری مردو شۆرین، لەسەر تەختێکی نوستنی ئاسنین یان لەسەر زەوی بەرد ڕێژکراو ڕای دەکێشن، بە ڕووپۆشێکی خاوێن دایدەپۆشن، چونکە لە ئاینی زەدەشتدا مردوو پیسە لە هەرچیەك بکەوێت پیسی دەکات. لە دوای ئەوەش بە مردوو شۆرەکان، کە ژمارەیان جووتە یانی دوو یان چوار کەسن ڕادەگەیەنن کە لە دوای شۆرین و نوێکردنەوەی پشتوێنی مردوەکە، مردوەکە لەناو تابوتێك کە (گهن) یان (گاهان)ی پێدەڵێن و لەئاسن دروستکراوە، دادەنێن، دەیبەن بۆ ئارامگا. خزمە نزیکەکانی مردوەکە چەند هەنگاوێك لەگەڵیدا دەڕۆن. ناشتنی مردوو دەبێت لە کاتی ڕۆژدا بێت، ناشتن دەبێت پێش ڕۆژئاوابوون بێت، ناشتنی مردو لەشەودا باش نیە.

بەپێی نەریتێکی دیرێن زەردەشتیەکان مردوەکانی خۆیان لە دخمەکانیاندا، بە ئەمانەت دادەنێن، ئەم نەریتە کەم تازۆرێك لە ئێران و هیندستاندا هێشتا ماوەتەوە، هەندێك ناوەندی زەردەشت نشینی ئێران ئیستاش پابەندی ئەم نەریتەن. زەردەشتیە ئێرانیەکان بەو دخمانەیان دەڵێن (دادگا). زەردەشتیەکانی هیندستانیش پێی دەڵێن (دخمو). ئەوروپاییەکان پێی دەڵێن (بورجی خامۆشان).

دخمە شوێنێکی بازنەییە، چواردەوری بە دیوارێکی بەردین گیراوە، بەزۆری لەسەر چیای بڵند دروستی دەکەن، لە ئاوەدانیەکانی دەوروپشتییەوە نزیکەی، یەك دوو فرسەخ دوورە، دیوارەکەی لە بەردو چیمەنتۆ

دروستدەكرێت، دەرگایەكی بچوكی ئاسنینی بۆ هاتوچۆ تێدایە، چێوەی دخمە نزیكەی ١٠٠ مەترە، تەختی ناوەوەی دیوارەكە لە هەموو لایەكیەوە بەرەو ناوەڕاست لێژە، لە ناوەڕاستی دخمەكەدا بیرێكی قوولٚ و پان هەڵكەنراوە، لە چواردەوری دخمەكەدا لە دەرەوەی دیوارەكانی گەلێك بیری تێدایە، قووڵاییان نزیكەی مەترێك دەبێت و بەرد ڕێژكراون، بیری ناوەڕاستی دخمەكەی زەردەشتیانی ئێرانی (برادە)یان (استەدان = ئێسكدان)ی پێدەڵێن، فیردەوسی (ستودان)ی لە باتی (استەدان =ئەستەدان) بەكارهێناوە، وەكو ئەمەی خوارەوە:

**سر جادوان رابكندم زتن (ستودان) ندید ند گۆرو كفن**

یانی؛ سەری جادوگەرانم لە لاشەیان جیاكردەوە، (ستودان)ەكان گۆڕو كفنیان پێنەبڕا

"ئەسەدی طوسیش" دەڵێت:

**(ستودانی) ازسنگ خارا برار زبیرون براو نام من كن نگار**

یانی؛ ئێسكدانێك لە بەردی مەڕمەڕ دروستكەن، لە ڕووی دەرەوەی ناوی منی لێهەڵكەنن.

پانتایی ناوەوەی دخمە لە دیوارەوە تا ئێسكدان بە سێ بەشی بازنەیی دابەشكراوە، بەشی یەكەمیان لە دیوارەوە دەستپێدەكات و گەورەترە لە بەشەكانی دووهەم و سێهەم، شوێنی تایبەتی پیاوە مردووەكانە، بەشی دووهەم بۆ ئافرەتانە، بەشی سێهەم پەیوەستە بە ئێسكدانەوە بۆ منداڵان و كۆرپەكانە. هەریەكێك لەم بەشانە بە چەند پارچەیەكی بچووكتر دابەشكراون، هەر پارچەیەكیان بۆ مردویەكە، چەند هێڵێكی بچووك وەك

جۆگەلە لە نێوان پارچەکاندا هەڵکنراون تاکو ئاوی باران چڵك و چەپەڵی مردوەکان لەم جۆگەلانەوە بچۆڕێنێتەوە ناو ئێسکدانەکەوە.

ئەگەر مردوەکان بخەنە نێو ژێرزەمینەکانەوە (دخمەکانەوە) سەری مردوەکە دەکەنە لای خۆرهەڵاتەوە، تاکو ڕووی لە خۆرهەڵاتەوە بێت، دەبێت ژێرزەمینەکە نزیکەی ١٨٠ سم درێژی و ٧٠ سم پانی و قوڵیەکەی نزیکەی دوو مەتر بێت، بەڵام بۆ منداڵان و کۆرپەکان جیاوازە. ئەم ژێرزەمینە بۆ ئەو مردوانەیە کە هێشتا نەبراون بۆ دخمە(قەڵای خامۆشان) [١٨٧]. چونکە مردوو خستنە ناو دخمە کەمەکێك دراوی تێدەچێت. هیچ جیاوازییەك لە نێوانی هەژاران و دەوڵەمەندەکاندا نیە، هەموویان یەکسانن. بەم کارە مردوو پەرستی و گۆڕپەرستی برەو پەیدا ناکات، لەبەر نەبوونی هیچ جۆرە گۆڕێکی تایبەتی. هەموو مردوەکان لەناو ئەو دخمانەدا کە لەسەر کێوەکانن دادەنرێن. نەریتی نیشانکردنی ئارامگای بنەماڵەیی و ئارامگا ڕازاندنەوە لە ئارادا نیە.

کارناسێکی ئێرانی دەڵێت: لە ئاینی مزدائیدا گەلێك لە باوەڕە ئاینیەکانی (بودائی هیندی ڕەنگی داوەتەوە). لێرەدا هۆکاری ئەسڵی و بنچینەیی (ئاگر)ە، ئاگر لە میحرابدا کڵپەی دێت، بە دیارییە هەمیشەییەکانیان بەرگری لە کوژاندنەوەی دەکەن. بەم هۆیەوە شێوەی ستایشی ئاگر لە ئاینی ئێرانیەکاندا زیاتر بەدی دەکرێت. هەر بەم هۆیەشەوەیە لە سووتاندن و لەگۆڕنانی مردوەکانی خۆیان دەپارێزن. چونکە لەو بڕوایەدان سوتاندن و لەگۆڕنانی لاشەی مردوەکان ئاگرو زەوی کە دوو توخمی پاکن پیسدەکات. لەبەر ئەمە لاشەی مردوەکانیان بۆ دەشتەکان یان سەرچیاکان دەبەن، لە مەراسیمێکی تایبەتیدا لە هەوای ئازادا، دایاندەنێن[١٧٩].

"كريستن سن" دەڵێت: وەنديداد چەند باسێكى ئاينييە، سەبارەت بە هەموو ناپاكىو تاوان و كەرەسەكانى خاوێنكردنەوە و تۆبە و پاڕاندنەوە، دەدوێت. لەم كتێبەيدا لەبارەى هەموو ئەو ستەمانەى لە بوونەوەرەكانى ئاهورامزدائى وەكو (مرۆڤ، سەگ، سەگاو) و چۆنيەتى ڕەفتاركردن لەگەڵ لاشەى مردوەكانداو گەلێك شتى ديكەوە دواوە. بە پێى ئەم ياسايە دەبێت مردوەكان لە دخمەدا دابنرێن، ببنە خۆراكى باڵندەكان چونكە لە گۆڕنانى مردوو يا سوتاندنى لاشەكانيان دەبێتە هۆى پيسبوونى توخمەكان ( ئاو، با، خاك، ئاگر)-لێرەدا لە فارسيەكەدا لە باتى ئاگر – هەوا- نوسراوە ئێمە كردمان بە ئاگر چونكە باو هەوا هەردووكيان يەك توخمن، ئاگريش يەكێكە لە چوار توخمەكە، بە هەڵەى چاپمان زانى –و- . لەبەر ئەوە زەردەشتيەكان ئەم كارەيان بە حەرام دەزانى.

دەستدان لە ژنى حەيزداريش، دەبێتە هۆى ناپاكى و پيس و پۆخڵى[١٨٠].لە دخمە نانى مردوو نەريتێكى ئێرانيەكانى سەردەمى ساسانيەكان بوو.

"هيون تسانگ" گەشتيارێكى بوودائى بوو دەڵێت: ئێرانيەكان بە زۆرى لاشەى مردوەكانيان لە بيابانەكاندا فڕێدەدا. چونكە (سياوش) نەيدەويست بەرانبەر بەو نەريتانەى لە ئارادا بوون، ژيان بەسەر بەرێت، كە ژنەكەى مرد بەپێچەوانەى خەڵكەوە گۆڕى بۆ هەڵكەندو شارديەوە[١٨١].

## ڕێنوومايى و سێ تەوەرەكەى زەردە شت

بناغەى ئاينى زەردەشت لە سەر سێ تەوەرەى (بيرى چاك، وتەى چاك، كردارى چاك) دامەزراوە، بەهەمان ئەندازەش جەختى لەسەر ڕاستى و دروستى كردۆتەوە. لە بارەى دووركەوتنەوە لە درۆ و ناپاكيشەوە وەسيەتى كردووە و درۆزنەكانى بە سزاى جەهەنم ترساندوە، مژدەى بەهەشتيشى بە

ڕاستگۆکان داوە، بە پێی ئەم بناغەیــە ئــەم ئاینــە لەســەر ڕاســتی و دروســتی دامــەزراوە. خاڵــەکانی دژی ئــەم ئاینــە درۆ و نادروســتیە. هــەموو هــێزێ نەتەوەکانی جیهان لەڕاستی و درۆوە سەرچاوە دەگرن.

لە گاتــەکاندا هــاتووە: (گوێ بــۆ باشــترین وتــەکان بگــرە، لــەنێوان دوو ئاینی (ڕاســتی، درۆ)، خــۆت داوەری بکــە. لــە ســەرەتادا لــە کــاتێکدا ئــەم دوو گەوهــەرە (مەبەســت ئــاهورامزدا و ئەهریمەنــە-و-) پــەیوەندیان بــە یەکــەوە کــرد، ژیــان و مــەرگیان هێنایــە کایــەوە. لەبــەر ئەمــە لــەم جیهانــەدا درۆ پەرســتەکان، گــیرۆدەی خراپــترین ژیــانن و پــەیڕەوانی ڕاســتیش لــە باشــترین شوێنەکاندا بەهرەمەندن. ئەم دووتاییە، ڕەوشتی ئاینی زەردەشت نیشان دەدات.

لە(یەسنای ٢٦ و ١١)دا هاتوە کە: ( لە ئاوێستادا ڕێگەی ڕزگاری، ڕاستی و دروســتیە، بەهەشــت یــانی جیهانی پــاکی و ڕاســتی، دۆزەخیــش بــە خانــەی درۆزنــان نــاوزەد کــراوە، تاوانبــاران هــەتا هەتایــە بــە زیندوویــی تێیــدا دەمێننەوە).

لە(یەشتی ١٠)دا هاتوە: ئامــانجی زەردەشــت ڕاســتیە، درۆش لــە مەرگــەوە نزیکە. لە ئاوێستادا هاتوە: کە بەدرەوشتێك درۆ بە (میترا) بڵێت بەم کارەی مــەرگ بــۆ هــەموو ســەرزەمینەکان دەهێنێــت. لــە یەســنای ٤٧ /٢دا هــاتوە: زەردەشت لە ئاهورامزدا پرسیار دەکات دەڵێت (کێیە ئــەو کەســەی لە ڕۆژی یەکەمدا دەبێتە باوکی ڕاستی؟)

لــە (یەســنای ٨/٣١)دا هــاتوە کــە: (تــۆی درووســتکەری ڕاســتی)، لــە (یەسنای ٢٠/٣١)دا هاتوە: (دۆستانی ڕاستی لــە کوێــرەوەری بــەدوورن، بــەڵام درۆپەرستان لە کوێرەوەریدا دەمێننەوە).

لە (یەسنای ٤/٤٩)دا هاتووە: (دۆزەخ جێگای درۆزنەکانە).

له یەسنای (١٠/٣١)دا هاتوه: (هیچ کەسێك له ئێوه نـابێت گوێ لـه وتەی درۆزن و یاسای درۆپەرستان بگرێت)، له (فەرگردی ٤٥ )دا هاتوه: (لـەناو دۆزەخـدا ڕۆحـی پیـاوێکم دی کـه کـرم لاشـەکەیان دەخــوارد)، فریشتەیەك له وەڵامی مندا وتی: ئەم پیاوه له جیهاندا (شایەتیدرۆی داوه).

له (فـەرگردی ٣٣)دا هـاتوه (کابرایـەکم لــه دۆزەخـدا بینــی، کـه کـرم زمانیان دەخوارد، له فریشتەیەکم پرسی تاوانی ئەمـه چـی بـوو؟ وتـی: (لـه جیهاندا درۆی کردووه).

لــه (وەندیــداد فــەرگردی ١٨ و ١٧)دا هــاتوه: (ئــەی خەڵکینــه؛ هەســتن ستایشی باشترین خواپەرستان بکەن له سێ شـتی بـاش "بـیری چـاك، وتـەی چاك، کرداری چاك" ڕوو وەرنەگێڕن).

له (یەسنای ٤٩)دا دەڵێت: (له ئاوێستادا هاتوه، کەسانێك بەزمانی خۆیان لــەنێو دۆســتاندا رق و کینــه و تورەیــی و ســتەم پــەرت و بڵاودەکەنــەوه، لەوانەدا کرداری ناشیرین سەرکەوتو و بەهێزه، نەك کرداری چاك، بـەهۆی بیرو باوەڕی درۆیانەوه دەڕۆنه نێو ماڵی (دێوان).

له(فەرگـەردی ٢)دا هـاتوه: (ڕۆحـی کابرایـەکم دی زمانیـان لـه دەمیـەوه ڕاکێشـابوو (خســتران=گیانلەبــەرانی زیبانبــەخش) دەیانجـاوی، (ســروش = جبرەئیل) له وەڵامدا وتی: ئەم کابرایه له جیهاندا بوختانی هەڵبەستوه).

لـه (وەندیـداد فـەرگردی ٤)دا لـەبارەی خیلافـی وەعدەییـەوه- واتـه بــەد پەیمانی- لۆمەیەکی زۆر هەیه.

له ئاوێســتادا هــاتوه،( هەرکەســێك پــەیمان شــکێنی بکـات ئــەوه دزی پەیمانه، دەبێت شەووڕۆژ له بیری پەیمانی خۆتا بیت).

**ئاهورامزدا شەش جۆر پەمانی داناوە:**

١-پەیمانی زارەكی.

٢-پەیمانی دەستی (دەست خستنە ناو دەست).

٣-پـەیمانی ڕەمـزی، ئێسكێكی گیانلەبـەرێكی مـاڵی دەشـكێنن، (بـەكوردی چەڵەمەشـكێنە- و-) پەیمان بە یەكتری دەدەن.

٤-پەیمانی (چاوەڕێ = ماین یان ئەسپ) بەخشین.

٥-پەیمانی كۆیلە یان نۆكەر بەخشین.

٦-پـــەیمانی دەیـــەك بەخشـــین، پـــەیمانی دوایـــی پـــەیمانی پێشـــو هەڵدەوەشـێنێتەوە، لـە هـەمان كاتیشـدا سـزای بـەدی پـەیمان شـكێنی دیاریكردووە، (لەم جیهانـەدا دەبێت ١٠٠ قـەمچی لێبدرێـت، لـە جیهانـەكەی دیكەش دەبێت كۆڵ هەڵگری سەدەها هەزار گوناهی خزمەكانی بێت).

لە (فەرگردی ٥٩)دا هاتوە: (لە دۆزەخدا ڕۆحی پەیمان شكێنەكانم بینی، بە مامزە لێیان دەدان، بە بەرد و تەورزین دەیانكوتان).

لـە (یەسـنای ٤٤)دا هـاتوە: (سـزای ئەوكەسـە چیـە، لـە جیـهاندا پـەیمانی خۆی بەجێ نەهێناوەو (كرێی) كاری خەڵكیشی نەداوە؟).

لە (وەندیدادی ١٨)دا هاتوە: (دێو لەوەڵامی سروشـدا وتـی؛ چـوار دەسـتە لە مرۆڤ بە بێپتان (سكم پڕ) دەكەن (یەكەم ئەو كەسانە كە شـتێكی كـەم نـرخ بە خواپەرستان دەدەن............)

لە (ئەرتا ویرافنامە، بـابی ٢٧)دا هـاتوە: (ڕۆحـی كابرایـەكم بینـی گـڵ و خۆڵەمێشیان دەرخوارد دەدا، لە فریشتەم پرسی، لە وەڵامی مندا وتـی: ئـەم كابرایە لە جیهاندا دۆڵچەو (دۆڵچە =بـەو سـەتڵە دەڵێـن لـە بـیردا ئـاوی پـێ

هـەڵدەگۆزن- و-) سـەنگی کێشانەی پێنـەبوە، ئـاوی کردۆتــە نێـو شــەراب و خۆڵی دەکردە ناو دانەوێڵەوە، بـە نرخـی گرانیـش دەیفرۆشـت، شتیشـی لـە پیاوچاکان دەدزی و دەیفڕاند).

لـە (فـەرگردی ٨٠/٤٩)دا هـاتوە: لـە دۆزەخـدا ڕۆحـــی گرانفرۆشـێکم دی هەڵواسـرابوو، هـەروەها داگیرکـەرێکی زەویـم دی پیسـایی مـرۆڤ و ئـاژەڵی دەخوارد)[١٨٢].

**( فەڕی ئێزەدی= فەڕی یەزدانی )**

کارناسێکی ئێرانی دەڵێت: بە پێـی نووسـینەکانی ئاوێسـتا (فـەڕ)یـان لـە شـێوەی بـاڵندەو هـەڵۆ و شـاهێن و.. دادەنـا. لـە دوای ئـەوەی کـە جەمشـید دەستی بە وتەی درۆ و ناڕەوا کرد، ئـەم کارەشـی بـوو بـە هـۆی ئـەوە (فـەڕ= پاشـایەتی) لەدەسـت بچێـت، فەڕەکـەی لـــە شـــێوەی مـــەلیکدا هـــەڵفڕی. هەرچـەندە لـە کارنامـەی ئاردەشـێری بابـەکانا (فـەڕ)ی لـە شـێوەی بـەرخدا ناساندوە[١٨٣].

"ئۆردووانـی یەکــەم" لــە گــەڕان بــە دوای "ئاردەشـێر و کـەنیزەك"دا تووشـــی هەرکەســـێك بهاتایـــە، هـــەواڵی ئـــەوانی لێدەپرســـی، گوێـــی لەوەڵامەکانیش ڕادەگرت، دەیانوت ئەوانمان لە فلان شوێندا دیتوە. بە پەلـە دەڕۆیشتن و بەرخێك لەدوایانەوە ڕایدەکرد. "ئۆردوان" لەم بەرخـە سـەری سوڕما، لە (دستور= ڕۆحانی زەردەشتی) پرسی ئەویش وەڵامـی دایـەوە وتـی ئـەو (بەرخـە خواییـە) پاشایەتیە، هێشتا پێـی نەگەیشـتوە، ئێمـە دەبێـت (بـەرەو ئـەو بدەینـە غـار)، بـەڵکو پێش ئـەوەی ئـەو فـەڕەی پێبگـات، ئێمـە بیگرین[١٨٤].

## ( زەروان خوای ئاهورامزداو ئەهریمەن )

له هەندێك دەقی ئاوێستادا ئەوە دەردەكەوێت: (ئورمـزد و ئەهریمـەن) هەردووكیان دەستكردی بوونەوەرێكی دیكەن بەناوی (زەروان)- زەروان یانی (ڕۆژگاری بێ كۆتـایی)- زەروانـی خـوای ڕەسـەن و دێریـن چـەندین قوربـانی كرد، تاكو منداڵێكی ببێـت و نـاوی بنێـت (ئوهرمـزد). لـە دوای هـەزار سـاڵ قوربانیدان، لە گرنگترین قوربانیەكانی خۆی كەوتـە گومانـەوە. لەئـەنجامدا دوو منداڵ لە سكیدا پەیدابوون –واتە لە سكی زەروان- یەكێكییان ئوهرمزد بوو، قوربانیەكانی بەناوی ئەوەوە كردبوو، ئەوی تریشیان ئەهریمەن، زادەی گومان و دوودڵی ئەو بوو. زەروان پەیمانی پاشایەتی جیهانی بـە كەسـێكدا، لەپێشدا بێت بۆلای. لەم كاتەدا ئەهریمەن پەیكەری باوكی خۆی (زەروان)ی دڕاند و لە بەرانبەریدا دەركەوت، زەروان لێی پرسی: تۆ كێیـت؟ ئەهریمـەن لەوەڵامدا وتی: من كوڕی تۆم، زەروان وتـی؛ كـوڕی مـن بۆنخـۆش و ڕوونـاكی بەخشـە، تـۆ بۆگـەن و تـاریكی. لـەم كاتـەدا (ئوهرمـزد) بـە سـیمایەكی بۆنخۆش‌و ڕووناكی بەخشەوە دەركەوت. زەروان ئەوی بە كوڕی خۆی دانـاو پێـی وت تـاكو ئەمڕۆكـە مـن قوربـانیم لـە پێنـاوی تـۆدا پێشـكەش كـردوە، لەمەودوا تۆ دەبێت قوربانی بۆ من بكەیت(١٨٥).

(زیــروان) یــان (زەروان) یــان (زوروان) خــوای ڕوونــاكی و تــاریكی، (ئاهورامزدا) و (ئەنگرە مئی نو)یە لە دەقە یۆنانیەكانی پێش زایندا هاتوە: لـە نـاو موغـەكان و ئێرانیـەكانی ئـاری نــژاد نـاوەرۆكی ئاشـكرای (وجـود) حەقیقەتی یەكتایی، هەندێك بـە (مكان = شـوین) و هـەندیك بـە (زەمـان= كات)ی دادەنێن، لـەو دوو گەوهـەرە پـەیدابوە، یـەكێك خـوای چاكـەو ئـەوی

دیکەش خوای خراپە. هەندێك دەڵێن لەم دوو گەوهەرە ڕووناکی و تاریکی پەیدابوە. ئەم دوو گەوهەرە بوون بە سەرچاوەی جیاوازی و ناکۆکیەکانی جیهانی سرووشت. لە سەرەتاوە ناکۆکیان لەگەڵ یەکدا نەبوو. دوو دەستە بوونەوەریان پێکەوە دروستکرد. بوونەوەرە دروستکراوەکان ملکەچ و گوێڕایەڵیان بوون.

لە دەقە زەردەشتیەکاندا هاتوە: لەسەروی سیستەمی یەزدانیەوە، دامەزرێنەر و دروستکەری بوونەوەران، زەروانی پایەدارە. لە نووسراوە دێرینەکانیشدا بابەتیك لەم شێوەیە هاتوە، موغەکان دەڵێن: لەوکاتەدا هیچ شتێك لە ئارادا نەبوو، نە ئاسمانەکان، نە زەوی، نە بوونەوەرەکانی دیکەش، جگە لەم دووانە تەنها بوونەوەرێك هەبوو بە ناوی (زەروان). لە دوایشدا داستانی دروستبوونی ئاهوراو ئەهریمەن بەو شێوەیەی کە باسمانکرد دەگێڕنەوە، تا ئەوکاتە کە (ئەهریمەن) منداڵی دووهەمی زەروان هاتەلای و وتی: مەگەر پەیمانت نەداوە هەرکامێکمان زووتر بێینە لات دەیکەی بە پاشای جیهان؟! زەروان لە بەرانبەر ئەم وتەیەدا، بە ناچاری نۆ هەزار ساڵ دەوڵەت و پاشایەتی پێدا، لەدواییدا وتی: لە کۆتایی ئەم ماوەیەدا دەوڵەت و دەستەڵات بۆ ئاهورامزدا دەبێت، دەبێت ئەو فەرمانڕەوا بێت. لەپاش ئەوە ئاهورامزداو ئەهریمەن هەریەکەیان لەنێو سنووری دەستەڵاتی خۆیاندا دەستبەکار بوون. دەستیان بە دروستکردنی بوونەوەرەکانی خۆیان کرد. هەرچیەك ئاهورامزدا دروستی دەکرد باش و سوودبەخش و ڕاست بوو. هەرچییەکیش ئەهریمەن دروستی دەکرد، شەڕو زیانبەخش و نادروست بوو. لە دیدارو گفتوگۆیەکدا لەنێوان (آذرهرمزد= آناهید) و مووبدی مووبداندا لە کۆتایی سەردەمی ساسانیەکاندا ڕوویدا، ئاوا هاتوە:

**ئـــــازەر هـــورمـــــزد؛**

کام مەزهەب کە سوودمەند بێت هەتە؟ ئایا دەبێت (اشوکر=ئەشوکر) یان (فراشوکر) یان (زروکرو زەروان) بەخوا بزانین و بیانپەرستین، یان (ئاهورامزدا) کە بە دۆعاو خواستی باوکی لەدایك بوە. باوکی بەو هەموو دۆعا و قوربانیانەو بەو ئاواتەی کە مندالبوونە، نەگەیشت. تاوەکو ئەهریمەن بەبێ خواست و ئارەزووی ئەو دروستبوو. بەبێ ئەوەی زەروان بزانێت، چ کەسێك دروستی کردوە و منداڵەکەیان لە سکی دەرهێناوە، چ کەسێك ئەوانی درووستکردوە؟!

ئازر هورمزد درێژەی دەداتێ:

ئەگەر وا بێت ئاهورامزداش وەکو ئێمە و خەڵکانی دیکە لە چوارچێوەی لەدایك بوون و مردن و کۆتایی هاتندایە.

لە دەقێکی سوریانیدا کە پەیوەندی بە سەدەی هەشتەمی زاینیەوە هەیە، لەبارەی زەروانەوە ئاوا دەڵێت:

زەردەشت لە سەرەتای کارەکەیەوە بەچوار ئەسڵ! قایل بوو؛
١-ئەشوکر ٢-پرشوکر ٣-زروکر ٤-زەروان.

زەردەشت وتی زەروان باوکی ئاهورامزدایە، لە ئاوێستای ئیستادا لەبارەی زەروانەوە لە (فەرگردی ١٩ بەندی ١٣)دا نووسراوە ئەو کاتەی کە ئاهورامزدا وتی: ئەی زرتوشتر! زروان (نهێنی لە دەرونیایە)، ئەمەش ڕەوشتی تایبەتی خۆیەتی و ڕۆژگاری (زروان اکران) و (ویو)[١٨٦]ی خاوەنی کرداری چاك ستایشیان بکە.

ئاینی زەردەشت ستایشی سێ ئێزەدی ناوبراو (!) دەکات. لە (وەندیداد فەرگردی ١٩ بەندی ١٩)دا هاتوە (ڕەوانی مرۆڤ لە دوای مردن بەدەستی (دیّــو)ەوە گرفتـــارە،

ڕێگایەك، زەروان درووستی کردوە ڕێگەی رزگاریـــە، دەیدۆزێتەوە)

★ ★ ★

لە ڕوانگەی زەردەشتەوە (منش نیك =پسنت مینیو=ڕەوشتی چاك)، (منش بد = ئەنگرە مئی نو =ڕەوشتی خراپ)جمك بوون. هەردووکیان لەلایەنی یەك خواوە (زەروان کە هیچ ئاگاداریەکمان لەبارەی ناوەکەیەوە لەبەردەستدا نیە) دروستبوون. ئەم خوایە، ناوەکەی لەئێمە بزرە، هەمان خوایە، کە کات و شوێنی ڕەها سیمایەتی، لەسەردەمی هاخامەنشیەکاندا لەبارەی حەقیقەتی ئەم خوایەو بوونیەوە، چەندین بۆچوون و ئەندێشەی جۆربەجۆر پەیدا بوون، گەلێك ڕێگای ناسینیجۆربەجۆر هاتە کایەوە. زەروانیان بەهەمان (شوێنی ڕها) = (ثواش) وهەندێك بە (کاتی ڕەها)یان، ناودەبرد. ئەندێشەی زەروانی لەدواییدا گەشەی سەند و لەکۆتایی سەردەمی ساسانیەکاندا لە لایەنی موبدەکانەوە نەفرەتی لێکرا، ئەوانەی باوەڕیان پێی بوو، بە کافر و خوانەناس دەژمێردران. لەو سەردەمەدا بوو، کە ئاهورامزدا بوو بە خوای تاقانە و یەکتا و لەپێش هەموو بوونەوەرەکانەوە هەبوە، سەرەنجام هەر ئەم باوەڕە بوو، کە ڕەسمیەتی پەیداکرد. باوەڕەکانی دێرین وا ئاراستە کرابوون: (ئورمزدا) لەکۆتایی هەزارەی سێهەمدا (زەروان)ی درووستکرد. هەوڵ و کۆششەکان بۆ ئەوە بوون، زەروان پەرستی لە نووسراوە مەزهەبیەکانیاندا پاك بکەنەوە، یانی بیسڕنەوە، لەوانەشە هۆکاری پەڕاندن و لەناوچوونی ئاوێستای سەردەمی ساسانی لە لایەنی

مووبدەکانەوە هەر لەبەر ئەمە بووبێت. لەبارەی (زەروان)ەوە لەبەردە نووسراوەکانی نێوانی دوو ڕووباری (عێراقی ئێستا) نووسراوە. ئەویش ئەوە نیشان دەدات، لەناو ئێرانیەکانی خۆرهەڵاتدا شایستەی ستایش بوە. لە سەرچاوە یۆنانیەکاندا لەباتی (زەروان)، (فەروان) نووسراوە.

زەروان ڕێکوپێکی ئاسمان و جیگۆڕکێی ئەستێرەکانی لەدەستدایە. زەروان چارەنووسی مرۆڤ دیاریدەکات، بە پێی ئەفسانە سەرەتاییەکان: زەروان خاوەنیچوار سیفەتە، یەکەم (بارداری = ئاوسی) دووهەم لە دایکبوون، سێهەم پیری، چوارەم مەرگ(١٨٧).

لە سەرچاوە ئیسلامیەکانیشدا هاتوە: (زەروانییە =نور= ڕووناکی) بەدیهێنەری بوونەوەر بوە، لە ڕوناکی ئەوەوە تەواوی جیهانی رۆحانی و جیهانی نورانی و ڕەبانی پەیدابون. کەسێکی گەورە بە ناوی زەروان، گومانی کرد، لەم گومانەی ئەو ئەهریمەن دروستبوو. هەندێك وتویانە زەروان (٩٩٩٩) ساڵ (زەمزەمە = وێرەوێر)ی کرد تاکو دوای تێپەڕبوونی ئەم ماوە دوورودرێژە، زەروان منداڵێکی لە خۆی بوو. پێش ئەوەی ئەم منداڵەی ببێت لە ئەندیشەی ئەوەدا گومان و دوودڵی پەیدابوو. ئەهریمەن زادەی ئەو گومان و دوودڵیەی زەروانە، ئەم دوانە واتە (اورمزد و ئەهریمەن – و-) لەناو یەك منالّداندا پەیدابوون.

ئەهریمەن لە ئایندەی هاو جمکەکەی ئاگادار بوو. منداڵدانەکەی دڕی و هاتە لای باوکی. زەروان لە بەدڕەوشتی و درۆزنی و پیس و چەپەڵی سروشتی ئەو ئاگادار بوو.ئەوی لە خۆی دوورخستەوەو نەفرەتی لێکرد، ئەهریمەن ڕۆیشت و ڕێگەی خراپەی گرتە بەر. بەڵام (هورمز) بەبێ ئەوەی سەرکەوێت بەسەر ئەهریمەندا، ڕۆژگارێکی درێژی بەسەربرد. لە دواییدا هۆزێك بە خوای خۆیان دەست نیشانیان کرد.

چونکە ڕێگای خێرو چاکەو پاکی و باشـی و ڕەوشت جوانیـان تێـدا بـەدی دەکرد. ئـەویان بـە خاوەنی پلـەو پایـەی یـەزدانی دادەنـا. گومـانی (زەروانی) ئەوەیە: جیهان لە هەموو جۆرە شـەڕو خراپەیـەك بـەدوور بـوو. هـەموو جـۆرە نیعمـەتێکی فراوانـی تێـدا بـوو، ئەهریمـەن پـەیدابوو. شـەڕو خراپـەو ئـاژاوە لـە کۆمـەڵگادا پـەیدابوو. ئەمانـەش لـە پێشدا نـەبوون، بـە بوونـی ئەهریمـەن پـەیدابوون. هـەندێك لـەو بـاوەڕەدان ئەهریمـەن لـەناو ئاسمانەکاندا بوو، زەوی لە بوونی ئەو چۆڵ بـوو. بـە فێـڵ ئاسمانی دڕانـد و هاتە سەر زەوی. بە هەموو هێزێکەوە ماوەی سێ هەزار ساڵ لەگەڵ ڕووناکی (ئاهورا)دا جەنگی، لـە دواییدا فریشتەکان کەوتنـە بـەین و ناوبژیـان کـرد، ئاشتی لە نێوان ئەو و ڕووناکی ئاهورادا بەرقەرار بوو. دوو شاهیدی دادوەر بۆ بەسـتنی ئـەم پـەیمانی ئاشـتیە ڕاگـیرا. شاهیدە دادوەرەکان دەسـتیان بـۆ شمشێر بـردو وتیـان: هـەرکامێك لـە ئێوە ئـەم پەیمانـە ڕەچـاو نـەکات بـەم شمشێرە دەیکوژین[١٨٨].

### بـــەهـــەشت و دۆزەخ:

لە ڕوانگەی زەردەشتەوە ڕۆحی مرۆڤ لە دوای مردن بۆ ماوەی سـێ ڕۆژ لە دەوروپشتی مردوەکەدا دەمێنێتەوە، بە پێی کردارەکانیان شادمان دەبێت یان سزا دەدرێت. لە دواییدا بایەك لە باکوورەوە هەڵدەکات، وەکو گەڵایـەکی نادیـار بـەرەو پـردی (چینـوات) دەیبـات، پـردی چینـوات- یـانی پـردی دەستنیشـانکردن- لەسـەر ڕووبـارێکی کـانزای تـواوە، لـە نێـوان دوو کێـودا (دەمـاوەند و ئـەڵوەند) ڕاکێشـراوە. لـە کـەناری ئـەم پـردەدا، دوو فریشـتەی حیساب بە ناوەکانی (میـترا-مهر = خۆر)ە و (چنـوە= داد) تـەرازوی دادیـان

هەڵواسیوە. دەست بە لێپرسینەوەی دەکەن. لە (وەندیداد فەرگردی ١٩)دا هاتوە: لە بەرەبەیانی ڕۆژی چوارەمدا، ڕۆحی مروڤ دەگاتە لای پردەکە.

(فروهر = ڕۆح)ی مروڤ، یەکێکە لە پێنج هێزەکەی ناو لەشی مرۆڤ. (١-ئاهو = گیان، ٢-دین= نەفس، ٣-بوذ=فەهم زانین، ٤-اوردان = ڕۆح ، ٥-فروهر)، لە شیوەی کچێکی بەژن جواندا جلوە دەنوێنێت، بەڵام بۆ ڕۆحی بەدکاران لە شێوەی پیرەژنێکی ناشیریندا خۆی دەنوێنێت، لە یەسنای ٥١ بەندی ١٣، لە داستان دینکی ٣١ بەندی ٢، لە مینو خیرەدی ٢ بەندی ٢٣، لە ویرا فنامەشدا هاتوە: (ڕۆحی تاوانبار بە هۆی دێوەوە دەڕواتە لای پردەکە لە لێپرسینەوەدا لەبارەی هۆی تاوانباریەکانیەوە پرسیاری لێدەکەن، ئەویش بە دوای بیانوی ڕێگای ڕزگاریدا دەگەڕێت. لەو کاتەدا ئەم پردە لە دەمی شمشێرێکی تیژ باریك ترو ناسك تر دەبێت، لە دواییدا درگایەکی دۆزەخی بۆ دەکرێتەوە) لە (یەسنای ٤٩ بەندی ٤)دا هاتوە کە: (دۆزەخ بۆ "دێو" و شوێنی درۆزنەکانەو شوێنی سزادانی هەمیشەیی تاوانبارەکانە) لە (یەسنای ١١ بەندی ٢٠) و (ویسپردی ٧ بەندی ١٠) و (یەشتی ٢) و (ئەرتاویرافنامك ١٥ و ٢١)دا هاتوە:( ڕۆح لە دوای تێپەڕبونی بە سێ قۆناخدا "بیر و وتەو کرداری خراپ" دەگاتە بۆشاییەکی بێپایانی تاریك، شوێنی ئەهریمەنە، لە (فەرگردی ١٨)دا هاتوە: (لەناو دۆزەخدا سەرما "با"یەکی وشك و بۆگەن هەیە. دۆزەخ قووڵە، چەندین بیری ترسناکی تێدایە، چەندین جۆرە گیانلەبەری تێدایە، ڕۆحی بەدکاران لەت و پەت دەکەن. هەرە بچووکەکەیان بەقەدەر کێوێك دەبێت. بەڵام ڕۆحی پیاوچاکان لەدوای مردن لە لایەن دوو فریشتەوە، کە نووسەری کردارەکانی ئەون، دەڕوات بۆ شوێنی تایبەتی خۆی و پردی سیرات بۆ ئەو پیاوچاکە بە درێژی نۆ نێزە، پان و پۆڕ دەبێت، تاکو بتوانێت بە ئاسانی بپەڕێتەوە).

لـه ئاوێسـتادا هـاتوه: ئـاهورامزدا دەڵێـت هـەر کەسـێك لـە جیـهاندا (کەلامیك = وتەیەك) بەدەم چەندین کاری پێویستەوە بـە ئـاوازێکی خـۆش بخوێنێتەوە، ڕۆحی ئەو کەسە ئازادی دەست دەکەوێت، بۆ هەوارگەی ئاسمان هەڵدەفڕێت. (من = ئاهورا)، (پردی چینوات بـۆ ئـەو کەسـە سێ ئـەوەندەی هەیـە پـانی دەکـەم. ئـەو کەسـە بوەتـە ڕۆحـانی وەکـو ئاسمـان پـاك بۆتـەوە، گەورەیی‌و شکۆداری ئاسمانمی دەست دەکەوێت).

له (وەندیداد فەرگردی ١٩)دا دەڵێت: (ڕۆحە پاکەکان لە دوای پەڕینـەوە بەسەر پردەکەدا، دەگەنە جیهانی ڕۆحەکان کە فیردەوس یا بەهەشتە، ئـەو شوێنە هەوارگەی خوا پەرستانە.

له (یەسـنای ٤٤ بـەندەکانی ١٠ و ١٣ و ١٥)دا هـەروەها لـە (ئـەر تاویرافنـامك فرکردە)دا هاتوە: بەهەشت چوار نهۆمـە، هەریەکەیان لە شـوێن و جێگایـەکدان، هەریەکـەیان نـاوێکی تایبـەتی هەیـە: نـهۆمی یەکـەم (بـیری چـاك) لـەناو ئەستێرەکاندایە. نهۆمی دووهەم (وتـەی چاك) ئـەویش لـەناو مانگدایـە، نـهۆمی سێهەم (کرداری چاك) ئەویش لە بـەرزترین ڕووناکیەکاندایە. نهۆمی چوارەمیش جێگەی عەرشی خوایە.

مەیدانـی پـیرۆزی ئـاهورامزدا، هەوارگـەی پیاوچاکـان و پاکانـە، دەسـتیان دەکەوێت و تیـایدا نیشـتەجێ دەبـن. لـە (یەسـنای ٤٨ بـەندی ٤)دا هـاتوە: (ئـەو کەسـانەی چاکەو خراپـەیان یەکسانە جێگایـان (بـەرزەخ)ە، لە نێـوان بەهەشـت و دۆزەخدایـە. تاوانبـاران ئـەو زینـدانـی کراوانـەن کـە لـە دوای چەشـتنی سـزای تاوانەکانیان لە ماوەیەکی دیاریکراودا ئازاد دەکرێن.

زەردەشـت دەڵێـت: (لـەکۆتاییدا کـرداری چاکـە پاداشـت وەردەگرێـت و کرداری بەدیش سزا دەدرێت، بەدکاران لە جیهانی دووهـەمدا دەبنـە کـانزای

تواوە، کردار چاکەکانیش بەرەو شوێنی ئـاهورامزدا ڕێنومـایی دەکرێـن). لـە (یەسـنای ٣٠ بـەندی ١٠)دا هـاتوە: (هەوارگـەی ڕۆشـنایی تایبەتـە بـەکردار چاکەکان و شوێنە تاریکەکانیش شوێنی درۆزنەکانە.. لە جیهانی دووهـەمدا ڕۆحی هەرکەسێك سزای کردارە بەدەکانی خۆی دەچێژێت[١٨٩].

لـە دەقـە زەردەشـتیەکاندا هـاتوە: هـەرکاتێك کـە چاوەکـانی مـردو لـە بورجی بێدەنگیـدا ( دخمــە) لـەناوچو و تێکشـکا، لەوکاتــەدا ڕۆحەکەشـی بەسەر پردی چینواتدا تێدەپەڕێت. لەوێشدا لە بەردەم سێ ئێزەددا (میترە، سروش، رشنو) ئامادە دەبێت و دادگـایی دەکرێـت، لـە کـاتێکدا ڕۆحـەکان لـە پردی چینوات دەپەڕنەوە، ئەو پردە بۆ بەدکرداران لە موو باریکـتر دەبێت، ڕۆحـی پیاوچاکـانیش لـە کـاتی پەڕینـەوەیاندا بـە ئاسـانی دەپەڕنــەوە و بە بەهەشت (انهووهیشت) دەگەن.

ئەگـەر چاکـەو خراپـەی هـەر ڕۆحێك یەکسان بێــت ئـەویش دەڕواتــە بــەرزەخ. نوێنــەری دادنامــەی کــرداری خــەڵکی دەخوێنێتــەوە. تــەواوی ئەندێشەو وتەو کرداری مرۆڤ حیساب دەکات.

لـە ئـاینی زەردەشـتا وادەی لێبـوردن و تکاو لێخۆشـبوون نـەدراوە. کـاتی پەڕینــەوەی ڕۆحــی پیاوچاکــان، ئــافرەتێکی شــۆخ بــە ڕووخســارێکی پرشـنگدارەوە بـەرەو بەهەشـت ڕێنومایيـان دەکـات. بـەم ئافرەتـە دەڵێـن (دیانـا). هـەرکاتێك بـەدکردارێك هاتـە سـەر پردەکـە، دەکەوێتـە خـوارەوە. ژنێکی بـەد فەسـاڵ و ناشیرین و جادوگـەر ڕووبـەڕووی دەبێتـەوە. پاداشـتی پیاوچاکـان لــە بەهەشــتدا کــە خانــەی ستایشــە دەدرێتــەوە. ئــەو مرۆڤــە کردارچاکانە بە خشڵ خۆیان دەڕازێننەوە، تاوانبارانیش لە چاڵێکی بۆگەنو ئەشکەوتێکی تاریکدا سەرنگوون دەبن.

جیهانی (بەرزەخ =هەمیشەرییەکان) شوێنی ئەو کەسانەیە چاکەو خراپەیان یەکسانە. ئەوانیش لەو شوێنەدا چاوەڕوانی دەکەن. تاکو ڕۆژی قیامەت دێت[١٩٠].

"کریستن سن"ی کارناسی ناسراودەڵێت: (لە ڕوانگەی زەردەشتیەکانەوە ئەو کەسانەی لە ڕێگەی راستا هەنگاویان ناوە، لە دوای مردن بە ئاسانی لە پردی چینوات دەپەڕنەوەو دەچنە نێو بەهەشت. ئەم پردە بۆ بەدکاران بەقەدەر تیژایی دەمە شمشێرێکی لێدێت. بە شێوەیەك تاوانباران بەرەو جەهەنەم شۆڕدەبنەوە و سزای شایستەی تاوانەکانیان دەبینن. کەسانێك کرداری چاکەو خراپەیان یەکسانە لە جیهانی (هەمیشەییەکان)یانی لە بەرزەخدا دەمێننەوە، لەم شوێنەدا نە سزاو نە پاداشت هەیە[١٩١].

بە پێی دەقە ئاوێستاییەکان، لاشەی مرۆڤی زیندوو لە چەند بەشێکی جۆربەجۆر پێکهاتوە. (تن = تەن)، (جان = گیان)، (فروهر = فرۆهەر)، (روان = ڕەوان). تەن لە زمانی ئاوێستاییدا بە (تنوو) خوێندراوەتەوە، بریتیە لە تەواوی ئەندامەکانی لەش. هەرکاتێك مەرگی پێگەیشت (ڕەوان و فرۆهەر) لێی جیادەبنەوە. لاشە بە تەنها هێزو توانای نامێنێت. ئاینی زەردەشت بەرانبەر بە لاشەی مرۆڤی زیندو گرنگیەکی تایبەتی پێدەدات. بەڵام ڕۆح لەلاشە جیابوەوە بۆ پاراستنی تەندروستی خەڵکانی دیکە ئەو لاشە بێڕۆحە بەپیس دەزانێت. بەڵام (جان=گیان) بە زمانی ئاوێستایی (اهو = ئوهوو) و لە زمانی پەهلەویدا (اخو= ئوخو)ی پێدەڵێن، بریتیە لەو هێزەی لاشە دێنێتە بزاف. (فرۆهەر) لە ئاوێستادا (فروشی = فەروەشی) و لە زمانی پەهلەوی (فروهر)ی پێدەوترێت، بە مانای (هێز) و زەڕەیەك لە زەڕەی تیشکی یەزدانی دێت، لە نێو لاشەی هەر مرۆڤێکدا بە ئەمانەت

دانراوە، تاكو لە سـەردەمی ژیـاندا بـەرەو پێشكەوتن ڕێنومـایی ئـەو مرۆڤـە بكات. فرۆهەر (ڕۆح) تیشكێكە لە سەرچاوەی گەورەی تیشكی یەزدانی یەكتا.

(رەوان) نـاوە ئاوێسـتاییەكەی (دروان)ە بـە مانـای ڕۆح دێـت. ڕۆحیـش هەمیشەییە و هەرگیز لـەناو نـاچێت. تەنـها بـە هـاتنی مـەرگ ڕۆحـی هـەر مردویەك بۆ ماوەیەك لە لاشەی ئەودا ئۆگر بوە، هەتا مـاوەی سێ ڕۆژ لێـی دوورناكەوێتـەوە، پـەیوەندی خـۆی بـە لاشـەكەیەوە دەپـارێزێت. ئـەم پەیوەندیە لە دوای كفن كردن و شاردنەوەشی درێژەی هەیە. ڕۆحی مرۆڤی كـردار چـاك دڵخۆشـە، ڕۆحـی تاوانبـاریش خـەمبارە. لـە بـەیانی ڕۆژی چوارەمدا ڕۆح دەگاتە سەر پردی چینوات. لەوێشدا دەست بە لێپرسینەوەی دەكرێـت، ڕۆحی مرۆڤی كردارچاك ڕەوانـەی بەهەشت دەكرێـت و ڕۆحـی تاوانباران لەگەڵ ویژدانیدا لە شێوەی شتێكی ناشیریندا دەردەكەوێت، بەرەو دۆزەخ سەرەو ژێر دەبنەوە. لە (سـەربردە زەردەشـتیەكان و لـە وەندیـداد)دا هاتوە: (بەیانی ڕۆژی چوارەم تێپەڕی، لـە نزیكی پـردی چینـوات دادگایـەك بەداوەری "مهر = ئـێزەد"وە بـە ئامـادەبوونی فریشـتەكانی وەكو (سـروش، رشـن، اشـناد) پێكدەهێـنرێت. لـەكرداری چاك و خراپـی ڕۆحـی مردوەكـان دەكۆڵنـەوە. لـەكاتێكدا كـە تـای تـەرازوی كـرداری چاكــە لــە تـای تــەرازوی كـرداری خراپـە قورسـتر بـوو، بـە ئاسانی لـە پـردی چینــوات دەپەڕێتــەوە. دەچێتە ناو بەهەشتی ڕۆشن. ئەگینا بەرەو دۆزەخ سەرنگوون دەبێت[١٩٢].

"فلیسـین شـاله" دەڵێـت: (لـە دیدگـای زەردەشـتیەكانەوە، لاشـەی مــردو نابێت لەگۆڕ بنرێت، بەڵكو دەبێت لە دوای مردن لە ناو دیوارێكی بازنەییدا (بورجـی سـكوت = قـەڵای خامۆشـان)ی پێدەڵێـن دادەنرێـت، تـاكو ببێتـە خۆراكی سـەگ و لاشـەخۆرەكان. بـەڵام ڕۆحـی مـرۆڤ لـە دادگـای یـەزدانی

دادگایی دەکرێت، مرۆڤە باشەکان پاداشتی خۆیان وەردەگرن و دەڕۆن بۆ ئاسمانی سەرەوە، بۆ لای ئاهورامزدا، بۆ یارمەتیدانی خوا، تاکو سەرکەوتنی یەکجارەکی و هەمیشەیی لە خەباتدان. بەدکردارەکانیش بە سزای خۆیان دەگەن، جێگەیان قووڵایی جەهەنمە)[١٩٣].

"جان ناس" دەڵێت: (زەردەشتیەکان لەسەر ئەوەن، چوار ڕۆژ بەسەر مردنی کەسێکدا تێپەڕی، ژیانێکی نوێ دەست پێدەکات. لە سێ شەووڕۆژی یەکەمدا، بەلای مردووەکەوە دادەنیشێت و بیر لە کردارەکان و وتەو ئەندێشەی باش و خراپی ڕابوردوی دەکاتەوە. هەرکەسێك خاوەنی کرداری چاك بێت فریشتە گەوهەر پاکەکان دڵنەوایی دەکەن، ئەگەر بەدکرداریش بێت، دێوە پیسەکان ئازاری دەدەن و لە ئەنجامدا چنگ لەسەر شان دەیبەن بۆ سزاخانە. هەرکە ڕۆژی چوارەم هات، ڕۆحی مردووەکە بەرەو پردی چینوات کە گوزەرگای مردووەکانە دەکەوێتە ڕێ، لە بەرانبەری پردەکەدا، خوای میتەراو هاوکارەکانی (سروش و راشنو) ئەو ڕۆحە بۆ دادگاییکردن بانگ دەکەن، راشنو تەرازوییەکی بەدەستەوەیە، لە هەردوو تاکەکەیدا کرداری چاك وخراپ دادەنێن، دەیانکێشن، پردی چینوات باریکاییەکەی لە دەمی شمشێری تیژ باریکترە، ژێر پردەکەش جێگەی دۆزەخیەکانە. هەرکاتێك ڕۆحی مردووەکان بگاتە سەر پردەکە، ئەگەر ڕۆحەکە ڕاست و ڕاستکردار بێت، ئەو تیغە تیژە لە بەرانبەریان پان دەبێتەوە و دەبێتە گوزەرگایەکی نەرم. بەڵام ئەگەر بەدکردار و درۆزن بێت، ئەوا ئەو تیغە ڕێگەیان لێدەگرێت. هەرکە مردووەکە سێ هەنگاوی نا، یەکەمیان نوێنەری ئەندێشەی بەدەو دووهەمیان نوێنەری وشەی نابەجێ و ناشایستە و سێهەمیان نوێنەری کرداری خراپ و ناشیرینی ئەون کە لە سەردەمی

ژیانیدا ڕوویان داوە. ئەو تیغە دەیانکات بەدوو کەرتەوە و لەسەر پردەکەوە بەرەو دۆزەخ فڕێیان دەداتە خوارەوە[١٩٤]

پسپۆڕانی ئاینی زەردەشت، بەهەشت و دۆزەخ (گاتەکان)یان بە ڕۆحانی و دەروونی ڕاگەیاندوە، هەندێك لەو باوەڕەدان، سەرەڕای پاداشتی ڕۆحی و دەروونی، لە پەیامی زەردەشتا ئاماژە بۆ ژیانی دوای مەرگ و ڕۆژی حیساب کراوە. ئاینەکانی دیکەش ڕۆژی هەستانەوەیان (قیامت) لە ئاینەکەی زەردەشتەوە وەرگرتوە، بەهەشت و دۆزەخ لە گاتەکاندا بریتین لە چەند زاراوەیەکی تایبەتی، کە ئەمانەی خوارەوەن:

١-(گرودمان)، پێکهاتوە لە (گر)یانی سروود وە (دمان) یانی ماڵ، بە مانای خانوو دێت کەیانی (خانەی سروودو ئاواز) لە ئاوێستادا بە (گروتمان)و لە پەهلەویدا (گزمان) یان (گرشمان) بەکارهاتوە.

٢-( من گئیر- یانی باڵاترین کۆشك) یان باڵەخانە یان سرودخانە.

٣-( نگهووش دمانە) یان (تەلاری ئەندێشەی چاك).

٤-(هوشی تئیش) یان (تەلاری ئارامی و سروود).

٥- (وهیشم منو) یان (باشترین ڕەوشت)، لە ئاوێستادا (اشەو هیشتە) یان بە (بەهەشت) بەکارهاتوە، بەمانای (ویژدانی ئاسودە)ش بەکارهاتوە.

٦-( دروِج دمانە) یا (سەرای درۆ) بە (دۆزەخی دەروون تاریك)یش مانای لێکدراوەتەوە.

٧-(چیشە مامانە مننکهو) یان (سەرای گەورە ترین ڕەوشت).

٨-(ئەچیشتم منو) یان (بەدترین ڕەوشت، خراپترین دۆخی رۆحی) یان (سزاو ویژدان).

دەردەكەوێت ئەم زاراوانە پەیوەندییان بە فكرو ئەندێشەو نیازەوە هەیە، دۆخێكی دەروونی نیشاندەدەن، شوێنێكی دەرەكی دەستنیشانكراو نیشان نادەن.

لە(گاتەكانی ٤ بەندی ٢٨)دا هاتوە: (مـن گـئـیر)، مـن ڕۆحـم لـە بـاڵاترین تەلاری ئەندێشەی چاكدا شوێنی بۆ دەكەمەوە، بە ئاگـاداری لـەكارەكان، ئـەو پاداشـتەی ئـاهورامزدا بڕیویەتیـەوە تـاكو ڕۆژگـارێك لـە توانـامدا بێـت بـە خەڵكی ڕادەگەیەنم، كە كۆششی بۆ بكەن[١٩٥].

"پورداودی" كارناسی ئێرانی، وشەی (من گئیر)ی بەم جۆرە وەرگێڕاوە: (من لە یادمدا دامناوە، ڕەوانم بە ڕەوشتی چاك چاودێری بكـەم، چونكـە لـە پاداشتی كرداری چاكەی "مزدا اهورا" ئاگادارم).

"پورداود" دەڵێت: (لـەم سروودەدا پاداشت لە بەرانبەر كرداری چاكدایـە، باشترین پاداشت، باشترین باڵەخانەی ئەندێشەی چاكـە. لـەوێدا ویـژدان ڕۆشـنەو دەروون پڕ خۆشەویستی و بیری چاكە، بەڕاستی ئـەم بەهەشـتە چۆنیەتیـەكی مەعنەوی و ڕۆحانیە، نەك شوێنێكی تایبەتی وەكـو بـاخی عـەدەن). لە بناغـەدا سەرەتای پەیدابوونی بوونەوەر (شەڕو خێر) ڕادەگەیـەنرێت. لەوێشدا پاداشـتی كردارچاكەكان و سـزای بـەدكاران دەستنیشـان دەكرێت، ئەمـەش بـەڕوونی ئـەوە دەستنیشان دەكات، گفتوگۆ لەبارەی بەهەشت و جەهەنمـەوە دەروونیـە نـەوەك بەتەنها سەرچاوەكانی خێرو شەڕ. بـەڵكو لـە ئەندێشـەو ڕەوشـتی ئێمەدایـە. پاداشت و سزاش لە ویژدان و ئەندێشەی ئێمەدایە. خاوەنی (بیریچاك) دڵێكی ئاسودەو ویـژدان ڕۆشـنی دەسـتدەكەوێت، بەهەشـت هیـئـەوە. خـاوەنی (بـیری خـراپ) یـان خـاوەنی (بـیریخوار) گیرۆدەی بیرو ئەندێشـەی تـاریك و بـێ ئـارام دەبێت، (جەهەنم دەروونیەتی).

ئەم لێکدانەوەیــە لــە ســروودەکانی دیکەشــدا لایـــەنگری لێدەکرێـــت:
(بەندی ١١/ ٣٠: زیان و ڕەنجی هەمیشـەیی بـۆ پـەیڕەوانی درۆیـە .. سوودی بێپایـان بـۆ پــەیڕەوانی ڕاســتیە..). لـێرەدا ئیــتر بـاس باسـی بەهەشــت و جەهەنم نیە، بەڵکو سزاو پاداشــتە. بەشـێوەی (ڕەنجی هەمیشـەیی، سوودی بێپایــان) ڕاگەیـــەنراوە. لـــە (ســـروودەکان)دا زەردەشـــت لـــەبارەی ســـزای پـەیڕەوانی درۆ و پاداشـتی پـەیڕەوانی ڕاسـتی و ئیمـانداران، بـۆ ئـاوەدانی کۆمەڵگاو پێشکەوتنی ڕاستی ودروستی تێدەکۆشـێت، لـەخوا پرسـیاردەکات. لە (بەندی ٢٠) بەم شـێوەیە وەڵامـی دراوەتـەوە؛ (هەرکەسـێك بـەرەو ژیـانی ئایندازی بێت شوێنی ئەو لە ئایندەدا ڕووناکە، بـەڵام بـەدکاران ڕۆژگـارێکی دوورو درێژ بە شیوەن و کەسەرەوە بەسەردەبەن. بە ڕاستی ژیانی بەدکاران ، ویژدانیان بەرەو کردارەکانی خۆیان دەبات).

لەم (بەندی ٢٠)ەدا بە ڕوونی و ڕاشکاوی مـاڵی بـەدکرداران، بـە تـاریکی دەرونیـــان و ســـزای ویژدانـــی بـــێ ئارامیـــان ڕاگەیـــەنراوە، پاداشـــتی کردارچاکـەکانیش، جێگەیـەکی ڕووناکـە، هـەمان بەهەشـتی (ئەندیشـەی چاکـە) وتـراوە: ویژدانـی بـەدکرداران، بــەرەو کردەوەکانیــان دەڕوات، یــانی کرداری خراپیان سزای ویژدانیان دەدات.

هـەندێك کارنـاس بـە سـەرنجدان لـە (ئاوێستای ئێســتا)، لـەم بـەندەوە گەیشـتوونەتە ئـەم ئەنجامـــە: ویژدانـــی مـــرۆڤ لـــە ڕۆژی هەســـتانەوەدا خاوەنەکەی بـەرەو بەهەشـت یـان جەهـەنم دەبـات. لـە ئاوێسـتای ئێسـتادا هاتوە: ڕۆژی (هەسـتانەوە = قیامـەت)، (ویـژدان) یـا (دئنـای) پیاوچاکـان لـە شـێوەی کچێکـی جوانـداو (دئنـای) بـەدکرداران لـە شـێوەی پـیرەژنێکی ناشـیریندا، دەردەکـەون. لەسـەر پـردی چینـوات خاوەنـەکانیان، یـان بـۆ

بەهەشت یان بەرەو قووڵایی جەهەنم ڕێنومایی دەکەن. هەرچەندە زۆربەی پسپۆڕانی ئاینی زەردەشت، دەزانن و گەیشتونەتە ئەو ئەنجامەی کەوا ئەم سروودە- یانی بەهەشت و جەهەنم- بەڕۆحیەتی دەروونی بوونی خودی مرۆڤ لە پەیامی زەردەشتا ڕادەگەیەنن، دەگەنە ئەو ئەنجامەی ناخ و ویژدانی (ضمیر)ی مرۆڤ لە ژێر کاریگەری کردارەکانیدایە بە تاریکایی یان بە ڕووناکیەوە وابەستەیە، ئەمەش واقعی ترین پاداشت و سزایە، دەتوانێت حەقیقەت بەدەست بێنێت[١٩٦].

کارناسێکی ئێرانی لە ئاینی زەردەشتا دەڵێت: (زەردەشت بەئاشکرا بەهەشت و دۆزەخی بە (دەروون) باسکردوە. پەی بە واقیعیەتی ژیان بردووە. لەبارەی ژیانی ڕۆحەوە لەکاتی زیندویەتیدا دواوە[١٩٧].

لەم پەیوەندیەدا، هەندێك لە خۆرهەڵات ناسەکان لەو باوەڕەدان: (چۆنیەتی بەکارهێنانی ئاینی زەردەشت، لە سەرانسەری گاتەکاندا دەستنیشان کراوە، ئەو هەمیشە ئەنجامی ئەم جیهانە مادیەی ڕەچاو کردوە، بەهەشتەکەشی ڕۆحانییە[١٩٨].

"میلز" لەو باوەڕەدایە: (زەردەشت باوەڕی بە بەهەشت و جەهەنمی مەعنەوی هەبووە سزادانی بە ڕەوشتی و زەینی زانیوە. بەهەشت هەمان ئاسودەیی ئەندێشەو ئاسایش و ویژدانە. جەهەنمیش سزای دەروونی و ناهەمواری بیروئەندێشەیە. بەکورتی ئەوە زەردەشتە لە ڕۆژگاری دێریندا ئەم ڕاستیەی ئاشکرا کردوە، کە بەهەشت و جەهەنم لەنێو دەروونی خۆماندایە[١٩٩].

" زهنر = زیهنیر" لەو باوەڕەدایە (هەرچەندە زەردەشت جیهانی مادی و لاهوتی لەیەك جیادەکاتەوە، بەڵام لە یاساکانیدا پەیوەندیان لەگەڵ یەکدا

هـەبوە، هـەرگیز لەبەرانبـەر یـەکدا ڕانەوەسـتاون، بـەڵکو تێکـەڵییان لەگـەڵ یەکدا هەبوە). لە ئاینی زەردەشتا (بەهەشت و دۆزەخ)خانەی بیرو ویژدانـی چاك و ماڵی بەدترین ئەندێشە و ڕەوشت یا سروشـتە. لـە گاتـەکاندا مـرۆڤ ئازادی ئیرادەی هەیە، یانی (موخەیـەرە)، ئەمـەش خـودی خۆیـەتی کـە بـۆ ڕزگاری یا بۆ مەحکومیەتی خۆی هەنگاو دەنێت[٢٠٠].

کارناسـێکی خۆرئـاوایی دەڵێـت: (نـەك بەتەنـها لـە گاتـەکاندا بــەڵکو لــە هــەندێ یەشتیشـدا گەشـتی کۆتـایی، ڕۆحانییــە، یەشــتی ٨٩/ ٤٩ ئەمــەی ڕوونکردۆتەوە)[٢٠١].

لە دەقە زەردەشتیەکاندا چۆنیەتی باری ڕۆحی مردوو ئاوا هاتوە:

**(ئەی ئورمزدی سەروەر ئەی عەقڵی پیرۆز!**

**ئەی دروستکەری جیهـــانی مـــادی! ئەی ئەشو!**

**لە کاتێکدا پاك ئاینێك لە جیهان دەرچوو، ئەو شەوە**

**ڕۆحـــەکـــەی لە کـــوێ ئـــارام دەگـــرێت؟)**

ئاهورامزدا لە وەڵامدا دەڵێت:

**(ئەو شـــەوە لـــە ژورسەری مردوەکەدا دەبێت)**

خوێنەرانی گاتەکان ئا بەم جۆرە داوای لێبوردن دەکەن:

**(بەختەوەر کەسێکە، خوازیاری خۆشبەختی خەڵکانی دیکە بێت.**

**لەم شەوەدا ڕۆح بە ئەندازەی تەواوی ژیانی جیهانی خۆشی دەبینێت).**

لە شەوی دووهەمدا زەردەشت پرسیار دەکات:

**(ڕۆحـــی لە کـــوێدا ئـــــارام دەگرێت؟).**

ئاهورامزدا لە وەڵامـــدا دەڵـــێت:

**(ئەو شەوە لە ژورسـەری مردوەکەدا دەبێت).**

خوێنەری ئەشتود گاتەکان بەم جۆرە داوای لێبوردن دەکەن:

**(بەختەوەر کەسێکە، خوازیاری خۆشبەختی خەڵکانی دیکە بێت.**

**لەم شەوەدا ڕەوان بە ئەندازەی تەواوی ژیانی جیهانی خۆشی دەبینێت).**

زەردەشت دەپرسێت:

**(لە شەوی سێهەمدا ڕۆحەکەی لە کوێدا ئارام دەگرێت؟).**

ئاهورامزدا لە وەڵامدا دەڵێت:

**(ڕۆحەکەی لە ژورسەریدا ڕاوەستاوە).**

خوێنەرانی ئەشتود گاتەکان بەم جۆرە داوای لێخۆشبوون دەکەن:

**(بەختەوەر کەسێکە، داواکاری خۆشبەختی خەڵکانی دیکەبێت).**

**(لەم شەوەدا ڕۆح بە ئەندازەی تەواوی ژیانی جیهانی، خۆشی دەبینێت).**

**(لەدوای شەوی سێهەم، لە بەرەبەیاندا ، ڕۆح و ویژدانی مرۆڤی پاك دێن) وا دەنوێنێت، لەناو چیمەنێکدا بێت، بۆنی خۆش هەڵمژێت، بەشێوەیەك دەنوێنێت، بایەکی بۆنخۆش لە ناوچەی باشوورەوە بەرەو ئەو دێت، بایەکی بۆنخۆشتر لە هەموو بایەکانی دیکە. مرۆڤی پاك دێن وا دەنوێنێت، ئەم بایە بەلوتی خۆی بۆنی کردوە، دەڵێت ئەم بۆنە خۆشەی ئەم بایە لەکوێوە دێت.**

**ئەمە بۆنخۆشترین بایە کە هەرگیز بای وەکو ئەمەم نەدیوەو بۆنم نەکردوە؟ لە بزاڤی ئەم بایەدا ویژدانی لە شێوەی پەیکەرێکدا لە بەرچاویدا دەردەکەوێت، وەکو بوونەوەرێکی جوان و پرشنگدار بە دوو بازووی سپی و بەهێز، ڕوخۆش، باڵا ڕاست و.. ئەو کات ڕەوانی مرۆڤی پاك دێن لێی دەپرسێت : ئەی بوونەوەریجوان تۆکێیت؟ ویژدانەکەی وەڵام دەداتەوە، ئەی جوامێری چاك ئەندیشە وچاککردار و چاك دین! من ویژدانی تۆم.**

(جوامێرەکە دەپرسێت: ئەی لە کوێیە ئەوکەسەی کـە تـۆی خۆشدەویسـت بـۆ گـــەورەیی و چاکی و جوانی و بۆنخۆشی و بە هێزی و سەرکەوتن و توانا، کـە بەسەر دوژمنـــدا سەردەکەوێت، تۆ وادێتـە پـیش چـاوم کـە تـۆ بیـت . بونەوەرەکـە لـەوەرامدا دەڵێت:

(ئەی جوامــێری چـاك ئـەندێش، وتـار چـاك، کـردار چـاك، چـاك دیـن! ئەوکـــەسە تـۆی منـت خۆشویسـت. مـن وەکـو چـۆن خوشـت دەویسـتم. دێمــە پێشچاوت، لەکــاتێکدا تۆ دەتبینی خەڵکانی دیکە لاشەیان دەسووتاند، دەسـتیان بە بتپەرستیدەکـرد،سەوزاییان دەسوتان، داریان دەبڕی، تـۆ دانیشتبوی سـرودی گاتـــەکــانت دەخوێندەوە.

ستایشی ئاوی چاك و ئاگری ئاهـورایت دەکرد. ئەو مرۆڤــە پاکانـە لـە دوورەوە دەگەیشتن، دڵخۆشیت دەدانەوە. خۆشەویستبوم. تۆ منت خۆشەویستر کـــــرد،جوان بوم تۆ منت جوانتر کرد، داواکراو بوم تۆ منت والێکرد زیاتـــر داوام کـەن، پایە بڵند بوم تۆ منت پایە بڵند تر کرد، رۆحی پاك دینە، یەکەم هەنگاو دەنێـت،تا بـە پایـەی ئەندێشـەی چـاك بگـات. رۆحـی پـاك دینـە، هەنگاوی دووهــــەم دەنێت تاکو بە پایەی وتاری چاك بگات.

ڕۆحی پاك دینە، هەنگاوی سێهەم دەنێت تاکـــو بە پایــەی،کـرداری چـاك بگات ڕۆحـــی کەسی پاك دینە، هەنگاوی چوارەم دەنێت تاکـــو بە بەهەشتیپڕ لە ڕووناکی بگات و بچێتە ناویەوە.

زەردەشت لە ئاهورامزدا دەپرسێت (لە کاتێکـــدا مرۆڤێکی تاوانبـار لەجیـهان دەردەچێـت، ڕۆحەکـەی بـە سـێ شـەوی یەکـەمدا تێپـەڕی، لـە کـوێدا ئـــارام دەگـــــرێت؟).

ئاهورامزدا وەڵام دەداتەوە دەڵێت: (**ڕۆحەکەی لە شەوی یەکەم تا سێهەم لە دەوری ژور سەری لاشەکەدا بە سەرگەردانی بەسەر دەبات، لە حاڵێکــی پەشــێو و نیگەرانی و غەمگینداید،** بەشێك لە گاتەکانی ئەشتود کـە بـە ئارامکـردنەوەی برینەکان دەست پێدەکات دەخوێنێتەوە:

**ئەی ئاهورامزدا ڕوو لە کام وڵات بکـەم؟ لەکــوێ داوای پــەنــا بکـــــەم؟**

**لە دوای تێپەڕبونی شەوی سێهەم لە بەرەبەیانی ڕۆژی چوارەمدا ڕوحی مرۆڤی ناپــاك وا دەنوێنێت لــەنــاو بــە فــرو سەهۆڵــدایەو بۆنــی لاشــــەی بۆگــەن دەگاتە لووتی، وا دێتە پێشچاو بایەکی بۆگەن لە لای باکوورەوە بەرەو ئەو دێــت. لە خۆی دەپرسێت:**

**(ئەم با بۆگەنە لە کوێوە دێت. تاکـــو ئێستا بۆنــی لــەمـــە بۆگــــەنترم نـــەبیستووە؟).**

**لە کاتی هاتنی ئەم بایەدا ویژدانی خۆی دەبینێت، لە ســیمای بوونـەوەرێکی ناشیرینـــدا بە دەموچاوێکی چڵکن و ئەژنۆی نوشتاوەوە بەرەو ڕووی دێت.**

**ڕۆحی مرۆڤی ناپاك لێـی دەپرسێت: تۆ کێیت، هــەرگیز لـە تـۆ ناشـیرینترم نـەدیوە؟**

ئەو بوونەوەرە وەڵام دەداتەوە دەڵێت: (**ئەی مەردی بـــەد ئەندێش و بــەد وتـارو بـەد کردار مـن کــــردارو ویــژدانی بەدی تــۆم ، لـە تــاو بـەدکـــرداری بێپایـانی تۆیـە، من وا ناشیرین و خراپ و ڕەنجەڕۆو ڕزیوو گەنیو و دەردەدار بووم، لــە کـاتێکدا ئـەتبینی کــەسێك ستایشی یەزدان دەکات و پــارێزگاری لە ئاو و ئاگـــرو گیا دەکات. تۆ بــە کرداری بەدی خۆت ئەهریمەنت دڵخۆش دەکرد. لـە کاتێکــدا دەتبینی یەکێـــك،خێر بە بێنەوایان دەدات و خزمەتی ئیمانداران دەکات، تـــۆ بــەغیلیت پێدەبـــرد و درگـات لە ڕووی خەڵکیدا دادەخست، من نەفرەت ئەنگێز بووم تــۆ نـەفرەت ئـەنگێزترت کـردم، من ڕزابوم تۆ ڕزاوترت کردم، من گەنیو بوم تۆ گەنیوترت کردم.**

**رۆحی مـرۆڤی ناپاك له هەنگاوی یەكەمدا بـە پایـەی ئەندێشـەی بـەدو لـە هەنگاوی دووهـــەمدا بە پایەی وتـــاری بەدو لە هەنگـــاوی سـێهەمدا بـە پایـەی كرداری بەدو لە هەنگاوی چوارەمدا بـە (تاریكی بێپایان) دەگات[٢٠١].**

**رۆحـــانیەتی زەردەشت:**

مێـژوو، سـەربردە ئـاینی و مەزهەبیـەكانی مـرۆڤ نیشـان دەدات. دەردی گـران و بـەڵای ئـاین و مەزهـەب (پێشـەواكانیەتی=ڕۆحانیـەكان) لـە ئــاین و مەزهەبـە كۆنـەكانی ئـێراندا بینیمـان، ڕۆحانیـەكان چــەندە دەســتەڵاتدارو زاڵبوون، ئەوانە بـە خـەڵكیان دەوت: خواكـان وەكـو پاشـاكان دەژیـن، ئەوانـە لـەڕیزی پیـاوە گــەورەكاندا دەژیـــن. كــەوابێت هەرچــەندێك دەتوانیــت لەبەخشینی خشـڵ و كەرەسـە و.. كورتــی نەكـەن. بـەم شـێوە سـاختەیە مەزهـەبێك، ڕۆحانیـەكانی مەزهەبـە كۆنـەكانی دێریـن نموونــە و پاڵپشــتی بـوون، دەسـتیان بـە تـاڵانكردن و داگیركردنی مـاڵی خـەڵكی كـرد. پەرســتگا لـەژێر چاودێری ئـەواندا بـوو. پڕبـوو لـەزێڕ و جـەواهێرات، هــەموو ئــەم سامانە مۆڵە لە بەردەسـتی نوێنـەرەكانی خواكـان، یـانی ڕۆحانیـەكاندا بـوو. ئەمانــە وێــڕای ئــەم هــەمو زەخـــیرە، عـــەماری دەغــڵ و دان و پارچـــەی گرانبەهای جۆراوجۆر كە بریتیبوون لـە دیاریـەكانی خـەڵكی، پێشكەش بـە خواكانیان دەكـرد، لـە بەردەسـتیاندا بـوو. بـە نـاوی خواكانـەوە بازرگانییـان دەكرد، پەرستگاكان بنكەی بازرگانی و مامەڵەی ڕۆحانیەكان بوون[٢٠٢].

زەردەشت لە دژی ڕۆحانیەكان ڕاپەڕی. بەرەی تاوان و فریودانی ئــەوانی پێچایــەوە. بــەڵام لــەدوای كــەمێك ئاینەكــەی ئــەویش گــیرۆدەی بــەڵای ڕۆحانیەكان بوو. ئاینی سەرەتایی زەردەشت، هەرگیز بوونـی موغـەكان یـان

ڕۆحانیەکانی بە ڕەسمی نەدەناسی. زەردەشـت لـەماوەی ژیـانیخۆیدا لەگـەڵ بەربەرەکانی (کارپان)ەکان یان ڕۆحانیەکانی ئـاینی دێرینـی(مـهر پەرسـتی) ڕووبەڕوو بوبـۆوە. ئەوانـە لـەکاتی گۆشـەگیری زەردەشـتا -واتـە لـە پاشملـەی زەردەشت- پیلانیان سازدەداو لە دژی تێدەکۆشان. لەئەنجامدا بوونی خۆیـان سـەلماند. لـەدوای سـەردەمی ژیـانی زەردەشـت موبدەکـان بـوون بـە نوێنــەرو ڕابـەری ئاینەکـەی، لەبـەر ئـەوە فــەرمانڕەوایی و ڕۆحانیــەت لـە مێــژووی سیاسی ئێراندا شان بەشانی یـەکتری لـە ئـارادا بـوون. دەسـتەڵاتی سیاسـیش پێویستی بە مەزهەبی ساختە بوو، بۆ چەسپاندنی خواسـتەکانیان. ئەمـەش لـە لایـەنی ڕۆحانیەکانـەوە بــۆ چەسـپاندن و فراوانکـردن و بــەهێزکردنی دەســتەڵات، دەگونجـا. موبدەکـان یەکتاپەرسـتی زەردەشـتیان بـە شــێوەی ژێرخانی (هاوبەش =شرك)یان لێکرد، یاسای چینایەتی کۆمــەڵگایان تێکـەڵی مەزهـەب کـرد، ئەمــەش سـەرەتای هــەڵدێرانی ئـاینی زەردەشــت بــوو. ڕۆحانیەکان بە پەیڕەوکردنی ئەفسانە دێرینەکانی سەڵتەنەتی، یاسای بوون بە ڕۆحانی خۆیان کرد بە (بۆماوە)، بە سەلماندنی ناسنامەی پیشـەیی لـەناو چینەکانی تەلاری کۆمەڵگای ئێراندا بەچینێکی نایاب دەژمێردران.

لەمە بەدواوە کوڕ جێنشینی بابی بوو. بەم شـێوەیە (بـە ڕۆحـانی بونـی بۆماوە) لە ئاینی زەردەشتا بوو بە یاسایەك.

چینی ڕۆحانی زەردەشت هەروەکو چینەکانی دیکـەی کۆمـەڵگای ئـێرانی خوای تایبەتی خۆیان هەبوو، ئاگرگایەکی تایبەتیشیان هـەبوو، چاودێریـان لێدەکـرد. ڕۆحانیـەکان بـۆ بەدەوڵـەتیکردنی ئـاینی زەردەشـت تێدەکۆشــان، سەردەمی ساسانیەکان دوندی بڵنـدی دیکتـاتۆری و مەزهـەبی ڕۆحانیـەکانی ئـاینی زەردەشـت بـوو. ڕۆحانیـەکان هـاودەنگ و هاودەسـتی پاشـاکان بــوون،

لەسـەپاندنی ئـاینی زەردەشـتا بەسـەر کەمایەتیـە ئاینیـەکانی دیکـەدا تێدەکۆشـان. کەمایەتیـە مەزهەبیـەکانی دیکـەیان دەخسـتە خانـەی گۆشەگیریەوە.

کارناسانی مێژووی ئێران لەسەر ئەوە هاودەنگن، هۆی سەرەکی کەوتنی ئیمپراتۆریەتی ساسانی (دیکتاتۆری مەزهەبی) و فەرمانڕەوایی ڕۆحانیەکان بوو، بەسەر چارەنووسی خەڵکیەوە. موبدە زەردەشتیەکان بۆ ئاراستەکردنو پاراستنی ئەو دۆخەی لە ئارادا بوو، دەقە مەزهەبیەکانی ئاوێستایان بـەرەو نیـازی خۆیـان لێکدەدایـەوە و ڕوونیـان دەکـردەوە، گوشـاری دەوڵـەتی و مەزهەبی، لە نیازو خواستەکانی ڕۆحانیەکانەوە سەرچاوەی دەگرت، گیـانی دانیشتوانی هێنـابوە سـەرلێو، لەئـەنجامدا ئـەم گوشـارە کەڵەکـە بـوو، بـوو بەهۆی کەوتنی دەوڵەتی ساسـانی، موبـد کوشـتن و مـوغ کوشـتن لـە ئـێراندا دەستی پێکـــــرد.

## ئایا مارەکردنی هاوشیرە لە ئاینی زەردەشتا هەبوو؟ یان ئەمە تۆمەتە دراوەتە پاڵیان؟

لەم ڕووەوە بۆ ئاگاداری خوێنەواران، بیروڕای بەڕێز "مووبد ئاردەشێر ئازەرگشسب" کە یەکێکە لە ڕۆحانیەکانی ئاینی زەردەشت و ئێستاش سەرۆکایەتی و ڕابەرایەتی زەردەشتیەکانی ئێرانی لەئەستۆدایە، لێرەدا دەیخەینە بەرچاو، تا بابەتی مارەکردنی هاوشیرە لە ئاینی زەردەشتا ڕوون ببێتەوە.

بەڕێز "ئاردەشێر" دەڵێت: یەکێك لەو تۆمەتانەی دراوەتە پاڵ باب و باپیرانمان تۆمەتی ناڕەوای ژن و مێردایەتیە لەگەڵ کەسە نزیکەکاندا،ئەم تۆمەتانەش لەلایەن دوژمنانی ئێران و ئەو کەسانەی هیچ ئاگادارییەکی قوڵیان لەمەزهەبی ئێرانیانی دێریندا نیە خراوەتە ڕوو، بەم کارە ناشیرینە تاوانباریان کردوون. ئەم بوختانانە یەکەمجار لەلایەن یۆنانیەکانەوە کە دوژمنی دێرینەی باب و باپیرانمان بوون، بە مەبەستێکی تایبەتی داویانەتە پاڵیان. لەدوای چەندین سەدەش دوای ئەوەی خاکی پاکی ئێران پێکۆڵی سمی ئەسپی عەرەبەکان بوو[٢٠٤]. ئەمانیش تا ئەوشوێنەی توانیان ئاگری ئەم تۆمەتەیان خۆشترکرد. لە سەدەی دواییدا چەند کەسێك لەخۆرهەڵات ناسەکانی خۆرئاواو شارەزای ئاوێستا، بە بەدەست هێنانی واژەی (فیتودت)ی ئاوێستایی، بە خەیاڵی خۆیان ئەم بابەتە (تۆمەتە)یان ڕاستکردۆتەوە، ئێمە ئێستا تێدەکۆشین تاکو ئەم تۆمەتە ناڕەوایە، کە هیچ بناغەیەکی نیە بە عەقڵ و مەنتیق وەڵامیان بدەینەوە. بۆئەوەی ئەم نووسینەی ئێمە ڕێکخستن و ڕێکوپێکیەکی تایبەتی هەبێت، لە پێشەوە

لەهەموو جۆرەكانی ژن و مێردی لەئێرانی دێریندا دەدوێین، لەدوایيدا لەبارەی بابەتی ژن و مێردایەتی لەگەڵ كەسە نزیكەكاندا دەدوێین. ئەو تۆمەتانەی دراونەتە پاڵمان یەك لەدوای یەك بە بەڵگەو مەنتیق وەڵامیان دەدەینەوە. لەدوایشدا واژەی ئاوێستایی (فیتودت) وەردەگرین و لێی دەكۆڵینەوە، لە كۆتایشدا (كورتەیەك = شەممە یەك) لەبارەی بڵاوبوونەوەی مارەكردنی هاوشیرە لەنێوان نەتەوەكانی دێریندا باس دەكەین، بە رێكخستن و كۆكردنەوەی ئەو بابەتانەی لەمبارەوە وتراون كۆتایی بە بابەتەكەمان دەهێنین.

(جۆرەكانی پەیوەندی ژن و مێردایەتی لەئاینی زەردەشتا

لە ئاینی زەردەشتیدا، ژن زۆری ڕەوا نیە، فەرمان بەهێنانی یەك ژن دراوە. ئێرانیانی دێرین ئەوانەی لە پەیڕەوانی ئاینی زەردەشت بوون، مافی ئەوەیان نەبوو لەیەك كاتدا زیاد لە ژنێكیان هەبێت، بەڵام پەیوەندی ژن و مێردایەتی لەژێر پێنج ناوی جۆربەجۆردا وەكو ئەم ڕوونكردنەوەی خوارەوە ناو نرابوون و لەتۆماری ڕەسمی ژن و مێردایەتیدا بەو ناوانەوە تۆماردەكران:

١-پاشاژن، ٢-چاكرزن = كارەكەرژن، ٣-ئەیوك ژن، ٤-سترژن، ٥-خۆ ڕەئی ژن.

ئێستاش بە ڕوونكردنەوەیەكی كورت لەهەر پێنج جۆرەكەیان دەدوێین:

١-پاشاژن: لەكاتێكدا كچ دەگاتە تەمەنی باڵق بوون بە موافقەت و بە باشزانینی دایك وباوك لە كوڕێك مارە دەكرێت. بەشێوەیەكی گشتی هەموو كچێك، بۆ یەكەمجار بە ڕەزامەندی باب ودایكی دەبوو بەبووك، -جگە لە چەند هۆیەك كە لەم بەشەدا ناومان بردون- پەیوەندی ژن ومیردایەتیان

بـەناوی (پاشـاژن) گرێـدەدرا، هـەر بـەم نـاوەوە لـەتۆماری ڕەسمـی ژن و میردایەتیدا تۆمار دەکرا.

٢-چـاکر ژن = کارەکـەر ژن: هـەرکاتێك بێوەژنێـك لـەدوای مردنـی مێردەکـەی خـۆی لـە کەسـێکی دیکـە مـارەکرد، ئـەم پـەیوەندی ژن و مێردایەتیە لەژێر نـاوی (چاکرزن) تۆمـار دەکـرا، ئـەم ژنـە لـە سەرانسـەری ژیانیدا لەماڵی مێردا پلەوپایەی کەیبانوی ماڵی هەبوو. لەهـەموو مـافێك و خۆشیەکی پاشاژن بەهرەمـەندبوو، بـەڵام لـەدوای مردنـی مەراسـیمەکانی کفنو شاردنەوەو مەراسیمە ئاینیـەکانی دیکـە تـا سـیازدە ڕۆژ لەلایـەنی مـێردی دووهەمیـەوە ڕادەپـەڕێنرا.تـەواوی خـەرجی دوایـی لـە ئەسـتۆی خزمانی مێردی یەکەمدا بوو.

ئێرانیـانی دێریـن لـەوباوەڕەدا بـوون لـە جیهانەکـەی دیکـەدا ئـەم ژنـە دەبێتـەوە بـە هاوسـەری مـێردی یەکـەم. بـەم هۆیـەوە پـەیوەندی ژن و مێردایەتیان لەگەڵ مێردی دووهەمدا لەژێر ناوی (چاکر ژن)دا گرێ دەدرا، واژەی (چاکرژن) نووسەرەکانی غەیری زەردەشتی کە بەئوسوڵی مزدیسناو جۆرەکانی پـەیوەندی ژن و مێردایـەتی زەردەشـتیان ئاشـنا نـەبوون، وایـان لێهات زۆر ژنـی بدەنـە پـاڵ زەردەشـتیەکان. ئەوانـە وای بـۆ دەچـوون کـە پاشاژن، ژنی مارە کراوەوە و چاکرژن، ژنی بە صیغە مـارەکراوە، لـە کـاتێکدا ئەسڵی مەسەلەکە بەو شێوەیە بـوو، کـە ڕوونمـانکردەوە. جگـە لەمـە هیچـی دیکە نەبوو.

ئێرانیـانی دێریـن لـە هیـچ سـەردەمێکدا، لـەهیچ کـاتێکی ژیانیـان و مێژوویاندا مۆڵەتی لەیەك ژن زیاتریان نـەداوە. کـردەوەی یـەك دوو پاشـای هەوەسـباز کـە زۆر ژنیـان بـەکار هێنـاوە، نـاتوانین بیخەینـە سـەر حیسـابی

تـەواوی دانیشـتوانی ئـێرانی دێریـن و مۆلـەتی ژن زۆرییـان لەسـەر حیسـاب کـەین. سـەرەڕای ئەمـەش ئەگـەر یاسـای زۆر ژنـی لـەناو ئـێرانی دێرینـدا هەبایە، ئەی بۆچی لەگەڵ ئەوەشدا باوکانی ئێمە لەناو هۆزێکدا دەژیـان کـە زۆر ژنـی لـە ناویـاندا ڕێو ڕەسمێکـی ئـاینی هـەبوە، هیـچ بەرهەڵسـتیەك لەبـەردەم باوکـانی ئێمــەدا نــەبوو کـە ئــەوانیش چـەندین ژن بێنــن. بـە یـەکجاری ئەوانـە وازیـان لـەزۆر ژنـی هێنـاوەو بـە یــەك ژنـی ڕازی بـوون، هەتاکو ئەمڕۆکەش زەردەشتیەکان لەهــەر شـوێنێکی جیـهاندا بـن هـەر بـەم ڕێ و ڕەسمی یەك ژنیەوە پابەندن؟

٣—ئـەیوك ژن: ئەگـەر پیـاوێك کـوڕی نەبوایـە، بـەڵام تەنـها کچێکـی هەبایە، بەشودانی ئەم کچە- هەرچـەند کچی دیکەشی هەبایـە- بەشـوودانی کچە بچووکەکـەی لـەژێر نـاوی (ئـەیوك ژن)دا (ئـەم واژەیـە پەهلەویـە و بەمانای یەك دێت) تۆماردەکرا. یەکەم کوڕێك کە لە شـوکردنی ئـەم کچـەدا پـەیدا دەبـوو بـە کـوڕی بـاوکی ژنەکە دەژمـێردرا. نووســەرە بـێ ئاگاکـانی نازەردەشـتی لـە ڕووی هەڵـەوە ئـەم کارەیـان بـە ناونیشـانی مــارەکردنی هاوشیرەی زەردەشتیان دادەناو باوکـەکانی ئێمـەیان بـە مـارەکردنی هاوشـیرە تاوانبار دەکرد.

٤-سـتر ژن: واژەی ســتر لــە زمــانی پەهلـەویدا بــەمانای منـداڵ هـاتوە. زاراوەکــانی (ئەســترو ســترون) لــە فارسـیدا (ســرە-بێخــەوش) لــەم زاراوە وەرگیراوە. (استر) لە دووبەش پێکهاتوە، (ئا) و ( ستر) ئا لە ئـامرازی نەفیـە و سـتر بـەمانای منـداڵ دێـت. لەبـەر ئەمـە مانـای تـەواوی زاراوەکـە دەبێتـە (بێمنداڵ) یانی گیانداڕێکی نەزۆك، هـەرگیز منداڵی نـابێت. لـەمڕۆدا بـەو گیانداره دەڵێن (هێستر) بـەڵام (سـترون) پێکـهاتوە لـە دوو بـەش (سـتر، ون)

ستر سوك كراوەی (استر = هێستر)ه (ون) بە مانای (وەكو) دێت مانای تەواوی دەبێتە (وەكو هێستر) بەشێوەیەكی دیكە دەبێتە (نەزۆك) یان بێمندالٚ، سترون كردن لە زمانی زانستدا بەمانای (نەزۆك = عقیم) كردن دێت، لە ڕووی زاوزێی میكرۆبەكانەوە.

لەدوای دەربڕینی ئەم پێشەكیە، دەڵێین لە ڕۆژگاری دێریندا هەركاتێك كوڕێكی باڵق یان پیاوێكی بێژن و مندالٚ دەمرد. خزم و خوێشانی مردوەكە دەبوایە لەسەر دارایی خۆیان گەورە كچێكیان بە ناوی مردوەكەوە لەژێر ناوی (ستر ژن) لە لاوێك مارەبكەن. تەنها مەرجی ئەم ژن و مێردایەتیەش ئەوەبوو هەردووكیان واتە ژن و پیاوەكە پەیمانیان دەدا، یەكێك لە كوڕەكانی خۆیان بە كوڕی كابرای مردوو دابنێن و پێی ببەخشن. ئەم جۆرە ژن و مێردایەتیە ئەركی بەختیاری و خۆشبەختی ژمارەیەك خەڵكی هەژارو بەدبەختی پێكدەهێنا. یانی هەركاتێك كەسایەتیەكی دەوڵەمەندو ساماندار بەبێ ژن و مندالٚ دەمرد، خزمانی مردووەكە خەرجی شوكردن و ژن هێنانی كچ و كوڕێكی بێنەوایان لەئەستۆ دەگرت. ئەو كچ و كوڕەیان بەناوی ستر ژنەوە بەیەك دەگەیاند. گوژمەیەكیشیان بۆ خەرجی ڕۆژانەیان پێدەبەخشین.

سەرەڕای ئەمەش ئەو كوڕەی لەم جووتە گرتنە خوا بۆكردوانە دەهاتە جیهانەوە. بە كوڕی كابرای مردوو دەست نیشاندەكرا. لە ڕاستیشدا بە میراتگری مردوەكە دەژمێردرا. ئەم جۆرە ژن و مێردایەتیەش یەكێك بوو لەو بابەتانەی بیانوی دەدایە دەست دوژمنان، چونكە لە كاتێكدا كابرای مردو خوشكێكی جوانی هەبایە، خزمەكانی ئەم خوشكەیان لەژێر ناوی ستر ژن دەكرد بە بووك و دەیاندا بەشوو، لە كاتێكدا كوڕێكی دەبو ئەو كوڕەیان

بەكوڕى كابراى مردوو دادەنا، لە واقعدا كابراى مردوو خاڵى كوڕەكە بوو. لێرەدا بەباوكى كوڕەكە دەژمێردرا.

ئەو بێگانانەى لەگەڵ ڕەوشت و نەريتى زەردەشتيەكاندا ئاشنايەتيان نەبوو لە ئەسڵى مەسەلەكە بێخەبەر بوون، بە بينينى ئەم كارە واى بۆ دەچوون براو خوشكەكە لە يەكتر مارەكراون. لە هەمان كاتدا ئەم بۆچوونە لە تێنەگەيشتن بەولاوە هيچى تر نەبوو. هەروەكو وتمان خوشكەكە، لە دواى مردنى براكەى شووى بەكەسێك دەكرد لە نێوان خوشك و براكەدا هيچ پەيوەنديەكى ژن و مێردايەتى لەئارادا نەبوو.

٥-خود راى زن = ژنى خاوەن رەئى (يان ژنىسەربەست يان ژنى سەربەخۆ- و-) لە ئێرانى دێريندا هەركاتێك كچێك و كوڕێك دەگەيشتنە تەمەنى باڵق بوونى ياسايى، ئەگەر لە دەروونەوە حەزيان لە يەكتر بكردايە، داواى شووكردن و مارەبڕينيان دەكرد. باوك و دايكى كچەكە بەهەر هۆيەكەوە بوايە ڕازى نەدەبوون بەجوتەگرتنى ئەم دوانە، تەنانەت بەپێچەوانەى ئارەزووى باوك و دايكەكانەوە ڕادەپەڕێنرا. نەبوونى ڕەزامەندى باوك و دايكى كچەكەو كوڕەكەش نەدەبوە هۆى بەرهەڵستى كارەكەيان. ئەم جووتەگرتنە لەژێرناوى (خودڕەئى ژن) تۆمار دەكرا، بەپێى ياسا ئيتر كچەكە لە ميراتى ماڵە باوان بێبەش دەبوو، مەگەرخودى باوك و دايكەكەى بە نووسين ڕەزامەنديان لەسەربدايە[٢٠٥].

## بابەتی مارەکردنی هاوشیرە و نزیکەکان

بەڕێز موبد "ئاردەشیر ئازەرگشسب" یەکێکە لەڕۆحانیەکانی ئاینی زەردەشت، لەبارەی سەردێڕی سەرەوە دەڵێت: (سەبارەت بەتۆمەتی بێبناغەی ژن و مێردایەتی- واتە مارەکردنی کەسە نزیکەکان- کە دراوەتەپاڵ ئێرانیەکانی دێرین، یەکەمجار یۆنانیەکان بوون. بەهۆی دوژمنایەتیەوە لەگەڵ ئێرانەکاندا، ئەم تۆمەتەیان دانە پاڵ. ئێستا ئێمە دوای ئەم مەسەلەیە دەکەوین و روونی دەکەینەوە تاکو بزانین ئەسڵی داستانەکە لەبارەی ئەو کەسانەوە بەم کارە هەستاون چۆن بوە؟

### ١-جوتەگرتنی "کامبوزیا" لەگەڵ خوشکەکەی:

(یەکەم نوسەرێك سەبارەت بەم بابەتە شتێکی نوسیوەو ئەم تۆمەتەی دایە پاڵ پاشای گەورەی هاخامەنشی "هەرۆدۆت" بوو لە (٤٨٤-٤٠٩)ی پێش زاین. ئەم نووسەرە ڕوونکردنەوەی مەسەلەکەی لە کتێبەکەی خویدا بەم شێوەیە هێناوەتەوە: دووهەم هەڵەیەك "کامبوزیا" کردی، کوشتنی خوشکەکەی بوو، لەگەڵ خۆیدا بۆ میسری هێناو وەکو ژنی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد. هەرچەندە خوشکی بوو و لە یەك باوك و دایك بوون، شێوەی مارەکردنی بەم شێوەیە بوو:

لە پێش ئەمەشدا مارەکردن لە نێوان خوشك و برا لە ئارادا نەبوو، بەڵام "کامبوزیا" عاشقی خوشکەکەی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا دەیزانی ئەم کارە نائاساییە، وێڕای ئەوەش نەیدەتوانی چاوپۆشی لێبکات. لەبەر ئەمە، لە دوای ماوەیەك ئەم مەسەلەیەی بە دادوەرەکانی سەڵتەنەت ڕاگەیاند و

داوای چارەی لێکردن. دادوەرەکان داوای سێ ڕۆژ مۆڵەتیان لێکرد تاکو هەموو کون و قوژبنێکی یاساکانی دەوڵەت بپشکنن، یان لێی بکۆڵنەوە. لەدوای کۆتایی هاتنی مۆڵەتەکە چوونە لای پاشا، عەرزیان کرد لە هەموو یاساکانی ئێستادا نەیانتوانیوە یاسایەك بدۆزنەوە، خوشك بۆ برا حەڵاڵ بکات، بەڵام یاسایەك هەیە دەڵێت؛ (پاشا سێبەری خوایەو لە زوور یاساوەیە!) بەم پێیە شا دەتوانێت بەئاواتەکەی خۆی بگات.

(ئەوەی لەم نووسراوە بەدەست دێت، ئەوەیە لە ئێرانی دێریندا مارەکردنی هاوشیرە و نزیکەکان، نە ڕابوردویەکی لە وڵاتدا هەبوە، نە ڕابوردوشی لەیاسا مەزهەبیەکاندا هەبوە. لەبەر ئەمە وتەکەی "هەرۆدۆت" جگە لەیەك تۆمەت هیچی تر نیە. بەڵام بەداخەوە نووسەرەکانی دیکە لە دوای هەرۆدۆتەوە هاتوون ئەم بابەتەیان بە ناتەواوی و بە نیازێکی دوژمنانە داویانەتە پاڵ مەزهەبی زەردەشت. باب و باپیرانی ئێمەیان بەم کارە ناشیرینە تاوانبار کردوە.

**٢-"ئاردەشێری دووهەم" و مارەکردنی کچەکەی؛**

یەکەم نووسەری یۆنانی کە ئاماژەی بۆ ئەم بابەتە کردوە "کتزیاس"ە، لە ساڵی ٤٤٠ی پێش زاین ژیاوە. نووسینەکانی ناوبراو لەبەردەستانین، بەڵام "پلۆتارك" کە لەساڵی ٦٦ی زاین لەدایکبوە، لەبارەی ژیانی "ئاردەشێری دووهەمی" پاشای هاخامەنشی بە پشتیوانی وتەکانی "کتزیاس" ئەم پاشایە بە مارەکردنی کچەکەی تاوانبار کردوە. "پلۆتارك" لەم بارەیەوە دەڵێت: (ئاردەشێری دووهەم "ارتاکزرس" کارێکی کرد، قەرەبووی هەموو خراپەکانی خۆی بەرانبەر بە یۆنانیەکان کردەوە، ئەویش کوشتنی "تیسا فرن"ی دوژمنی گەورەی یۆنانی بوو. پاشا لەسەر داواکردن و

سوربونی دایکی" پەریزاد تیسافرنی" کوشت، چونکە پاشا ئەم کارەی لەسەر خواست و ئارەزووەکانی دایکی ئەنجامدا، لەوە بەدواوە دایکی تێدەکۆشا، پاشا لەخۆی ڕازی بکات. لە هیچ کارێکدا پێچەوانەی ئارەزووەکانی پاشا نەدەجوولایەوە، پەریزاد چەند جارێك بینیبووی، پاشا لەگەڵ یەکێك لەکچەکانی خویدا بە ناوی "ئاتوسا" زیاد هۆگریەتی. بەڵام تێدەکۆشیت، ئەم هۆگری و پەیوەندیە لە دایك و خەڵکانی دیکە بشارێتەوە. " پەریزاد" دوای ئاگاداربوون لەم ڕازە تێکۆشا تا سەبارەت بە نەوەکەی واتە "ئاتوسا" هۆگری و پەیوندی زیاتر پیشان بدات، هەرکاتێك هەلی بۆ بڕەخسایە لەلای پاشا لەبارەی جوانی و شیرین ڕەفتاری نەوەکەیەوە ئەدوا، بە شایستەی پاشای دەزانی. تاکو لە ئەنجامدا پاشای هاندا مارەی کات.

(لێرەدا دوو باوەڕو بۆچوون دەردەکەوێت. کە پاشا هەرچەندە حەزی لە کچەکەی خۆی دەکرد هەمیشە تێدەکۆشا تاکو ئەم ئەوینە لەبەرچاوی خەڵکدا داپۆشێت. چونکە شەرمی لە دایکی و خەڵکی دیکەش دەکرد. لەئەنجامدا ئاردەشێر بە هاندانی دایکی کە ژنێکی کورسی خوازو بەدتوخم بوو، ئەم کارەی ئەنجامدا).

**٣-"قوباد"و مارەکردنی کچەکەی:**

(بابەتی "قوباد"و مارەکردنی کچەکەی خۆی بۆ یەکەمجار "ئاگاتیاس" کە لە سەردەمی پاشایەتی "ئەنەوشیرەواندا" دەژیا، نووسیویەتی: "قوبادی" باوکی "ئەنەوشیرەوان" کچەکەی خۆی کە ناوی "زەنبەق" بوو، مارەکرد. بەڵام ئەم بابەتە نە بەهەشتی "فیردەوسی" لە شانامەکەیدا ئاماژەی بۆ کردوە نە مێژونووسانی عەرەب و نە مێژوونوسانی دیکەش و

تەنانەت پرۆفیسۆر "رالینوم" وەرگێڕی مێژووی هەرۆدۆت بۆ سەر زمانی ئینگلیزی لەم بارەیەوە شتێکیان نەنووسیوە. ئەگەر گومانێکی بەهێزی لێبکەین، دەگونجێت بڵێین: "قوباد" لەژێر کاریگەری ئاینی موزدەکدا بوە کە ئەم کارەی ئەنجامداوە. چونکە دەزانین لە سەردەمی پاشایەتی "قوباد" دا کەسێك بە ناوی "موزدەك" پەیدابوو، داوای پێغەمبەری دەکرد. ژمارەیەك لەدانیشتوانی ئێرانی لەوانەش "قوباد" ئاینەکەی قبوڵکردبوو.

ئاینێك کە "موزدەك" ڕایگەیاند، لەسەر بناغەی هاوبەشبوون لە هەموو شتێکدا خۆی دەنواند.

"موزدەك" دەیوت: (خواوەند هەموو شتێکی بۆ هەموان دروستکردوە، نابێت ئەو شتانە پەیوەندیان بەتەنها کەسێکی دیاری کراوەوە هەبێت. ئەم ئاینە نوێیە لەگەڵ یاساکانی هاوبەشی -یانی یەکسانی- زەبرێکی گەورەی لەیاسای مڵکداری و ژن و مێردایەتی و مەراسیم و نەریتی بنەماڵەی ئێرانیان دا و سستی کرد).

"ئاگاتیاس" دەڵێت: کاری مارەکردنی هاوشیرە لەم دواییەدا لە ئێراندا پەیدابوو. هەموو ئەم دژە یاسایانە و پەشێوییە، بەهۆی کاریگەری ڕێنومایییەکانی موزدەکەوە لە ئێراندا پەیدابوو، بەهێنانە خوارەوەی قوباد لەسەر تەختی پاشایەتی و کوشتنی "موزدەك" و موزدەکییەکان ڕیشەکێشکران. لەپێش پاشایەتی "قوباد" و دەرکەوتنی موزدەك، کاری مارەکردنی هاوشیرە لە ئێراندا باوی نەبوو. بەپێی وتەکانی "ئاگاتیاس" لە دواییدا بڵاو بۆتەوە[٢٠٦].

**ماناو ناوەرۆكی زاراوەی ( فیتودت ) چیە؟**

هەرچەندە واژەی فیتودت چەندین زاناو خۆرهەڵاتناسی ئەوروپایی بەهەڵە بە مانای مارەكردنی هاوشیرە لێكیان داوەتەوە، خەڵكانی دیكەش بەرانبەر بەم واژەیە مانای دیكەی وەكو (خویشان) یان خویشایەتی كردن – گیانبازی- هاوپەیمانی، یەكێتی لێكیان داوەتەوە.

"گانگا" مامۆستای ناسراوی پارسی، لە فەرهەنگی ئاوێستاكەیدا بەمانای (فیداكاری=خۆبەخت كردن =گیانبازی) دایدەنێت. دكتۆر "ئەشپیگل"ی ئەڵمانی لە تەرجەمەكەی ئاوێستادا، ئەم واژەیەی بە مانای (خویشان) وەرگرتوەو دەڵێت: ئەمە خوێشایەتی ڕۆحانیەكانە لەگەڵ ئاهورامزدا دا، بەشێوەیەك كەسەكە خۆی لەگەڵ ئاهورامزدا دا بەیەك بزانێت.

بەپێی ئەمە ئێستاكە مانای ئەم واژەی ئاوێستاییەمان زانی، دەردەكەوێت بەهیچ شێوەیەك ئەم واژەیە مانای مارەكردنی هاوشیرە ناگەیەنێت. دكتۆر "وست" دەڵێت: ئەم واژەیە لە بەشە كۆنەكانی ئاوێستادا نیە. لە بەشەكانی دواییدا ئەم واژەیە بەكارهاتوە. لە هەموو شوێنێكدا بەكاری چاك و پڕ لە پاداشتە. ئیمە لە هەموو ڕوویەكەوە بەخوێندنەوەی بەشەكانی ئاوێستا، كە كتێبی ئاینی زەردەشتییانەو بەڵگەیەكی گەورەی باوەڕو نەریتەكانی مزد یەسنایە. دەتوانین پارسەكان دڵنیا بكەین، مەسەلەی مارەكردنی هاوشیرە بەهیچ شێوەیەك لە نێوان زەردەشتیەكاندا نەبوە، جگە لە تۆمەتێك هیچی دیكە نیە. لەم جۆرە تۆمەتە ناڕەوایانە لە لاپەڕەكانی مێژووی نەتەوەكاندا زۆر هەیە، بۆ نموونە ئاماژە بۆ هەندێكیان دەكەین:

-**سیمۆن**، کەسایەتیەکی ئاینیە. خوشکی دایکی و باوکی خۆی مارەکردوە، لە لایەنی خەڵکیشەوە هیچ لۆمەی نەکراو.

-**دموتسن**، لە نوسراوەکانیدا لە دژی "ئولید" دەڵێت: بابە گەورەی من خوشکی خۆی، کە لەیەك دایك و باوك بوون، مارەی کرد.

-**ئسکولیاست**، دەڵێت: لە نێوان یۆنانیە دێرینەکاندا مارەکردنی خوشکی دایکی و باوکی لە ڕووی یاساوە هیچ قەدەغە نەبوو.

-**لنان** دەڵێت: ئەسپارتیەکان، دەیانتوانی خوشکی یەك پشتی خۆیان مارەبکەن.

-**ئادەم** دەڵێت: مارەکردن لە لایەن باوك و دایکەوە لەگەڵ منداڵەکانی خۆیاندا لەناو یۆنانیەکاندا باوی هەبوو.

-**لە عهد عتیق (تەورات)**دا هاتوە: (لوط)ی پێغەمبەر لە سەردەمی پیریدا ئەم کارەی ئەنجامداوە! بەباشی ڕوون و ئاشکرایە، ئەم تۆمەتانە بەڵگەیەکی ڕوونن لەسەر لادان (تحریف)ی تەوراتی ئێستا، دەشبێتە هۆی بێ ئیعتیباریشی.

-**لە مێژووی "هەرودۆت"دا** هاتوە: لە میسری دێریندا مارەبڕین لە نێوان خوشك و برادا گشتی بوە. یەهودیەکانی دانیشتوی ئەسکەندەریە لایەنگری ئەم کارە دەکەن.

-**لویسن** دەڵێت: ئاسوریەکانیش نزیکەکانی خۆیان مارەدەکرد.

-**واسمین** دەڵێت: لە عەرەبستانی دێریندا ئەم جۆرە مارەکردنانە هەبوو.

بە کورتی ئەمکارە لە لاپەڕەکانی مێژوودا زۆری لەسەر نووسراوە، هەرچەندە ئێمە بە گێڕاندنەوەی ئەم بابەتانە. مەبەستمان ئەوە نیە، خوانەخواستە بمانەوێت نەتەوەیەك تاوانبار بکەین، یان بەدگۆیی

نەتەوەیەك بكەین، بەڵكو مەبەستمان ئەوەیە بیسەلمێنین ئەمە تەنها ئێمەی زەردەشتیان نین، لە بەردەم بێ لوتفیداین، بەڵكو ئەمجۆرە تۆمەتانە، بە گەلێك لە نەتەوەكانی دێرین ڕەوا بینراوە. هیچ نەتەوەیەك ناتوانێت لە زمان و خامەی بەدخواهان پارێزراو بێت[٢٠٧].

ئەمەبوو ڕاوبۆچوونی بەڕێز "ئاردەشێری ئازەرگشسب" كە یەكێكە لە ڕۆحانیەكانی ئاینی زەردەشتی و دانیشتوی شاری تاران لە كتێبی (پاسخگوئی بە اتهامات) كە لەسەر دوتاك پەرستی و ئاگرپەرستی و مارەكردنی هاوشیرە، نووسیویەتی.

## ناسینی سەرچاوەكان


ئاینی ئێرانی دێرین، باوەڕە سەرەتایەكان. زەردەشت

بە فارسی

١- سەرچاوەی سەرەكی پورداود/ یشتەكان، گاتەكان، یەسنا + خورده ئاوێستا + بند هشن، لەگەڵ هەموو وتارو بەرهەمەكانی بەڕێز "ابراهیم پور داود".

٢-دكتۆر محەمەد معین: ارداویرافنامە + مزدیسنا وادب پارسی + مجموعەمقالات

٣-مهندس ئاشتیانی: زەردەشت، مزد یسناو حكومت.

٤-كەیخسرو كرمانی؛ ئائین مزد یسنا.

٥-كریستن سن: ایران درزمان ساسانیان، وەرگێڕدراوی ڕەشیدی یاسمی.

٦-پیر نیا: ایران باستان.

٧-مشكور: ایران باستان.

**چەند سەرچاوەیەکی ( فەرعی )**

١-جان ناس: تاريخ جامع اديان

٢-فليسين شاله: تاريخ مختصر اديان بزرگ.

٣-راوندی: تاريخ اجتماعی ايران/ بەرگی یەکەم.

٤-برو خيم: تحولات فکری در ايران.

٥-مهرداد مهرين: تمدن ايران باستان.

**سەرچاوەکانی توێژینەوە و بەراورد :**

١-دکتۆر علی شريعتی: تاريخ وشناخت اديان، بەرگی دووهەم / م .ئا.١٥.

٢-مهندس اشتيانی: زەردەشت، مزد يسنا، حکومت.

**سەرچاوەی عەرەبی، راستەوخۆکان :**

١-ابن نديـــــم: الفهـــرســـت

**ناڕاســـتەوخـــۆکانیان :**

١-شهر ستانی: الملل و النحل، بەرگی دوو

٢- بغــــدادی: تـــاريخ بغـــداد.

٣-مسعودی: التنبيه.

٤-مسعودی: المروج.

**ئینگلیزیەکان**

Jakson.W.H; Zoroastrian Studies. London. 1960. Olmasted;
The history of the Persian Empire. London.?
Reinach, S.; the history of Religions. London.
Hermanne, S.; History of World Civilisation.
Dr.G.G. Comeron; Perspolis Treasury Tablets. (University of Chicago. Chicago Press.1946).

**فەرەنسیەکان:**

Kergliner; Etudes sur L`origine et le De`veloppement de la vie religieuse; Bruxelles, lamertine. 1919
la perse antique et la perse antique et la civilisation lranienne, paris,
panaissame du live. 1925.
Denis saurat; Histoire des religions. (Paris . Denoel steele. 1933 )
Soderblom; manuel d`Histoire des Religions. Paris 1933
Cleman; les Religions du monde, paris payot. 1930.
C.C.comerone; Histoire de l`lran Antique. Paris.1937.

*    *    *

**پەراوێزەکان:**

**١-تەماشای وتاری ڕەشید یاسمی ساڵی "١٣١٥ ك" کە لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی دامەزراوە (وعظ وخطابة) بکە لاپەڕەی ٦٠**

**٢-جان ناس/ تاریخ جامع ادیان لا ٨٩+ ازربایجان پیش از تاریخ وپس ازان لا٦٩.**

**٣-دکتۆر علی شەریعەتی، تاریخ وشناخت ادیان/٢/١٥، لا١٩١ تا ١٩٨.**

**٤-ازربایجان پیش از تاریخ لا ١٠٠.**

**٥-رشید یاسمی، هەمان سەرچاوە، لا ٦٥.**

**٦- گیتا شناسی، لا ٦٦ و ٩٦.**

**٧-فلیسین شاله/ تاریخ مختصر ادیان، لا ٢٠٦.**

**٨-مردمان جهان/ لا ١١٧.**

**٩- سایکس/ تاریخ ایران، بەرگی یەك، لا ١٢٦.**

**١٠-حسن پیرنیا/ تاریخ ایران بەرگ ٨/ لا ١٢ +پیر نیا/ ایران درعهد باستان لا ٦٥.**

**١١-تاریخ تمدن ایران لا ٨٧.**

**١٢-بروخیم تاریخ پارسیان بەرگی ٢ لا ٥٠ + تحولات فکری لا ٢٩ + دین ایران لا ٣٠.**

**١٣-پیرنیا/ پیشین ١٩ + سایکس/ پێشین لا ٦٨ مونولوژی کرانه گمنام لا ١٢.**

**١٤-سایکس، هەمان سەرچاوە، لا ٦٨.**

**١٥-رشید یاسمی، هەمان سەرچاوە، لا ٦٥.**

**١٦-ازربابیجان پیشاز تاریخ، لا ١٠١ و١٠٥.**

**١٧-هەمان سەرچاوە، لا ١٠٦.**

١٨-هەمان سەرچاوە، لا ١٠٨.

١٩-هەمان سەرچاوە، لا ١١٤ و ١٠٧.

٢٠-تاريخ شناخت اديان، لا ١٥و بەرگی دوو، لا ١٩٨.

٢١-هەمان سەرچاوە، لا ١٩٩.

٢٢-هەمان سەرچاوە، لا ١٩٩و ٢٠٠.

٢٣-هەمان سەرچاوە، لا ٢٠١و٢٠٢.

٢٤-تاريخ تمدن ايران، لا ١٥٤.

٢٥-هەمان سەرچاوە لا ؟.

٢٦-هە مان سەرچاوەی پێشوو.

٢٧-هەمان سەرچاوەی پێشو

٢٨-ازربايجان بەرگی يەك، لا ١١٢ پێشين.

٢٩-هەمان سەرچاوە، بەرگی يەكەم، لا ١١٤.

٣٠-هەمان سەرچاوە، لا ١١٦.

٣١-تاريخ لورستان، بەرگی يەك، لا ٢٣و٢٤و ٩٣و ٩٤.

٣٢-هەمان سەرچاوە، لا ٩٧ + جغرافيای تاريخی ايران، لا ١٩٥.

٣٣- دين ايران، لا ١٥.

٣٤-ايران در زمان ساسانيان/لاپەڕە ٤٦+فليسين شاله /هەمان لاپەرە٢٠٧ +برسیادياپيشين لا١٥٩

٣٥-اسار باستانی لورستان، بەرگی يەك، لا ٣٣و ٣٨.

٣٦-پيرنيا/ هەمان لا ٢٣و٢٩ + سايكس/ هەمان لا ٨٠.

٣٧-پيرنيا/هەمان ٥٧ + ايران درعهد باستان ١٦١ رازی/ تاريخ ايران ١٧.

٣٨-تاريخ عهد باستان، لا ١٩٥ و١٩٩ + تاريخ تمدن ايران، لا ٤٩ + مردم جهان لا ٤٥١.

٣٩-تاريخ ايران، لا ١٢١.

٤٠-تاريخ وشناخت اديان ٢٠٢/٢/١٥و٢٠٣.

٤١-هەمان سەرچاوە، لا ٢٠٣و ٢٠٤.

٤٢-هەمان سەرچاوە، لا ٢٠٤و٢٠٥.

٤٣-هەمان سەرچاوە، لا ٢٠٨و٢٠٩.

٤٤-هەمان سەرچاوە، لا ٢١٢ و ٢١٣ و ٢٣٩ و ٢٤٠.

٤٥-هەمان سەرچاوە، لا ٢٣٩و ٢٤٠.

٤٦-هەمان سەرچاوە، لا ٢٤٢و٢٤٥.

٤٧-هەمان سەچاوە، لا ٢٤٣و٢٤٤.

٤٨-هەمان سەرچاوە، لا ٢٤٧و ٢٤٨.

٤٩-هەمان سەرچاوە، لا ٢٤٩و ٢٥١.

٥٠-جان ناس، تاريخ جامع اديان، لا ٣٠٢ و٣٠٥ بە كورتكراوەيى.

٢-فليسين شاله تاريخ مختصر اديان. بزر گ ٢ ٨ و٢٠٩ بە كورتى بەراوردێكە لەگەڵ اديان زندەجها ٢٧٠-٢٢٧،٢٨٠،٢٨١،٢٨٣.

٥١-ناين بى/ تاريخ تمدن، ٢١٣ + ايران واسلام ٥٥.

٥٢- مسعودى/ مروج الزهب/٢٢٩/١ +اخبارالطوال٢٨.

٥٣-اسلام وايران لاپەرە ٥٨.

٥٤-زردەشت مزد يسنا وحكومت ٥٠.

٥٥- تاين بى تاريخ تمدن ٢١٣.

٥٦-پيرنيا/ تاريخ ايران ٢٥٢.

٥٧-هربرت /كليات تاريخ ٧١٧.

٥٨-مزد يسنا لاپەڕە ٣٣ + اسلام عقايد بشرى لا ٣٨٦.

٥٩-مزد یسنا لا ٤١ و٤٤ + ناسخ التواریخ /٤١٢/١ + برهان قاطع ١٠١١ + انجمن ارای ناصری ٤٣٠.

٦٠-مزدیسنا/ ٤١ و ٤٤ + ناسخ التواریخ /٤١٢/١ + برهان قاطع ١٠٢٢ + انجمن ارای ناصری ٤٣٠.

٦١-ناسخ التواریخ ٤١٢ + ایران در عهد ساسانیان ٦٦ + اسلام عقاید بشری ٣٨٦ + فرهنگ ناصری ٤٣٠.

٦٢-شهر ستانی/ الملل /٣٨٣/١ + اثار الباقیة ٣٠٠.

٦٣-عبالله رازی/ تاریخ کامل ایران لا ١٠٦ + اسرارالعقاید/٤٢/١ + ادیان بزرگ جهان لا ٠٢٥ + برهان قاطع لا ٩٩٦.

٦٤-جان ناس/ هەمان سەرچاوە، لا ٣٠٣.

٦٥-فلیسین شالە/ هەمان سەرچاوە، لا ٢١٢.

٦٦-جان ناس/ هەمان سەرچاوە، لا ٣١٠.

٦٧-فلیسین شلە/ هەمان سەرچاوە، لا ٢١١.

٦٨-هەمان سەرچاوە، لا، ٢١٣.

٦٩-هە مان سەرچاوە، لا ٢١٤.

٧٠-ایران در زمان ساسانیان، لا ٤٥.

٧١-معین/ مزد یسناو ادب پارسی، لا ٣٦.

٧٢-تاریخ و شناخت ادیان، لا ١٥ و بەرگی دوو لا ٢٣٦.

٧٣-هەمان سەرچاوە، لا ٢٣٣ و ٢٣٤.

٧٤-فلیسین شالە/ هەمان سەرچاوە، لا ٢٠٨.

٧٥-ایران و اسلام، لا ٨٠ + ادیان بزرگ جهان، لا ١٣٥ + تاریخ کامل ایران، لا ١٠٤.

٧٦-هەمان سەرچاوە، لا ٨١، بە وتەی پور داود/ گاتەکان، لا، ٤٥.

٧٧-زەردەشت چەمیگوید، لا ٧.

٧٨- سایکس/ تاریخ ایران، /١٣٨/١.

٧٩-جان ناس هەمان سەرچاوە، لا ٣٠٠.

٨٠-بهار سبك شناسی، بەرگی یەك، لا ٩ + تبصره العوام، لا ١٤.

٨١-فلیسین شاله، هەمان سەرچاوە، لا ٢٠٨.

٨٢-دین پایه زرتشتی، لا ٢٢.

٨٣-دینهای ایران باستا/ ٢ + ایران درزمان ساسانیان، لا ١٦٣.

٨٤-اسرار العقائد بەرگی ١، لاپەڕە ٨.

٨٥ -ایران واسلام، لا ١٨.

٨٦-ایران و اسلام، لا ٨١.

٨٧-ئەم بابەتە لە (ایران و اسلام) لە پور داود وەرگیراوە، لە/ گاتها، مقدمەکەی بە کورتکراوەیی.

٨٨-معرفی کتب اسمانی، لا ٢٢٢ و ٢٣٨ بەکورتی.

٨٩-کتب اسمانی، لا ٢٣٦.

٩٠-معرفی کتب اسمانی، لا ٢٣٧ و ٢٤١.

٩١-معرفی کتب اسمانی، لا ٢٤٢.

٩٢-ادیان بزرگ جهان ، لا ١٠٠.

٩٣-معرفی کتاب اسمانی ، لا ٢٤٤ و ٢٤٧.

٩٤-معرفی کتب اسمانی، لا ٢٥٠.

٩٥-هەمان سەرچاوە، لا ٢٥,٢

٩٦-هەمان سەرچاوە، لا ٢٥٦.

٩٧-بیرونی/ اسار الباقیه، لا ٣٠٢.

٩٨-دینهای ئیران باستان/ ٢.

٩٩-هەمان سەرچاوە، ٨.

١٠٠-هەمان سەرچاوە ٨.

١٠١-هەمان سەرچاوە ٨ بگەڕێرەوە بۆ لاپەڕەکانی لەمەو پێشی ئەم کتێبە.

١٠٢-مطهری/ خدمات متقابل، لا ٣٠٦.

١٠٣-هەمان سەرچاوە، لا ٢٠٦ و٢٠٧.

١٠٤-ایران درزمان ساسانیان، لا ٤٥٨.

١٠٥-هەمان سەرچاوە، لا ٥٣٨.

١٠٦- دینهای ایران باستان، لا ١٣+ اسرار العقاید، لا ٨.

١٠٧-خداوند علم وشمشیر، لا ٧٢.

١٠٨-قرآن/ سوره الحج ئایەی ١٧، بۆچوونی زانا شیعەکان + علامە طباطبائی/ المیزان فیتفسیرالقرآن/ ٣٥٨/٤.

١٠٩-مسعودی مروج الذهب /١/ ٢٥٥ + سفینه البحار /٥٢٧/٢.

١١٠-حر العاملی/ وسائل الشیعه کتاب الجهاد، ٩٦/١١.

١١١-وسائل الشیعه/ کتاب الجهاد، ٩٨/١١ + قمی/ سفینه البحار، ٥٢٧/٢.

١١٢-وسائل الشیعه، ٩٨/١١.

١١٣-الطوسی /الخلاف، ٢/ ١٩٩.

١١٤-الطوسی /المبسوط، ٢١٠/٤.

١١٥-طباطبائی/ المیزان /٤/ ٣٥٨، دووبارە تەماشای قامووسی قورئان /٢٣٩/٦ + اعلام قورئان لا ٥٥٠ بکە.

١١٦-تەماشای تەورات بابی ٣٩ ئایەتی ١٣ + کتیبی ارمیای نبی باب ٣٩ ئایەتی ١٣ بکە.

١١٧-ئینجیلی مەتی، بابی دوازدە ئایەتی (١٢) + کتاب اعمال ڕسولان، باب (١٣) ئایەتی ٦ + بابی ٨.

١١٨-نفیسی/ فەرهەنگ/ ٥/ لا٣١٥٠.

١١٩-هەمان سەرچاوە، لا ٣٤١٩.

١٢٠-تەواوی ئەم بابەتە لە گۆڤاری (انجومنی ایران شناسی) لە لاپەرەکانی ٩٣ و ٩٩ وەرگیراوە.

١٢١-هەمان سەرچاوە + ملل ونحل بەرگی یەك، لا٣٦٣.

١٢٢-الملل والنحل، بەرگی یەك، لا ٢١٢ و ٢١٣.

١٢٣- تبصره العوام، لا ١٣.

١٢٤-بیان الادیان/٥، ١٧ و ١٨ + ایران و اسلام، لا ٧٢.

١٢٥-ایران و اسلام، لا ٧٣.

١٢٦-ایران واسلام، لا ٧٤.

١٢٧-هەمان سەرچاوە، لا ٢٢٨.

١٢٨-زرتشت مزد یسناو حکومەت، لا ١٣٢ و ١٣٦ بە کورتکراوەیی.

١٢٩-مطهری، خدمات متقابل ایران و اسلام، لاپەرە ٢٢٤.

١٣٠-جان ناس/ تاریخ جامع ادیان، لا ٣٠٦ و ٣١١ بە کورتکراوەیی.

١٣١-جان ناس/ تاریخ جامع ادیان، لا ٣٠٦ و ٣١١ بە کورتکراوەیی.

١٣٢-هەمان سەرچاوە، لا ٣٢٢ و ٣٢٣.

١٣٣-هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٣٢٢.

١٣٤-هەمان سەرچاوە، لا ٣٢٣.

١٣٥-فردەوسی شانامە، چاپی مۆسکۆ.

١٣٦-تاریخ تمدن ایران، لاپەڕە ١٩٤.

١٣٧-فرهنگ دانستنيها، بەرگی یەك، لا ١١٢.

١٣٨-فرهنگ قصص قران، لا ٢٩٥.

١٣٩-مطری/ خدمات متقابل، لاپەڕە ٢٤٢.

١٤٠- پیرینیا/ تاریخ ایران، لا ١٨١.

١٤١-ایران درزمان ساسانیان، لا ١٦٦، بە کەمێك دەسكاریەوە.

١٤٢-هەمان سەرچاوە

١٤٣-سایكس/ تاریخ ایران، بەرگی یەك، لا ١٤٤.

١٤٤-فلیسین شالە/ تاریخ مختصر ادیان، لاپەڕە ٢١٣.

١٤٥-ایران در زمان ساسانیان، لا ١٨٢ و ١٩٢ بە كورتكراوەیی.

١٤٦-معرفی كتب اسمانی، لا ٢٧٥-٢٧٩ بەكورتی.

١٤٧-قصص قران، لا ٢٩٥.

١٤٨-ایران درزمان ساسانیان، لا ١٨٢ و ١٩٢ بەكورتكراوەیی.

١٤٩-هەمان سەرچاوە، لا (!).

١٥٠-هەمان سەرچاوە، لا (!).

١٥١-خدمات متقابل لا ٢٥٩، لە مزدیسناو ادب پارسی لا ٢٩٧ و ٣٠٥ بەكورتكراوەیی وەرگیراوە.

١٥٢-الملل و النحل، بەرگی یەك، لا ٤٣٦.

١٥٣-هەمان سەرچاوە، بەرگی یەك، لا ٢٤٢.

١٥٤- آثار العجم، لا ٨٤-١٠١.

١٥٥-بیرونی اثار الباقیە، لا ٢٩٩.

١٥٦-خدمات متقابل لا ٢٩٣، لە تاریخی اجتماعی ایران، بەرگی ٢ لا ٣٩ وەریگرتووە.

١٥٧-كتب اسمانى، لا ٢٥٠.

١٥٨-ايران در زمان ساسانييان، لا ٣٤٧.

١٥٩-هەمان سەرچاوەی پێشو و هەمان لاپەڕە.

١٦٠-هەمان سەرچاوە، لا ٣٤٧.

١٦١-هەمان سەرچاوە، لا ٣٤٨.

١٦٢-خدمات متقابل، لا ٢٩٤ + سعيد نفيسى/ تاريخ اجتماعى ايران، بەرگ ٢، لا ٣٥.

١٦٣-ايران باستان، بەرگى ٦ لا ٣٥.

١٦٤-خدمات متقابل لا ٢٩٥ له كتێبى/ ايران باستان، بەرگى ٩، لا ٩٣ وەرگيرتووە.

١٦٥-يعقوبى، تاريخ بەرگى ١، لا ١٥٢.

١٦٦-ايران درزمان ساسانيان، لا ٤٤٨ + خدمات متقابل لا ٣٩٥.

١٦٧-وسائل الشيعه/٣/لا ٣٦٨ + ١٨/ لا ٤٣٠.

١٦٨-هەمان سەرچاوە + ٣/ لا ٢٩٨.

١٦٩-خدمات متقابل، لا ٢٩٧.

١٧٠-مووبد اردشير ازر گشسب/ پاسخ به اتهامات تمام كتاب.

١٧١-ايران در زمان ساسانيان لاپەڕە ٣٥٤+خدمات متقابل لا پەڕە ٣٥٥

١٧٢-هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.

١٧٣-ارد شير ازر گشسب / ائين زنا شوئى زرتشتى، لا ٢٢ و ٢٩.

١٧٤-هەمان سەرچاوە لا ٣١ و ٣٤.

١٧٥-ائين سدره پوشى، لا ٢١- ٢٥.

١٧٦-هەمان سەرچاوە، لا ١٠ و ١١.

١٧٧-هەمان سەرچاوە، لا ١٢ و ١٤ و ١٥ و ١٦.

١٧٨-اردەشير ازر گشسب/ ائين كفن و دفن مردگا نزرتشتىلا ٢٢و٢٣و٣١و٣٤و٣٥و٣٦.

١٧٩-خدمات متقابل لا ٢٢٠، له مزد يسنا وادب پارسی لا ٥٣-٥٤ وەرگیراوە.

١٨٠-ايران درزمان ساسانييان، لا ٥٢.

١٨١-خدمات متقابل، ٢٢٢.

١٨٢-معرفی کتب اسمانی، لا ٢٨٥ و ٢٩٥.

١٨٣-خدمات متقابل، لا ٢١٧ لە بەڕێز/ دکتۆر معين/ مزديسناو ادب پارسی، لا ٢٤٠ وەرگیراوە.

١٨٤-هەمان سەرچاوە، لا ١٠٨.

١٨٥-ايران درزمان ساسانيان، لا ١٧٣ = تاريخ ايران باستان، بەرگی ٦، لا ١٥٢٤ + خدمات متقابل، لا ٢١٧.

١٨٦-له فارسيەکەدا لەباتی (ويو)، (دێو) نوسرابوو، ئێمە بە هەڵەمان زانی، چونکه له ئاینی زەردەشتا ستايشی دێو ناکرێت و (ويوش) ئیزەدیکە لە ئیزەدەکان، فریشتەیە. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمەش گەڕاینەوە سەر ئاوێستاو له ئاوێستاشدا بۆچوونەکەی ئيمە ڕاستر بوو -و-.

١٨٧-الملل والنحل ١/ ٣٧٠ و ٣٧٤ به پێی ژێر نووسەکانی وەرگێڕەکەی.

١٨٨-شهرستانی، الملل ٣٧١/١ و ٣٧٦.

١٨٩-معرفی کتب اسمانی، لا ٢٦٩ و ٢٧٢.

١٩٠-ملل ونحل ١/ لا ٣٨٧ ژێر نووسی وەرگێڕ.

١٩١-الملل و النحل، بەرگی يەك، لا ٣٩٤.

١٩٢-ايران در زمان ساسانيان، لا ١٦٩.

١٩٣-ونديداد ٢٩،٣٦/١٩ + مينو خرد ١١٣/٢-١٢٨ + شايست وناشايست ٤/١٧ له اردشير ازەر گشسب و له ئاينی کفن ودفنی زەردەشتيان وەريگرتوە.

١٩٤- فليسين شاله/ تاريخ مختصر اديان بزرگ، لا ٢١٢.

١٩٥-جان ناس تاريخ جامع اديان، لا ٣١٨ و ٣١٩.

١٩٦-مزديسنا و زرتشت وحكومت، لا ٢٣٠ وەرگێردراوی ئازرگشب مووبدی زەردەشتی.

١٩٧-تەواوی ئەم بابەتە لە ئەندازیار جلالی اشیانی، زرتشت مزد یسناو حكومت لا ٢٣٠-٢٣٣ بەكورتی وەرگیراوە.

١٩٨-هەمان سەرچاوە، لا ٢٣٩.

١٩٩-هەمان سەرچاوە، لا ٢٤١.

٢٠٠-هەمان سەرچاوە، لا ٢٤٢.

٢٠١-هەمان سەرچاوە، لا ٢٤٣.

٢٠٢-هەمان سەرچاوە، لا ٢٤٣.

٢٠٣-ايين كفن ودفن زرتشتيان، لا ١٢ و ١٧، لە دەقە مەزهەبیەكانی ساسانیەكانەوە وەرگیراوە.

٢٠٤-پیرنیا/ تاريخ ايران باستان، بەرگی یەك لا ٢٣ و ٢٩ + سایكس بەرگی یەك تاريخ لا ٨٠.

٢٠٥-لێرەدا بەڕێز مووبد كەمێك توندڕەوی كردوە یان كەم لوتفی نواندوە -دانەر-

٢٠٦-پاسخ گوئی بە اتهامات لا، ٥٤ و ٥٥ و ٥٦ و ٥٧ و ٥٨ و ٥٩ بە خامەی موبد ئاردەشێر گشسب.

٢٠٧-پاسخ گوئی به اتهامات، لا ٤١ تا ٤٤ لە نوسینی مووبد ئاردەشێر گشسب ڕۆحانی ئاینی زەردەشت.